# نووسەر و
# نووسینەوەی زمان

**لێکۆڵینەوە**

**نیهاد جامی**

**کەرکوك – ٢٠١١**

http://chrakan.com

**ناوی کتێب: نووسەر ونووسینەوەی زمان**

**بابەت: لێکۆڵینەوە**

**ناوی نووسەر: نیهاد جامی**

**تایپ: نووسەر**

**دەرهێنانی هونەری: ئەنجام سەعید**

**لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد– لقی کەرکووك ژمارە (١٥٢)**

**چاپخانە: کارۆ**

**چاپی یەکەم– ٢٠١١**

**تیراژ: (٥٠٠) دانە**

نووسین تاقەماڵێکە لە ئارادا مابێت

دەنا لە هەموو شوێنێکیتر ماڵ بۆ هەمیشە

لەدەست دەرچووەو وێرانە

- ئێدوارد سەعید-

## دەسپێك

پرسیارکردن لە نووسین پرسیارکردنە لە ئەزموونی نووسەر، بەوەی نووسین بەرەو خوێندنەوەی ڕەخنەیی بەرین، ئەو کاتانەی دەمانەوێ ئەزموونی نووسەر لە ڕێگەی خوێندنەوەی نووسینەوە بخوێنینەوە، ئەو دەمە ئێمە لەبەردەم پرۆژەی خوێندنەوەی نووسەرین، خوێندنەوەیەك پۆلینی ئەکەینە سەر چەند تەوەرێکی تایبەتەوە، بەتایبەت ئەو دەمەی دەمانەوێ لەئاستی تیۆریی ئەو باسەوە بەرەو پراکتیزەکردنی نووسینی نووسەری کوردەوە تێکست بخوێنینەوە، ئەوەش هەر لەسەرەتاوە پرۆژەکە لەناو نووسینی کوردیەوە ناو دەبەینەوە بەنوسینەوەی زمان، بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە ئەزموونی نووسینی کوردی شرۆڤە بکەین.
سەرەتا بەشێوەیەکی گشتی سەیری نووسەرو نووسینەوەی زمان دەکەین، دواتر بەناو چەندین تێکستی جیاوازی ژانرە جیاوازەکانی ئەدەب وڕەخنە لەسەر پەیوەندیی نێوان نووسەر ونووسین دەوەستین، بەدوای ئەوە پرۆژەکە تایبەت دەکەین، لەهەر بەشێکی کتێبەکە لەسەر بواری ڕەخنە وشیعرو ڕۆمان دەوەستین.





بەشی یەکەم تایبەت دەکەین بە ڕەخنە تیایدا بەدوای ڕوانینی گشتیمان بۆ کتێبەکە دێینە سەر یەکێك لە جدیترین پرۆژەکانی ناو ڕۆشنبیریی کوردی کە گۆڤاری ڕەهەند بوو، بەدوای قسەکردن لەو گۆڤارە دێینە سەر ئەزموونی نووسین لای نووسەرانی وەکو بەختیار عەلی وفاروق ڕەفیق و ڕێبوار سیوەیلی.
لەبەشی دووەمدا لەبارەی ئەزموونێکی تری نووسین لای نووسەری کورد دەوەستین کە ئەویش ئەزموونی شیعریە، بەتایبەت لای شێرکۆ بێکەس کە دوانە لە تەواوی هەوڵێکی ئەزموونی نووسین بۆ دەرکردنی ئەو ئەزموونە لە ستایش وسەر زەنشت کردنت وگواستنەوەی بۆ ناو خوێندنەوەی دەلالی، بەدوای ئەوەش لەدوو دەنگی تری شیعریی دەوەستین، ئەویش ئەزموونی شیعریی هەریەکە لە کەژاڵ ئەحمەد وڕێبوارسیوەیلیە.
دوا بەشی ئەو پرۆژەیە تایبەت دەکەین بە ڕۆمان، بۆ ئەوەش لەسەر دوو نووسەر هەڵوەستە دەکەین یەکەمیان شێرزاد حەسەنە، کە تیایدا لەو بەشەدا سەرەتا لەسەر چەمکی گێڕانەوەو تەئویلی زمان لە ڕۆمانی (پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان) تێگەیشتنی نووسینی شێرزاد بۆ گێڕانەوەو زمان دەخەینە ڕوو،

بەدوای ئەوەش لەسەر ڕۆمانێکی تری دەوەستین ئەویش (تەمی سەر خەرەند) ئەو باسەش ناو دەبەین بە (گێڕانەوەی کرنۆلۆژی و زمانی داخراو) کە ڕەخنەگرتنە لە ئەزموونی گێڕانەوەی نووسەر وەك زەمەنی کرنۆلۆژیی و خولْقاندنی بازنەیەکی داخراوی زمان.

بەر لەتەواو بوونی پڕۆژەکەش لەسەر ڕۆمانی (مندالّباز) ی فەرهاد پیربالّ هەلْوەستە ئەکەین، تیایدا نووسین دەوەستێنین لەساتی گێڕانەوەدا، بەوەی ئامادەبوونی گێڕانەوە لەناو زەمەنی گێڕەرەوەوئاستی گێڕانەوە چۆن دەردەکەوێت.

دەشێت ئەو پڕۆژەیە پڕاو پڕ نەیتوانی بێت لە ئەزموونی نووسین بدوێت، بەهۆی ئەوەی قسەکردن لە ئەزموونی نووسین پێویستی بە چەندین بەرگی کتێب هەبێت، بەلاّم بەهۆی ئەوەی لەپڕۆژەیەکی وادا ئەوەی ئێمە ئەنجامىمان داوە قسەکردنە لەچەند تێکستێك و ئەزموونی چەند نووسەرێك، کە لە داهاتوودا لە پڕۆژەی سەربەخۆتردا لەسەر ئەزموونی تر دەوەستین، بەتایبەت لەسەر نەوەی نوێی چیرۆکی کوردی کە ئەوە پڕۆژەیەکی سەربەخۆیە ولەداهاتوودا لە کتێبێکی سەربەخۆ دەکەوێتە بەردەستی خوێنەر.

## بەشی یەکەم:

## ڕەخنە لە پرۆژەی نەوەیەکی ڕەخنەییدا





# زمانی نووسەر ونووسینەوەی زمان

نووسین دوانە لەنهێنی ئاشکرا نەکراو کە نووسەر دەیەوێ لەو ڕێگەیەوە دەروازە بۆجیهانێکی تر بکاتەوە، تاوەکو ڕەهەندێکی تر بە ماناکانی بوون ببەخشێت، بەڵام بوونە نووسەری کارێکی قورسە، دەبێ لەناو نووسین دەسبەرداری دەرەوەی خۆت ببی ولەناو نووسین دەست بە نووسینەوەی خۆت بکەی، دواتر پەیوەندی خۆت لەگەڵ کۆمەڵگا (خوێنەر) ڕێك بخەیتەوە، ئەوەی فرمان بە نووسەر دەدات لەگوتاری ڕەخنەیی کە نووسین ڕەنگدانەوەی تەواوی ژیانی نووسەرە چەمکێکی ناتەواوە، چونکە نووسین پەیوەندیی نووسەرە بە زمانەوە.

زمان توانای خوڵقاندنی بێ سنووری هەیە، دەتوانێ وێنەی جیهانێکمان بۆ بخوڵقێنێت کە لە دەرەوەی ژیانی نووسەرەوە بێت، ئەوەش سیحری زمانە ونووسەر دەیخوڵقێنێت، کاتێ فلۆبێر پێمان دەڵێ "من خاتوو بۆڤاری" م، مەبەستی لەوە نیە کە ئەو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی خۆی بۆ بۆڤاری دەگوازێتەوە، بەڵکو مەبەست لە لەدایکبوونێکی نوێیە ئەمجارەیان نووسینی فلۆبێر لەڕێگەی بۆڤاریەوە دێنێتە بوون،

بوونی ئەو زمان وێنای دەکات، بۆیە دەتوانین لە دیدی جۆرج پۆلیە ئەو گوتارە تەقلیدیەی ڕەخنە هەڵوەشێنینەوە کاتێ ئامادەگی گوتاری ڕەخنەیی پەیوەست دەکات بە پێکگەیشتنی ویژدانی نێوان نووسەر وڕەخنەگر.

ویژدانی ڕەخنەگر بەمانای ئەو پاشخانە ڕۆشنبیریی وفکری و مەعریفیەی کە ڕەخنەگر هەڵگریەتی وتوانای هەیە لەناو دەقدا دەقێکیتر بنووسێتەوە، بۆیە ئەوە ویژدانی ڕەخنەگرە کە وای لێ دەکات قسە لەهەموو دەقێك نەکات، بەڵکو ئەو دەقانە دێنێتە دوان کە توانای ڕۆشنکردنەوەی ئاسۆ فکریەکانی ئەوی هەیە، ڕەخنەگر ئەو کاتە دەتوانێ پەیوەندی خۆی لەگەڵ نووسەر درووست بکات، کە توانای بینینی ئەو جەستە نوێیەی هەبێت کە ناوی دەقە.

بەواتای ڕەخنەگریش کاتێ هەڵدەستێ بە پرۆسەی نووسین دەیەوێ ئاسۆیەکی ڕوون بە جەستەی نووسین ببەخشێت ودرێژە بەو بوونە بدات، تاوەکو لە مردن ڕزگاری بکات، ئەوەش پەیوەندیی نووسەرو ڕەخنەگر دەکات بە پەیوەندیەکی دیالکتیکی لەسەر ئەو بنەمایەی کە دەقی نووسراو سەراپای ئەو ڕووبەرەیە پەیوەندیی نێوانیان دەخوڵقێنێت بۆ پێکگەیشتنی ویژدانەکان.

باشترین کارێك بوونی کەسایەتی ڕەخنەگریشە لەناو نووسەرەکە، چونکە لەو کاتەدا ئەو شوناسێکی ڕەخنەیی بە





دەق نابەخشێت، بەڵکو دەمانگەیەنێتە ئەو بۆچوونەی کە (نووسەر- ڕەخنەگر) لە نووسینی سەردەمیانە دوور دەکەوێتەوە، دیدگا خودییەکانی خۆی دەنووسێتەوە، ئەوەش نووسینەوەی دیدگایە نەك سەردەم. (**فصام الناقد.. فصام الكاتب.. د. مهند يونس/ الموقف الثقافي، العدد (٣) ١٩٩٦**)

چونکە دەکرێ پرسیارە سەردەمیەکان بەهاتنی سەردەمێکیتر ماناو دەلالەتی خۆیان بەتەواوی لە دەست بدەن، بەڵام دیدگا خودیەکان خەونی مرۆڤە بەدرێژایی بوونی لەسەر زەوی، ئەوەش دەبێ بە چەمکێکی نەمر، بوونی دیدگای ئەفرێنەر ئەو خاڵەیە نووسین نابێ فەرامۆشی بکات، نووسەر دەبێ ڕەچاوی بکات، تاوەکو هەولی بەرهەم هێنانەوەی گریمانە سەردەمیەکان نەدات، ڕەخنەگریش پێویستە ئەو دیدگا ئەفرێنەرەی هەبێت، کە بتوانێ دەق لە سەردەم جیا بکاتەوە، وەك دیدگایەکی خودی نووسەر ڕەفتاری لەگەڵدا بکات.

ئەوەش دیدگای ڕەخنەگرە لە دەق، بەواتای ڕەخنەگر ئەو کاتە قسە لە دەق ونووسەر ناکات، بەڵکو قسەکردنی ئەو لە دیدگای ڕەخنەگرانەیەتی بۆ نووسەر، هەر ئەو دیدگایەشە لە ڕەخنەی نوێدا لەهەندێ کاتدا لە دەقی نووسەر دوور دەکەوێتەوەو دیدگایەکی خودیانەی خۆیمان پێشکەش دەکات، ئەوەش قووڵبوونەوەیە لەناو دەقدا کە لە شوێنێك دیدی ڕەهای نووسەر کۆ ناکاتەوە، بەڵکو بە دیدگای خۆیمان پێ ئاشنا

دەکات لە بەرامبەر دەقدا، ئەوەش بە جۆرێکیتری لە لەدایکبوونی نووسینێکی تر ناو دەبرێت کە نووسینەوەی دیدگای خودی ڕەخنەگرە، وەك چۆن نووسەر دیدگای خودی خۆی لەناو دەقدا دەنووسێتەوە، بۆیە بارت لە چیرۆکی سارازینی بلزاك بە نووسینێکمان ئاشنا دەکات کە بەخشینی چەمکێکی قووڵی مانایە، بەجیا لەوەی بلزاك نووسیویەتی.

ئەوەش ڕزگارکردنی ڕەخنەیە لەوەی ببێ بە پاشکۆی دەق، بەڵکو دەبێ بە نووسینێکی سەربەخۆ، نووسینێك خۆی نەکردووە بە پاشکۆی دەقی یەکەم، بەوەی قسە لە ووتراوەکان بکات، بەڵکو دێت لەو دەقەوە نووسین بەرەو تەئویلی خودیی خۆی دەبات، ئەوەش دەمانگەیەنێتە سەر بۆچوونە ڕەخنەییەکەی ڕەخنەگری فەڕەنسی خاتوو مارت ڕۆبێر کە دەق بە تەنیا نوێنەرایەتی نووسەر ناکات، بەڵکو جیهانێکی فراوانترە لە جیهانی نووسەر، بەواتای نووسین گەردوونێکی نەدۆزراوەیە، نووسەر دێت کێشوەرێك لەو گەردوونە دەست نیشان دەکات، بۆ ئەوەی جیهانبینی خۆی تیا وەدەست بێنێت وکەشفی نهێنیە گەردوونیەکان بکات، ئەوەش بەدوای تێڕامان ودۆزینەوەی خاڵی پێکگەیشتن دیدگایەکی نوێ دەخاتە سەر تێڕامانی خوێنەر بۆ دەق.

لەسەر ئەو بنەمایە دیدگای نووسینەوەی دەق کە نووسەر لەڕێگەی دیدگاوە جارێکیتر دەق دەنووسێتەوە، بۆیە لە





نووسینەوەی دەقدا دەبێ ئەو پرسیارەی تا ئێرە فەرامۆشمان کردو کەچی لێرە بوونی دەبێ بە حەتمیەتێکی نووسین ئەویش: نووسەر کێیە؟ چۆن نووسەر بناسین؟ لەناو نووسینەکاندا بەدوای بگەڕێین یاخود لە دەرەوەی نووسین بزانین ئەو کێیە؟

دیارە ڕەخنەی نوێ یەکێك لەو کارە سەرەکیانەی خۆی جیاکردنەوەی نووسەر بوو لە نووسین، ئەو جیاکردنەوەیە لەلای بارت بە مەرگی نووسەر کۆتایی دێت، ئەوەش لەو پرسیارەی کە قسەکەری ناو نووسین پاڵەوانی نێو دەقەکەیە یاخود نووسەرە، هەر بۆیە لەبارەی چیرۆکی سارازینی بلزاك وئەو پیاوە خەسێنراوەی دەمامکی ژنانەی پۆشیووەو دەنگێك لە چیرۆکەکەدا باس لە حاڵەتی دەروونی وغەریزەیی ئافرەتەکە دەکات، بۆیە بارت دەپرسێت "ئەمە کێیە بەم جۆرە دەدوێت؟ ئایا پاڵەوانی چیرۆکەکەیە کە خۆشاردنەوەی ئەو پیاوە خەسێنراوەی بەلاوە مەبەستە لە بەرگی ئافرەتدا؟ یان بالزاکی مرۆڤ خۆیەتی کە ئەزموونی تایبەتی خۆی، فەلسەفەیەکی بەرامبەر بە ئافرەت لا درووست کردووە، یان بالزاکی نووسەرەو ڕاوبۆچوونی (ئەدەبی) ی بەرامبەر بە مێینە ئاشکرا دەکات؟ یان ئەمە حیکمەتی گەردوونیە؟ یان سایکۆلۆژیای ڕۆمانێکە؟" (مەرگی نووسەر.. رۆلان بارت، وەرگێڕانی (ئازاد بەرزنجی) سەراب ژمارە (٤/٣) زستانی ١٩٩٦)

ئەگەر واز لە پرسیارەکان بێنین، چونکە وەڵامدانەوەی پرسیارەکان بۆ خۆی باسێکی ترە، بەڵکو ئەوەی مەبەستمانە جەوهەری پرسیارکردنی (بارت) ە لەوەی نووسەر کاتێ لەناو نووسین دەدوێ، ئەوسا بوونی خۆی وەك مانا ڕەمزیەکەی دەمرێ ونووسین دەست بە گەشەکردن دەکات، ئەوەی گەشە بە نووسین دەدات زمانە کە شوێنی نووسەر دەگرێتەوە، چونکە زمان هەڵگری سیستمی تایبەتی خۆیەتی.

هەر ئەو سیستمەشە لەتوانای دایە، کاتێ نووسەر دەمرێ ببێ بە پاڵپشتێك بۆ نووسین، چونکە بارت پێی وایە ئەوە زمانە دەدوێت نەك نووسەر، بەواتای وێنەی نووسەر لە بازنەی مەرگدا بەجێ دێڵێت، تاوەکو ئەو وێنەیە ببەخشێتە خوێنەر، دواتر میشێل فۆکۆ بە پرسیاری: نووسەر کێیە؟ (**مناقشة لسؤال ميشال فوكو: ماالمؤلف؟ عالم الفكر المعاصر، العدد (٨/٧) ١٩٨٠**)

جارێکیتر نووسەر دەخاتەوە ناو پرسیارەوە، فۆکۆ ئەوە بە دەرکەوتنی بەتاکبوون ناو دەبات، ئەوەش بە ڕێکخەرێك دەزانێت کە شوناس بە نووسین دەبەخشێت، چونکە نووسین وەك بابەتێکی سەربەخۆ سەیر دەکرێت، توانای بزاوتی ڕەگەزەکانی ناو خۆی هەیە، ئەوەش خوڵقاندنی پانتایی نووسینە، بوونی نووسین بە واتای توانەوەی نووسەر، چونکە نووسینە بەها دەست نیشان دەکات، رامبۆ و بۆدلێر و





لۆتریامۆن کێ دەیناسین، ئەگەر نووسینەکانیان نەبوایە؟ ئایا شکسپیر نووسەرێکی گەورەیە، یا هاملێت و شالیر و ماکبێس؟ ئەگەر قسە لەوە بێت ئەوە نووسەر بەرهەمی هێناون، بەڵام خۆ ئەگەر نووسین نەبوایە ئەوانیش ئەو داهێنەرە نەدەبوون، ئەگەرچی لە ڕۆشنبیریی ئێمەدا بەردەوام نووسەر دەکەوێتە پێش نووسین، نووسەرە وا لە ئێمە دەکات نووسین بخوێنینەوە، بۆیە نەبوونی ئاگاییەکی ڕەخنەیی لە ڕۆشنبیریی کوردیدا بۆ ئەو خاڵە دەگەڕێتەوە کە نووسەر لەپێش نووسین دانراوە، لەکاتێکدا ئەوە نووسینە نووسەرمان لەلا گەورە دەکات، بۆیە ڕۆشنبیریی کوردی دەبێ بەجدی جارێکیتر لە تێڕوانینی مێژوویی فۆکۆ وە بپرسێت: نووسەر کێیە؟

ئێمە لەڕێگەی ئەو پرسیارەوە دەمانەوێ بچینەوە ناو دەقی کوردی، تاوەکو لەو پرسیارەوە بگەڕێینەوە سەر دەقە فەرامۆشکراوەکان، هەر ئەو پرسیارەیە دواجار دەیگۆڕین بە پرسیاری ناونان بەوەی: مەحوی کێیە؟ ئایا بەپیرۆز ڕاگرتنی مەحوی لەدنیای نووسینی کوردی تەنیا ئەو هۆکارە لەپشتیەوە نیە، کە توانای کرانەوەی زمانی نووسینی نیە.

ئێمە دەبێ لەناو نووسین نووسەر لەیاد بکەین، چونکە بە لەیادنەکردنی نووسەر، ئەوا نووسین پڕۆژەیەکە بۆ سڕینەوە، سڕینەوەش خوڵقاندنی ئەو چەمکە ناتەواوەیە کە توانای نیە نووسینی جزیری بخوێنێتەوە، بۆیە بۆ فەیلەسووف بوون

کورتی دەکاتەوە، ئەوەش لە یادکردنی نووسین و گەورەکردنی قەبارەی نووسەرە بۆ خۆ دزینەوە لە نووسین، ڕاکردنە لەساتی هێزی فەردانیەتی نووسەر، وازهێنانە لە بیرکردنەوە، تەنیا بیرکردنەوەیە بە حاجی قادری کۆیی دەنووسێت، نووسینیش کزبوونی توانای نووسەرە، لە شوێنیدا زمان پەیوەندیی لەگەڵ نووسین درووست دەکات.

ئەوەش چوونە نێو سیستمی نووسینە کە بیرکردنەوەکان ئیدی لە دەرەوەی نووسەرەو لەناو دەقدا لە کاردا دەبن، بەرهەم هێنانەوەی ئەو فکرەی کە جارێکیتر زمان لەنا دەقدا دەیخولقێنێتەوە، وەك ئەوەی هایدگەر بڕوای وایە نووسەر زمان دەنووسێتەوە.. زمانیش فیکر بەرهەم دێنێت، ئەگەرچی ڕێبوار سیوەیلی لەو باوەڕەدایە کە ناسنامەش لەپاڵ زمان توانای نووسینی هەیە، بەڵام ناسنامە خۆی بەر لە نووسین دەچێتە ناو کۆمەڵێك پرسیار بەوەی: کام ناسنامەیە داکۆکی لە بوونمان دەکات؟ ناسنامەی ئێمە چیە؟ ئایا بەبێ ناسنامە توانای نووسینمان نیە؟ یاخود بردنی ناسنامە بۆ نێو نووسین بەرپرسیاریەتی نووسەرە، ئایا ئەگەر وەك سیوەیلی لە زمانی ئێدوارد سەعید دەینووسێتەوە کە نووسین "تاقەماڵێکە لە ئارادا مابێت، دەنا لە هەموو شوێنێکی تر (ماڵ) بۆ هەمیشە لە دەست دەرچووەو وێرانە" (**نووسین وبەرپرسیاری.. ڕێبوار سیوەیلی، لەبڵاوکراوەکانی گۆڤاری بینین (ئەمریکا) ١٩٩٧**)





ئایا ئەو نموونە هێنانەوە بەبێ ناسنامە وتەنیا بە زمان پێمان نانووسێت؟ یاخود بوونی ناسنامەی ئێمە لەناو زماندا خۆی حەشار داوە؟ ئەگەر سیوەیلی مەبەستی لە ناسنامە کولتور بێت، بەوە لە تاراوگە ئەو کولتورە ناسنامەی نووسەر دەست نیشان دەکات، نابێت نووسەر بیخاتە دەرەوەی نووسین و بە زمان بنووسێت، بەڵکو دەبێ بەو کولتورە هەوڵی نووسین بدات، ئێمە جارێکیتر لەوێدا دەکەوینەوە پرسیار، بەوەی ئەگەر ئێمە ئەوانەی لەناو ماڵەکانماندain هەست بە بوونی ئەو ماڵە ناکەین، بە زمانی ئادۆرنۆ "شتێکی ئەخلاقیە مرۆڤ لە ماڵی خۆیشیدا هەستنەکات خاوەن ماڵە" (**هەمان سەرچاوە**)

چۆن لە تاراوگەدا هەستی نێو ماڵ درووست دەبێتەوە؟ ئاخۆ تەنیا لە هەڕەشەی ماڵەکانی ترەوەیە، بەوەی هەر ماڵێك خاوەن ناسنامەیەکی تایبەتی خۆیەتی ودەبێ ئێمەش بە بردنە نێو نووسین پارێزگاری لەو ناسنامەیە بکەین؟ بۆیە ناسنامە لە نووسیندا دەکەوێتە موفارەقە بەوەی بۆ خۆ وون نەکردن لەتەك زماندا بوونی دەبێ بە پێویستیەك، بەڵام کاتێ لە دەرەوەی تاراوگە، بەڵکو لە ماڵەکەی خۆمان هەست بە نامۆبوون دەکەین.

ئەوسا بوونی ناسنامەش کولتورێکە دەکەوێتە دەرەوەی ئێمەی نامۆ وڕەنگە نووسین بەتەنیا بە زمان بێت، کە نووسەر زمان لەناو نووسین ئازاد دەکات، ئەو ئازادکردنە لەلای شێرکۆ

بێکەس لە قەسیدەی (دەربەندی پەپوولە) دا دەبینین، نووسین بە دوو ئاراستە کار دەکات، ئەوەش فرە رەهەندی زمانە، رەهەندێك کە ئاراستەکەی لە نووسەرەوە بۆ دەرەوەی نەتەوە دەنووسێتەوە، ئەوەش مێژووی ئێمە.. ڕابردووی سڕینەوەی ناسنامە دەخاتە ناو دەق و لەڕێگەی نووسین دەیەوێ مانا بە مێژوو ببەخشێت، رەهەندی دووەمیش سەیرکردنی شێرکۆیە بۆ تراژیدیایەکی مێژوویی، نەك وەك ئەوەی هەیە، بەڵکو وەك ئەوەی شێرکۆ دەیبینێت، ئەوەش پەیوەندیی بە خودی نووسەرە.

بەواتای ئەو نەهاتووە تراژیدیای ساتەوەختێکی مێژوویی بگێڕێتەوە، بەڵکو دەیەوێ زمان ئازاد بکات بەوەی لەناو نووسین فیکر بەرهەم بێنێتەوە، ئەوەش ئەو زمانە لەلای گۆران ڕۆڵی دەبیٚ بە ڕەسمکردنەوەی سرووشت ودەیەوێ بەتەنها گەشە بە فۆڕمی شیعریی بدات ونەیتوانی خوڵقێنەری زمان بێت و لە تێگەیشتنی ساکار جیا بێتەوە، بەواتای گۆران تەنیا "مەبەستی وەسفکردنی دیمەنی سرووشتی بووە، ئەم وەسفەش بە هەڵاتن لە واقع وژاوو کێشمەکێشی واقیع دادەنرێت، بەمەش دۆخێکی ساکارو هێمنی بۆ خوێنەر پێکهێنا" (**ئاگایی زمان، زمانی ئاگایی.. عەبدولمتەلیب عەبدوللا، کتێبی سەردەم (١١) سلێمانی/ ١٩٩٩**)





ئەو توانەیەی نەبوو ئەو دوالیزمەی نێوان (خوێنەر/ دەق) بڕووخێنێت ولە سیستمێکیتردا ئەو پەیوەندیە ڕێکبخاتەوە، بەواتای زمان هەر دیلی نێو دەق دەبێت، ئەوەی گۆڕانی تیا ڕوو دەدات ئەوا ئیدراك کردنی شاعیرە بە سرووشتەوە، وەك چۆن ڕوانگە هەمان گەمەی گۆران دووبارە دەکاتەوە، بەڵام بە جۆرێکیتر بەوەی سرووشت دەگۆڕیٚ بۆ ئایدیۆلۆژیا، هەر بۆیە لەبەرامبەر ڕوانگەدا عەبدولموتەلیب عەبدوللا پێی وایە "شاعیرانی ڕوانگە شیعریان کردە زمانی ئایدیۆلۆژیاو ئایدیۆلۆژیا وەك سیستمێکی سانسۆر کاری تیا دەکرد، بیرکردنەوەی شاعیریش، بیرکردنەوەیەکی ئاراستە کراوو مەبەستدارە" (**هەمان سەرچاوە**)

بۆیە شێرکۆ ئەو زمانە دیل کراوەی لەلای گۆران و ڕوانگە هەیە ئازادی دەکات، بەتایبەت کاتیٚ لە (خاچ ومار وڕۆژژمێری شاعیریٚ) ئەو پەیوەندیە زمانەوانیە فراوان دەکات، زمان لەو قەسیدەیەدا دەچێتە ناو فرەتەئویلی مانا بەوەی ئەو چەمکەی سرووشت لای گۆران وئایدیۆلۆژیا لای ڕوانگە، بە تەواوی گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەگەرچی لە (بۆننامە) دا زمان چەمکی قووڵایی خۆی لەناو نووسین وون دەکات.

کاتیٚ وێنەکان تەئویل دەدۆڕێنن وشێرکۆ بە گەیشتنی ڕەوان بە خوێنەری دەگەیەنێت، ڕەنگە ساکار بوونی ئەو پەیوەندیە زمانیە بۆ ساتەوەختێکی مێژوویی بگەڕێنێتەوە، بەوەی

ڕووداوە مێژووییەکان دەبێ گەیاندنی حەقیقەت بن لەناو نووسین، ئەگەرچی حەقیقەت بە شیعریەت دەگۆڕێت، بە ئاڵوگۆڕکردنیشیان بە واتای نووسەر دەیەوێت نووسین شوێنێکی تریشی بۆ بگرێتەوە، تاوەکو وەزیفەیەکیتر بە نووسین ببەخشێت، لەو کاتەدا ناچار دەبێت قوربانی بە بەشێکی ئەو پێکهاتەیە بدات، کە سیستمی نووسین ڕێك دەخەن، بۆیە نووسین ئەو سیستمە سەربەخۆییە کە دەبێ لەگەڵ بونیادی دەرەکی ولە دەرەوەی سیستەم تێکەڵ نەکرێت.

ئەگەر بەدوای تەواو بوونی دەق نووسەر توانای پەیوەندیی وگەمەیەکی زمانەوانی بەرهەم بێنێت کە تەسلیمی داخستن نەبێت، بەڵکو چێژێك لە خوێندنەوە پەیوەستمان بکات بە زمانەوە، تاوەکو هەوڵی کرانەوەی زمان بدەین، ئەوە نووسین دەمانگەیەنێ بە پلەی باڵا لە چێژ کە بەرهەم هێنانەوەیەکی تازەی نووسینە، نووسین ڕەخنەیەکە پەیوەندی شتەکان بە دال دەبینێت لەو ڕووبەرە کۆمەڵێك دەلالەت ئاشکرا دەکات توانای درککردنی بۆ ئەوانەش دەبزوێت کە لە دەرەوەی دەلالەتەوەیە.

کرانەوەی زمان لەناو نووسین دۆزینەوەی مانایە، بەبێ سەپاندنی تاکە گریمانەیەك، چونکە سەپاندن کوشتنی ماناکانە، بەوەی دەرگا لە فرەمانایی دا دەخەین، خەوشێکی گەورەی خوێندنەوەیە مانا بسەپێنینە سەر یەك واتای دەست





نیشان کراو، چونکە ئەو کاتە سنورێك بۆ دەق و ئاستی چێژو فرەیی دەلالەت دا دەنێین، کە بە جۆرێکیتر دەستمان دەبێت لە پرۆسەیەکی کوشتن، هۆیەکەشی ئەوەیە کە ناتوانین نووسین بە سیستمێکی سەربەخۆ سەیر بکەین، بەڵکو بۆ ئاشکراکردنی پەیوەندیەکان دەمانەوێ بە پەیوەندیەکانی ناو واقیعی ببەستینەوەو بمانگەیەنێ بە ئاماژەیەکی واقیع، ئەوەش بە مەبەستی کۆکردنەوەی گەمەی زمانەوانیەکانی نووسەرە بۆ سەر یەك دەلالەت، نەبوونی توانایە بۆ دەرکردنی ڕووداو لەناو مێژوودا، بەو کارەش هەموو گریمانەکان یەقینی پێ دەدرێت، دواجار نووسین هیچ شتێکی نوێ بەرهەم ناهێنێت، بەڵکو تەنیا سەلەفیەتی خۆی بەیان دەکات، چونکە ئەگەر نووسین پرۆسەیەکی ئیبداعی بیرکردنەوە بێت، ئەوا خوێندنەوە گەمەکردنە بە (دال) ی نووسەر وگۆڕینی ئاماژەیە بۆ دەقی نەنووسراو.

ئەوەش خولقاندنەوەی دەقە کە بەدوای کوشتنی ئاماژەکان ودۆزینەوەی ئاماژەی شاراوەی نووسینی نەنووسراو، نەنووسراو بەرهەمی خوێنەرە لەنێو هەڵوەستەی وەرگرتندا، کەوابێ: چ نووسینێکە ئەو دەقە وێناکراوەی کە خوێنەر دەینووسێتەوە؟ ئایا نووسینێکە کارەکتەرەکانی ناو دەق پاڵەوانەکانین، یان دەقێکە سنورێکی نا کۆتا وەردەگرێت وخۆی ئازاد دەکات لەو سنورانە؟ بۆیە دەبێت لەناو نووسین

**پەیوەندیی خۆمان بە زەمەن بوەستێنین بەرەو یادەوەری دەق بگەڕێنینەوە، یادەوەری ئەرشیفکراو ئەو نهێنیەی تا نەهاتینە نێو نووسین هەوڵمان نەداوە بەدوایدا بگەڕێین، بەڵام نووسین هەوڵ دەدات نهێنیەکانمان پێ ئاشکرا بکات، ئاشکرا کردنیش بەهۆی نووسینەوەیە، نووسین تاوانێك ئەنجام دەدات ئەویش کوشتنی (مەبەست) ە، دەبێ لەناو نووسین ئیتر (مەبەست) لە (مانا) جیا بکەینەوە، یەکێك لەهەرە هەڵەکانی نووسینەکانمان ڕاڤەکردنی ئەو دووانەیە بە یەك دەلالەت.**

**نووسین هەوڵدانێکە بۆ ئازادکردنی کارەکتەر، بەواتای نووسین کاتێ (مەبەست) دەکوژێت، پرۆژەی ئازادبوونی پێیە بۆ ناو دەق، بۆیە کوشتن ناچێتە ناو کردەیەکی ناونان کە بکوژ تاوانبار بکرێت، چونکە ئازادکردنی کارەکتەر لە دیلیەتی دەق خولقاندنی پرسیارە لەناو ڕووبەری نووسراو، ڕووبەرێك خاڵی نیە لە بۆشایی نێوان دەق و خوێنەر، کە سارتەر ئەوە بە بۆشایی زمانەوانی ناو دەبات، پەیوەستە بە کرانەوەی زمانی دەق، نەبوونی ئەو بۆشاییە لە نێوان (خوێنەری نووسەر) و (دەقی نووسراو) نووسینی لە دایکبوو دەکاتە سەرەتای مێژوویەکی تاریك، کە خود ناتوانێ لێی دەرباز بێت، ئەوەش پرۆژەیەکە بۆ خۆکوشتن، بەڵام بوونی ئەو بۆشاییە بە واتای دەست پێکردنەوەی نووسین لە ڕووبەری نەنووسراودا، وەك لە ڕۆمانی (ئای لە ڤیلیا لە ڤیلیا) کاروان عومەر کاکە سوور**





**دەیەوێ ئەو ڕووبەرە لە یادەوەری خۆی بنووسێتەوە، ئەوەش نووسەر هەر لە سەرەتاوە ئەو دەسەڵاتە لە خۆی دەسەنێتەوەو دەیەوێ خوێنەر بەشدار بێت لە پرۆسەی نووسین، ئەوە دەقێکمان دەخاتە بەردەست (سەرەتا- ناوەڕاست- کۆتایی) ڕووبەری نەنووسراون ودەرفەتی بەشداری کردنی بە ئێمە داوە سەرەتاو کۆتایی تەواو بکەین، تەنانەت ناوەڕاستی ڕۆمانەکەشی بە چەند دێرێکی نەنووسراو بۆمان جێهێشتووە.**

**هەر بۆیە ئەو لەدوا ڕستەی نووسراودا هەوڵیداوە وەك ئەو ساتەی نووسین کە دەستی بە ڕۆمانەکە کردووە، بەواتای ئەو چیرۆکێکمان بۆ دەنووسێتەوە کە سەرەتاو کۆتاییەکەی لە دەستی ئێمەدایە، خوێنەر بەپێی ئاستی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی خۆیەوە ڕووبەرە نەنووسراوەکان دەنووسێتەوە، چونکە سەرلەبەری ڕووداوی ناو ڕۆمانەکە بەرەنجامی ئەو جیهانەیە کە خوێنەر بەشدارە تیایدا، نووسەر لەو ڕۆمانەدا ئەگەرچی ڕووداو بە دەوری (نەوال) دا دەسووڕێتەوە، بەڵام نەوال ئەو ئاماژەیەی نێو نووسینە کە هەموومان بەشدارین لە گۆڕانکاریەکان، ئەو ڕۆمانە توانەوەی نووسەرە لەنێو نووسین بەوەی ئەنفال تراژیدیای بەشەریەت، تاوانی بێ وێنەی نەتەوەیەکی بە پەراوێزکراو تاوانێکە کۆتایی نەهاتووە، لە ئەمرۆدا تارماییەکەی لەگەڵماندا دەژیێت، بەڵام بێ ئەوەی بنووسین زەق بێتەوەو هیستریاش نووسەرەکەی بگرێت، بەڵکو**

ئەنفال لەناو نووسیندا دەبێتە ئەو دنیا نەووتراوەی کاروان کاکە سوور بە گەشبینییەوە دەڕوانێتە ژیان، کە دەکرێ جارێکیتر لەناو تراژیدیاکانەوە سەیری دەرەوەی خۆمان بکەین، نەک تەنها لەناوەوە بیر لە دیمەنی جەستە سووتاوو فەنا بوەکانی خۆمان بکەین.

بۆیە نووسین هەوڵی گەڕانەوەی نووسینی سەر جەستە دەدات، ئەوەی خود لە ئاخاوتنەوە دەیگوازێتەوە بۆ نووسین، بۆ ئەوەی ئەوانەی لە ڕۆژگارێکدا لەدەستیان دەدەین، یان هەڵەیەکی بێ وێنەمان بەرامبەر دەکرێت، دەبێ لەسەر جەستەی خود بنووسرێتەوە، نووسینەوەی ناوی دایکی نەوال لەسەر دەستی سیامەند نووسینەوەی یادەوەریە، یادەوەریەک کۆمەڵگا لەڕێگەی نەریتە سەپاوەکانی بە خودی دەدۆڕێنێت، یاخود ئەوەی لە دوێنێدا ڕوویدا ئەفسانەیەک نییە وحیکایەتێکەو ئێمە قوربانیەکەین، بۆیە دەبێ بنووسرێتەوە، کاتێ خنکاندنی جەستەی کوردی کیمیا باران دەیکات بە بووکە شووشە دەبێ بەو یادەوەریە، کە دەکرێت لەناو نووسین جارێکیتر بیدۆزینەوە "تاقە شتێ لەم بازاڕەدا شایەنی ئەوە بێت فرمێسکیان بۆ بڕژێت ومن دڵم پێی خۆشبێت، بووکە شووشەکانن" **(ئای لەڤیلیا لە ڤیلیا.. کاروان عومەر کاکە سوور، کتێبی سەردەم (٦٢) سلێمانی ٢٠٠٠)**



نووسەر و نووسینەوەی زمان ........................... نیهاد جامی

تەنیا بووکە شووشەکانن ئەوانەی بوونەتە یادەوەری ئێمە، هەر ئەوانن ئەو ڕابردووەی شایەنی ئەوە بن فرمێسکیان بۆ بڕێژین، بۆیە نووسین ئەو پارچە لێکترازاوانەیە دەبێت جارێکیتر خوێنەر لە پرۆسەی خوێندنەوە هەوڵی ڕێکخستنەوەی ئەو بەشە هەڵوەشاوانەی بدات، هەڵبەت ڕێکخستنەوەش بەندە بە ئاستی ڕۆشنبیریی خوێنەرەوە، بەڵام خوێنەر ئەو کاتەی توانی بگاتە ئەو ئاستەی نووسین بنووسێتەوە، بەواتای کاتێ ئێمە بووکە شووشە دەکەینە ئاماژە بۆ قوربانیانی کیمیا باران، هەر هێندە بەس نیە ودەکرێ بڕوا پێهێنەر نەبێت، بەڵکو دەبێت ئەو بەشانەی تریش دەست نیشان بکەین، ئەوانەش بە واتای ئەوەی بەدواشیدا دەگەڕێین هەر نووسینە، وەک کاتێ لە گۆڕستانەکەدا لەسەر کێلەکان نووسراوە (شانزەی سێ) ئەو نووسراوە بەسە بۆ ئەوەی ئاماژە بۆ خنکاندنی ئەو جەستانە بکات، کە لە چاوتروکانێکدا بوونە بووکە شووشە.

نووسین لەودیو بووکە شووشە هەڵگری پرسیارێکی ئەخلاقیە لەو سیستمەی ئەو تراژیدیایە بەڕێوە دەبات، ئەوەش هێنانەوەی یادەوەری لەناو نووسین بۆ ئەوە نییە ئێستای پێ زیندوو بکەینەوە، بەڵکو بۆ ئەوەیە یادەوەری پێ بکەینە ئەو دەسپێکەی میکانیزمی پرسیاری ئەخلاقی بەرهەم دێنێت، بوونی پرسیاری ئەخلاقی بەرپرسیاری نووسەرە لەبەرامبەر

نووسیندا، کە نووسینەوەی ئەو تراژیدیا کوردیە بۆ خۆی دەبێتە پرۆسەیەکی ئەخلاقی کە نووسەر خۆی لێ نادزێتەوە، ئەوەش ئەو بەرپرسیاریەتەیە کە نابێ نووسین لەکاری ئەخلاقی دەرکەینە دەرەوە، هەر بۆیە قسەکردن لە ژنیش بۆ خۆی بەشێکە لەو ئەخلاقەی نووسین.

ئەگەر نووسین بەمانا گشتیەکەی ڕووبەرێك بێت بۆ خۆ دزینەوەو گەڕان بەدوای ڕزگاربوون، ئەوا بێشك نووسین بۆ ژن دەبێ بەو تاکە ئومێدەی کە تەنیا لەوێ دەتوانێ هەڵچوونە ناخیەکانی بۆ حاڵەتی ئەفرێنەر بگۆڕێت، بەوەی ئەو لەناو نووسین نە ئەو کائینە لاوازەیە کە کۆمەڵگا سەیری دەکات، وە نە بووکە شووشەیەکە بۆ ڕازاندنەوەی کۆبوونەوەکان، بەڵکو ئەو نووسینە پەیوەندیی لەگەڵ ئێمە درووست دەکات، کاتێ نووسینی ژن پۆلین دەکرێ لەناو نووسین وناوی (ئەدەبی ئافرەتان) ی لێ دەنرێ، ئەوە کەم کردنەوەیە لە نووسین، بەوەی ژن خاوەنی توانایەکی دەست نیشان کراوە ونابێ تێکەڵ بە جیهانی داهێنەری پیاو بکرێت، ئەوەش پێشنیارێکە لەلایان پیاوەوە ناوی لێ دەنرێت.

نووسین جیاوازی ڕەگەزی وتوانای جەستەیی لا دەبات، نووسین بۆ ژن نەمانی جیاوازیە لەوەی ئازاد بێت چۆن بیر دەکاتەوە، بەڵام کاتێ ئەو قەڵەمانەی شەرمنانە بنووسن ئەوە نەبوونی بوێری نووسەرەکەیە، نایەوێ لەو خەونەدا





مومارەسەی ئازادی بکات، یاخود ئەو بە ئاگاییەکەوە دەچێتە ناو نووسین، بەوەی نووسین بە یۆتۆپیا ناو دەبات لە دەرچوون لەو یۆتۆپیایە، ئازادیش کۆتایی دێت، ئەوە دەبێتەوە بە کۆیلەکەی جاران.

ئەو خاڵە یەکێکە لە هۆکارەکانی لەناو نووسیندا ژن درەنگ ئامادە بووەو پیاو لە شوێنی ئەویش کاری کردووە، (بێکەس) ە داوا دەکات ئەو (پێچە) فڕێ بدات، ئەو داواکردنەوەی پیاو وەڕس بوون بووە لەو گوتارە پیاوسالاریەی نیتچە ئاسا سەیری ژنی کردووە، بەوەی ئەو بۆ ئەوەی ناپاك و دڕۆزن نەبێت دەبێت مناڵی ببێت و ئامرازێك بێت بۆ دامرکانەوە.

بێکەس کاتێ داوا دەکات پێچەو عەبا فڕێ بدەن دەیەوێ هانی بدات بۆ ئازاد بوون بەوەی تێکەڵی کۆمەڵگا بێت، چیدی دوورە پەرێز نەبێت، ئەگەرچی لەو چارەگە سەدەیەی دوایی کەم نین ئەو قەڵەمە ژنانەی دەنووسن، بەڵام ئیشکالیەتی نووسینەکان لەدوو خاڵدا کۆ دەبێتەوە.

یەکەمیان شەرمی قەڵەمەکان وڕێزدانان بۆ سیستمی پیاو، ئەویتریشیان ئەوەیە کە نووسین لەناو دونیایەك چاو دەکاتەوە، کە هەمان وێنەی بەرهەم هاتووی واقیعە، دەقی داخراون لەناو وەڵامەکانی خۆیاندا دەخنکێنەوە، توانای پرسیارکردنیان لەدەست داوە، دەگمەنن ئەو دەقانەی توانای ئەوەیان هەیە نووسین دەقێکیتری تیا بخوڵقێنێت، بەڵکو

نووسین دەیەوێ حیکمەتێکمان بۆ بگێڕێتەوە، حیکایەتی کولتووری ژن، ئەو کولتوورەی کە لە هەڕەمەکانەوە چاو دەکاتەوەو گوتارێکی دۆگما بەرهەم دێنێت، ئەوەش گواستنەوەی حیکایەتە خورافیەکانی نێو پەرستگاکانە، دەبێتە جەستەیەك بۆ هەڵگرتنی ویستی بەرامبەرەکان، جەستەیەك کە دەقێکی نەخوێنراوەیە، ژن بۆ خۆی دەبێت ئەو دەقە بنووسێتەوە، تاوەکو توانای خوێندنەوە لەناومان بخولقێنێت، چونکە ئەو خاوەنی کولتورێکە کە بوونی زیاد لە دەلالەتێکی هەیە "کۆیلەی پیاو، شەرەفی نەتەوە، ئەهریمەنێکی فریوودەر".

بەواتای جەستەی ئەو کاتێك کۆیلەی پیاوە، کەچی لە هەمان کاتدا هەر هەمان جەستەیە دەبێ بە هەڵگری شوناسی ئابڕووی خێزان ونەتەوەو خێڵ، هەر ئەو جەستەیەشە کە کۆیلەی پیاوە، دواجار بە ئەهریمەنێکی فریوودەر ناو دەبرێت، ئەهریمەنێك کە توانای هەیە پیاو فریوو بدات، بەوەش هەر بە کارێك هەڵناستێت، بەڵکو ئەو کارە دەبێتە لەکەدارکردنی هەموو ئەو پەیوەندیە ئەخلاقیانەی کە پیاوانی سەرداری ئەو دەبەستێتەوە لەناو پەیوەندیە ئەخلاقیەکانی کۆمەڵگا کۆکبوونە.

بۆیە پرسیاری نووسین لەو جەستە نەنووسراوە لەوە سەرچاوە دەگرێت، کە چۆن جەستەی ژن لەناو نووسین ڕزگار دەکەین؟





بەوەی ئازاد بێت لە پاشکۆبوونی پیاو، ئازاد بوون لە کۆیلەتی ڕەگەزی بەرامبەر بەواتای سڕینەوەی ئەو شوناسەی ئابڕوو کە بە تەنیا لەسەر پایەکانی ئەو وەستاوە، نووسین دەبێ ڕەهەندی فراوان بەو جەستەیە ببەخشێت، کە ڕۆڵی لەناو کولتوری ئێمەدا تەنیا یەك وەزیفەی پێدراوە ئەویش وەزیفەی سێکسیە.

ئەوەش لەو کاتەی چۆن لەبەرامبەر جەستەی دەرەوەی پەیوەندیەکانی خێزان دەبێ بە ئابڕوو بردنی نەتەوە، کەچی لە هاتنە ژێر بار بۆ جەستەی بەرامبەر ڕازی بوون بەو پەیوەندیە هاوسەریەی کە دەسەڵاتی خێڵ بەسەری دەسەپێنێت، شوناسی (عاقڵ، زیرەك، بە ئابڕوو) وەردەگرێت، بۆیە نووسین هەر بەتەنیا ڕۆڵی نابێت بەوەرگرتنەوەی ماهیەت ونووسینەوەی ئەو جەستەیە کە کوتکراوە، بەڵکو نووسین دەبێ بە دەروازەیەك بۆ هەناسەدان و بیرکردنەوە، بیرکردنەوە لە کولتور شورەیەکی بەدەوری جەستەدا کێشاوە، پرسیاری ڕزگار بوون لەو کولتورە پرسیارە لەناو نووسیندا چونکە "نووسین تەقینەوەی شتە چەپێنراوەکانی جەستەیە" (ژن ونووسین.. محەمەد نورەدین ئەفایە، وەرگێڕانی (هەڵکەوت عەبدوللا) گۆڤاری سەردەم، ژمارە ١٢) جەستە لەڕێگەی نووسینەوە چەپاندن دەتەقێنێتەوە، تەقاندنەوەش ڕۆڵی

ئیدراککردنی جەستەیە بە ئازادی خود، ئەو ئازادیەش تەنیا ژن بۆخۆی نوێنەرایەتی بکات.

کۆڵن وڵسن پێی وایە نووسەر ناتوانێ باس لە منالی بکات، چونکە ئەو لە کاتی لەدایکبوون ئیدراکی نیە، تا ئەمڕۆکە باسی ئەو چرکە ساتەی لەدایکبوونمان بۆ بکات، وەك چۆن ناتوانێ باسی مردنیش بکات، چونکە ئەو کاتەی دەمرێ تواناکانی نووسین لەدەست دەدات، بۆیە ئەو ئازارەی منالبوون کە ژنێك دەتوانێ باسی بکات سەدان داهێنەری پیاو وەکو ئەو ناتوانێ باس لەو حاڵەتە بکات.

منالْ ئەو دەقەیە لە جەستەی ژندا بەتەنیا ژنە تێڕامانی شاعیرانەی بۆ کردووە، تا بەرهەم هێنانی دەق منالْ ژانی پێوە گرتووە، دواتر هەر خۆی دەتوانێ جارێکیتر ئەو دەقە بە دەلالەتی تر بنووسێتەوە، ڕاستە پیاو بکەری ئەو دەقەیە، ئەوە سکی ژنی پڕ کردووە، بەلام ئەو هەرگیز هەست بە ئازاری بوونی دەقەکە ناکات، ئەو لەبڕی ئازار پڕۆسەی سێکسی لەزەتی بۆ بەرهەم دێنێت، ئەو دەتوانێ ئەو چێژە بنووسێتەوە، بەلام کردەی لەدایکبوون بە دەقێکی نەنووسراو دەمێنێتەوە، ئەگەر ژن بۆخۆی نەینووسێتەوە، ئەو کولتورەی کە بووە بە مێژووی ژن کولتوری سەپاندنی هێماکانی پیاو سالاریە ئەوەش نووسینەوەی مێژووی پیاوە، مێژوویەك کە ژن دەکاتە دەرەوەی نووسین.





دیارە لای هەمووان ڕوونە ئەوە پیاوە خۆی نووسیوەتەوە، نیتچە و فرۆید دەیکەن بە پاشکۆی پیاو، بەلام ئەو دیدەی فرۆید دەینووسێتەوە هەمان دیدگای هەڵەیە کە د. نەوال ئەلسەعداوی دووبارەی دەکاتەوە، بەلام بە میکانیزمێتر، ئەو ژن نانووسێتەوە هێندەی دەیەوێ بە دژی ئەو کولتورە بووەستێتەوە، بەوەی پێش ئەوەی باوك دەسەلات بگرێتە دەست کۆمەڵگای سەرەتایی کۆمەڵگای دایك بووە، بەوەی ئەو دەبێتە بەرهەمهێنەری منالْ و گۆشکردنی، تەنانەت پێی وایە لە میسری کۆندا ژن مافەکانی وەکو پیاو یەکسان بووە، کە دەگەیشتە پلەی یەزدانیش، وەك چۆن پیاویش پێی دەگەیشت، بەوەی یەزدان بوون تەنها کارێکی نێرایەتی نەبوو، ئەوە جگە لەوەی لەسەردەمی فیرعەونیەکان ژن خەریکی کارکردن و چنین وکاری بازرگانی بووە، لە کاتێکدا پیاوەکان خەریکی ڕاوکردنی ئاژەڵی کێویی بوونە (الانثى هي الاصل.. د. نوال السعداوي، المؤسسة العربية للدراسات والنشر/بيروت)

بۆیە لە بەرامبەر ئەو دوو تێڕوانینە هاودژەدا کە دواجار دوو دیدگای وەکو یەك بەرهەم دێنن بەوەی هەریەك دەیەوێ داکۆکی لە ڕەگەزەکەی خۆی بکات، ئەویدی بکات پاشکۆ بەوەش هەوڵی هەڵچوونی ڕەگەزەکانی بەرامبەر یەکتری دەنووسنەوە، نەك نووسینەوەی جەستەی خود، چونکە د.

نەوال دەیەوێ لە دیدی بایەلۆژیەوە جەستەی ژن بکاتە ئەو پەرستگا پیرۆزەی ڕێگا لە پرسیار دەگرێت، وەك چۆن نیتچە لە ڕەهاییەکەوە قسە دەکات، کە دواجار بەرامبەر بە حەقیقەت ڕەها بوونەکەی تێکدەشکێ، حەقیقەتێك ئەوەی "جەستەی ژن جوگرافیایەکی هەمە جۆرە بۆ بەدەستخستنی چێژ، پیاو سەرچاوەی چێژ وەرگرتنی ڕیز پەڕانە لە چووکدا کۆبۆتەوە، لە کاتێکدا ژن زیاتر لە کۆئەندامێکی هەیە کە فریای دەکەون بۆ دەستخستنی چێژ" (**ژن و نووسین/ هەمان سەرچاوەی پێشوو**) ئەگەرچی ئاین دەیەوێ ئەو فرە ئەندامیەی چێژ لە ژن وەربگرێتەوە وەکو پیاو کۆی بکاتەوە سەر یەك ئەندام بەوەی ئەو ڕێگا بۆ ترازانی پەیوەندیی هاوسەری خۆش دەکات، ئەوەش تەنها هەوڵدانە بۆ بچووك کردنەوەی چێژ لە ئەندامەکانی جەستەی، چونکە ئەو کاتە لە بڕی ترازانی پەیوەندیی بەڵکو ئیرۆسیەتی جەستە پەیوەندیەکە بە هێزتر دەکات، ئەو چڕ بوونەوەیە لە خاڵی جەستە بۆ دوورکەوتنەوە نەبووە لە نووسین، بەڵکو ڕێگا خۆشکەرێکی تر بوو تا تۆزێکیتر لەناو نووسینی ژن بمێنینەوە، بۆیە ئەو نووسەرانەی کە دواجار گەشە بە نووسین دەدەن ئەوانەن کە دەیانەوێ زمان خەونەکانیان بنووسێتەوە، بەبێ شێواندنی سیستمی نووسین، چونکە هەموو نووسراوێك توانای بەرهەمهێنانی دەلالەتی نووسینەوەی جەستەی نیە، جەستەی کوتکراو کە نووسین





بیەوێ ئازادی بکات، دیارە لەناو نووسینی ژنی کوردیدا کەژاڵ ئەحمەد لە زۆربەی هاوڕەگەزەکانی زیاتر توانیویەتی پەیوەندیەکان بخاتە ناو نووسین و پارێزگاری لە سیستمی نووسین بکات وبتوانێ دەلالەتی ژنبوون بەرهەم بێنێت.

نووسین دەبێ بە شتە چەپێنراوە ناخیەکان کە بەبێ ترس لە دەمامکەکان دەنگی یاخیانەی خۆی لەناو نووسین دەتوێنێتەوە، ئەو دەنگە ئەگەر بەدرێژایی ئەو بیست ساڵەی نووسین ویستبێتی بە نووسینێکی یاخیمان بناسێنێت کە نەیەوێ دەستەمۆ بکرێت، ئیدی بەدوای ئەو ئەزموونە ئەو دەیەوێ لەناو نووسین پرسیارمان لا بخوڵقێنێت، پرسیار لە زمان، ئەو زمانەی کە هەڕەشە لە فیکری دۆگما دەکات، ئەوەش بە دەقئاوێزانێك لەناو دەقی (گۆران) دا مانایەکی تازە بە نووسینی گۆران دەبەخشێت، دەلالەتی نوێش بۆ نووسینی خۆی بەرهەم دێنێت "ڕێکەوت لە جادەیەکی چۆلدا/ بەلای گۆراندا ڕەتبوم و/ لە درزی پەچەکەمەوە/ چاوێکم لێ داگرت/ ئەو بە پایزی ناساندم/ ئەو مارەی بڕیم لە شیعر/ ئەو وتی وەك خۆت بە، هەمیشە وەك منداڵ/ بەردەوام هاروهاج/ سوێند دەخۆم وا جوانیت" (سفر.. کەژاڵ ئەحمەد، شیعرستان، ژمارە ٥)

مناڵبوونەوەی کەژاڵ ئەو دیدە خودیەی نووسەرە کە دەیەوێ لامان بیکاتە چەمکێکی ڕەها بەوەی ئەوە گۆرانە پێی دەڵێت

بەردەوام وەك منالْ هارو هاج بە، بۆیە ئەگەر ئەو دیدە بە تەواوی لە یادەوەری ئێمەدا جێگیر ئەبێ، ئەو جارێکیتر لە دەقی "بچووکێ حەیف گەورە بوو" جەخت دەکاتەوە سەری، بەوەی دەبێ حەیف بۆ بچووکی بخۆین، کە پرسیاری بۆچی گەورە بووین بکاتە ڕووبەڕێکیتری نووسین، چونکە مادامەکی گەورە بوون سنورێك بێت بۆ تەسك کردنەوەی سەربەستی مرۆڤ لەلایەك و لەلایەکیتر لەڕووی بایەلۆژی جەستەوە گەورە بوون ئیدی ڕێگا نادات لەژێر گەڵایەکی درەختی (مەطاط) دەکرێ دەلالەتی چێژ بەخشینی خودی بەرهەم بێنێ، بەوەی کاتێ جەخت لەوە دەکاتەوە "داری مەطاط لە پاڵما خۆی حەشار دەدات".

چونکە خوێندنەوەی کتێب بۆ خود وخوێندنەوەی خود بۆ کتێب، خوێندنەوەی جەستەیە، گەڕانەوەیە بۆ ماچەکانی منالْی "من کتێبم دەخوێندەوە ڕوومەتم سور هەڵدەگەڕا" ئەوەش ئازادی نووسینە لەناو دەق کە چەمکی ئازادی دەبێتە بەرهەم هێنەری ماناکانی جەستە، مانای ئازادی لە ڕابردوو، کۆتکردنی لە ئێستادا بەهۆی گەورە بوون.

بەوەش دەبێ ئەو شاعیرەمان لەوانی دی جیا بکەینەوە، بەوەی نووسەر لەناو نوسین منالْ دەبێتەوە تا لەناو زمان ببێتەوە بە دڵۆپە ئاوێك و ئەمجارەیان بەتەنیا زمان ئەو ئاوە دەبێ کە لەناو نووسین فرمان بە بونیادەکانی دەق دەکات، چونکە ئەو





کاتێ ئازادی خۆی لەناو نووسین وەدەست دێنێ، بەواتای زمان گومان دەکات لەوەی دەینووسێت، بەڵام ئەوەی گرنگەو هەرگیز ئامادە نییە ئەو سیستمە ئاماژەکاریەی نووسین فەرامۆش دەکات کە دەبێتە هۆی بەرهەمهێنەری دەلالەت بۆ جێگۆڕکێی دەلالەت.

زمان شوێن بە نووسەر لەق دەکات، تاوەکو نووسین بکات بە کاییەکی سەربەخۆ، ئەوەش توانای ژنبوونە لەناو نووسین، چونکە بەتەنیا جورئەت بەس نییە، ئەمڕۆ کەم نین ئەو قەڵەمانەی بە جورئەتەوە دەنووسن، بەڵام لەوێ نووسین تووشی ئیشکالیەت دێت کە: چۆن جارێکیتر ئەو جورئەتە دەگوازینەوە ناو سیستمی ئاماژەکاری نووسین، ئەوەی کەژاڵ گواستنەوەی جورئەتە بۆ نێو نووسین، لەناو نووسین جورئەتێك هەیە، ئەویش شاعیرەکەمانە کە جادەی لە پیاو خۆشتر دەوێ، چونکە جادە پرسیاری ئەوەی لێ ناکات بەرەو کوێ دەڕوات.. یا لەکوێوە هاتۆتە لای ئەو.

سەربارى ئەوەی کە ئەو پیاسەی لەگەڵ دەکات، هەرگیز بیر لە تیرۆرکردنی ناکاتەوە، لێرەدا جادەو پیاو دەبنە دوو ئاماژەی هاودژ لەناو نووسین کە یەکیان دەبێتە ئاماژەی تیرۆریست و ئەوی دی ئاماژەی پەریزادەیی، یەکەم دەلالەتی دەنگی ئەو دەسەپێنێتە سەر دەنگی تۆ، ئەویتر دەلالەتی بێدەنگی دەدات

بە تۆ تا بەهەردووکیان هێمنی نەشێوێنن، بێ ئەوەی هیچ داوایەکی دەسەڵاتانەی بەسەردا بسەپێنێ.

"جادەکە هیچ داوایەکی لێم نەبوو/ کەچی هەموو جوانیەکی پێشکەش کردم/ ئەو دەستە درێژو زبرەکانی/ بەخوێنی هیچ ژنێ سوور نەبوو/ بۆیە کە دەگەمە وێستگەی ژن کوژان/ وا هەست دەکەم/ جادەم لە پیاو خۆشتر دەوێ"

کە جادە ژن نەکوژێت و وەفای بۆ جوانیەکانیش هەبێ و ڕۆژێك خوێنی بە پەنجەکانی خۆیەوە نەدیبێت، بۆیە لە کۆتایی جادەکاندا، ئەو لەسەرەتاوە خەون دەبینێت وئومێدی ژنانە دەخوازێت، ئەگەرچی هەست دەکات ئەو ڕێبوارێکی تەنیایە، بەڵام ئومێدێك دەمێنێتەوە لەناو نووسین، ئومێدی ژیانی ژن بوونە، هەر ئەو ئومێدەشە وا دەکات جادەی خۆشتر بوێ لە پیاو.

ئەوەش بەتەنها لەناو نووسین نووسەر دەتوانێ زمان بنووسێتەوە، تاوەکو لەو ڕێگەیەوە لە خۆکوشتنی نووسەر خۆش بێت، خۆکوشتن لەو کاتەدا دەبێتە نەمریەك کە نووسین وەدەستی دێنێت، ئەوەش گەیشتنە وەڵامی پرسیارەکەی فۆکۆیە ئەو دەمەی دەپرسێت نووسەر کێیە؟ بەلام بێ ئەوەی بڕۆینەوە ناو دەرەنجامە فۆکۆییەکە بەقەد ئەوی ستراتیژیی پرسیار سەرەنجام لەسەر هێلی نەمریی ئیشمان پێدەکاتەوە، ئەوەش لەلای فۆکۆ بە حیکایەتی هەزارو یەك شەوە قسە لە





نەمریی دەکرێت، بەڵام بۆ ئێمە ئەوە ئەزموونی نووسینی کوردیی و ئامادەبوونی دەقە کە ئاخۆ دەتوانێ لەو ڕێگایەوە نەمریی وەدەست بێنێت تاوەکو بۆ ناسینی نووسەر ئێمە نووسەرێك بناسین کە خۆی کوشتووە، بەلام ئێمە لەتاوانی خۆکوشتنەکەی خۆش دەبین، چونکە دەقی نەمریی بەرهەم هێناوە.

## پڕۆژەی ڕەهەند ودرووست بوونی نەوەیەکی ڕەخنەیی

گۆڤاری ڕەهەند یەکێکە لەهەرە پڕۆژە جدیەکانی ناو ڕۆشنبیری کوردی، ئەو پڕۆژەیە بەرهەمی نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆلینەوەی کوردیە، ئەم گۆڤارە هەمیشە قسەی جیاوازی لەبارەوە کراوە، ستوونی ڕۆژنامە و ووتاری هەڵچوون لەنێوان ستایش و سەرزەنشت کردن کووشتویەتی، ئێمە لێرەدا دەمانەوێ ئەو پڕۆژەیە بێنینە دەنگ لەڕێگەی قسەکردن لەچەمك و زاراوەکانی ڕەهەند وخوێندنەوەیان بۆ کۆمەڵگای کوردی کەتاچەند ئەوان لەسەر کولتور و کۆمەڵگا ودیاردەکانی ئیشیان کردووە؟ بۆ ئەوەش ئێمە پێویستمان بەوە دەبێت کە لەسەر ئیشکردنی جیاوازی هەریەکەی لەو نووسەرانە بووەستین، بەتایبەت کەبەدوای ئەو پڕۆژەیە نەوەیەکی نوێ لەدایك بووە جیا لەو نەوە ستایشکارو سەرزەنشتکارە، بەڵکو ڕەهەند بووە هۆی ئەوەی چەند ناوێکی نوێ بەجیاواز لەئیشکردنی ئەوان دەربکەون، هەرچەندە ئەو ناوانە لەسەرەتادان، بەلام دەکرێ جیاواز بن لەڕەهەندو کاریگەری ئەو پڕۆژەیە ئەوانی هێناوەتە بوون، چونکە نەوەیەکی ڕەخنەگرن، ئەو نەوەیە هێشتا بەتەواوی سیماکانی فیکری نەناسراوە، بەهۆی ئەوەی ئێمە لەناو ڕۆشنبیریەکداین هەمیشە





ناوەکان لەتێکستەکان مەزنتر بووە، ڕۆشنبیری ئێمە هێندەی بەدوای ناوەکان کەوتووە نەهاتووە تێکستەکان بخوێنێتەوە، ڕەهەند بۆخۆی بووە بە قوربانی نەخوێندنەوەی تێکست، بۆیە خوێندنەوەی تێکست سەرەتای گەڕانەوەی حورمەتە بۆ نووسینی تێکست و کوشتنی ناوی نووسەرەکان، بەڵکو لە تێکستەکانەوە دەبێ سەیری دنیا بکەین نەك لەناوی نووسەرەکان خۆیانەوە.

گەڕانەوە بۆ زەمەنی بەر لەو پرۆژەیە یەکێکە لە پێداویستیە سەرەکیەکانی هەر گفتوگۆیەك، چونکە دەبێ ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین: چی وای کرد ئەو پرۆژەیە سەرهەڵبدات؟ سەرهەڵدانی هەر پرۆژەیەك پەیوەستە بە زەمەنی بێدەنگی ڕابردوو، وەلام نەدانەوەی پرسیارەکانی نەوەی نوێ و سەرکوتکردنی هەر سیستمێك بۆ پرسیار، بۆیە بوونی هەر پرۆژەیەکی رەخنەیی جدی دەبێت وەلام بە پرسیارەکان بداتەوە و پرسیارە هەنووکەییەکانی ئەو نەوەیە بووژێنێت، ڕاستر وایە رەهەند خاڵی نەکەینەوە لە مێژووی نووسینی کارەکتەرە سەرەکیەکانی ئەو پرۆژەیە، چونکە رەهەند بۆخۆی بەرهەمی دۆخێکی تەواونەکراوە بەهۆی ئەوەی لەگەڵ سەرهەڵدانی شەری کوردی سەرهەڵدەدات، کەچی ئەو شەڕە شەڕی ناو شار بوو بەرهەمی دۆخێك بوو کە ڕاپەرین خوڵقاندبووی، بۆیە گەر ئەو پرۆژەیە لەگەڵ ساتەوەختی شەڕ

هاتە بوون، ئەوە دەبێت سەرەتا سەیری پرۆژەی نووسین بکەین لای ئەو نووسەرانە کەچۆن لەگەڵ ڕاپەڕین بیریان دەکردەوە؟ ئایا بیرکردنەوەی ئەوان توانی جۆرێک لە رۆشنبیری ڕەخنەیی بنیات بنێن؟ دەرکردنی گۆڤاری ئازادی لە ڕاپەڕین یەکەم سەرەتای جیاوازی ئەو نەوەیە بوو، ئەوە مانیفێستێکی ڕەخنەیی بوو لەدژی عەقڵی ستایشکاری ئەو پێکهاتەیەی لەکۆمەڵە ڕەنگێک ناوی حزبی جیاوازی لەخۆی نا بوو، قسەکردنەکە لە ئێستا لەوەدا نیە کە ئایا ئەو ڕەنگانە جیاواز بوون یان گومان کردن لە جیاوازی حزب ئەوان خوڵقاندیان، بەڵکو ئەو پرۆژە ڕەخنەیە دابڕانێک بوو لەتەک ئەو ئاراستە فکریەی کە لەو رۆژگارە بەعس ئاماژە بوو بۆ فاشیزم و حزبە کوردیەکان ئاماژەن بۆ دەسەڵاتی دیموکراسی، بەعسیەکان جەللاد و ئەوانی ناو بەرەی کوردستانی شۆڕشگێرن، گومان کردن لەو تێگەیشتنە بۆخۆی لەو رۆژگارەدا گومان کردن بوو بەناوی جیاواز کە دواجار ئاسان بوو بەوان بووترێ لایەنگیری بەعس، چونکە هەر ڕەخنەیەک لە حزبی کوردی بە لایەنگیری فاشیزم ناو دەبرا، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە حزب دنیای لەسەر دوو وێنەی دژ بەیەک پۆلین کردبوو، بەعس و پێشمەرگە، فاشیزم و شۆڕشگێر، قسەکردنەوە لەسەرچەمکی فاشیزم کارێکی ئاسان نەبوو، چونکە لەدیدی کۆمەڵگا تەنیا ئەوە بەعس بوو فاشی بوو،





ناکرێ ئەو وێنەیە بۆ حزبە کوردیەکان دووبارە بێتەوە، ئەوەش دیدێک بوو حزبەکان بۆ کۆمەڵگا درووستیان کردبوو، بەتایبەت کە هێشتا کۆمەڵگای کوردی نەشوەی ساتە وروژێنەرەکانی ڕاپەڕین بەری نەدابوو، کەچی بەختیار عەلی لە ووتاری (فاشیزم، دیموکراسیەت، سانسۆر) بەوپەڕی هەست بە بەرپرسیاریەت و بە بوێریەکی زۆرەوە هەوڵی تێکشکاندنی ئەو وێنەیەی فاشیزمی دا، کە وێنەیەک بوو هەستی فانتازی و حەماسیانەی حزبی کوردی خوڵقاندبووی، نەک تێگەیشتنی تیۆری، بۆیە بەختیار فاشیزمی لەوە دەکرد کە تەنیا چەند جبەخانە و سەربازخانە بێت، ئەو ڕاپەرینی وەک رووبەرێک سەیر دەکرد کە ڕەخنەی تیا بێتە بوون، نەبوونی ڕەخنە ئەو مەترسیە بوو کە بۆ بنیاتنانەوەی دیکتاتۆریەت بەدی دەکرد، تا ئەو ڕادەیەی ووتی "لەئێستاوە دەبێت لە بەرامبەر ڕاستیەکان بووەستین و هیچ هەقیقەتێک لەپێناو هیچ شتێکدا فەرامۆش نەکەین، چونکە هەموو بێدەنگیەک دەرگا لەسەر ئەو هێزە شاردراوە و دەسەڵاتە نەبینراوانە دەکاتەوە" ئەو ووتارە سەرەتای دۆزینەوەی زەمینەیەکە بەوەی نەوەیەک هەیە، وەلام بەدۆخی ستایشئامێز دەداتەوە، چیتر بێدەنگی لەبەرامبەر مەترسیەکانی ئاینده دەرناکەوێت، کارکردنی کۆمەڵێک نووسەر لەپرۆژەی گۆڤاری ئازادی و دواتر لەگەڵ چوونە دەرەوەیان کە گۆڤاری رەهەندی

پێ لەدایك بوو، مژدەی دۆخێکی جیاواز بوو بەهۆی ئەوەی ئەوان وەك ئەزموونی ژیان تێکەڵی کولتوری جیاواز بوون.. کولتوری قبووڵ کردنی ئەویتر کە ئەوە زەمینەیەکی دەروونی باشی بۆ ڕەخساندن، بوونی شەڕی حزبەکان کەلێنێکی تری خوڵقاند بەوەی نەدەکرا ئەوان بەهەمان ستراتیژی ئیشکردنی گۆڤاری ئازادی کار بکەنەوە، (بە ئومێدی ئەوەی بتوانین لەداهاتوودا لەسەر جۆری ئیشکردن لە گۆڤاری ئازادی بووەستین) رەهەند تاکە دەنگێکی ڕەخنەیی بوو نەك تەنیا بۆ ڕەخنەگرتن لەو شەڕە، بەڵکو خوێندنەوە بوو بۆ چەندین چەمکی باوی نێو ژیانی سیاسیمان، بەوەی لەنێو موقەددەس و حەرامەوە هێلیان بەدەور کێشرابوو بەوەی ئەوانە هێلی سووری نێو ژیانن، دەست بردنی ئەو نووسەرانە بۆ ئەو هێڵە حەرامانەو خوێندنەوەی بونیادە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوریەکان، قسەکردن بوو لەسەر تێڕوانینە سۆسیۆلۆژی و فەلسەفیەکان بەوەی تاچەند خاسیەتە لێکچوون و جیاوازەکانی ئەو هێزە کوردیانە بەدی دەکرێت، هەروەها خوێندنەوەی جیاواز بۆ ڕووداوەکان وەك ئەو مەلەفەی بۆ ئەنفال تەرخان کرا ڕزگار کردنی مێژوو بوو لەنێو گێڕانەوەی کرنۆلۆژی، ئازاد کردنی ڕووداو بوو لەناو تێکست، ئیشکردنەوە بوو لەسەر ئارگۆمێنت، کە هێنانەوەی ئارگۆمێنت پێشتر لەپێناو دەرخستنی ناوەرۆکی بوو بۆ کارێکی





ڕۆژنامەگەریانە کە باس لە ئەنفال بکات کە ڕوویداوە، ئەوەیان کارێکە بۆ بەمێژووکردن گرنگە و لە ڕۆڵی کەم ناکەینەوە بەڵام ئیشکردنی رەهەند بۆ بەمێژوو کردن نەبوو، بەڵکو لەپێناو دۆزینەوەی پەیوەندیەکان ئەو ڕووداوەو تەنانەت گومان کردن بوو لەو تێگەیشتنە رەهایە بۆ ڕووداوەکە و دواجار بۆ دیدی جیاوازی تێگەیشتن، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی چۆن سیاسیەکان مینبەری خۆیان هەبوو بۆ مومارەسەکردنی دەسەڵات، نووسەرانی کورد توانیان بۆ یەکەمجار لەبەرامبەر ڕووداوە زەمەنیەکان بە ڕابردوو ئێستاشەوە خۆیان نەخەنە نێو لایەنگیری وبێدەنگیەوە.

رەهەند بەر لەوەی پرۆژەیەکی رۆشنبیری بێت بە مانا سونەتیەکەی لە رۆشنبیری کوردیدا، پرۆژەیەکی رەخنەیی بوو، با هەوڵ دەین ئەو تێگەیشتنە بەسەرمان تێنەپەڕێت، چونکە زۆر گۆڤار و کۆبوونەوەی نووسەران ناوی پرۆژەی لێ دەنرێت، بەڵام ئەو کۆبوونەوانە هێندەی پرۆژەیەکە بۆ نووسین هێندە گرفتی ڕەخنەیی نیە، یاخود هێندەی کێشەی ساتەوەختی دەیانەوێت بە فۆڕم دەسخەرۆمان بدەن، دیارە فۆڕم بۆخۆی میکانیزمێکی سەرەکی نێو ئەدەب و هونەرە کە توانای دیدێکی ڕەخنەیی بۆ جیهان هەیە، بەڵام ئەو کاتانەی فۆڕم گرفتی گواستنەوەی ئەزموون و کولتورێکیتری هەبوو ئەوا ناتوانێ لەماناکانی نووسین و گوتارێکی ڕەخنەیی نزیك

بێتەوە، ئەگەر ئاماژە بۆ نموونەیەك بکەین، ئەوا گۆڤاری وێران بە نمونە دێنینەوە، ئەو گۆڤارە ڕێك لەو مانایە نزیکە کە ئاماژەمان بۆ کردووە، تەنانەت فۆرمالیستیەتی ئەو گۆڤارە گەیشتۆتە ئەو ئاستەی ژمارەیەکی بێوچانی نووسەر و هونەرمەند بەشداری لەو پرۆژەیە بکەن بە بیانووی جیاوازی بۆچوون و تازەگەری، بەڵام تازەگەری هەڵگری چ پرۆژەیەکە ئەوان ستراتیژی بیرکردنەوەیان بەرەو کوێ دەڕوات؟ ئەوانە ئەو پرسیارانەن ئەو هاوڕێ ئازیزانە نەیانتوانی وەڵاممان بدەنەوە، من ئەو کات و ئێستاش بەچاوی گومانەوە سەیری (وێران) م کردووە هەمیشە بە وێرانترین پرۆژەی رۆشنبیری لێم ڕوانیووە، دەکرێ ئەوە لەقسەکردن لە وێران زیاتر هەڵوەستەی لەسەر بکرێت، ئەو نموونە هێنانەوەش تەنیا بە مەبەستی ئەو هەوڵانەیە کە ویستویانە بە پرۆژە ناوی بەرن، دیارە ئەگەر ئەوانە دواجار ناویان لێبنرێت.. پرۆژەی رۆشنبیری.. ئەوا رەهەند لە بنەڕەتدا پرۆژەیەکی ڕەخنەییە.. هەوڵێکە بۆ خوێندنەوە.. دەرکردنی دنیای کوردیە لەنێوان دوو دنیای هاودژ.. (ستایش/ سەرزەنشتکردن) بەواتای رەهەند دنیای کوردی لەو دوو تەفسیرە ڕەهایە رزگار دەکات، هەرەمەکیەت فەراموش دەکات و لەشوێنیدا میتۆد دێنێت، میتۆدە ڕەخنەییەکان سەرەتای دنیایەکی نوێیە لەوێوە بتوانین بنەما تیۆریەکانی ڕەخنە بۆ ڕووداوەکان دەست نیشان بکەین،





بەوەی مێژوو تەنیا ئەوانە مافی قسەکردنیان نیە کە ڕاستەوخۆ بەشدارییان تێدا کردووە، بەتایبەتی مێژووی سیاسیمان، پرۆژەی رەهەند دەنگێکی ڕەخنەیی بوو، بۆ نەوەیەك کە لە قۆناغێکی جیاوازەوە هاتووە، لەڕێگەی حیکایەتەکانی ڕابردوو قسە لەچارەنووسی ئەو دەکرێت، بۆیە ئەو پرۆژەیە لێدان بوو لەسێنتەری گوتاری حیکایەت، هەڵوەشاندنەوەی زەمەنی کرنۆلۆژی بوو، نووسینەوەی مێژوو بوو لە ئێستادا، خوڵقاندنی تێگەیشتنی جیاواز بوو، بەڵام بەکۆمەڵە دەنگێکی جیاواز، جیاوازی ئەو دەنگانە دواتر دەگەڕێینەوە سەری، چونکە لەپاڵ ئەو تێگەیشتنە تیۆریەی ئەوان کەسانێك بەتایبەت ئەوانەی لەناو حزبەکاندا کار دەکەن قەڵس بوونە و تا دەگاتە ئەوەی رۆژنامەنووسە بەعسیەکانی جاران بۆ ئەوەی لە سیخوڕی کردنیانەوە بۆ بەعس پێمان بڵێن ئەوان رۆشنبیرن و توانای گفتوگۆیان هەیە، ئەگەرچی ئەو سیفەتی ستایشکردنی حزب و داکۆکیکردن لە حزبی کوردی و لەخەوشەکانی شۆڕش ئەخلاقێك نیە شۆڕش بۆی بەرهەم هێنابن، هێندەی ئەوانە ئەو ئەخلاقەیان لەبەعسەوە بۆ ماوەتەوە، بەڵام ئەو ئەخلاقە بەعسیە لە تابلۆیەکی کۆلاژکراوی بەعس و حزبی کوردی بەناوی داکۆکیکردن لە حکومەت و دەسەڵات ناو دەبەن، بۆیە پرۆژەی رەهەند بەناوی رەهەندیەکان کورت دەکەنەوە، وەك ئەوەی ئەوانەی لەناو

ڕەھەند و یا ئەو کۆمەڵە دەنگە ڕەخنەییە ھەموویان پێیان بووترێ ڕەھەندی و کاریان تەنیا ڕەخنەگرتن بێت لە دەسەڵات، ئەو ڕۆژنامەنووس و ستایشکارانە چۆن ھەمیشە خۆیان لەژێر چەتری ئایدیۆلۆژیایەك بینیوە، واتێدەگەن دەبێ ھەموو پرۆژەیەك ئایدیۆلۆژیایەك بەڕێوەی بەرێت، بەڵام لە جەوھەردا ئەوە کاریگەری پرۆژەی ڕەھەندە بۆ خوڵقاندنی ڕەخنەیەکی نوێ کە گوزارشت لەدەنگی ئەو نەوەیە بکات لەبەرامبەر ئەو سەردەمە، کە ئەو نەوە ڕەخنەییە ئامادە نین ستایشکاربن، بەڵکو لەڕێگەی میتۆدە ڕەخنەییەکانەوە دۆخەکە دەخوێننەوە، ئەوەش سەرەتای جیاوازی نووسەرانی ڕەھەندە لەگەڵ نوسەرانی سەردەمەکانی پێشوو، تەنانەت جیاوازیانە لەگەڵ نووسەرانی ھەر پرۆژەیەکی پێشووتری ڕابردوو، چونکە ئەوان بەتەنیا گرفتی نووسین و چۆنیەتی ئیشکردنیان نیە بەتەنیا لە بواری ئەدەبیات، ھێندەی ھاتنە دەنگ لەوانەی لەدەوروبەرمان ڕوو دەدەن بە بەرپرسیاریەتیەوە لە بارەیەوە دەدوێن.

دیارە ڕەھەند بەرەنجامی دۆخێك بوو کە ڕاپەرین نەیخوڵقاند، بەڵکو سەرەتای قەیرانێك بوو کە زیندەگی ئێمە لەژێر ھەڕەشەدابوو، سەرەتای کۆتایی ھاتنی ئەفسانەی پێشمەرگە وبەتاڵبوونی وێمەوە موقەددەس بوو، بەھۆی ئەوەی حزبەکان کەوتنە دوو سەنگەرەوە لەو ڕێگەیەوە شەڕیان لەگەڵ یەکتری ڕاگەیاند، ئەو شەڕە قەیرانێکی ترسناکی ڕووبەرووی کولتوری





ئێمە کردەوە، کە بێدەنگی دەرگا کردنەوەیە لەقەیرانی کولتور، کاتێ دەڵێین قەیران بەواتای دۆخێکمان ھەیە پێویستی بە بوونی گومان ھەیە، ئەو گومانە لەتەواوی کایە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی ئێمەدا کەمتر ھەست بە بوونی کراوە، بەڵام شەڕی ناوخۆ دنیای لەناو یەك تاکە تێگەیشتن کورت کردەوە، ئەوە دیدێکی ئایدیۆلۆژی تۆتالیتاری بوو، بە ڕۆحی بەعس گۆش کرابوو، بوونی ڕەھەند لەناو ئەو دۆخەدا لەدایك بوونی دەسەڵاتی ڕۆشنبیر بوو، بەوەی چیدی دەسەڵات بریتی نیە لە ئۆرگان و دامەزراوە حزبیەکان، بەڵکو ئیدی ڕۆشنبیر لەڕێگەی مەعریفەوە دەسەڵاتی خۆی بنیات دەنێت، ئەوەش وێنەیەکی فۆکۆیی بوو بۆ دەسەڵات کە ئەو وێنەیەی کرد بە "دەسەڵات پەیوەندیەکانی ھێزە" دەسەڵاتی سیاسی ھەستی بە کاریگەری ڕاستەوخۆی ئەو دەسەڵاتە ڕۆشنبیریە کردووە، ئەوەش لەو خوێندنەوە تیۆریانەوە سەرچاوەی گرتووە کە حزبی کوردی وەك پێکھاتی سیاسی دنیای ئێمە کەوتە ناو مەعریفەی ڕەخنەییەوە، لێرەوە چیتر بیرکردنەوەی کوردی لەڕێگەی شیعرەوە گوزارشتی لەخۆی نەکرد، ئەگەر خەمی گرفتە سیاسیەکان لای حاجی قادر لەڕێگەی شیعرەوە دەرخرا، تەنانەت لەلای شاعیرێکی وەك شێرکۆ بێکەس شیعر ئەو پانتاییەی نێو زمانە کە پانتایی سیاسەتی تیا دەخرێتە ڕوو، لەکام ئەزموونی ترۆپك و لوتکەی شێرکۆ وە سەیری

بکەی دەبینی نووسین ئەزموونێکە ویستراوە خۆی تیا بنووسێتەوە، داکۆکی کردنێك بووە لە شوناسی نەتەوە، ئەگەرچی ئەو داکۆکیکردنە زۆرجار لەسەر فەرامۆش کردنی خود کۆتایی هاتووە، بەڵام سەرباری ئەوەش شێرکۆ ئەگەرچی بەشیعر بەشداری لەو ئاگاییە کردووە، بەڵام بە جیاواز لەوانی تر وێنەی نیشتیمانی دەرخستووە، بۆیە ئەو بۆ گوتاری کورد بوون وەك دڵدار نەیووتوە "کەس نەڵێ کورد مردووە.. کورد زیندووە" شێرکۆ شاعیری ڕاستەقینەی مێژووی ئێمەیە، ئەو نەیخەڵەتاندووین، وەك گوتاری سیاسی هەمیشە دەسخەڕۆی داین، چونکە ئەو هات پرۆسەی نووسینی بردە ئاستی نووسینەوەی سرووشتی کوژراو، هەر ئەوەش شێرکۆ لە گۆران و تەنانەت لە قۆناغی ڕوانگەش جیا دەکاتەوە، (دەربەندی پەپولە) نموونەیەکی درەوشاوەی ئەو حالەتەیە، بەڵام هاتنی ڕەهەند وای کرد ئیدی ڕۆشنبیری بەتەنیا لە ڕێگەی شیعرەوە دەرنەکەوێت، بەڵکو زمانێکی جیاوازی هێنایە کایەوە، کە بارگاوی بوو بە مەعریفە، نەك تەنها لەسەر ئاستی بەرهەم هێنانی تێکستی فیکری، بەڵکو لەسەر ئاستی گۆڕینی زمانی ئینشایی بۆ زمانی فیکری، ئەوە گۆڕانێکە کە وای کرد ڕۆشنبیر ئیدی زمانی خۆی بەرهەم بێنێت، تەنانەت گۆڕینی وێنەی ڕۆشنبیر لە شاعیرانی کلاسیکیەوە تا ڕۆژگاری ڕەهەند زمانێکی فکری و ڕەخنەیی بەرهەم نەهێنا، هێندەی ڕەهەند





توانی ئەو قۆناغانە بەیەك بگەیەنێتەوە، بە تایبەت لەناو نووسینەکانی بەختیار عەلی نەك تەنیا لە ئاستی ووتاری فکری، بەڵکو بەختیار لەڕێگەی تێکستە ئەدەبیەکانیشەوە نموونەیەکی جیاواز بوو، ئێمە بەدوای ئەزموونی شێرکۆیی ئەزموونێکی جیاوازمان نەبوو، بەختیار وێنەیەکی دژە شێرکۆیی لە شیعر درووست کرد، کە زەحمەت بوو ئەو وێنەیە بە ئاسانی لەیادەوەری ڕۆشنبیری ئێمە تێك بشکێت، ئەگەر ئەو تێگەیشتنە بەوە کورت بکەینەوە دەبێ بڵێین شیعری کوردی بەدوای شێرکۆ و بەر لە هاتنی بەختیار تۆ بۆ ئەوەی شاعیرێکی تازەگەر بیت دەبێ وەك شێرکۆ بنووسیت، بۆیە زۆربەی ئەو ئەزموونانەی بەناوی تازەگەری خۆیان دەرخست لە ڕاستیدا لاساییەکی ڕووتی شێرکۆ بوون، ئەوە لەلایەك لەلایەکی تر بەختیار توانی گۆڕان لە ئاستی ڕۆمانی کوردی بەرپا بکات، بەتایبەت ڕۆمانی (مەرگی تاقانەی دووەم) ڕۆمان پێشتر هێندەی وەك بنەمایەکی سەرەتایی خۆی دەردەخست، هێندە لە ئاستی گێڕانەوە و تەکنیك نموونەیەکی ئەوتۆمان نەبوو، کاتی خۆی لەووتارێکدا بۆ سەلەفی و پۆلیسێکی ئەدەبی کوردی نووسیبوومان "ئێوارەی پەروانە پێی ووتین ئەوانیتر پێشتر حیکایەتیان بۆ نووسیوینەتەوە" زۆر بوون ئەوانەی فێیان لێ هات و سەر مێزی یانەکانیان بە جنێو تۆکمەتەکانیان دەڕازاندەوە، ئەگەرچی من (مەرگی تاقانەی

دووەم) زۆر زیاتر بە سەرکەوتوو دەیبینم لە (ئێوارەی پەروانە) و (دواهەمین هەناری دونیا) هۆیەکەشی دەگەڕێنمەوە بۆ ڕۆڵی کارای (گێڕانەوە/ زمان) لەم ڕۆمانەدا، کەتا نووسینی ئەو تێکستە ئێمە لەناو پرۆسەی نائامادە بوونی ڕاستەقینەی ڕۆماندا بووین، ئەوە سەرباری کاریگەری شوێن لە ئەزموونی نووسینی ڕۆمان لای ئەو داهێنەرە توانای خوڵقاندنەوەی مانای فکری قووڵی هەیە، چ کۆشکەکەی داپیرەی (مەرگی تاقانەی دووەم) و چ قوتابخانەی تۆبەکارەکان و جەنگەڵ لە (ئێوارەی پەروانە) یاخود بیابان لە (دواهەمین هەناری دونیا) هەموو ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی ئەو قۆناغە مێژووییە ڕێگەی ئەوەی نەبێت وەك قۆناغەکانی تر بەبێ ئامادە بوونی گوتاری ڕۆشنبیر بەبێ دەنگی تێبپەڕێت و تەنیا سیاسیەکان لەناو ئەو مێژووەدا مەلیك و وەزیری شەترەنجەکە بن و ڕۆشنبیریش سەربازی ئەو یاریە بێت هەمیشە لە پێناو بوونی ئەوان بخورێت.

لێرەدا ڕەهەند بەهۆی ئەوەی لەمەنفا دەرچوو، کەچی دەنگی خۆی ئاراستەی ناوەوەی وڵات دەکرد، ئەوە بووە هۆی ئەوەی کاریگەریەکی کولتوری بخوڵقێت لەنێو دوو شوێنی جیاواز، بەڵام هەردوو شوێنەکە دەیانەوێت گفتوگۆ لەئاستێك بخوڵقێنن کە گفتوگۆکردنە لەکولتوری کوردی. ئەوەش بووە هۆی ئەوەی گفتوگۆکە لەئاستی پرۆژەکە نەبێت، چونکە کەسانێك





ویستیان ئەوان بەدوژمنی ناوەوەی وڵات بزانن، ئەوەش ڕووخاندنی ئەو پردە بوو کە ڕەهەند دەیویست لەگەڵ نووسەرانی ناو وڵات درووستی بکات، باوەڕ ناکەم پردێك درووست بووبێت لەنێوان نووسەرانێك کە هەر پرۆژەیەکی ڕەخنەیی و فیکری بەدژی خۆی بزانێت، هەموو نووسەرانی ناو کوردستان بریتی نەبوون لە کارەکتەرە تەمبەڵ و سست و نەخوێنەرەکانی ناو پانتایی ڕۆشنبیریمان، وەك چۆن هەموو نووسەرانی دەرەوە بیرکەرەوە نەبوون، دەرکەوتنی ڕەهەند لەساتەوەختی شەڕی کوردی دەستی پێکرد، بەواتای تا ساتەوەختی ئەو شەڕە لەسێ ساڵی پێشتر شۆڕش بۆ نەوەی نوێ خاوەنی حیکایەت و ئەفسانەی خۆی بوو، بەڵام شەڕی کوردی گومانێکی درووستکرد بۆ ئەو کارەکتەرە خورافیانەی ناو شۆڕش، بە تایبەت کاتێ تۆتالیتاریەتی شۆڕش نەیهێشت گوزارشت لەدەنگی ناڕەزایەتی بکرێت، پەنجەرەیەکمان پێویست بوو دژی ئەو شەڕە دنیا ببینێت، دەرکەوتنی ڕەهەند بریتی نەبوو لە پەیوەندی ئێمە بە نووسەرانی تاراوگە هێندە ئەوانمان لەو ساتەوەختە بە برایمێك بینی کە هاتووە بە تەورەکەی دەستیەوە بتەکان بشکێنێت، شکاندنی بتەکان و لێدان لە حەرامە سیاسیەکانی شۆڕش دڵنیا بوون بوو لەوەی ئیدی ڕۆشنبیر خاوەنی دەسەڵاتێکی جیاوازە ئەوە وای کرد ئەو نەوە سەرگەردانە بەجۆرێکی تر بیر بکاتەوە، توانای گومان

و پرسیارکردنی لا درووست کرا، ئەگەرچی کاریگەری ڕەهەند لە ئاستی زمان و میتۆدی کارکردن بووە شێوەیەکی باو بۆ فۆڕمی ڕەخنە، لێرەوە کۆمەڵە کارەکتەرێك کە هەمیشە نووسەریان بە پیشە بۆ ماوەتەوە ئەو فۆڕمەیان نەخستە ژێر تیشکی ڕەخنەوە بەڵکو کورتیان کردەوە بۆ پڕۆسەی ناونانی ئەو نەوەیە بە (ڕەهەندیەکان) ئەو ناونانە کارێکی تازە نیە لە ڕوشنبیریی ئێمەدا ڕەگی پۆلاینی بۆ هەشتاکان دەگەڕێتەوە، کاتێ مارکسیەکان ڕۆشنبیران تاوانبار دەکەن بە وجودیەت و لەدوای ڕاپەڕینیش زۆریتر بە بونیادگەری تاوانبار کران، ئەوە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە هەمیشە نەبوونی توانا بۆ خوێندنەوە، ڕێگایەکیتر دەگیرێتە بەر، کە هەوڵێکی زۆر ئاسانە بۆ وازهێنان لە تێکست و شەڕکردن لەتەك نووسەر، دیارە من دوایی هەوڵ دەدەم بێمەوە سەر ئەو خاڵەی کە ئەوانەی ڕەهەند دەردەکەن و تیای دەنووسن یەکجۆرە بیرکردنەوە و میکانیزمی ڕەخنەییان هەیە تاوەکو بە ڕەهەندیەکان ناو ببرێن، یاخود ئەوان هێندەی خاڵی جیاوازیان لەکارکردن تیایە هێندە لێکچوونیان تیا نابینین، جارێکیتر پێداگیری لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە ڕەهەند پەیوەندی خۆی لەتەك تەواوی ڕۆشنبیری کوردی ناو وولات درووست نەکرد بەهۆی ئەوەی زۆربەی ئەوانەی نووسەر بوون لەو قۆناغەدا خۆیان دابووە پاڵ حزبەکانەوە، ئەو کارەش مەبەستی پارێزگاری کردن لە





شوناسی ڕۆشنبیریان بوو، بۆ بریندار نەبوونی ئەو شوناسە و مانەوەی هەیبەتی حزب، ڕەهەند ناوبردرا بە دوژمنە سەرسەختەکانی کورد، بەڵام نووسەرانی ڕەهەند توانیان پەیوەندیەکی ئۆرگانی درووست بکەن لەتەك نەوەیەکی نوێ کە دەیویست جیاواز بێت، هەر ئەو پەیوەندی و ئیش نەکردنی ئەوان بوو لەناو کوردستان بووە هۆی لەدایك بوونی چەندین گۆڤاری فکری لە جۆری (گوتار، سەراب، ژیار، نما) چەندە ستراتیژی ئەو گۆڤارانە لە ڕەهەند جیاواز بوون، بەڵام کاریگەری ئیشکردنی ئەوان دەرگای لەو پڕۆژانە کردەوە و وای کرد پڕۆژەی گۆڤاری فکری بێتە دی، کە پێشتر هەر نووسینێك لەتەك بیروباوەڕی ڕۆژنامە حزبیەکان نەگونجابایە بڵاو نەدەبوونەوە، لەدایك بوونی ئەو گۆڤارانە توانیان ئاسۆیەکی تر بەڕووی نووسین بکەنەوە، ئەو پەیوەندی و دەرگا کردنەوەیەش دیارە ئەزموونی ڕەهەند بوو گوازرایەوە بۆ ناو پڕۆژە فکریەکانی نەوەی نوێ لەناو کوردستان، ئەوەش وەك یەکێك لەدەسکەوتە فکریەکانی ئەو پرۆژەیە سەیر دەکرێت، کە دەزگا ڕۆشنبیریەکانی حزب بەو هەموو توانا داراییەی لەبەر دەستیاندایە نەیانتوانی ئەو کاریگەریە بەجێ بێلن لەناو پانتایی ڕۆشنبیریمانەوە، هەر بۆیە هەست کردنی دەزگا ئایدیۆلۆژیەکانیش بەو ڕاستیە وەك جۆرێك لە کاری خۆیان و توانا کزی ڕۆشنبیرەکانی سەیری دەکەن.

راپەرین لە دنیای کوردیدا کودەتا بوو بەسەر دامەزراوەکانی بەعس، بەڵام لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا ئێستاشی لەگەڵ بێت کودەتا و ڕاپەڕین نەبوو بەسەر فەرهەنگ وزمانی بەعس، میکانیزمی نێو دامەزراوەکان میکانیزمێکی بەعسە، بۆیە ڕاپەرین بۆ ئەوەی گۆڕانی بهێنابا پێویست بوو زمان و میکانیزم و فکری خۆی هەبێت، ئەوەش مانای وایە ئێمە لەم قۆناغە نوێیەی ژیان پێویستمان بەوە بوو کودەتا بەسەر زمانی ستایش و وەسفی پەخشانی بەرپا بکات، ئەو گروپە ڕۆشنبیرەی ئێمە مەبەستیان نەبووە بۆ ئەوەی کودەتا بکەن بەدوای زمانێکیتر گەڕابن، لەو باوەڕەدا نیم بەڵکو ئەوەی وای لەوان کرد زمانەکەیان جیاواز بێت خاڵی بنەڕەتی ئەوە بوو ئەوان نەیان دەویست بە میکانیزمی نێو دامەزراوەکانی بەعس کار بکەن بەڕاستی دەیانویست نەوەی قۆناغەکەی خۆیان بن، ئەو سەرچاوە فکریانەی ئەوان گفتوگۆیان لەسەری دەکرد و لە ئاستی تیۆریەوە دەیانگوازتەوە بۆ ئاستی پراکتیکی بۆخۆی خوازیاری ئەوە بوو ئەو فکرە بەزمانێکیتر دەربخرێت، دیارە بەچەند ساڵێکی کەم بەر لە ڕاپەڕین هەندێك لەوان دەستیان بە نووسین کرد بە واتای ئەوەی ئەوانە بەهۆی ڕاپەڕینەوە نووسینیان هەڵنابژاردووە بەڵام ڕەنگە جۆری ئیش کردنەکەیان گۆڕانی بەسەردا هاتبێت، ئیشکردنی بەختیار عەلی (قسەکردن لە پەراوێزی بێدەنگیدا) و (سەرەتایەك بۆ سۆسیۆلۆژیای





ئەزموونگەری) دوو بیرکردنەوەی ڕەخنەیی ناو ووتاری ڕۆژنامەگەری ئێمەن کە پێویستیان بە پانتاییەکی فراوانتر بوو لەوەی هەیە پێویستیان بە ئازادیەکی زیاتریش بوو بۆیە فیکر پێویستی بە زمانی خۆیەتی زمانی ئێمە زمانی فیکر نەبوو ڕاپەرین کە هات ئەو نووسەرانەی هەستیان کرد دەتوانن پانتایی ئیشکردنەکەیان فراوانتر بکەن، گۆڤاری ئازادی خاڵی وەرچەرخان و دەسپێکی ئەو پرۆژە فیکریە بوو، کە توانیان بەشداری لەتەك هۆشیاری کۆمەڵگا بکەن بەوەی زمانی ئەو نەوەیە جیاواز بێت و ئەو نەوە نوێیەی کە لە ڕاپەرینیش چاو دەکاتەوە لە عەقڵیەتی پەرستگا و مەعبەدەوە بەرەو سیستمی پرسیار و گومان کردن لە شتەکان ببرێت، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری ئەو زمانە نوێیە.

دیارە لێرەدا کەباس لەنووسەرانی ڕەهەند دەکەین، ناتوانین هەموویان لەناو ڕەهەند وەك یەك ئاست ببینین، ئێمە بۆ بینینی نووسەرانی ڕەهەند پێویستمان بە پۆلینکاریەکی وورد هەیە، چونکە ناتوانین بەشێوەیەکی سەراپاگیر لەبارەی نووسەرانی ڕەهەند بدوێین، بەهۆی ئەوەی پۆلینکاریش پێویستی بە توێژینەوەی تیۆری هەیە بۆیە ئەو کارە بەو شێوەیەی مەبەستمانە ناچێتە سەر، بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە خۆمان لەو کارە بدزینەوە، بەڵام لەشێوەیەکی خێرادا دەتوانین ئەوە بڵێین کە ئەو کۆمەڵە نووسەر بەهۆی

نووسینەکانیانەوە دەکرێ بۆ دوو جۆر پۆلین بکرێن، ئەگەر بەدوو گروپی ناو گروپێك ناویان بەرین، دەڵێین گروپی یەکەم ئەو نووسەرانەن کە جدیەتی کارکردن وایان لێ دەکات لەئاستی تیۆریەوە بپەڕنەوە بۆ خوێندنەوەی دنیای کوردی، ئەوانەش لەپشت کۆمەڵێك چەمك و زاراوەی فکری و کۆمەڵناسی و فەلسەفیەوە کارەکانیان ئەنجامداوە، نووسەرەکانیشی بریتین لە (بەختیار عەلی، مەریوان ووریا قانع، ئاراس فەتاح) گروپی دووەم نووسەرگەلێکن زیاتر بەرەو تێڕوانینی ڕەخنەیی دەچن ئەوانە بەو شێوەیە ئامادە بوونی چەمك لەناو تێکستەکانیان نابینین، هێندەی وەك ڕەخنەگرێك دەیانبینین، دەتوانین بە ڕۆشنبیرێکی ڕەخنەگر ناوزەدیان بکەین، کە بریتین لە (فاروق رەفیق، ڕێبین هەردی، ڕێبوار سیوەیلی، بەرزان فەرەج،هەڵکەوت عەبدوللا) کاریگەری ئەدەب بەسەر دید و تێڕوانینیانەوە بەدی دەکرێت، ئەگەر گروپی دووەم بە ڕۆشنبیرێکی ڕەخنەگر ناوبەرین، دەبێ گروپی یەکەم ناوزەد بکەین بە بیریارانی ڕاپەڕین، ئەگەرچی لەبەرامبەر چەمکی بیریار ئێمە سڵەمینەوە و ترسێك ڕووبەروومان دەبێتەوە، ئەو ترسە هێندەی گرێیەکی سایکۆلۆژیە مەعریفی نیە، بۆ ئەوەی نەکەوینە ناو هەڵچوونی قسەکردنەوە لێرەدا ئاماژە بۆ جۆری ئیشکردنەکانیان دەکەین، لە گروپی یەکەمدا بەختیار عەلی لەهەموویان زیاتر هەوڵەکانی دیارە، بەتایبەت





بەهۆی ئەوەی لەچەندین بواری جیاواز دەنووسێت، ئەو توانی لە ئاستی تیۆریەوە نووسینی کوردی بگوازێتەوە بۆ خوێندنەوەی تراژیدیاکانی دنیای کوردی، ئەوەش یەکێکە لەو خاڵە سەرەکیانەی ئەو گروپە نەك لە گروپەکەی تری ڕەهەند، بەڵکو وەك دابڕانێك لەتەك نووسینی کوردی دێننە کایەوە، یەکێك لە دیارترین نووسینەکانی بەختیار عەلی (لە ئارەزووی کوشتنەوە بۆ ئارەزووی فەرامۆشکردن) ڕۆشنبیری کوردی هێشتا زۆری ماوە بگاتە ئاستی ئەو نووسینە، ئەوە پیاهەڵدان نیە، هۆیەکەشی ئەوەیە ئیشکردنەکە لەسەر ئەنفال ئیشکردنێکی کوردیە، بەڵام بە کۆمەڵێك چەمکی فەلسەفیەوە، ئەوە ئیشکردنێکی دۆلۆزیانەیە، دۆلۆز کاتێ پرسیاری: فەلسەفە چیەی کرد گەیشتە ئەو دەرەنجامەی کە فەلسەفە خوڵقاندنەوەی چەمکە، بۆیە ئیشکردنی لەناو چەمکی گرێی ئۆدیب دەیگەیەنێت بە ئەنتی ئۆدیب، ئەنتی ئۆدیب گرێیەکە لەتاوانی کوشتنی باوکەوە دەگۆڕێت بۆ خوێندنەوەی فاشیزمی نوێ، ڕۆشنبیری عەرەبیش هەوڵێکی لەمجۆرەی داوە لەڕێگەی (عەلی حەرب) ئەگەرچی گواستنەوەی بۆ ناو ڕەخنەیی عەرەبی خوێندنەوەیەکی پراکتیکی بەرهەم نەهێناوە هێندەی لێکترازانێك هەیە لەنێوان چەمکە دۆلۆزیەکان و دەقە عەرەبیەکان، لە نووسینەکەی بەختیار ئارەزوو وەك چەمکێکی فرۆیدی بەتەواوی لەو مانا فرۆیدیە بەتاڵ دەکرێتەوە و

**تراژیدیای ئەنفالی پیێ دەخوێنرێتەوە، ئەوە خوێندنەوەیەکی فکریە بۆ ئەنفال، لەپاڵ ئەوەدا هەر لەناو نووسەرانی ئەو گروپەدا کەسێکی تر دەبینین کە (مەریوان ووریا قانع) ە، ئیشکردنی مەریوان بەتەواوی جیاوازە، بەهۆی ئەوەی لەڕێگەی خوێندنەوەی بۆ پەیوەندی نێوان مۆدێرنە و ئەنفال ئەو ڕووداوە دەخوێنێتەوە، بۆ ئەوکارەش پشتی بەستووە بە خوێندنەوەی فۆکۆ بۆ تاوانی هۆلۆکست، ئەم کارەی مەریوان تێگەیشتنێکی بەئاگایە بۆ خوێندنەوەی ئەنفال، کە دەرگا لەخوێندنەوەیەکی تر بۆ تاوانی ئەنفال دەکاتەوە، بەلاَم بەهۆی ئەوەی ویستویەتی لەمۆدێرنەوە ئەنفال و بەعس بناسێت، زۆربەی جار ئەو ناسینە هێندەی ناسینێکی نازیەتی هۆلۆکۆستی فۆکۆییە، نەبووە بە ناسینێکی بەعسناسی لە ئەنفال، ئەوەش لە گەڕانەوە بۆ هەمان پۆلینکاری فۆکۆ بۆ دەسەلاَت، ئاراس فەتاح دەنگێکیتری ناو ئەو گرووپەیە لەدوانەکەی تر زیاتر میتۆدیانە دەتوێژێتەوە، ئەو لەڕێگەی کۆمەڵناسیەو چەمکە کۆمەلاَیەتیەکانەوە ویستوویەتی دنیای کوردی بخوێنێتەوە.**

**کەچی گرووپی دووەم کۆمەڵە دەنگێکن هەوڵ دەدەن ڕەخنەگری سەردەمەکە بن، ڕێبین هەردی لەڕێگەی خوێندنەوەی ڕەخنەیی بۆ تێزە فکریەکان و گواستنەوەی بۆ ناو کایە جیاوازەکان وەك لەخوێندنەوەی بۆ شەڕی ناوخۆ**





**یاخود لەخوێندنەوەی بۆ نۆڤلێتی حەسار دەبینین ئیشکردنی ئەو بەستنەوەی دنیای تێکستە بەدنیای دەرەوەی تێکست، بەواتای دەق و جیهان وەك دوو دنیای سەربەخۆی بونیادگەرانە سەیر ناکات، بەڵکو بەیەکیان دەبەستێتەوە، ئەو پێشتریش بەر لەئەزموونی ئەو پڕۆژەیە لەپڕۆژەی گۆڤاری ئازادی ئەو کارەی دەست پێکرد، لەڕێگەی خوێندنەوەی دنیای شیعریی شێرکۆ بێکەس، هەروەها ئیشکردنی ڕێبوار سیوەیلی لەسەر دیاردە و شتە پەراوێزکراوەکانی ناو ژیانی کوردی وای کرد شتە بێبایەخەکانمان ماهیەتیان بۆ بگەڕێندرێتەوە، ئیشکردنی فاروق ڕەفیق لەسەر خۆرهەلاَت سەرەتای ئەو مەترسیە بووە کە دەیویست جیهان بۆ تاکە لۆژیکێك ڕاڤە بکات، هەڵکەوت عەبدوللاَ زیاتر بەکاری وەرگێڕانەوە خەریك بووە، ئەگەرچی ئەوەیان ئاشناکردنی ئەو نەوەیە بووە بە کولتوری تر، کە وەرگێڕان دەتوانیێ بمانکاتەوە بەسەر کولتورەکانیتردا، هەرچی بەرزان فەرەجە ئەگەرچی ئەو زیاتر بەدوو تێکستە شانۆییەکەی ناسراوەو توانیویەتی بوونی خۆی بسەپێنیێ (خەونە ترسناکەکانی یوسف) و (دۆڕاوەکان) بەلاَم لە ڕەهەند دا چەند ئیشێکی فکریی ئەنجامداوە، کە بۆ ئێمە تەواوی کارەکانی جێگای بایەخە.**

## ئارەزووی بەعسیزم وفەرامۆشکردنی قوربانی

دوان لە ناو دەقی کوردی بە مەبەستی خولّقاندنەوەی ئەو چەمکانەیە کە دەق کاری پێکردوون ، قسەکردنەوەیە لەو ڕووبەرەی نووسین کۆمەڵێك ئاماژە بەرهەم دێنێت ، ئەوەش دەبێتە دواندنەوەی دەق ، بۆیە کاتیٚ دەمانەویٚ لە ناو دەقەکانی ( بەختیار عەلی) لە پرۆژەی مەرگدۆستی بدوێین ، نامانەویٚ ئەو میکانیزمە فەلسەفیە لە دەق خاڵی بکەینەوە ، کە خوێندنەوەی فەلسەفی بەرهەم دێنێت ، بۆیە لە خوێندنەوەی بۆ ئەنفال چەندە لە ڕووکەشدا لەو پۆلینەی (سەمیر ئەمین) دەچێت ، کە بەعس دەبیٚ بە (سێنتەر) و کورد (پەراوێز) ، بەلاّم ئەو ڕووکەشە دەبیٚ بە ڕەخنەگرتن لە سێنتەر ، هەوڵێکە بۆ هەڵوەشاندنەوەی سێنتەر ، ئەوەش بە مانا (دریدا) ییەکەی هەڵوەشاندنەوەی سێنترالیزمی لۆگۆسیە ، هێنانەوەی ئەو چەمکە بۆ خوێندنەوەی ئەنفال گەیشتنە دەرەنجامی فەلسەفیە، دەرەنجامێك لەخوێندنەوەی (بەختیار





ەوە بەرهەم هاتووە، بە دوای خوێندنەوەی ڕەخنەیی بۆ ئەزموونی بەعسیزم و ناسینی ئەنفال وەك ڕووداوێك کە پێوەندی بە بەعسناسیەوە هەیە، دیارە بۆ مەسەلەی خولقاندنەوەی چەمکیش پێویستە ئاماژە بە (جیل دۆلۆز) بدەین، ئەو فەیلەسووفەی لە ئەنجامی پرسیاری (فەلسەفە چییە) توانی بگاتە ئەو وەلاّمەی کە خولقاندنەوەی چەمکە، ئەگەر لەو وەلاّمەوە سەیری هەردوو چەمکی (ئارەزوو) و (خەون) بکەین دەبینین دوو چەمکی فەلسەفین لای فەیلەسوفی ناسراو (سیمگۆند فرۆید) ، ئارەزوو ئەو چەمکەیە لای فرۆید کە (ئۆدیب) ئارەزووی کوشتنی باوك دەکات و ئارەزووی لە سێکس کردنە لەگەڵ دایك ، (بەختیار عەلی) لە خوێندنەوەی بۆ ئەنفال لای بەعس ، ئارەزوو دەکاتە ئەو چەمکەی کەسی بەعسی ئارەزووی کوشتن بکات ، بە دوای کوشتنیش ئارەزووی سێکس بۆ کەسی بەعسی ئازاد دەبیٚ " بەعسی ئەو پیاوەیە کە بۆ کوشتن و سێکس کردن ئەو سانسۆرە کۆمەلاّیەتی و یاساییەی لەسەر نییە کە لەسەر هاوولاّتیانی دیکەیە ، ئاهەنگەکانیش

تەعبیرن لەو ئازادییە ، تەعبیرن لەو گەشە سێکسییەی کە بەعسییبوون دەیبەخشێت " [1] ئەو ئیشکردنە لە ناو چەمکی (ئارەزوو) سەپاندنی دەرەنجامی تیۆرێك نییە ، بۆیە هەر لە سەرەتاوە خۆی لە ئیشکالیەتی ئەو تیۆرە بە دوور دەگرێت ، بەڵکو ئەو چەمکە خاڵی دەکاتەوە لە هەموو ئەو مانا فرۆیدییانەو، وەك چەمکێکی سەربەخۆ کە پێوەندی نەمابێت بە هیچ دەقێکی ترەوە، چەمکێك تەنیا بیەوێ دەروازە کردنی بۆ ناو جیهان ئیشکردن بێت ، لەو غەریزەی کوشتنەی کە بەعس هەڵگریەتی ، هەڵگرتنێك کە لە ناو دوو زەمەنی جیاواز سەر هەڵدەدات ، زەمەنی یەکەم.. زەمەنی بەعسە ، زەمەنێکە ئارەزووی کوشتن بەرهەم دێنێت ، زەمەنی دووەمیش زەمەنی بێدەنگی کۆمەڵگای کوردییە ، زەمەنێکە دەبێتە خوڵقێنەری ئارەزووی فەرامۆشکردن ، وەك چۆن هێنانەوەی خەون وەك چەمکێکی فەلسەفی ، کە بارگاوی دەکات بە دەلالەتی فەلسەفی جیاوازەوە ، ئەوەش خوڵقاندنەوەی چەمکە.

بۆ ئەوەی توانی ئەو داهێنەرەمان لە ناو تراژیدیای ئەنفال ببینین، کە چۆن ئەنفال لە





ئێستادا لەگەڵماندا دەژییێت ، هەوڵ دەدەین لە نێو دوو زەمەن و ئاستی یەکتر تەواو کەر لەو پرۆژە مەرگدۆستیە بدوێین کە بە تەنیا لە ناو ئەنفالدا کۆ نابێتەوە ، بەڵکو پێوەندی بە دۆرانی پاکێتی و شکستی خەونی ناسیۆنالیزم و ئەو دۆخەی کۆمەڵگای ئێمەوە هەیە کە پرسە بەرهەم دێنێت ، پرسەش ڕەگێکی قوڵی لە ناو کلتوری ئێمەدا هەیە ، بۆ ئەوەش سەرەتا جەخت دەکەینە سەر ناسینی بەعس و دواتر خوێندنەوەی ئەنفال وەك ڕووداوێك کە لە ئێستادا ئامادە بوونی هەیە ، بۆیە جیاوازی ڕوانینی بەختیار بۆ ئەنفال لە دەقی (لە ئارەزووی کوشتنەوە بۆ ئارەزووی فەرامۆشکردن) دەست پێدەکات ، بەوەی خوێندنەوەیەکی جیاوازمان پێدەبەخشێت ، خوێندنەوەیەك پێوەندی نییە بە هیچ دەرەنجام و خوێندنەوەیەکی تر ، بەڵکو خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی کوردییە بۆ ئەنفال ، خوێندنەوەیەك لە ڕێگەی خوڵقاندنی (ئارەزوو) وەك چەمکی فەلسەفی سەیری ڕووداوەکە دەکات ، بۆیە سەرەتا هەوڵ دەدەین لەپێوەندی نێوان (کوشتنی ئیرادە و ئارەزووی فەرامۆشکردن) بدوێین.

## کوشتنی ئیرادە و ئارەزووی فەرامۆشکردن

کوشتنی ئیرادە چییە ؟ لەکوێ هەست دەکەین ئیرادەی نەتەوەیی دەدۆڕێنین ؟ پرسیارکردن لە کوشتنی ئیرادە پرسیارێکە پێوەندی بە دەرکردنی بەشێکی دیاری کۆمەڵگا هەیە بەو رابردووەی کەبەشوێن دەیبەستێتەوە، دەرکردن لە شوێن ، جیاکردنەوەی ئەو بەشەی کۆمەڵگایە لەکلتورێك کە ڕابردووی ئێمەی لەسەر دروست بووە، دەرکردنی شوێنە لە ناو یادەوەری ئێمە، ئەوەش کوشتنی ئیرادەیە، ئەو کاتەی هەست دەکەین ئیرادەی کورد بوونمان کەوتۆتە بەر هەرەشەی دۆڕان ، بۆیە خوێندنەوەمان بۆ ئەنفال دەبێ گەڕانەوە بێت بۆ ناو ئەو سیستەمەی کە سێنتەری رووداو بەرهەم دێنێت ، بەبێ ناسینی سێنتەر توانای رووداومان نابێت ، بەڵکو پرسیار دەبەینە نێوکایە مێژوویی و چەمکە مۆدێرنەکان، ئەوەش ترسە لە دەرەنجامێکی قووڵ کە رووداوەکە لە دەست ئێمە دەربچێت ، ئەوەش وایکردووە لە یەك ڕەهەندی دەست نیشان کراو سەیری ئەنفال بکەین ، ئەو سەیرکردنە رێگەی نەداوە ئەو سێنتەرە بناسین کە بەعسە ، بەعس





وەك سێنتەرێکی سەربەخۆ دوور لە هەر کایەیەکی تر ، بۆ ئەوەی بگەین بە دەرەنجامێکی نوێ کە پێوەندی بە عەقلییەتی بەعسەوە هەبێت ، عەقلیەتێك نەمانباتەوە ناو چاوگە جیاوازەکانی تر ، بەعسیزم ئەزموونێکی سەربەخۆیە ، ئەزموونێکە ئەنفال لە هەناوی خۆیدا بەرهەم دێنێت بۆیە کاتێ (بەختیار) دەیەوێ بەعسیزم وەك زانستێك سەیر بکات پێوەندی بەو کلتورەوەیە کە بەعس هەڵگرییەتی ، کلتوری ئارەزووکردن لە کوشتن ، ئەوەش دەبێ بە سەرەتایەك بۆ خوێندنەوەیەکی جیاواز، خوێندنەوەیەك هەڵوەستە بەو ڕووداوە بکات و چیتر وەك ڕووداوێکی تا کرەهەندانە سەیری نەکەین ، بەڵکو بەبێ ناسینی بەعسیزم قسەکردن کارێکی بێمانایە ، چونکە ناکرێ لە ئەنفال قسە بکەین ، لە کاتێکدا توانای ناسینی ئەو عەقڵیەتەمان نەبێت کە ئەنفال دەخوڵقێنێت.

بۆیە تێگەیشتن لە ئەنفال نابێ جیابکرێتەوە لە تێگەیشتن لە بەعس ، خەوشێك کە لە ناو زۆرینەی لێکۆڵینەوەکانی لە بارەی ئەنفال کراون دەردەکەون ، کە پێوەندی بە گەڕانەوەی ئەنفالە بۆ

ناو دەقێکی ترەوە ، لە کاتێکدا ئەو ڕووداوە لە ناو دەقی بەعسەوە بەرهەم هاتووە .

بۆیە لە خوێندنەوەمان بۆ ئەو دەقە تەنیا لە ڕێگەی ڕەخنە گرتن لە عەقلیەتی بەعسەوە دەتوانین ڕووە نەبینراوەکەی بونیادی ڕووداو ببینین ، لە پاڵ ئەوەدا ئەنفال وەك دەقێك کە دێتە ناو نووسین ، گێڕانەوە لە ئاستی گوتراو دەگۆڕێت بە نووسین ، بە واتای نووسین دەیەوێ ڕووداو بکات بە دەقێك ، لێرەوە بەعس سەیرکردن وەك زانستێك ، ئاماژەیە بۆ دەقی بەعس . بۆیە خوێندنەوەی ئەنفال لەسەر تێگەیشتن لە بەعس وەستاوە ، تێگەیشتن لە بەعسیش تێگەیشتنە لە سیستمێکی ئایدیۆلۆژی کە لە ساتە وەختی ڕووداوەکە دەوڵەتی عێراق بەڕێوە دەبات ، کلتورێکی خوێناوی دەکات بە پاڵ پشت بۆ وێنەکانی ، بەعسیزم ئەزموونێك نییە لە بۆشاییەوە هاتبێت بەڵکو ئەزموونێکە لە هەناوی دەسەڵاتەکانی ڕابردووی عێراقەوە هاتۆتەوە "بەعسیەکان هەر هەمان گروهی زەندیق خۆرەکانن بە (قەپاڵ) کە (موعتەسەم) لە دەرباری خۆیدا خزمەتی دەکردن ، بەڵام لەسەر





زەمینەیەکی ئابوری و کۆمەڵایەتی نوێ و پر چەکتر بە ئەزموونی سایکۆلۆژی ، پر چەکتر بە ئەزموونی دەستگایەکی تەکنیکی و تەکنۆکراتیەیەکی سەربازی ، هەر ئەوان بون ئەم دەوڵەتی ترس و جەللادانەیان خوڵقاند " [٢]

بەڵام ئەوە مانای وا نیە لە گەڕانەوە بۆ بەعس بگەڕێینەوە بۆ (موعتەسەم) چونکە لە دواجاردا بەعس ئەزموونێکی خوێناویی دەوڵەمەند دەخوڵقێنێ کەئەزموونی تایبەت بە خۆی بێت، ئەزموونێك دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ئەوسی ساڵەی تەمەنی، لەو تەمەنەی کە کۆماری ترسی خوڵقاند، بۆیە لەو کۆمارەدا تارماییەکانی ترس کۆمەڵێك وێنەی تۆقێنەر لە ناو یادەوەری ئێمە دەخوڵقێنن ، کاتێ دەیالۆگ دەکەین دەمانەوێ تارماییەکانی لە یادەوەری کوردی دەرکەینە دەرەوە ، بەڵام لەگەڵ کۆتایی دەیالۆگەکان ترس بۆمان دەگەڕێتەوە، ئەو ترسەش مەترسی گەڕانەوە و مەگدۆستی بەعس بووە لەسەر کۆمەڵگای کوردی ، کە هەر کاتێ دەیالۆگ لە نێوانمان نەماو جارێکی تر نیاز خراپی ئەو تارماییە دەردەکەوێتەوە ، فەزای ترس لە یادەوەریماندا

جێگیر دەکاتەوە و ڕێگەنادات بەبێ ترس هەڵکەین و ببینە کۆمەڵگایەك کە نەترسین ، بۆیە ئێمە دەکرێینە خاوەن شوناسی (کۆمەڵگای تۆقێنراو) کە هەموو جۆرە ئەشکەنجەیەك بەسەرماندا تاقیدەکاتەوە، بە مانای بەعس بە دەسەلاتێکی زەبر و زەنگەوە ڕووبەڕووی ئێمە بۆتەوە ، کە هەر بەو دەسەلاتەش ڕووبەڕووی سەرجەم خەڵکی عێراق دەبێتەوە و ، وا لە (کەنعان کەمییە) دەکات بە (کۆماری ترس) ناوی ببات ، ئەو کۆمارەش بەعس لە خۆراپێی ناگات ، بەڵکو لە ئەنجامی کارکردنەوەیەتی لەسەر کلتورێکی خوێناوی کە لە مێژووی عێراقدا ترس بەرهەم دێنێتەوە ، بۆیە بەعس مێژووی خوێن ناسڕێتەوە ، بەڵکو بە میکانیزمی تازەتر دەیگەڕێنێتەوە ، کوشتنی (حەسەن و حوسەین) بۆ بەعس کلتورێکە ، لەو چیرۆکەوە وێنەی ترس و مەرگ دۆستیمان لا گەورەتر دەکات ، نەك بیرمان بباتەوە ، وەك لە کیمیابارانکردنی هەڵەبجە دا ئەو حەقیقەتەمان لا رەها دەکات بەوەی "ئەوانەی دەمرن لە پێناوی ترساندنی ئەوانەدا دەمرن کە دەژین و ئەوانەی کە دەژین لە ترسێکی ئەو تۆدا دەژین کە ناکرێت لە





چارەنوسێکی مردووەکان بپرسن ، بێگومان ئەم شێوەیەش لە فەرمانڕەوایی کردن ، بە کۆتایی هاتنی مرۆڤ و پووکانەوەی هەموومانا کانی دوای دەهات" [٣] بۆیە ئێمە لەبەردەم تاوانەکانی بەعسدا دەبێ بپرسین : کە ئایا دەتوانین (صدام) و (بەعس) لە یەکتری جیابکەینەوە !؟ یاخود بەعس بۆ خۆی رۆڵی دامەزراو دەبینێ بۆ خولقاندنی سەرۆك !؟

دیارە پەیوەندی (صدام و بەعس) لەسەر بنەمای پرۆژەیەکی هاوبەش رێککەوتوون کە دیسپلین کردنی دەوڵەتە ، کەواتە سەرۆك لە عێراقدا تاکە تاوانبار نییە ، بەڵکو حزب هاوبەشە لە تاوانەکانی ، چونکە ئەوە بەعسە سەرکردەی دروست کردووە ، لەسەر بیروڕاکانی عەفلەقی دامەزرێنەری حزب ، بە واتای کاتێ دەوڵەت لە عێراقدا دەبێ بە دامەزراوێکی سیخوری هۆکارەکەی بالا دەستی بەعسە [٤] .

ئەو بالا دەستیە وا دەکات حورمەت بۆ هیچ رێککەوتنێك نەمێنێ ، ئەوە پرۆتۆکۆلی ستراتیژی نیە بەعس دەیبەستێ ، بەڵکو پرۆتۆکۆلی خوێن رشتن و فێڵ کردنە بۆ درێژە دان بە دەسەلات .

چونکە بەعس لە ڕێگەی دەسخەڕۆدانی نەوەی نوێ دەپەرێتەوە نێو ماڵەکان ، بەوەش شێوەی سیخوری بەسەر ئەندامەکانی خێزان دروست دەکات ، لە ڕێگەی پرۆگرامەکانی خوێندنەوە دەیەوێ منداڵان لە یەکەم وانەی خوێندن ناوی سەرکردە و دامەزرێنەری حزب و دروشم و ئامانجەکانی بەعسیان پێ ئەزبەر بکات ، ئەوەش بەعس دەستپێشخەری تیا دەکات ، بەڵام دواجار پێوەندی بەو بێدەنگییەی کۆمەڵگای عێراقییەوە هەیە ، ئەو بێدەنگییەی سروشتی ئاهەنگی لایان دروست کردووە ، هەر ئەو سروشتەشە (کۆماری ترس) دەخولقێنێ ، ئەو کۆمارەی هەر لە یەکەم ڕۆژی دامەزراندنی سوپای عێراقەوە ئەو میللەتە بێدەنگی بۆ خۆی هەڵبژاردووە و لە ترسی مەرگ بە شایی و هەلهەلە ڕووبەڕووی دەسەڵاتی مەگدۆستی دەبێتەوە ، وەك کاتێ سوپاکەی (بەکر سدقی) سێ هەزار ئاسوری گوللەباران دەکات ، ئەو میللەتە گوڵبارانی ئەو سوپایە دەکات ، ئەوەش دەبێتە کاری بەردەوامی ئەو سوپایە ، مادامەکی کۆمەڵگا نەتوانێ نارەزایەتی لە ئاستیا دەبڕێت ، بۆیە بێدەنگی ئەو کۆمەڵگایە ڕێگە





خۆشکەرە بۆخولقاندنی فەزای ترس ، ئەو زەمینە خۆشکردنە بۆ ترس وا لە بەعس دەکات کە هەموو چەمکەکان بەرە و مانای تر بەرێت ، بۆ ئەوەش وەهم دەکات بە مانایەك ، کەفرە ڕەهەندی بە چەمکەکان دەبەخشێت ، بەوەی (دوژمن) جیا لەوەی هەیە (وەهمی دوژمن) یش دروست دەکرێت ، بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە باشتر دەسەڵات بە خۆی ببەخشێت ، دەسەڵاتێك لەگەڵ دروشم و ووتارەکانی بەعس سەرجەم کۆمەڵگای عێراقی بەشداری بکات ، وەك کاتێ لە ١٩٦٩( ئەحمە حەسەن بەکر) "روو دەکاتە جەماوەرێکی زۆر و دەپرسێت : چی لە سیخورەکان بکەین !؟ هەزارەها بە یەك دەنگ دەقیژێنن مردن بۆ سیخورەکان ! هەڵیانواسن ! هەر ئێستا و بە پەلە هەموو سیخورەکان هەڵواسن" [٥]

بۆیە لە کاتی شەڕی عێراق و ئێران ، ئێران جگە لەوەی بە دوژمن سەیر دەکرێ ، وێنەیەکی وەهمیشی پێ دەدرێت (خیر الله طفاح) لە کتێبێکدا لەگەڵ مێش و یەهودی بەو سێ بوونەوەرە سەیریان دەکات ، کە نەدەبوو یەزدان دروستیان بکات ، ئەوەش گەورەکردنی وێنەی

**دوژمنە لە هزری عێراقیەکاندا ، کە وێنەیەکی بە وەهم کراوە زیاد لەوەی کە هەیە ، وێنەی ڕاستەقینەی بەرامبەر دەشێوێنێت وەك چۆن (صدام) یش لە سەرکردەیەکی دیکتاتۆرەوە وێنەکەی بەرە و ئەفسانەیەك نیشان دەدرێت ، بۆیە ئەوەی دڵسۆز نەبێت بۆ ئەو سەرکردە ئەفسانەیە شوناسی عێراقی بوون دەدۆڕێنێت ، بەعس ئەو مافە زەوت دەکات و تەنیا بە وانەی دەدات کە دڵسۆزی خۆیان بۆ سەرۆك دەردەخەن ، بۆیە تۆ بۆ ئەوەی شوناسی هاوڵاتیەکی عێراقی وەربگریت ، دەبێ دڵسۆزی خۆت بۆ سەرکردە و بەعس نیشان بدەیت ، چ لە ڕێگەی سامان بەخشین یاخود خوێن بەخشین بۆ پاراستنی بەعس ، دیارە بەعس پێویستی بە سامانی هاوڵاتیان نیە ، بەڵام مەبەست لەو کارە دەیەوێ پێمان بڵێ ئەوەی هەتە هی منە ، هەر کاتێ ویستم دەیبەمەوە ئەوەش خوڵقاندنی گیانی ستایشکردنی بەعسە لە ناوەوەی هاوڵاتیاندا .**

**دەیەوێ پێمان بڵێ تۆ خاوەنی هیچ شتێك نیت نە خشڵ و زێر نە خوێنی خۆت ، هەموو ئەوانەی هەتە موڵکی بەعسن ، دیاری بەعسە دراوەتە تۆ ،**





**زەوتکردنی ژیان لە عێراقی هەشتاکاندا پێوەندی بەو دۆخە نیە کە عێراق تێی دەکەوێت ، چونکە عێراق سەرباری شەری هەشت ساڵەی لەگەڵ ئێران بەڵام بە یەکێك لە وڵاتە دەوڵەمەندەکان سەیر دەکرا ، بە هۆی بازرگانی کردن و ناردنی نەوت بۆ دەرەوە ، بەڵام ئەوەی وایدەکرد هاوڵاتیان سامانیان بە بەعس ببەخشن ، پێوەندی بەو دیدە بەعسیزمەوە هەیە ، کە کورد بوون دەبێ سنورێکی دەست نیشان کراوی هەبێ ، ئەوەش گەڕانەوەیە بۆ ووتەکەی (میشیل عفلەق) ئەوەی بە کورد دەدرێت "جۆرێکە لە ئۆتۆنۆمی" [٦] بۆ ئەوەی گەمەکردن بە سنوری ئەو مافەی پێمان دەدا بە ویستی خۆی دەست نیشانی بکات ، ئەگەر "عەفلەق" ئەوەی لە ١٩٦٩ وت ، بەڵام لە ئەنفالدا ئەو حەقیقەتە بەعسیە دەرکەوتەوە ، سنوری ئۆتۆنۆمی بوونی کورد جارێکی تر تەسکتر دەکرێتەوە ، سەپاندنی ئایدۆلۆژیای بەعس هەموو ڕەهەندەکانی ژیان دەگرێتەوە ، شەممە یەکەم ڕۆژی هەفتە و یەکەم وانەی خوێندن لە قوتابخانەکان دەبێ (منهاج ثقافی) بەعس بخوێندرێت ، تەنانەت لە کارکردنی حزبە**

کارتۆنیەکانیشدا ، چونکە هیچ کارێکی پێیان نامێنیٚ ، تەنها ئاهەنگ گێرانی یادی بەعس و ئاهەنگی ڕۆژی لە دایکبونی سەرۆك نەبێت ، مانەوە لە کورد بوون بەرە و (عێراقی بوون) دەچێت ، ستراتیژی بەعس هەرگیز گۆران لە بونیادەکانی کارکردنی ناکرێت ، بەڵکو تیۆرەکان هێندە پیرۆزن ، ئەگەر لە قۆناغێکیش نەتوانرا پراکتیزە بکرێت ، بەلاٚم دەکریٚ وەك ستراتیژ وپرۆژەی ئایندەیی سەیر بکرێت ، ئەوەی (عەفلەق) ناویدەنیٚ کوردەکانی عێراق کەمایەتیەکی کەمن و بەشی زۆریان لە وولاٚتانی تری عەرەبی و تورکیا و ئێرانن ، دیدێکی ستراتیژیە ، بە دوای بیست ساڵ ئەوسا بەعس دەتوانیٚ ئەو دیدە بسەپێنیٚ ، بەوەی سیما کلتوریەکانی کوردی ، جگە لە پاشخانێکی کلتوری عێراقی هیچی ترنین ، سەلماندنی مێژووی هاوبەش ئەو دیدگا عەفلەقیە لەو کاتەدا زیاتر دەچەسپیٚ ، کە بە دوای ئەنفالەکان (صدام حسین) بە جلی کوردیەوە دێتە هاوینە هەوارەکان ، لەوەدا (سەلاحەدینی ئەیوبی) دەبێتە پاڵەوانێکی عێراقی ، کە پارێزگاری لە ئاین و





شوناس و کەسێتی عێراقی دەکات نەك کوردی ، هەر داکۆکی کردنێك لەو جۆرە کەسانەش تەنیا بەرهەم هێنانەوەی وێنەی بەعسە ، وەك چۆن دەکرێت لە داهاتوودا زۆلێك هەبێت بوونی دیکتاتۆر بە جلی کوردیەوە ببەستێتەوە ، بە بڕوا بوونی دیکتاتۆر بە ئازادییەوە ، لێرەوە کورد بوون توانەوەیە لە ناو عێراقی بوون ، مێژووی ئێمە بە پەراوێز کردنە لە ناو عێراقدا ، مەبەست لەو مێژووەیە کە لە سەرەتای دامەزراندنی سوپای عێراقەوە زۆربەی لە کورد و شیعە پێکهاتبوون ، بەلاٚم دواتر بەعس بە هۆی دروست کردنی قەسابخانە و فەزای ئیرهاب و ترس و کوشتن لە ژێر ئایدیۆلۆژیایەکی شۆڤێنیانەی کە دژی هەموو بیروباوەڕێکی خۆرئاوا دەبێتەوە و دەیەویٚ لە شێوەی پێغەمبەرێك دەردەکەوێت ، بۆ ئەوەش پشت بە کلتوری عەرەب دەبەستیٚ و شارستانیەتی خۆرئاوا رەتدەکاتەوە "لای عەفلەق فیکری رۆژئاوایی نەوەك بە تەنها عەقڵی عەرەبی داگیر دەکات ، بەڵکو بە تەواوەتی زەمین و ئاسمانیشی لیٚزەوت دەکات ، لای (عەفلەق) رۆژئاوا بەهەرەشە رۆشنبیری و فەرهەنگیەکانی

دەناسرێتەوە ، ئەوەك بە هەڕەشە سیاسی و ئابوریەکانی ، لێرەوە پاراستنی رۆحی عەرەبی لە عەقلی رۆژئاوایی یەکێکە لە کارە ستراتیژیەکانی بەعس ، بەعس کۆمەڵگایەکی عەرەبی داخراوی لە کۆمەڵگایەکی نوێی رۆژئاوای لا چاکترە" [٧]

ئەوەش وای لە خەڵکی عێراق کردووە کۆمەڵگایەکی داخراو بێت و پێوەندی بە دەرەوەی خۆی نەبێت ، بەڵکو لە ناو ئەو سنورە جوگرافیە پێوەندیەکان داخراو بن و بەعس کۆنترۆڵی ئیرادەی مرۆڤەکان دەکات ، هەر ئەوەش ئەنفال دەکاتە کلتورێك بۆ بەعس ، کلتورێك کە چەندە پێوەندی بە ئایدیۆلۆژیایەك هەیە ، هێندەش قسەکردنەوەیە لە گریمانە ئەخلاقیەکان ، خوێندنەوەی (بەختیار عەلی) بۆ ئەنفال ڕوانینێکی مێژووی نییە ، هێندەی دوانە لە پرۆژەیەکی سیاسی بۆ پاشەرۆژ ، چونکە بەبێ خوێندنەوەی ئەنفال و تێپەرین بەناو ئەو رووداوە ناتوانین لە پرۆژەیەکی سیاسی بۆ پاشەرۆژ قسە بکەین ، ئەوەش سەیرکردنی بەعسە وەك زانستێك ، بەعسناسی ئەو زانستەی کە دەبێ سی ساڵی دوایی ئەو رژێمە لەگەڵ قۆناغەکانی تر تێکەڵ





نەکەین ، بۆ ئەوەی لە ڕەهەندی جیاوازەوە بخوێنرێتەوە پێویستە ئەو سی ساڵەی حکومی بەعس لە ڕوانگەی سۆسیۆلۆژیەوە بخوێنینەوە ، هەموو ئەو خوێندنەوانەی کە ئەو تەمەنە لەگەڵ قۆناغەکانی تر تێکەڵ دەکەن ، دەیانەوێ لە بەعسیزم رابکەن و خوازیاری ئەوەش نین تایبەتمەندیەتەکانی بەعس بناسن ، بۆ ئەوەی لەو مێژووە خوێناویە رانەکەین پێویستمان بە خوێندنەوەیەکی بەعسیناسیانەیە ، بەبێ ئەو خوێندنەوەیە قسەکردن لە پاشەرۆژ ، قسەکردنە لە لاوانەوە بەسەر برینەکانی نەتەوە ، ئەوە سەرەڕای ئەوەی "بزربوونی بەعسناسی تەنها مایەی بزربوونی (ئەنفالناسی) نییە، بەڵکو هۆیەکی گەورەی تێکچوون و شپرزە بوونی پەیوەندی ئێمەیە بە کۆی جیهانەوە، چونکە ئەم بزر بوونە ئاوێنەی نووشوستی هەوڵەکانی قوربانیە بۆ دەرچوون لەبازنەکانی جەللاد، هەر وەك چۆن ئاوێنەی بێتوانای قوربانیشە لە دەربازبوون لە تەونەکانی ئەو" [٨]

بە مانای ئەوەی وون بوونی ئەو زانستە چەندین خاڵی نێگەتیفی لەسەر ئێمە دەبێت ، کە تا ئەو

**ساتە وەختەش ئەو مەترسیە لە نەبوونی زانستێك بۆ خوێندنەوەی کلتووری بەعس مەترسیەکە و بەبێ قسەکردن لەو مەترسیە پرۆژەی سیاسی بۆ پاشەرۆژ دەخەینە روو ، بۆیە لێرەوە ئاشت بوونەوە لەگەڵ بەعس دەبێ بە خەونێك کە حزبی کوردی لە بێتوانای خۆیەوە دەیویست لەگەڵ بەعس گفتوگۆ بکات ، ئەو دەیالۆگە لەسەر بنەمای ناسینی بەعس نەبوو، بەڵکو دەیالۆگ بوو لەنێوان دوو هێزی ناکۆك، دوو هێزدان بەوە نانێت گفتوگۆی نێوان (جەللاد و قوربانیە)، بەڵکو بۆ بەعس دەیالۆگە لەنێوان (دەوڵەت و یاخی بوو)، ئەوەش لە بنەماوە بۆ تێنەگەیشتن لە بەعس دەگەڕێتەوە ، تا لە بەعسیش نەگەین ، تێگەیشتن لە ئەنفال تێگەیشتنێکی ناتەواوە ، چونکە ناتوانین ئەو دەسەڵاتە بخوێنینەوە کە بە تاوانەکە هەڵساوە ، کاتێ نەمانەوێ لە بەعسناسی نزیك ببینەوە ، پێوەندی بەو ڕووبەرە تەسکە هەیە کە دەمانەوێ بەعسی تیا سەیر بکەین ، بەو ڕووبەرەش سەیری ئەنفال دەکەین ، ئەو ڕووبەرەی دەبێتە جوغزێك کە نەتوانین لە کۆی ئەو هۆکارە کۆمەڵایەتی و مێژوویی و دەروونیانە**





**نزیك بکەوینەوە ، بۆیە هەموو ئەو خوێندنەوانە تاکڕەهەند دەکەونە ، کە لە بری هەر دوو چەمکی (بەعسناسی و ئەنفالناسی) دەیانەوێ ئەنفال بە پرۆژەی ناسیۆنالیزم و گەرانەوە بۆ ئیسلام ناو ببەن ، تەنانەت ئەو خوێندنەوانەی وەك بەرهەمی مۆدێرنە ناوی دەبەن ، ناتوانن بگەن بە مانای جەوهەری بۆ ئەنفال ، چونکە چەندە ئەو تاوانە پێوەندی هەبێ بە پرۆژەیەکی ئاینی یا ناسیۆنالیستی یا مۆدێرنیزەکردنی دەسەڵات ، بەڵام لە جەوهەردا سەیرکردنێکە لە بەعسەوە دەستی پێنەکردووە، بەڵکو لە تیۆرێکی ترەوە هاتۆتە ناو ئەنفال ، بەلای (بەختیار) بۆ ئەوەی لە ئەنفال بدوێین دەبێ بەعس بناسین ، ئەوەش بەو مانایەی کە ناسینی بەعس بەو تێگەیشتنەی "بەعس وەکو کۆمەڵێك ڕووداو و دیاردە و دەرکەوتە و رەفتار ببینین و لێگەڕێین ئەو ڕووداو دیاردانە قسەو بەڵگە نەوویستی خۆیان بدرکێنن و خۆیان ئاشکراکەن ، نەوەکو هەوڵبدەین پێش وەخت هەندێ زاراوە و چەمك دابەزێنین و ڕووداوەکان لەسەر رۆشنایی ئەو چەمك و زاراوانە تەفسیر بکەین" (٩)**

**کەوابێ دەبێ لە ڕەفتارەکان ئەوانەی پێی هەڵدەستێ سەیری رووداوەکان بکەین ، ئەوەی ئەو شوناسە بە بەعس دەبەخشێت رەفتاری خۆیەتی ، سەپاندنی هەر جۆرە چەمك و زاراوەیەك بەر لە سەیرکردنی رووداوەکە وامان لێ دەکات لە بەعسناسی نەگەین ، بەعس پێوەندی بە مۆد و توێژێکی دیاری کراوی کۆمەڵگای عێراقیەوە نییە ، ئەو خوێندنەوە مارکسیەی دەیەوێ بەعس بە نمونەی سەرمایەداری سەیر بکات ، جۆرێکە لە خورافات ، چونکە بەعس بۆرژوازی گۆریووە بۆ گەمەکردن و بەرجەستە کردنی دەسەڵات ، ئەوەش هەرگیز ئەو مانایە ناگەیەنێ کە بەعس بە دژی گەشەکردنی بۆرژوازی دەوەستێتەوە ، بەڵکو ڕێگەی گەشەسەندنیشی دەدات ، بەڵام نایەڵێ لە هەناوی بەعس بێتە دەرەوە و ببنە گروپی ئابووری سەربەخۆ ، بەڵکو لە هەناوی خۆیدا دەیهێڵێتەوە ، چونکە بونیادێك دروست نابێت کە ببێ بە زەمینە بۆ ئازاد بوونی بۆرژوازی عێراقی ، ئەو لە بنەرەتدا بەربەست دروست دەکات نایەڵی بۆرژوازی عێراقی ببێ بە خاوەن ووشیاری ، لەو کاتەشدا**



نووسەر و نووسینەوەی زمان .................................. نیهاد جامی

**دەکەوینە بەردەم دوو چەمکی فەلسەفی ئەوانیش (گوتراو / ئارەزوو) گوتراو چەمکێکە خوێندنەوەی بەرەو یەك ئاستی ڕووداو بردووە ، ئەوەش وایکردووە ، حەقیقەت ببێتە شوبهاندنی بە ڕووداوێکی نێو مێژوو ، ئەوەش خوێندنەوە نەبووە بۆ ئەنفال ، بەڵکو تەئویلێك بووە بۆ نزیککردنەوەی ئەنفال لە ڕووداوێك کە تووشی پرسیاری هەنووکەییمان نەکات ، بەڵکو لە ناو پرسیاری ئامادە دەرەنجامێك بۆ رووداوەکە دەدۆزینەوە ، بۆیە گوتراو چەمکەیەکە پێوەندی بەکزی توانای خوێندنەوە هەیە لە پشت (گوتراو) حەقیقەتی شاردنەوە دەردەکەوێت ، ئەگەر فرۆیدیانە قسەبکەین دەڵێین لە پشت زەللەی نووسین حەقیقەت شاردراوەتەوە ، بۆیە کاتێ (بەختیار) ئەو ڕاستیە ئاشکرا دەکات ، کە گوتراو توانای ناسینی نییە ئەگەر لە بەعس تێنەگەین ، ئەو تێگەیشتنەی ریگەی ئەوەمان بۆ دەکاتەوە کە ئەنفال بناسین ، بەڵام هێشتا کەسانێك هەن دەیانەوێ لە ڕێگەی گوتراو بەرەو جۆرێك لە دەسخەرۆدانمان بەرن ، بەوەی کەس توانای نیە لە ئەنفال قسە بکات ، تەنیا گێڕانەوەی ئەنفال**

**کراوەکان نەبێت ، بە قسەی ئەو جۆرە کەسانە بێت دەبێ لە ئەنفال بێدەنگ بین ، تا ئەو ساتەی قوربانیانی ئەنفال دێنەوە رووداوەکانمان بۆ بگێڕنەوە ، جارێ گومان لەوە ناکەم ئەو قسەیە هاوسۆزانی بەعس ئەوانەی ستایشی ئەنفالیان کرد ، هەر خۆیان دەزانن بۆچی ئەو قسە بێمانایە دەکەن ، ئەوە سەرەرای ئەوەی لە پشت ئەو گوتراوە حەقیقەتی ئەوەمان دەست دەکەوێت کە زەللەی نووسین ناتوانێ ئەو مانا شاراوەیە وون بکات کە (بەختیار عەلی) لە شکست هێنان بە چەمکی گوتراو توانییەتی خوێندنەوە بۆ ناسین بگەیەنێتە نێو ڕوانینی رووداو لە ڕێگەی چەمکی (ئارەزوو) .**

**پێوەندی ئارەزوو بە بەعسەوە چیە ! ؟ ئەو چەمکە بە دوای تێگەیشتن لە بەعسەوە هاتووە، یا بە مانایەکی تر لە ناو خوێندنەوەی تیۆری بەعسیزمەوە سەری هەڵداوە ، ئارەزووکردنی بەعسە لە کوشتن کە درێژە دانە بە کلتورێکی خوێناوی کۆمەڵگای عێراقیەوە ، فەرمانرەوایی بەعسە کوشتن دەکاتە ستراتیژێك بۆ ئارەزوو ، بەعسیش سەرۆکی دەوڵەت دەکات بەو سیمبولە ،**





**بە واتای (صدام حسین) دەبێ بە ڕەمزێك بۆ بەعس و بەعسیش بۆ سەرتاپای کۆمەڵگا ، ئەوەش بۆ قۆرخ کردنی هەر کردارێکە کە لە ئارەزوی بەعسی وەرگرتووە "ئارەزووی بوون بەدروستکەری یەکەمی هەموو گۆرانکاریەکان و بەرووداوسازی مەزن"** [١٠] .

**بۆیە سەرۆك لە عێراقدا دەبێ بە سێنتەری دەسەڵات، کە دواجار ئەو سێنتەرە لە ناو بەعسدا ڕەگێکی کۆنکرێتی قایم دەکات ، هەموو دەزگا و ناوەندەکان جگە لە دەسەڵاتی بەعس شتێکی دی بەرهەم ناهێنن ، بەڵکو دامەزراوەکان دەبنەوە وێنەی هەمان دەسەڵات نەك دەسەڵاتی خۆیان ، میدیاکان و زانکۆ و کەرتی تایبەت لە دواجاردا لە بڕی ئەوەی ببنە خاوەن دەسەڵاتی خۆیان ، ئەو دەسەڵاتە دەبێتەوە بە دەسەڵاتی بەعس ، کە بەختیار ناویدەنێ گۆڕینی (کایەی دەسەڵات) بۆ (کایەی سێبەر) ، کاتێ دەسەڵات دەگۆردرێ بە سێبەر ، ئەو کاتە دامەزراوەکان نین کە ئەکتیڤن ، بەڵکو بەعسی بوونە ، لەسەر بنەمای بەعسی بوون ئەو رۆڵە بە کارگێری نێو دامەزراوەکان دەدرێت ، ئەو ساتە دامەزراوەکان لە بڕی وەزیفەی خۆیان**

وەزیفەیەکی تر وەردەگرن وەزیفەی بەعسی بوون ، ئەوەش وا دەکات دامەزراو لە (کایەی دەسەلآت) بۆ (کایەی سێبەر) بگۆردرێت ، ئەوەش تەنیا بڵاوکردنەوەی دیدێکی بەعسی بوون نییە ، بەڵکو (کایەی سێبەر) بە مانای ئامادەکردنی کەس بۆ بەرژەوەندی بەعس ، زانکۆ دەبێتە شوێنێك بۆ ئامادەکردنی سەرباز ، رۆژنامە و تەلەفزیۆن دەبنە کەناڵێك بۆ ئامادەبوونی گۆڕانەکانی بەعس " لەم جۆرە کەش و هەوایەشدا نەوەك کایە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان ئیفلیج دەبن ، بەڵکو نواندنی هەر چالاکیەکی ئازاد دەبێتە کارێکی ئەستەم" [١١] .

چونکە لە بنەماوە دامەزراوەکان خاوەن دەسەڵاتێك نین کە دەنگیان هەبێت ، بەڵکو سێبەری بەعسن ، بە سێبەر بوونیش دۆخێکی ئیفلیج بۆ کۆمەڵگا دەخوڵقێنێت ، لەسەر ئەو ڕاستییەی کە دامەزراوەکان توانای ڕۆڵێکی ئەو تۆیان نییە لە بەرامبەر پڕۆژەکانی بەعسدا ، ئەوە سەرۆکە بیر دەکاتەوە و قسە دەکات "إذا قال صدام قال العراق و إذا قال العراق و قال صدام" گوتراو یەکێکە ، ئەوەی سەرۆك دەیڵێت





گوتراوێکە بۆ ناو سەرجەم کایەکان ، عێراق لە بنەرەتدا هیچ ناڵێت ، تا سەرۆك بڕوای پێ بهێنێت ، بەڵکو ئەوەی قسە دەکات سەرۆکە ، قسەکردنی سەرۆکیش بۆ ناو سەرجەم کایە کۆمەڵایەتیەکانە ، کایەکان بە ئاستێك نزم دەبنەوە ، تا ناوەندە بەعسیەکان بگەنە ئاستی باڵا ، لەوەشدا بەختیار دەیەوێ شوناسێکی تر بە (سەرۆك و بەعس) ببەخشێت ، ئەو تێگەیشتنەی پێی وابوو تەنیا لە ڕێگەی کوشتنەوە ئەو دەسەڵاتە دەگۆڕێت ، ئەوە بێتوانایی تێگەیشتنە لە بەعس ، چونکە تێگەیشتن لە بەعس لەسەیرکردن لە دڕەندەیی نەهاتووە ، بەڵکو لەو بونیادەی کە دڕەندەیی بەرهەم دێنێت ، ئەو بونیادە درەندەییەی لای هەر بەعسییەك لە دامەزراوێك بوونی هەیە ، ئەوەش خەونی بوونە (صدام) بوون نییە ، بەڵکو (صدام) کەسێکە کەس شایەنی ئەوەی نیە بگاتە ئاستی "بەعس دەیەوێت سەرکردە بچوکەکانی خوارەوە ، هەرگیز جورئەتی خۆشوبهاندنیان نەبێت بە صدام" [١٢] .

چونکە صدام سەنتەرێکە ئەوە بەختەوەری بۆ عێراق دێنێت ، تەنانەت سەرکەوتنی هەر

کەسانێکی نێو دامەزراوە رۆشنبیری و کۆمەڵایەتیەکان پێوەندی بە ئاستی لێهاتووی ئەو کەسە نیە ، ئەوە سەنتەرە لێهاتووە ، بۆیە کاتێ ڕەخنەش ئاراستەی ئەو سێنتەرە دەکەین کە لە (صدام) ەوە دەپەڕێتەوە بۆ (بەعس) نابێ (کلتوری بەعس) و ئەنفال لە یەکتری جیابکەینەوە ، چونکە رەخنە گرتن لەو کلتورە رەخنە گرتنە لەو عەقڵەی لە چارەکە سەدەیەکدا ئارەزووی کوشتن دەکات ، ئارەزوویەك کە جەنگ لەگەڵ (ئێران) بەرپا دەکات ، هەمان (ئارەزوو) شە ئەنفال دروست دەکات ، بۆیە ڕەخنەگرتن لەو عەقلە شتێ نیە پێی بووترێت ، عەقڵ چۆن ئارەزوو دەکات ئاوا نەخشەی زهنیەت دروست دەکات، بەڵکو ئارەزووی کوشتنە نەخشە بۆ عەقڵ دەکێشێت، لەوەشدا بەعس نەمریی لەعەقڵ وەردەگرێتەوە، ئەو نەمرییە دەدات بەئەنفال، چونکە بەلایەوە ئەوە نەمریی نییە کەبیرکردنەوەی عەقلانی دەگەینێت بە بەختەوەری، بەختەوەری بەعس لە کوشتنەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەنفالیش سەپاندنی دەسەڵاتێکە کە بە ڕووی ئەوانەدا





دەوەستێتەوە کە لە دەرەوەی ئینتیمای بەعس بوو بن .

کاتێ فانتازیای ترس و کوشتن لای بەعس لە سنوری جوگرافیای عێراق نەمێنێتەوە و بەرەو دەرەوەی ئەو سنورەش بڕوات ، ئەو کاتە جیهان چاوپۆشی ناکات ، بەڵکو هەڵوێست وەردەگرێت لە بەرامبەر فانتازیای کوشتن ، بۆیە ئەوەی لەجەنگی دووەمی کەنداو روو دەدات پێوەندی نییە بەپێشێل کاری مافی مرۆڤ و هێرش کردنە سەر دەوڵەتێکی بچوك، بەڵکو مەترسی لای هاوپەیمانان دروست دەکات، هەرگیز ژمارەی قوربانیانی هەر دوو جەنگەکەی بەعس زیاتر نییە لەقوربانیانی کارەساتەکانی ناوەوەی عێراق، کە بەعس کردوویەتی بە قەسابخانە، لێرەوە هاوپەیمانان لەخەمی تراژیدیاکانی مرۆڤایەتیدا نەبوون، بەڵکو گەمەیەك کە بەبەعس رەوابینراوە گەمەیەکە دەبێ لەناو خۆیدا بیکات نەك لەدەرەوە، بەلای (بەختیار) ەوە ئەوە مۆدێرنەیە بەرپرسیارە لەو فراوان بوونی فانتازیایە، چونکە مۆدێرنەیە ئەو فانتازیا سیاسیەی بۆ دەخولقێنێ، کە سوپایەکی گەورەو دەولەتێکی نوێی پێدەدات،

مۆدێرنەیە لەڕێگەی تەلەفزیۆنەوە بەعس لەناو ماڵەکانمان ڕەگ دادەکوتێت و ناچارمان دەکات ئەو ترسە لەناوماندا چەکەرە بکاتەوە ، هەستکردن بەجەبە رووتی بەعس و بچووککردنەوەی ئێمەیە لەبەرامبەر ئەو دەسەڵاتە ، بۆیە ماهیەتێك کە بەعس لە تەلەفزیۆنی وەرگرێتەوە و وەزیفەیەکی تری پێدەبەخشێ ئەویش لە ڕێگەی ئەو ئامێرەوە کۆنترۆڵی ویست و خەون و عەقڵی مرۆڤی ئەو کۆمەڵگایە دەکات ، کە پێوەندی هەیە بەو بێتواناییەی دەوڵەت ، کە کاتێ بەعس دەسەڵات دەگرێتە دەست ، بۆیە دەیەوێ لەگەڵ هاتنی ئەو .. مێژووی مرۆڤی عێراقی دەست پێ بکات، ئەوەش لەسەر سڕینەوەی قۆناغەکانی پێش خۆیەتی، بۆ ئەوەی هەمووان ئینتیمای بۆ بکەن، ئینتیما نەکردن هەستکردنە بە مانەوەی ڕووبەرێك کە نەهاتۆتە ناو سیستم ، سیستمێك ئەوانەی بەو عەقلیەتە نامۆن دەبێ شوێنە واریان نەمێنێت ، ئەنفال گەشاوەترین نمونەی ئەو ستراتیژەیە کە بەعس پەیرەوی دەکات، چونکە لە بنەماوە ترسە لە گەڕانەوەی سستی بۆ دەوڵەت "بەعس کە دەبێتە





فەرمانڕەوا، دەزانێت کە پێویستە جۆرە دەوڵەتێکی دیکە دروست بکات ، بۆ ئەوەی دەوڵەتێکی دیکەش دروست بکات دەبێت دەزگاکانی بە هەموو لایەکدا گەشە بکات، دەبێت دەزگاکانی پەلبکێشنە ناو هەموو کونج و کەلەبەرەکانی ژیانەوە ، دەبێت هەموو هاووڵاتیەك بە سەدەها داوی جۆراو جۆر و گرێی کوشندەوە بە دەوڵەتەوە گرێبدرێنەوە" [١٣] .

باشترین ئینتیماش راکێشانی هەزارەها لاوە بۆ ڕێزی سوپا و کردنیان بە سەرباز ، بوونە سەربازی تەنیا زەوتکردنی ئیرادەی ئەوانە نیە کە لەناو سوپادان، بەڵکو زەوت کردنی ئیرادەی ئەوانەشە کە لە دەرەوەی سوپادان ، بوونە سەربازی چوونە رێزی سوپایەکە ، کە ژیان لەوانیدیش تاڵ دەکات ، ئەو سوپایەی کە بە ڕووداوی ئەنفال هەڵدەستێت ، چەندە ئەنفالکردنی قوربانیەکانە ، بە قەد قوربانیەکانیش سەرباز قوربانیەکی ترە کە لە بنەماوە خۆی بە بکەر دەزانێت ، بۆیە لە ئەنفالدا جیاوازیەك نییە لە نێوان (پێشمەرگە و جاش) یەکەمیان دەکەوێتە بەر شالاوی ئەنفال، ئەویتریش بەشداری دەکات

لە ئەنفالکردن، بۆیە ستراتیژێك کە ئەنفالکردنی هەردووکیانە کوشتنی ئیرادەیە، ئەگەر جەستەی دووەم بمێنێتە ئەوە جەستەیەکی بەعسیە ، خاڵی کراوە لە کورد بوون ، جەستەی ئەو بووە بە سێبەر ، وەك جەستەی ئەو هەزاران سەربازەی نەك هەر دەبنە سێبەر ، بەڵکو سێبەرێکی دڕندەن ، چونکە سەرباز لە ڕوانگەی بەعسەوە، ئەوە نییە لە پێناو ئازادی دەجەنگێ، بەڵکو ئەو کائینەیە دەبێ لە پێناو بەعسدا "تا دوا ئەندازە سادییانە رەفتار بکات و تا دوا ئەندازەش ماسۆشییانە بژی، تا دوا پلە لە مەترسیدا بژی، واتە نابێت هەستی ئەخلاقییانەی بەرامبەر ژیانی کەسانی تر و بەرامبەر بەچارەنووسی خۆی هەبێت" (١٤) .

ئەو ئارە زووە بۆ کۆکردنەوەی سەرباز ، لای بەختیار ئارەزوویەکی نائاساییە کە بە دووری دەکاتەوە لەعەقڵ، چونکە سەربازبوون ئارەزوویەکە بوکوشتن، لێرەدا کوشتن لە نیوان (بکوژ و کوژراو) گرنگیەکی ئەو تۆی نییە، کە هەڵسایت بەکوشتنی دوژمنی بەعس قارەمانیت، بۆ ئەوەی ناوی قارەمانیش نەدۆڕێنیت دەبێ بکوژرێی ، بۆیە ئارەزووی کوشتن ، ئارەزووی





مەگدۆستییە بۆ ناونانی ئەو مرۆڤە لە ناو فەزای قارەمانێتی ، تۆ کە دەکوژیت میدالیای شەرەفی ئازایەتی دەخەیتە سەر شانت ، شەرەفی پاراستنی بەعس، کە کوژراشی شەهیدی بەعسی، شەهیدێك کە لە هەموومان پیرۆزترە ، ئەو کاتە میدالیای ئازایەتی لە شانی تۆوە دەچێتە شانی براکەت یا کوڕەکەت ، ئەوەش بۆ ئەو مەبەستەیە کە ئەندامی تری ئەو خێزانە ببنە قوربانی تر بۆ بەعس ، تاوەکو وەك براکەی یا وەك باوکی لە پێناو بەعس دا بکوژرێت ، ئەو نووسینەی (بەختیار عەلی) بە تەنیا خوێندنەوەیەکی جیاواز نییە بۆ ئەنفال ، بەڵکو لە ناو ئەو جیاوازییەوە، رەخنەیە لە لێکۆڵینەوەکانی تر، کە خۆیان لەخوێندنەوەی عەقلیەتی بەعس دزیوەتەوە ، بۆیە ئەنفال بە ململانێی ناسیۆنالیزم ناودەبەن ، یان بۆ کۆتایی شەڕی عێراق و ئێران دەیگەڕێننەوە بەشی زۆری ڕۆشنبیرانش بۆ ئیسلام دەیگەڕێننەوە ، سەرباری هەندێك سیما کە بەعس شەرعیەت بەو کارەی دەدات بۆ ئەنجامدانی ، بەلآم بە لای (بەختیار) ەوە ئەو کارە "گواستنەوەی گوناهەکانی بەعسە بۆ ملی ئاین

کەمن پێموایە لە جەوهەردا ئاین خۆی یەکێکە لە قوربانیەکانی بەعسە" [١٥] .

لێرەوە گومانی بەختیار دەست پێدەکات ، گومانێك پێمان دەڵێ دەبێ گومان بکەین نەك تووڕە بین ...گریان و تووڕە بوون توانای کەشف کردنی ماناکانیان نییە ، ئەوە گومانە لەو زەمینە کۆمەڵایەتییەی کە دەبێتە رێگەدان بە بەعس کە ئەنفال بخوڵقێنێت ، گومان رێگە نادات لە خوێندنەوەی رووداو دەمامکەکان هەر لە شوێنی خۆیان بن ، با رووداوێکی مێژوویش بێت ، بەڵام لە گەڕانەوە بۆ ئەو مێژووە دەبێ توانای ئەوەمان هەبێت ئەو دەمامکانە فڕێبدەین و سیمای راستەقینە بناسین ، ئەوەش بۆ گوناهبارکردنی (رابردوو) و (کۆمەڵگا) یە ، کە هەردووکیان بە یەکەوە دەبنە هۆی خوڵقاندنی قەسابخانە ، کاتێ کۆمەڵگا لە تەك ئەو رابردووە قەسابخانە دروست دەکەن ، دەبێ ئەو چەمکەش تێکبشکێنین و مانایەکی تری پێبدەین کە جەنگ لە پێناو مانەوەی ئەو بێت لە دەست بەرامبەر ، بۆیە ئەو دەنگەی لە ئەمرۆدا دەیەوێ پێمان بڵێت ئەنفال کارێك بوو لە دەستی بەعس دەرچوو ، لە ناخدا





ئەو دەنگە دەیەوێ لە ئەنفال خۆشبێت ، ئەوەش وەرگرتنەوەی وێنەی درندەیی و بەتاڵ کردنەوەی ئارەزووی کوشتنە لە بەعس ، ستایشکردنیەتی بۆ رەگ داکوتانی زیاتری خوێن ، کە ئەوەش پێوەندی بە تێگەیشتنە لە بەعسەوە ، بەعسیش کە هەڵگری ئارەزووی کوشتنە ئارەزوویێك لە خۆشنوودی ئەو هاتووە بۆ مردنی ئەوانیتر ، هەستکردنە بە سەرکەوتنی ئەو ستراتیژەی کە بۆ ئارەزوو هەیەتی ، دڵنیابوون لەوەی ئارەزووی کوشتن ئارەزووی شکۆمەندی دەسەڵاتە ، ساتەوەختی ئەنفال ساتە وەختی سەرکەوتنی جەنگی هەشت ساڵەیەتی ، گەشانەوەی پێوەندی دبلۆماسی و پەرەپێدانی ئاستی روناکبیریە ، شاعیرێکی گەورەی وەك (نزار قبانی) دەکەوێتە ستایشکردنی ئەو سەرکەوتنە و لە (مەربەد) ی شیعریدا دەڵێت "بە خۆشەویستەکەم بڵێن لە بەغدا با ببێ بە بەغدایی / وا فارسەکان کۆچیان کرد وشادی و خۆشی گەڕایەوە" لەولایەش ژنە شاعیری کوێتی (د.سعاد صباح) ناوی قەسیدەیەکی دەنێ "خودەیەکی سەربازی عێراقیم بدەرێ هەزار شیعرت پێ ئەدەم" خودەی سەربازی

عێراقی دەبێتە سیمبولێك بۆ پیرۆزی ، کاتێ دوو ساڵ نابێت ئەو سەربازە وولاتەکەی داگیر دەکات و لە پرسیارێکی ڕۆژنامە نووسی لە بارەی ئاخۆ ئێستا هەڵوێستی گۆراوە پاساوی ئەو خانمە شاعیرە ئەوەیە "کە ئەو نەگۆراوە ، بەڵکو ئەوە سەربازی عێراقییە گۆڕاوە" بۆ ئەوەی لە بابەتەکە دوور نەکەوینەوە ، دەگەڕێینەوە سەر مەبەستی خۆمان ، کە دیارە ئەو دوو نمونەیە بۆ ئەوە بوو ، کە ئەو دۆخە بۆ بەعس دۆخێکی هەستکردنە بە سەرکەوتن ، بەوەی ئارەزووی کوشتن بەختەوەری مسۆگەر دەکات ، ئەو ئارەزووە دەگاتە چلە پۆپە و ئەو مەترسیەی لە ساڵانی جەنگ لە کورد هەیبوو ، لە ڕێگەی ئەنفالەوە شکست بەو ترسەی دێنێت ، هەستکردن بە سەرکەوتن لە جەنگ ، بە دوای ئەنفالەوە دڵنیا بوونە لە ئاهەنگی سەرکەوتنی یەکجارەکی ، چونکە ئەنفال ئاهەنگێکە بۆ ئارەزوو "تێرکردنی ئارەزووی کوشتنە ، ئارەزوویەك کە ساڵەهای ساڵە لە ناو خوێن و دەماری مرۆڤە سادەکانی عێراقدا گەورە کراوە ، هەموو تێرکردنێکی ئارەزووش ، لە



نووسەر و نووسینەوەی زمان .................................. نیهاد جامی

جیهانی بەعسدا لە شێوەی ئاهەنگدا دەشکێتەوە" (١٦)

بەڵام ئارەزوو چەمکێکە کاتێ لە بەرەکانی جەنگدا سەربازە عێراقیەکان هەوڵی راکردن دەدەن ، لە ریزی ئەو سوپایە و لەشکرێك سەربازی ڕاکردوو خۆیان لە کونجێکی ماڵ حەشار دەدەن ، ئەو کاتە ئارەزووی کوشتن لای بەعس ، ئارەزوویەکە نەچۆتە ناوەوەی جەستەی سەربازانەوە ، ئەوەش بۆ خۆی شکستێکە کە ئەو گرێیە لای بەعس قوڵتر دەکاتەوە بەعس لەوە تێدەگات کە کوشتن ئەو ئارەزووەی بەعس کردوویەتی بە مەبەستی پتەوکردنی دەسەڵات ، ئارەزوویەکە نەیتوانیووە بیپەڕێنێتەوە نێو گیانی عێراقیەکان ، نەك هەر لەبەر ئەوەی غەریزەی ژیان لە ئارەزووی کوشتن گەورەتر بوو ، بەڵکو کوشتن ئەو ئارەزووەی دەیەوێ جوگرافیای عێراق بکات بە جوگرافیای مەرگدۆستی ، دیدێکی فاشیانەی شکست خواردووە ، ئەوەش ئەو ڕاستیەیە کە (علی حسن المجید) دانی پیا دەنێت ، کە بەعس ویستویەتی لە ڕێگەی ئەنفالەوە کورد لە کەرکوك نەهێڵێت ، کەچی دانیشتوانی کورد ژمارەیان زیاتر بووە

لەوەی کەمتر بێتەوە ، بەختیار لە ڕێگەی چەمکی (ئارەزووی کوشتن) کۆتایی بە خوێندنەوەی ئەنفال ناهێنێت ، چونکە بە لایەوە ئەنفال لە ئێستادا دەژییێت ، بۆ ئەوەش ئارەزوو لە زەمەنی کوشتنی بەعسەوە دەگوازرێتەوە بۆ ئارەزووی فەرامۆشکردن لە لایان دەسەڵاتی کوردیەوە ، دەسەڵاتی کوردی لە ڕێگەی حزبەکان و کۆمەڵگا ئەنفالیان فەرامۆش کردووە، ئەوەش بە تەنیا فەرامۆشکردنی قوربانیەکانی ئەو ڕووداوە نییە ، بەڵکو فەرامۆش کردنی ئەنفال وەك ڕووداوێکی رابردوو کە بە وەهمی گەشبینی خۆمان دەسخەرۆ داوە ، راپەرین بووە ئەو بیانووەی کە گەشبینی بەخشیە سیاسی کورد ، سیاسیەکانیش ئەو وەهمەیان لە ناو کۆمەڵگا کۆنکرێت ڕێژ کرد ، ئەوەش بووە سەرەتایەك بۆ دۆڕاندنی راپەرین ، چونکە راپەڕین نەیتوانی پرسیار لە ئەنفال و هەموو تراژیدیاکانی تر بکات ، کە بەعس خستیە جەستەی ئێمەوە ، بەوەش راپەڕین زمانی وەسفی دۆڕاند ، راپەڕین کاتێ گەشبینی کردە پرۆژەی ئێمە ، بەو گەشبینیە چەمکی ئارەزووی کوشتنی بەعسی کرد بە ئارەزووی فەرامۆشکردن ، کە





ئەوەش مەبەستێکی سەرەکی بەعسە ، کاتێ حزبی کوردی ئەنفال فەرامۆش دەکات و کۆمەڵگاش بەشدار دەبێت لەو فەرامۆش کردنە ، ئەوە زەمینەیەك بۆ دۆخێکی بەعسی بوون دەخوڵقێنێت ، مەبەست لەو دۆخە ئەو مۆرالە بەعسییە کە ئارەزووی کوشتن لە ناو هێزە سیاسی‌یەکان بەرز رادەگرێت ، حزبی بوون گەڕانەوەیە بۆ ئەو مۆرالەی کە لە پێشوودا ئامادەگی هەبوو ، بە تایبەت لە رەفتاری حزبە بالاَ دەستەکان ، کە ئەوەش پێوەندی بە ئارەزووی فەرامۆشکردن هەیە ، چونکە فەرامۆشکردن دەبێتەوە جۆرێك لە گەڕانەوە بۆ ئارەزووی کوشتن با نمونەیەك لە شەڕی حزبەکان بێنینەوە کە چۆن ئارەزووی کوشتن ئارەزوویەکە لە پاڵ مەرگ بوار بۆ سێکس دەکاتەوە ، کە لە بنەڕەتدا ئەخلاقێکی خوازراوی بەعسە ، لاقەکردن (اغتصاب) ئەو چەکە بەعسییەی بەرامبەر خێزانی کورد پەیڕەو کراوە .

لاقەکردن یەکێکە لە دیاردە باوەکانی نێو کۆمەڵگای سەرکوت کراودا کە مرۆڤ پەنای دەباتە بەر ، بە هۆی هێرش کردنە سەر ئەندامەکانی

**لەشی مێینە بۆ دامرکاندنەوەی غەریزەی نێرینەیی ، بۆیە دەبێ لەوە دڵنیابین کە ئەو کردەیە پرۆسەیەکی سێکسی بەرهەمدێنێ ، یاخود هێرش کردنە بۆ سەر کۆمەڵگا ؟ دیارە لاقەکردن پێوەندی بە هەردوو ڕوویانەوە هەیە ، چونکە لە کۆمەڵگایەکی سەرکوتکراودا کە هەموو جوڵانەوەیەکی سێکسی حەرامکراو بێت ، مرۆڤ لە هەر دەرفەتێك هەوڵی لاقە کردنی جەستەی مێینە دەدات ، بە هۆی ئەو هەموو گرێ ناخیانەی خود تووشی نەخۆش بوونی کردووە ، کە هەر ئەو گرێیانەش لە ساتی نەبوونی بوار بۆ لاقەکردنی مێینە ، ئەوا پەنا دەباتە بەر منداڵ ، کە ئەوەش لە ساتە وەختی جەنگ و بێئاگایی خێزان لە ئەندامەکانی منداڵ دەکەوێتە بەردەم ئەو هەرەشەیە بە هۆی دەسخەرۆدانی ، یاخود بە ناردنە سەرکار لەلایان خێزانەکانیانەوە بۆ بژێوی ماڵ ، منداڵی کورد لە جەنگی (ئێران و عێراق) بە هۆی شەڕ و ڕۆیشتنی باوکەکانیان بۆ بەرەی جەنگێکی کاولکاری ، تووشی ئەو هەڕەشەیە دەبوونەوە ، بۆیە لە زۆربەی کات دایك نەیدەتوانی یا نەدەپرژایە سەر منداڵەکەی لە کۆڵان و شوێنە**





**گشتییەکاندا ، یاخود لە زۆرینەی جاردا دایك بۆ خۆی دەکەوتە بەر ئەو هەڕەشەیە لەلایان جاش و پیاوانی ئاسایشی دەوڵەت ، لەو کاتەدا ئەوەی پیاوانی دەوڵەت ئەنجامیان دەدا ، پێوەندی نەبوو بە غەریزەی سێکسییەوە ، هێندەی دەیانویست سووکایەتی بە کەرامەتی کەسی کوردیەوە بکەن ، بەو ناوەی پیاوەکەی لە جەنگدا پارێزگاری لە دەسەڵاتی ئەو دەکات و ژنەکەشی دەخەنە ژێر ئەشکەنجەدانی جەستەیی ، تا بەو کارە هەست بە بچووکی خۆمان بکەین و دان بە زەبروزەنگی بەعس بێنین ، ئەوەش بڕیارێکی هەڵچووی ئەندامی دەزگا ئاسایشەکانی دەوڵەت نییە ، بەڵکو دەزگای ئاسایش بە پلانێکی داڕێژراو کاری بۆ لاقە کردنی ژنی کوردی کردووە ، ئەوەش لە کاتی شەڕی حزبەکان پەڕیەوە نێو عەقلی حزبی کوردیەوە ، چونکە ئەندامی سێکسی پیاو لای کورد ئامرازی ئەشکەنجەدان و چەوسانەوەیە ، ئەو کارە لە کاتی شەڕدا ، مانایەك بۆ سەرکەوتن دەدۆزێتەوە ،کە مانای غەریزەیی لێ وەردەگرێتەوە بۆ مانای تۆڵە کردنەوە ، ئەوەش کارێکە بەعس دەستێشخەری تیاکرد و هەندێك لە حزبەکان لە**

**دوای راپەڕین دووبارەیان کردەوە ، لاقە کردن ئەگەر چی بە درێژایی مێژووی کورد بوونی هەبووە ، بەڵام فاکتەرەکانی جودا بوونەوە ، لە گوندێك بۆ تۆڵە کردنەوەی ئابڕوو پەیڕەوکراوە ، وەك چۆن بەعسییەکان بۆ سووك کردنی کەسێتی کوردی پەنایان دەبردە بەر ، حزبە کوردیەکانیش لە شەڕی ناوخۆ بۆ خەساندن و ئەتککردنی حزبی بەرامبەر پەیڕەویان کردووە ، بۆیە ئەوەی لە کۆتایی لە ناو یەك تەوەر کۆیان بکاتەوە مەسەلەی چەمکی ئابڕوو بردنە** [١٧] .

**بۆیە ئەو ئەخلاقە بەعسییە پێوەندی بەو گەشبینیە هەیە کە لە راپەڕیندا بانگەشەی بۆ دەکرێت ، ئەو بانگەشەیەی زوو ئەنفال فەرامۆشدەکات ، بە فەرامۆشکردنی ئەنفال ، بە واتای سڕینەوەی تراژیدیا و کوشتن وەك دیاردەیەکی نۆرماڵ لە کۆمەڵگای کوردی سەیری دەکات ، ئەو کاتەی قوربانیەکان بیر دەچنەوە و گەشبین دەبین بەوەی دەچینە ناویەوە ، لەوێدا ئەوەی توانای گێڕانەوە لە دەست دەدات زمانە ، نەبوونی زمان دەلالەتە بۆ مردنی فیکر ، ئەوەش گەڕانەوەیە بۆ مانا هایدگەریەکە بۆ زمان .**





**ئەوەش لە بنەڕەتدا گومانی ئەوەمان لا دروست دەکات کە شۆرش هەڵگری فکرێك نییە، بەقەد ئەوەی هەڵگری گوتارێکی (ئەنتی بەعسیزم)ە، ئەگەرچی بەو فەرامۆشکردنە چەمکی (ئەنتی)ش لەبەعس وەردەگرێتەوە، زمان توانای ئەوەی نیە گوزارشت لە ئەنفالبکات ، ئەگەر سنوری خۆی نەبەزێنێت، ئەگەر توانای ئەوەی نەبێت هەڵسێت بە دواندنی ئەومردنە ((بگاتە خوێندنەوەی مێژووی ئەو چرکەیەی کەجەللادو قوربانی بێدەنگ بەرامبەریەکدی دەوەستن و جگە لەمردن هیچی دیکە بەیەکەوە نایانبەستێتەوە))** [١٨] .

**کاتێ زمان دەکەوێتە نێوان قوربانی و جەللاد ئەوساتە ناتوانین لەبەرامبەر دڕندەیی ئەوکارەساتە بێینەگۆ، ئەوکارەساتەی لەدواجاردا لەدەنگی دەخات، بۆیە بەزاندنی ئەو سنورە کارێکی ئەستەمە، چونکە ناتوانێ ئەوتراژیدیایە بێنێتەوە قسە، ئەوەسەرە رای ئەوەی بەفەرامۆشکردنی لەلایەن ئێمەوە، واتە دەمانەوێ ئەو پێوەندیەی دەکەوێتە نێوان (ئەنفال و زمان) بسرینەوە، بەسڕینەوەش ئەوە ناتوانێت لەحەقیقەتی هەر یەکێکیان تێبگەین، لێرەوە**

ئەوزمانەوە سفیەی کە لەڕاپەرین لە دەستی دەدین، چەندە پێوەندی بەوەهمی گەشبیی ئێمە هەیە، هێندەش پەیوەستە بەو حەقیقەتەی ئەنفال کەنابێت بەڕابردوو (کەڕووداویکیش نەبووە ڕابردوو واتە زمان ناتوانێت هەرگیز چنگ لەقوڵاییەکانی گیر بکات)[١٩].

بۆیە ئەنفال کەلەئێستەدا لەگەڵماندا دەژیێت، ئەو گەشبینیەی ئێستامانی پڕکردووە لەمەرگدۆستی، بەڵام مەرگێك دانی پیانانێت، ئەوەش شکاندنی وێنەی قارەمانیەتی ئێمەیە، کە حزب لە دنیای کوردی نایەوێ دانی پیابنێت، ئەنفال گومانکردنە لە وێنەی ئەوقارەمانە، وێنەیەك کە حزب بەردەوام ئەو وێنەیەی مەبەستە بۆ ئەوەی زۆرترین بەشی کۆمەڵگا بە وەهمی قارەمان دەسخەڕۆ بدات، ئەوەش هەرگیز بەو مەبەستە نییە (( کەئەنفال بەکار بهێنین بۆ شکاندنی کەرامەتی نەتەوایەتیمان، بەڵکو بە پێچەوانەوە، کەرامەتی نەتەوایەتی ئێمە ئەوکات لە بەردەم مەترسیدایە کەبەشی خۆمان لە تاوانی ئەنفال نەخەینە ئەستۆی خۆمان))[٢٠].





گومان کردن لەوێنەی قارەمان شکاندنی کەرامەتی نەتەوەیی نیە، بەڵکو ئەوە ئارەزووی فەرامۆشکردنە کێ دەبێتە هۆی شکاندنی کەرامەتی نەتەوە شکاندنێك لە بەردەم ئارەزووی کوشتن هیچ پرسیارێکمان پێنییە، بەڵکو کوشتن دەکەین بە حیکایەتی بەسەرچوو، حیکایەتێك ناتوانین بیگەڕێنێنەوە ناو ئێستامان، تاوانێکە بە تەنیا لە ئەستۆی بەعسدا دەریدەخەین، بێگوناهی خۆمان لەبەرامبەر ئەو تاوانەدەردەخەین، کە لە ڕاستیدا بێگوناح نین، بەڵکو گوناهبارین بەڕادەی ئەوەی کە درۆمان لەگەڵ قوربانیەکان کرددوە، ئەوەتە بە بەرچاوی خۆمانەوە ((دەبینین حیزبە کوردیەکان لە وەشەرمنترن هەتا داوای ئێسقانی قوربانیانی نەتەوە بکەن))[٢١].

بۆیە بەبێ ڕەخنەگرتن لەو ئێستایەی کە حزبەکان ئەنفال فەرامۆش دەکەن ناتوانین لە پاشە ڕۆژێك بدوێین، کەحزب لەسەر خەون و ێنای کردووە، ناسیۆنالیزم سەدەیەکی خوێناوی لەسەرخەون دروستکرد، سەدەیەك کە دڵنیای کردین بەرەو کۆتایی خەون دەچین، خەونێك نەما بۆئەوەی وێنای ژیان بکەینەوە، کاتێ لەگەڵ یەکەم

**هەناسەی ڕاپەرین هەستمان بەبوونی فاشیزم کرد لە قوڵایی کارەکتەری قارەمانەکانمان، کارەکتەرێك بەفەرامۆشکردن ئەوەی بۆ سەلماندین کە ڕووبەڕووی جیهانێکی تر دەبینەوە کەپاکێتیمان دۆڕاندووە، بۆ ئەوەی لەو دۆڕانەش تێبگەین، پرسیار کردن لە چەمکی دۆڕان، پرسیارە لەزەمەنی شکست کە ئەو هۆکارانە چین بوونەتە دۆڕاندنی ناسیۆنالیزم، ئەوەش لە بنەماوەقسە کردنە لەسەر هەردوو چەمکی (دۆڕان) و (خەون) پرسیارەکەش دەگوازرێتەوە ئەو ئاستەی: ئەگەر پاکێتیمان دۆراند چۆن بڕوا بەخەونی ناسیۆنالیزم بکەین بۆ پاشەڕۆژا؟**





## چەمکی دۆڕان و خەونی ناسیۆنالیزم

**قسەکردن لەوتەوەرەیە کۆی ئەوقۆناغەیە کە لە دەساڵی دەسەڵاتی کوردی کۆبۆتەوە، کە خەونی ناسیۆنالیزمی کوردی لەوێوە کۆتایی دێت کاتێ دەگەڕێتەوە ناوشار، ئەو گەڕانەوەیەش دۆڕاندنی پاکێتییە، کاتێ پاکێتی لەدەست درا بەواتای خەون بوونێکی نامێنێت، ئەوەش ڕۆیشتنە بەرەو سەدەیەك تیایدا خەون لەگەڵ خۆمان نابەین، نەك لەبەر ئەوەی سەدەی نوێ سەدەی زەوت کردنی خەونە لەلایەن هێزە گەورەکانەوە، ئەوەیان خاڵێکی ترە، ئەوەی ئێمە لە ناوەوە خەونمان نامێنێت باسێکی ترە کەبەهۆی شەڕی ناوخۆ خەونمان کوشت، بۆیە ناکرێ بەبێ‌خوێندنەوەی تێوری بۆهەریەك لە چەمکەکانی (خەون، دۆڕان، پاکێتی، فاشیزم) دەیالۆگ لەسەر سەدەی ڕابردوو بکەین، سەدەیەك چەندتێکشکانی ئێمە بوو، هێندەش بوونی ئێمەی تیا دەرکەوت، ئەوهاوارەی جیهان نەیدەویست بەگوێچکەکانی ئاشنابێت، ئیدی ئەو هاوارە.. هاواری جەستەی کوژراومان،**

جەستەی زەلیل لە ناوتراژیدکان، جەستەی بێ حورمەت کراومان، وایکرد لە پەراوێزی قسەکردن بمانهێننە ناودەیالۆگ، لێرەدا لەو خاڵە نادوێین کە تاچەند ناسیۆنالیزم بەو چۆنیەتی دەیالۆگە خۆشحاڵە، ناسیۆنالیزم لە هێزێك کەمتمانەی بە خۆیەتی گوازراوەتەوە بۆ جەستەیەکی بێهێز کە ئومیدی بەهێزە گەورەکانە، بەڵکو پرسیارەکەی ئێمە قسەکردن نییە لە ئێستای ناسیۆنالیزم، هێندی گەڕانەوە بە بۆ ڕابردووی، کەسەرکەوتنەکانی لە چیدا دەرکەوت و سیماتێکشکاوەکانی کامانەن!؟ ئایاسەدەی بیستەم وەك ناسیۆنالیزم بانگەشەی بۆ کرد سەدەی هاتنەدی خەونەکانی ئێمە بوو، یاخود دەستەوەسان بوونمان لەبەرامبەر نائومێدیدا؟

سەرەتا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دەقی (چۆن پاکێتیمان دۆڕان؟) لەو دەقەدا (بەختیار) دەیەوێ پرسیارێك بوروژێنێت، بەتەنیا پرسیارنییە لە دۆڕاندنی خەونی ناسیۆنالیزم، بەڵکو خوڵقاندنی پرسیارێکی فەلسەفیە بۆ قسەکردن لەسەدەی ڕابردوو، ئەو پرسیارە گەڕانە بەدوای شکت و نائومێدیەکان، ئومێد جگە لەوەهمێکی





هەڵخەڵەتێنەر شتێکی ئەوتۆنەبوو، کەلەڕێگەی ئەو پرسیارەوە دەکەوینەبەردەم گومانکردن لە ئومێدو نائومێد دەبین لەبەرامبەریدا، پرسیار لەو دەقەدا خوڵقێنەری گومانە، گومان لەهەریەك لە (پاکێتی) و (خەون) لەو هۆکارەی کەوایکردووە پاکێتی بدۆڕێنین، چونکە پاکێتی دەگوازرێتەوە بۆ گەمەیەك کە بەتێکشکاندنی کۆمەڵگا دۆران وە دەست دەێنین، ئەو ساتەش لە کەسێکی بێگوناهەوە قسە لە گوناهبارێك دەکەین، ئەو بێگوناهەی کە بەردەوام بەرامبەرەکەی بەرامبەری گوناهباربووە، کەچی لە ئەمرۆدا دەکەوێتەوە ناوهەمان گەمە ئەمجارەیان لەو گەمەیەدا وێنەی گوناهبار بەخۆی دەبەخشێت، بۆیە ئەو پرسیارەی بەختیار کە بووە بەناونیشانی دەق، دەیەوێ لە تاوانبارێك بدوێت کەلە ناو جەستەی کۆمەڵگایە، تاوانبارێك بەردەوام دەیەوێ بێتاوانی خۆی دەربخات، بۆیە پرسیاری دۆڕاندنی پاکێتی، پرسیارە لە سیمای ئەو هێزەی کە ڕووخساری تاوانەکانی خۆی نابینێت، بەڵکو تاوانەکانی خۆی بەتاوانی بەرامبەر ناودەبات ((هیچ بێ تاوانێك نییە کە بڕێکی زۆری وزەی ئەدەبی و ڕۆحی خۆی

و ڕووبەرێکی گەورەی جەنگەکانی بۆ تاوانبارکردنی بەرامبەر کۆنەکاتەوە، واتەبێ تاوان تەنیا لەوساتەدا دەبێتە بێتاوان، کە نەخشەیەکی دیاری کراوی تاواندەکێشێت و شوێنی خۆیشی لەناو ئەو نەخشەیەدا دیاری دەکات))[٢٢].

کەچی بەپێچەوانەوە حزبەکان هەرگیز مەبەستیان نەبووە لەونەخشەیە شوێنی خۆیان دیار بخەن، بەڵکو حزب خۆی وەك بێ تاوانێك دەرخستووە، بێتاوانێك کە دەبێ (تۆڵە) لە تاوانبارەکانی بکاتەوە، ئەوەش پرۆسەی (خۆجوانکردنەوەیە) پرۆسەیەك لە بڕی ڕەخنە هەوڵی خۆجوانکردن دەدات، چونکە گومانی لەوەدانیە کە ڕەخنە نایەلێت وێنەی پاکێتی زیندوبێت، ڕەخنە پاکێتی لێ دەسەنێتەوە، ئەوەخۆجوانکردنەدەیکات بە پاکیزە،بۆیە ڕەخنە لە بەرامبەر تاوانەکان تەنیا دوژمنەکانمان سەیر ناکات، بەڵکو حزبە کوردیەکانیش بەتاوانبار دەبینێت، بۆیە ڕەخنە تێکشکاندنی ئەو عەقڵە سیاسیەکە تەنتا دوژمنەکان بە تاونبار ببینین، ڕەخنە دەیەوێ ڕوانینی خودییانەمان هەبێت بۆتاوانباری خۆمان، نەك تاوانبارەکان لە ناوخۆمان بشارینەوە





ئەوعەقڵیەتە سیاسیەی حزب بە بێگوناح لەقەڵەم بدەین و تەنیا دوژمنەکانمان بەگوناهبار سەیر بکەین، بۆیە کاتێك دۆخێکی ئیفلیج فرمان بەحزب دەکات، دۆخێك ناتوانێ بەعەقلێکی نوێی بگەیەنێت، ئەوساتە دەیەوێ بۆخۆجوانکردن بەرامبەر بە گوناهباردەربخات، ئەوگەڕانەبەدوای پاکێتی لە بنەماوە دۆڕاندنی پاکێتیە، کاتێ حزب دەیەوێ لەشەری ناوخۆ خۆی بەپاك ناوببات و بەرامبەرەکەی بەگوناهبار سەیربکات، ئەوسەیرکردنەیە دڵنیامان دەکات لە دۆرانی پاکێتی، چگە لەوە ئەوەهەر حزبەکان نین بەرامبەرەکان بەگوناهبار سەیردەکەن و بەدوای تاونبار دەگەرێن، تاتۆڵەی پاکێتی خۆیانیان لێ بکەنەوە، ئەوەتەهەموو توێژەکانی کۆمەڵگای ئێمە بەدوای تۆڵەکردنەوە دەگەڕێن، چونکە خۆیان پێ پاکیزەیەو بەرامبەرەکان بە ناشیرین و گوناهبار دەبینن، ئەوەش بۆ خۆی دۆڕاندنی پاکێتیە کاتێ دەکەوینە بەردەم چەمکی (دۆڕان) دەبێ ئەو حەقیقەتەمان لاوون نەبێت، کەچی وایکرد پاکێتی بدۆرێنین، ئایا تەنیا هۆکارێك هەیە بۆ دۆڕاندنی پاکێتی!؟ ئایا ئەو تێگەیشتنەی بەختیار لەناو

**دەقێکدا بەسە بۆ ئەوەی دڵنیابین لە دۆراندنی پاکێتی!؟ یاخود دۆڕاندن پێوەندی بە خەونی ئێمە هەیە بۆ ژیان!؟ ئایا سەدەی ڕابردوو سەدەی خەون بینینی ئێمە بوو!؟ ئایا هاوکێشەی سیاسی ئێمە سەدەیەك بوو لە نێوان سەدەی خەون و سەدەی ناسیۆنالیزم!؟**

**وەڵامدانەوەی پرسیاری لەم چەشنە دەمانباتە قوڵایی ئەوباسە کەتەنیا هەوڵی ئەوەنەدەین، لە ناو تاکەدەقێکدا بەدوای وەڵامدا بگەڕێین، چونکە بە دڵنیاییەوە ناگەینە دەرەنجامی فەلسەفی ئەگەرنەچینە نێو ئیشکالیەتی تری ناسیۆنالیزم، کە هەموو ژیان لەسەر خەون وێنادەکات، بۆئەوەش ئێمە لەبەردەم بیریارێکی کورد داین، هەر لەناودەقەکانی ئەویشە وبەدوای وەڵام و ماناکانی دۆران دەگەڕێین. دۆران ئەوچەمکەی ئاسان نییە گوتاری سیاسی کوردی دانی پیابنێت، وەك لە تەوەری پێشو ئاماژەمان بە تراژیدیای ئەنفالدا، کە گوتاری سیاسی لە ڕاپەریندا تراژیدیا دەگۆڕێت بە گەشبینی، ئەوەش دەبێ بە هۆی ئەوەی نەتوانێ قسە لە پاشە ڕۆژێکی ڕووناك بکات، بەبێ هەڵگرتنی**





**ئەوڕووداوەی لە دوێنێ ڕوویدا و لە ئیستادا لە گەڵمان زیندووە، ئاسان نییە پرۆژەی پاشە ڕۆژی روناکمان بوێت، ناتوانین بەبێ هەستکردن بە تراژیدیاکان چاوەڕوانی پاشەڕۆژی رووناك بین، ئێمە هێندەی دەمانەوێ گوناهی تراژیدیاکان لە خۆمان دوورکەینەوە، هێندە مەبەستمان هەڵگرتنی نیە لە ناوخۆمان، بۆیە حەقیقەتی پاشەڕۆژ حەقیقەتێکی دەست نیشان کراونییە هێندەی خەونێکە پێشبینیەکانی ئێمە وێنای دەکەن، هەڵبەت گوتاری سیاسی کوردی هێندەیخەونی گەشبین دەبینێ، هێندەی خەون بەبەهەشتەوە دەبێنێ، تۆزقاڵێك بیر لە دۆزەخ ناکاتەوە، لێرەدا باپاشەڕۆژ پۆلین بکەینە سەر دووبەش، تاوەکو بزانین ئەو گوتارە سیاسیە لەسەر کام پۆلین دەوەستێ و ئەو گوتارە چۆن سەیری پاشەڕۆژ دەکات ((ئەوانەی دەتوانن خەون بەپاشەڕۆژەوە ببینن و ئەوانەی ناتوانن ئەو خەونە لە سنورێکی بچووك و دیاریکراو تێبپەرێنن))[٢٣].**

**ئەگەر لەوڕوانگەوە سەیر بکەین، دەڵێین ناسیۆنالیزمی کوردی لە ناو گوتاری سیاسیدا**

خەون دەبینێت، بەڵام سنوری ئەو خەونەی دەست نیشان کراوە، ناسیۆنالیزمی کوردی دەبێتە هێزێك بۆ بەشداری کردنی سەرتاپای کۆمەڵگابۆ راپەرینی جەماوەری، کەچی خەونی (دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان)ی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، چونکە لە بنەماوە پرۆژەیەکی نییە بۆ پاشە ڕۆژ، دەبێ چ شتێ لەوەبێماناتر بێت بەدوای تراژیدیای ئەنفال هەموو کۆمەڵگا رادەپەرێت، کەچی تۆپرۆژەی ئاشت بوونەوەت هەیە، دەتەوێ بەعس مافێکت پێ بدات کە مافی ژیانە لەو ڕووبەرە جوگرافییە، ئەگەرلێرەدا ناسیۆنالیزم بڕوای وابێ کەئەو بۆیەخەونەکانی سنوردارن، چونکە خاوەن هێزنییە، ئەوە دەمەوێ ئاماژە بۆ دووهێز بکەم (هێزی ناوەکی) و ( هێزی دەرەکی)، یەکەمیان ئەو هێزەی بەدوای شکستی راپەرین لە گەڵ ناسیۆنالیزم کۆڕەوی گشتی سازدەکەن، ئەویدیش هێزی خۆرئاوایە، ئەو هێزەی تائەوساتە وەختەش ناسیۆنالیزم ئاراستەی خەونەکەی وابەستەی بەو هێزە کرد، کەچی سەرباری بوونی هێز ئەوهەر ئومێدی ملکەچ بوونیهەیە، ئەگەر لە سەدەی رابردوو





ناسیۆنالیزم نەیتوانی خەون بەپاشەڕۆژەوە ببینێت، بەڵکو خەونی بەژیانێکی باشتر خواستووە، ئەوە لە سەدەی بیست ویەك ئەو دەکەوێتە بەرامبەر هێزێك کە خەون زەوت دەکات، ئەوەش لای (بەختیار عەلی) پرسیاری ئەوەمان لادروست دەکات، کە ((ئایا وونبونی خەون چ کاریگەرییەکی هەیە لەسەر پێکهاتەی ناوەوەی نەتەوەیەك یاخود گروپێك))[٢٤].

بۆیە دەبێ ئەو پرسیارە لە ئاراستە کردن بۆ گوتاری سیاسی دابەزێنینە نێو گوتاری سۆسیۆلۆژی کوردی کە تاچەند لەوونبونی خەون دەتوانێ سیستمێك بۆ ژیان ڕێکبخاتەوە، چونکە کۆمەڵگایەکە لەئەخلاقیخێڵەوە دەرنەچووە، پێوەندی بەئەخلاقی شارەوە نییە، هەموو قسەکردنێك لە نێوان پێوەندی ئەو کۆمەڵگایە بە مۆدێرنە تەنیا وەهمێکە بۆ دەسخەرۆدان، وەهمێك کە حزب دەیەوێ لە هزری کۆمەڵگا بیخولقێنێت، کە لەبنەماوە تێکەڵەیەکە لەنێوان ئەخلاقی خێڵ و ئەخلاقیەتی بەعس کەلەسەر پاشخانێکی خوێناویو کلتورێکی توندوتیژ بەرهەم هاتووە، نەوەکو پێوەندی هەبێت بەقبوڵ کردنی دەنگە

**جیاوازەکانو بوونی ئەخلاقێکی مۆدێرنیزە کراوکە بەرهەمی شاربێت. بۆیە ئەو کۆمەڵگایەی لێیەوە دەدوێین، کۆمەڵگایەکە تاك سەرکوتکراوە و خەونی نییە، تاك کەلە بنەماوە خەونی نەبێت، ئیدی چۆن کۆمەڵگا خەون و ێنا دەکات، بۆیە لە گەڕانەوەمان بۆ پرسیارەکەی (بەختیار) دەبینین ونبوونی خەون دەبێتە هۆی داخستنی دەرگاکان بەڕووی خۆماندا، بۆیە ئەگەر مۆدێرنە لە ناو ئێمەدا تەنیا وەهمێك بێت، وەهمێك کە دڵنیامان دەکات لەوسەدەیە خەونمان لێ زەوتکراوە، لە کاتێکدا مۆدێرنە لە خۆر ئاوادا (خەون) و (عەقلانیەتی) ئاوێتەی یەکتری کردووە (چونکە خەون بریتیە لەو هێزەی کە ئاراستەیەکی دیاریکراو دەبەخشێتە کۆمەڵگا، واتەکۆی ووزە کۆمەڵایتیەکان دەتەقێنێتەوە ویەکانگیرییەکی ناوەکی دروست دەکات، بۆیە ڕەوایە گەر بڵێین بەبێ خەون کۆمەڵگایەکی یەکگرتوو بوونی نییە، بەبێ خەون هیچ نەتەوەیەك ناتوانێ بەشە جیاوازەکانی خۆی کۆبکاتەوە و هیچ کەرتێکی کۆمەڵایەتی گچکە لەش شوناسی خۆی لە شوناسێکی گەورەتردا ناتوێنێتەوە، چونکە**





**هەرخەون بزوێنەری ئەو پرۆسەییە کەتیایدا شوناسە جیاوازەکان دەبنەیەك))**[٢٦].

**ئێمە لە نەبوونی خەون نەمانتوانیووە هیچ ئاراستەیەك ببەخشینە کۆمەڵگا، ووزە کۆمەڵایەتیەکانی ئێمە لەناوەوەدا پەنگیان خواردۆتەوە، نەبوونی خەون نایەڵێ ئەو ووزەیە بتەقێتەوە. بۆیە مۆدێرنیزەکردنی کۆمەڵگا وەهمێکە کە لەسەدەی ڕابردوو نەمانتوانی مۆدێرنە ببەینە ئاستەکانی ژیان، بۆیە چوونە ناو سەدەیەکی نوێ چوونە ناو سەدەیەکە بەبێ خەون، خەون بۆنەتەوەکانی وەك ئێمە بیانوویەکی باشە بۆمانەوە هەر لەوساتەی (دڵدار) دەڵێت (کەس نەڵێ کورد مردووە.. کورد زیندووە) زیندوویی بۆ کوردمانەوەیەکە دەلالەتە بۆ شوناسی نەتەوەیمان، بۆیە (( ئێمە تەنیا قەناعەتمان بەوە هەیەکە زیندووین، نەك دەژین، کە بەکوردی قسان دەکەین و دەنوسین مەبەستمان هەر ئەوەیە بڵێین ماوین و زیندووین، هەین، جیاین، گەوهەری بوونی ئێمە کەوتۆتە دوای زیندووبوونمان، بۆماوەیەکی درێژ هەرچیت بنووسیبا، مەسەلەیەك نەبوو، گرنگ ئەوەبوو**

بەکوردی بنوسی و بۆ مەبەستێکی نەتەوایەتی و مەغزایەکی ڕامیاری بنوسیت))(٢٧).

تادوای کارەساتی ئەنفال، کەڕاپەڕینە و گوتاری سیاسی کوردی دەیەوێ مژدەی مانەوە بە کۆمەڵگا بدات، بەلاّم ئەو خەونە نەیتوانیووە بۆ ستراتیژێکی سیاسی بگوازرێتەوە کە ئاراستەی مێژوو بگۆڕێت، بەڵکو خەونی ئێمە لەناو یۆتۆپیا دەرنەچووە، خەون توانی ئومێد دروست بکات، ببێ بەوهێزەی خوێندکارانی زانکۆ لە عێراقی هەشتاکان عێراقی سەرەتای جەنگ کە خۆی بەسەرکەوتوو بۆ جیهان نمایش دەکرد، کەچی خوێندکاران شەقامیان کرد بە ڕووبەرێك بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەوڵەت، بەلاّم ئەو هێزە کە خەونەتوانای گۆڕینی مێژووی نەبووە، ڕەخنەگرتنیش لەوڕابردووە کە نەیتوانیووە مێژوو بگۆڕێت پێوەندی بەو ئاراستە نەتەوەییە هەیە کە تووشی شکست دێت، چونکە ناسیۆنالیزمی کوردی بەردەوام ویستوویەتی داکۆکی لە بوونی خۆی بکات و بیپارێزێت، هەرگیز مەبەستی نەبووە گومان لەوبوونە بکات تاوەکو خەونی فراوان بوونی ئەو سنورەی هەبێت، بۆیە خەونی





بۆ ژیان خەونی مانەوەیە، خەونی دنیایەکی نوێی‌نییە، هێندەی دەیەوێ مافی ژیانی پێ بدرێت، پرۆژەیەکی نییە بۆ گۆڕان، گۆڕان لە گومان و ڕەخنەگرتن و پرسیار سەرچاوە دەگرێت، گوتاری سیاسی کوردی گوتارێکە ستایش دەکات، گومانی نییە، گومان پرۆژەیەکی تەلاّقدراوی نێودنیای ئێمەیە، ئاشت بوونەوە لە گەڵ گومان، گۆڕینی ئەو دیدە ستراتیژەی ناسیۆنالیزمەکە بەدوژمنی سەرەکی خۆی دەزانێت و ئامادەش نییە لە گەڵیدا ئاشت بێتەوە، بۆیە پێویستە بۆ ناسینی ناسیۆنالیزم پرسیار لە ڕابردوو بکەین، ئەو ڕابردووەی لە ماوەی سەدەیەکدا وێنەیەکی ساختەکاری بەخۆی بەخشیووە، لە ئێستادا کە ئاوڕ لە ڕابردوو دەدەینەوە دەمانەوێ ئەو پەردەیە لابدەین کە لە پشتیەوە هەموو درۆکانی ناسیۆنالیزمی تیاشاردراوەتەوە، چیتر ناکرێ کۆمەڵگای کوردی بینەرێکی ئەو شانۆگەریەبێت کە نازانێت لەپشت پەردەی ئەو شانۆیە کارگێرانی شانۆ خەریکی چین، لە ئێستادەمانەوێ نهێنی پشت ئەو پەردەیە بزانین، چیتر ئەوانەی ئەکتەری سەرئەو شانۆیەن

**کەسانی موقەدەس نین، سیحری موقەدەس بوونیان بەتاربۆتەوە، موقەدەس ئەو وێنەیەبوو تاسەر لە ئێمە بشێوێنیت و پرسیارنەکەین، ناسیۆنالیزم پرسیاربە بکوژی موقەدەس دەزانێت، چونکە ناسیۆنالیزمی کوردی بەرهەمی پەرەسەندنی دۆخی کۆمەلایەتی و گەشەی ئابووری نییە، بەڵکو ناسیۆنالیزمێکە لە ڕقەوە گەشەدەکات، گەشەکردنی بەندە بە توندوتیژی بەرامبەرەوە، شۆرشی کوردی دروشمی (بەعسی بکوژە تا کورد بژی) بەرز کردەوە، ئەو دروشمەی لە ڕاپەریندا بووە زمانی هەموومان، ڕەخنەگرتن لەو دروشمە شوناسی سیخوڕی پێدەبەخشین، لە کاتێکدا دەیالۆگ کردنی خۆی لەگەڵ بەعس واپێناس نەدەکردەوە، چونکە مانەوەی ئێمە دەگەرێنێتەوە بۆ بوونی خۆی، مانەوەیەك کە دواجار (مانەوەی ئێمە) دەبەستێتەوە بە کوشتنی دوژمن، بۆیە هۆکاری یەکەمی شکستەکان خودی ناسیۆنالیزم خۆیەتی، هەڵەکە بۆ نەبوونی عەقلیەتی ناسیۆنالیزم دەگەرێتەوە، ناسیۆنالیزمی کوردی خاوەن عەقلانیەتێك نەبووە تاستراتیژی خۆی بزانێت، بەڵکو سۆز و**





**ئارەزوویەکی حەماسی بووە لە کاتێکدا ((ناسیۆنالیزم تەنیا کارکردن نییە لەسەر عاتیفەو ڕەمزەکان، بەڵکو کارکردنە لەسەر کۆی بوارەکانی ژیان، نزیکبوونەوەیە لە هەموو ستراکتۆرەکان و جۆرە دەستێوەردانێکی قووڵە لە هەموو ئەو بونیاد و دیدانەی کۆمەڵگا بەرهەمهێناون، ئەمەش ئەو ڕەهەندەیە کە ناسیۆنالیزمی کوردی بەشێوەیەکی ئێجگار شێواو کاری لەسەر کردووە))**[٢٨].

**ئەوەش تێکەڵکردنی عەقڵ و ئارەزووە، ناسیۆنالیزمی کوردی نەیتوانیووە ئەو دوانەلەیەك جیابکاتەوە، بەڵکو بە ئاوێتە کردنیان زەمینەیەکی شێواوی خوڵقاندووە، تەنانەت لەسەر ئاستی پێوەندیەکانی ناوەوە و دەرەوەش کەلە ئەنجامدا لەدەرەوە دابڕاوین ئەوەش بەلای (بەختیار)ەوە ئەوەی بۆتە هۆی پچڕانی ئێمە بەدەرەوە پێوەندی بەو دەرەنجامە بێتواناییە هەیە کە لە ناوەوەدایە، کە ناتوانین ستراتیژێکی هاوبەشمان هەبێت، ئەوە دوژمنەکانمان نین نایەڵن خەونە نەتەوەییەکانی ئێمە سنورێکی فراوانی هەبێت، بەڵکو ئێمەین خەونەکانمان چڕدەکەینەوە سەربەشێکی دیاری**

کراو، ئێمەین خۆمان لەبەشەکانی تر
جیادەکەینەوە و ستراتیژی نەتەوەییمان هەرگیز
وابەستەی بەشەکانی تر ناکەین، ئەوەش بۆ
هەرسی بەکۆمەڵگا نەبوون و نەتەوە نەبوونمان
دەگەڕێتەوە، چونکە ناسیۆنالیزم هەوڵیداوە تەنیا
لە ئاراستەی دەرەوەکاربکات، لەسەر
فەرامۆشکردنی ئاراستەی ناوەوە،
فەرامۆشکردنێك پەیوەستە بە شکستی
ناسیۆنالیزمەوە، کە بۆتە هۆکاری سەرەکی بۆ
نەبوونی بەنەتەوە، جگە لەوە ئەوە حزب نییە
سەرچاوەی هێزەکەی ناسیۆنالیزمە، بەڵکو
ناسیۆنالیزمە هێز لە حزب وەردەگرێت، بۆیە
((هەرکاتێك بۆ ناسیۆنالیزم بگەڕێین دەبێت بۆ
حزب بگەڕێین، ناسیۆنالیزمی کوردی لە دەرەوەی
حیزب کلتورێکی فکری و تیۆری نییە، لەدەرەوەی
حیزب مێژوویەکی فیکری ڕاستەقینەی
نییە))[٢٩].

بۆیە لەو کاتەدا پرۆسەی بەنەتەوە بوون و
بەکۆمەڵگابوون دەگۆڕدرێتە سەر پرۆسەی بە
حزبی بوون، دیارە هەڵەیە ئەوە والێکبدەینەوە کە
پرۆسەی حزبیبوون لەوێوە پاکێتیمان





پێدەدۆرێنێت کەشەڕی ناوخۆ هەڵدەگیرسێ،
بەڵکو ئەوشەڕە دوادۆڕانەکە ئێمە خۆمان لە ناویدا
دەبینینەوە، بۆچەمکی دۆران دەبێ بگەڕێینەوە بۆ
ڕاپەڕین، بۆ چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان
لەوقۆناغەی حزبیکوردی تیایدا دەسەڵات
دەگرێتە دەست، بۆئەوزمانەی کە ژێرخانە
کۆنکرێتیەکەی لەوێ دروست دەکات کە
دەسەڵاتێکی ڕەمزی دەخولقێنێت، دەسەڵاتیك بە
چەمکە (بۆردیۆ)ییەکەی کە زمان جۆرێکە لە
فاشیزم چونکە ((فاشیزم تەنها هەندێ
سەربازخانە و جبەخانە نییە، بەو ئەندازەیەیی
دەزگایەکی گەورە و ماشێنێکی بیرۆکراسی
ڕێکخراوە کەدەسەڵات دەگرێتە دەست))[٣٠].

بەختیار دەیویست ڕاپەرین ببێ بەزەمینەیەك بۆ
دونیایەکی نوێ، کەلەوێوەخوێندنەوەی ڕەخنەی
کۆمەڵگای کوردی سەرهەڵبدات، بۆ ئەوەی لە
ناوخۆماندا دیکتاتۆریەت نەخولقێنینەوە،
هەستکردن بەو ترسەکە دیکتاتۆریەت بەرهەم
دێنینەوە، هەوڵدانە بۆرەخنە گرتن لەو بونیادەی
توانای ئەوەی هەیە کە زەمینە بۆدیکتاتۆریەت
بخولقێنێت، چونکە ئەو بونیادە زەوییەکی

نەکێڵدرا و بوو، کەلە ڕۆژانی دواتر حزب بە تەواوی ئەو ڕەخنەیە فەراموش دەکات، کە لەگەڵ یەکەم هەناسەی ڕاپەرین ئەو دەنگەی ئێمە هەست بەو مەترسییە دەکات و، وەك زەنگێك وورپامان دەکاتەوە(( لە ئێستاوە دەبێت لەبەرامبەر ڕاستییەکان بوەستین و هیچ هەقیقەتێك لە پێناو هیچ شتێکدا فەرامۆش نەکەین، چونکە هەموو بێدەنگیەك دەرگا لەسەر ئەو هێزە شاردراوە و دەسەڵاتە نەبیراوانە دەکاتەوە))[٣١].

ئەگەر سەرەتابڕوا بەو ڕەخنەیە نەکەین و بکەوینە ستایشکرن، ئەوەش دەبێتە دۆخێك بۆ خوڵقاندندنی زەمینەی ترس لە فاشیزم، بەسەر هەڵدانی شەڕی ناوخۆ تەواو ئەو وێنەی کە ترسی لای بەختیار عەلی دروست کردووە دەچەسپێت ئەوەش پێوەندی بە کارکردنی ناسیۆنالیزمەوە هەیە، بەو عەقڵانیەتەی کە پەردە پۆشکراوە بەسۆز، ڕەخنەگرتن لە سێنتەری ئەو عەقڵە، ڕەخنە گرتن نییە لە عەقڵانییەت، بەڵکو ڕەخنەیە لە وتێگەیشتنەی کە (ئارەزوو) و (عەقڵ) تێکەڵ دەکات و کۆمەڵگاش بڕوای ئەوەی پێدێنێت کە فاشیزم بەتەواوی دوورە لێمان. دیسان ئارەزوو





بووە زمانی کۆمەڵگا، ئەو زمانەی لەبەر هەڵچوونەکانمان لەبەر دروشمی (بژی هێزی پێشمەرگە..صدام نزیکی مەرگە) نەیهێشت حەقیقەتی ناسیۆنالیزم بخەینە نێو خوێندنەوەی ڕەخنەیی بۆ دەسەڵاتەوە، نەیهێشت لەو نهێنیە تێبگەین کە ناسیۆنالیزمی کوردی مەبەستی گۆرینی واقیع نییە، بەڵکو ستراتیژی خۆی لەبەگژدا چوونەوە کۆدەکاتەوە، گۆرینی واقیع لە هیچ کاتێك دا پرۆژەی ناسیۆنالیزمی کوردی نەبووە، بەڵکو تەنیا داکۆکی لەوەدەکات کە هەیەتی، ئەوەش وایکردووە ناسیۆنالیزم نەتوانێ توانا و هێز بۆزمان بگەڕێنێتەوە، زمان کەبەرهەمی کلتوری نەتەوەیەو گوزارشت لە تواناکانی دەکات، زمان میکانیزمێکی چالاکی نێوعەقڵە، کە لە نێو یەك (بونیاد) داگەورەدەبن، ئەو دیدە چەندە ناتەواوە کە ناسیۆنالیزم ویستویەتی لە دەرەوەی زمانەوە گوتارێکی عەقڵانی بەرهەم بێنێت، گوتارێك کەلەبنەماوە بەهەڵچوونی ئارەزوو پەردەپۆشکراوە، بۆیە خەوشێك لە ناسیۆنالیزم زۆر بە ڕوونی هەستی پێبکەین لەو خاڵەوە دەست پێدەکات کەئەو ڕاستیە فەرامۆش کراوە، کەعەقڵ

بووە بە بەدیلێك لەناو زمان، ئەوە لە کاتێکدا زمان توانای ئەوەی هەیە عەقڵ دەست نیشان بکات، بۆیە بەبێ بوونی زمان عەقڵ بوونی خۆی لە دەست دەدات کە بەختیار لە ئیشکردنی لەسەر ئەنفال و کۆتاییەکانی سەدە دەگاتە تیۆ ریزەکردنی کۆمەڵێك چەمك و زاراوەی فەلسەفی لە ناو زمان، بۆیە لە ڕێگەی هەردوو زاراوەی (ئارەزوو) و (خەون) زمان لە نارێکخەری رزگاردەکات و لە ناوتیۆردا دەیکات بە خاوەن سیستمێکی ڕێکخەر، کە دەست نیشانی ئاماژە زمانەوانیەکانی دەکات، ئەوەش رزگارکردنی زمانی نێو ڕووداوە لە دەست هەڕەشەی ئاخاوتن، مانای وانیە نووسین بەدوای ئاخاوتن هاتووە، بەڵکو تەواو بەپێچەوانەوە بەر لەوەی ئاخاوتن هەبێت نووسین هەبووە، مێژووی ژیاری مرۆڤ مێژووی نووسینە، نووسینە دەست نیشانی ئەو زەمەنە ژیاریە دەکات نەك ئاخاوتن، ئەوەی (بەختیار عەلی) پێی هەڵدەستێتەوە زمان لە تێگەیشتن لە نێوان مرۆڤەکانەوە دەگوازێتەوە بۆ زمان، وەك میکانیزمێکیئەکتیڤ بۆ خوێندنەوەی ئامارژەکان، خوڵقاندنەوەی زمانە بۆ سیستمێکی



نووسەر و نووسینەوەی زمان ................................ نیهاد جامی

ڕێکخەر کە تیۆری زمانەوانی و ڕەخنەیی بەرهەم دێنێت، بەواتای ئەونووسینە بۆ ئەوەنیە زمانێك بدۆزێتەوە تا لە ڕێگەیەوە تێگەیشتنێك لە نێوان خۆمان و قوربانیەکان دروست بکەین، بەڵکو ئەو خوێندنەوەیەی زمان بۆ خولقاندنی تیۆرە، تیۆر لە ناو ڕابردووی ئێمە دەرکراوەتە دەرەوە، بەختیار دەیەوێ زەمینەیەك بۆ خوڵقاندنی تیۆر بسازێنێت، ئەوەش توانایەکی ڕەخنەیی دروست دەکات بۆ دواندنەوەی ڕابردوو، چونکە نووسین هەیمەنە کردنە سەر سێنتەری دەنگە، کە دەنگیش لە ڕێگەی ڕابردووەوە پارێزگاری لە سەدای خۆیدەکات، هەیمەنە کردنەسەر سێنتەری دەنگ، نووسین لە نێو ئەو سێنتەرەدا هەموو ئەو دەنگەی لە ئاخاوتن دەردەبڕدرێ دەگوازێتەوە بۆ نێو دامەزراوەی عەقڵ،کە عەقڵ دەبێ بە سێنتەری چالاکیەکان ئەوەش (میتافیزیکیای ئامادە) بەرهەم دێنێت، چونکە سیستمێکی دەلالی بینراوە، کە لە ئامادە نەبوونی قسەکەر ئامادەگی هەیە، ئەویش خوڵقاندنی زمانە لە ناو دەق و دواجار پرۆسەیەکە بۆ دواندنەوەی ڕووداو (دەق)، بەواتای نووسین تەنیا بوونێکی سەرمەدی بە

خۆی نا بەخشێت، بەڵکو بوونی پەیوەستە بە زمانەوە، ئەوزمانەی لە ڕێگەی ئاماژەوە دەق بەرهەم دێنێ، بۆیە ئەگەر سەیری ژیاری کۆمەڵگاکان بکەین دەبینین ئەفسانەکان سیستمێکی تایبەتی نووسینی گرتۆتە خۆی کە ئەوانیش کۆمەڵێك ئاماژەی زمانەوانین، ئەوەش مەبەست لەهەر جۆرە نووسینێکە لە چەشنی (هیرۆگلیفی) و (لۆگۆگرافیك) کەبوونەتە چیرۆکی ژیاری کۆمەڵگاکان، ئەوەش لە نێوگەڕان بە مێژووی گراماتۆلۆژیا دەمانگەیەنێ بەو حەقیقەتەی کە زمان بوونێکی ئەزەلیەو هیچ شتێ نەدەکەوێتەپێشی ونە لە دواشی شتێ توانای هەیەبێبوونی ئەو بچێتە قووڵاییەکانی گەردوون و پەی بەنهێنییە شاراوەکان ببات، ئەوەش پرسیار لە نوسین دەکات بە پرسیارێك کە بوونی پەیوەستە بە زمانەوە، دەنگە جیاوازەکان و چۆنیەتی ئاخاوتن بۆ زمان دەگەڕێتەوە، بۆیە پرسیار لەنوسین پرسیارە لەو سیستمەی کە زمان دەنووسێتەوە، ئەوەش گەڕانەوەیە بۆ لە دایکبوونی زمان، بەڵام لە ناوڕێکخەرێك کە پارێزگاری لە (کۆد.. ئاماژە.. دەنگ) دەکات،





هەرئەو سیستمە ڕێکخەرەشە (گوتار) بە چەمکە فەلسەفیەکەی بەرهەم دێنن، ئەو گوتارە فەلسەفیەی لە ناودەقەکانی بەختیار دادەیبینین و سەلەفیەت دەیەوێ دەیالۆگ لەسەر ئەو گوتارە بباتە نزمترین ئاست و ناوی دزین و بەئاسایی سەیرکردن ناوی دەبات، کە لە بنەرەتدا بۆ نەبوونی توانای خوێندنەوە دەگەڕێتەوە، کە ناتوانن لە ناو دەقە فەلسەفیەکان دەیالۆگ بکەن، ئەوجیاوازیەی کەدەکەوێتە نێوان (بیرکردنەوەی بەختیار) و (گوتاری سیاسی کوردی) تاکە جیاوازیەك نییە بەڵام بۆ ئەوەی لە تەوەری قسەکردنەکەمان دەرنەچین بگەڕێینەوە سەر ناونیشانی تەوەرەکە ئەوجیاوازیە لە چەمکی (دۆران) دەست نیشان دەکەم، کە لە دیدگای فکری (بەختیار)ە وەدەگەینە ئەو قەناعەتەی دۆرانی پاکێتی پێوەندی ڕاستەوخۆی نییە بەشەڕی حزبەکانەوە، بەڵکو چەندە بۆ ئەو خۆشباوەرییەی حزب دەیهێنێت دەگەڕێتەوە، هێندەش پێوەندی بەتێنەگەیشتنی کۆمەڵگا هەیە لە دیکتاتۆریەت، کە مەرج نییە تەنیا وەك دەسەڵاتێکی تۆقێنەر دەرکەوێت، بەڵکو مەترسی

دەسەڵاتی ڕەمزی زۆرترسناکترە، کە دەبێتە هۆی خولقاندنی زەمینەیەکی کۆنکرێتی بۆ فاشیزم، نەبوونی ئەو تیگەیشتنە قووڵە کۆمەڵگاتیایدا بەشداره، ئەوەکۆمەڵگایە لە ڕاپەریندا نایەوێت بەوەزیفەی خۆی هەڵبستێت و مەبەستی نییە ((ئەو بونیادە ڕەمزییانە ئاشکرا بکرێت کە وایان کردووە دیکتاتۆریەت وەکو بارودۆخێکی ئاسایی لە عەقڵ و ویژدانی خەڵکدا بکەوێتەوە))[٣٢].

هەر بۆیە کاتێ دەگەڕێینەوە بۆ ناو ڕەگی دیکتاتۆریەت لە دەسەڵاتی کوردیدا، ناکرێ رەخنە گرتن ئاراستەی ئەو گوتارە سیاسیە بکرێت، کەلە پشتییەوە فاشیزم دەبینین، بەڵکو ڕەخنە دەبێت سەرەتا ئاراستەی ئەو بونیادە کۆمەڵایەتیانە بکرێت کە ئەو زەمینەیەی خولقاندووە، ڕەخنەگرتن لەو عەقڵەی لە ڕاپەریندا حزبی کوردیەکان بەفریاد ڕەسێك تیدەگەین و، وێنەی موقەدەسی پێدەبەخشین، موقودەسێك کە هەڵەناکات، بۆیە ڕەخنەگرتن لە سیما ناسراوەکانی فاشیزم دەبێ ڕەخنەگرتن بێت لە زمان، زمان بەو پییەی خاوەنی سیستمێکی دەلالیەکە گوتاردادەمەزرێنێ، بەر لەوەی ئەو





زمانەی دەبێتە خولقێنەری دەسەڵات لای حزب بخەینە ژێر ڕەخنەوە، دەبێ لە ڕەخنەگرتن لەو زمانەی کۆمەڵگا دەست پێبکەین، ئەوزمانەی دەبێتە بونیادێکی ستی لە کارکەوتوو، دەسەڵات لە خۆی دەسەنێتەوە و هەموو تواناکانی خۆی دەداتەوە بەزمانی حزب، گوتاری زەبروزەنگی حزب دەبێ بەزمانی گشتی، لە دەساڵی ڕابردوودا کۆتایی بەو قسەکردنە دێنین لەسەر فاشیزمی بەعس، چونکە بنەماکانی فاشیزمێکی تر لە قولایی حزبەکانەوە دەبینرێت، بەواتای ناسیۆنالیزم (فاشیزمێکی نوێ) دێنێتە بوون، کە لەسەر ڕابردووی فاشیزمی عێراقی گەشەی بە خۆیداوە، چونکە گەر فاشیزمی عێراقی دەرەنجامی لە دایکبوونی نێو کلتوری ڕۆژهەڵات بێت، ئەوا فاشیزمی نوێ لە هەناوی فاشیزمی عێراقی لە دایکدەبێت، هەرئەو لانکەیەشەوای لێ دەکات توێژە کۆمەڵایەتیەکان بتوێنێتەوە ونەیەڵێ سنورێك بۆ قەوارەیەکی جەماوەری دروست بێت، ئەودەسکاری زمانی دەیالۆگ دەکات، زمانی خۆی لە ناو میدیاکان باڵادەست دەکات، ئەگەر زمان لە

جەوهەردا ڕۆڵێکی فاشیانە بگێڕێ، ئەوا فاشیزم دەزانێت چۆن ئەوزمانە جیاوازەی توێژەکان ئاوێتەی یەکتردەکات، بۆیە ئەگەر ((فاشیزمی عێراقی فاشیزمێکی ئاهەنگسازە، بەجۆرێك وەك بینیمان هەتاکولەسەر لاشەی هەزارەها کوژراویش ئاهەنگی دەگێڕا و ئاهەنگ تەنها شێوەیەك بووەکە فاشیزم لە ڕێگایەوە خۆی دەربڕیووە))(٣٣).

((ئەوا ئەو فاشیزمە نوێیە بۆنە نەتەوەییەکان دەکاتە جەژنێك بۆ خۆدەرخستن و بۆنە نەتەوەییەکان دەگۆڕێتە سەر چالاکی حزبی))(٣٤)، ئەوەش لە پشت گوتاری مۆدێرنەوە ئەنجام دەدرێت، کە پێوەندی بەگوتاری فاشیزمەوە هەیە، بۆیە ئەگەر مۆدێرنەبەرپرسیاربێت لە بەشێکی تاوانەکانی بەعس، ئەوا دیسان مۆدێرنەیە حەق بە دەسەلاتی کوردی دەدات ئەوکارە بکات، لە ئێستادا ناسیۆنالیزمی کوردی لە دەرەوەی خەونەوەدەژییێت، بۆیە دەیەوێ لەسەر کلتوری ڕابردوو ئاهەنگ بگێڕێت، ئەو لە ئێستادا خەونێکی نییە بیکات بە پرۆژەی، بۆیە ئەو کەڕەگێکی فاشیانە لە ناخی خۆیدا گەورە دەکات، بەتەنیا پێوەندی بە دۆراندنی پاکێتییەوە نییە،





بەڵکو پێوەندی بەکۆتایی خەونییشیەوە هەیە، قبوڵکردنی کۆمەڵگایەکی بێ خەون، قبولکردنی قوربانییە بەدرێژایی مێژوو، هاورێیتی بەردەوامی ئێمەیە لەگەڵ غەریزەی مەرگ نەك تەنیا لە ژیانی سیاسیمان، کەلە ئەنفالەوە بۆ ئەوانەی لە (ئیجە) دادەخنکێن، بەڵکو قوربانی مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی مرۆڤی کورد بە ئاینەوە، کاتێ دەچینە ژێرداواکانی ئاین و قوربانی دەکەین بە نەریتێکی کۆمەلایەتی و مێژووی خۆمان وابەستەی ئەو مێژووە دەکەین،

بۆچی ئاین هۆکارێکە بۆ خولقاندنی ئەو کۆمەڵگایە!؟

پرسیارێکی واسادە تەنیا پرسیاری مناڵە توڕەکانە لە بەختیار، پرسیاری ئەوا نەیە کەدەرگاکانی ژیانیان بەسەر خۆیان داخستووە، کەئەوەش لە خوێندنەوەی ئەوان نایەت بۆ دەقی (کۆمەڵگای پرسە)، بەڵکو لە موتڵەقیەتی ئەو بۆ ئاین سەرچاوەی گرتووە، پێوەندی بەو پرسیارە نییە کە بۆچی ئاین دەیەوێ مەرگ یەکسان بکاتەوە بەژیان؟ چونکە ئاینیش ژیان بە جۆرێك لە خەلاتکردنەوە سەیر دەکات، کەلەڕێگەی

قوربانیەوە ژیان بە ئیسماعیل دەبەخشێتەوە، بەخشینەوەی ژیان ئەوڕاستیەمان بۆ ڕووندەکاتەوە ((مرۆڤ بەردەوام بۆ ئەلتەر ناتیڤێك دەگەڕێت بۆ مەرگی تایبەتی خۆی، بیرۆکەی (قوربانی) فێلاویترین نەخشەی مرۆڤە بەرامبەر پێشکەشکردنی زیندەگی دیکە، وەکو ئەلتەرناتیڤی مەرگی خۆی))[٣٥].

ئیسلام لە بەرامبەر قوربانی بەدوای ئەلتەرناتیڤ دەگەڕێت، بەلای (بەختیار) ئەوەش وایکردووە ئیسلام زیاتر بەرەو لای حیکاتەکەی ئیسماعیل بچێت نەك مەسیح،چونکە مەسیح خۆیدەکات بە قوربانی، ئەگەر چی مەسیحیش ئەوکاتەی لە خاچ دەدرێت زۆر لەوقوربانیە دڵنیانییە، بۆیە کەبەسەر خاچەکەوەیە هاواردەکات (خوایە بۆبە تەنیا بەجێت هێشتم) مەسیح بڕوای وایە لە ساتەوەختی قوربانی یەزدان بەجێی دێڵێت، بەڵام ئەو قوربانیە لە ئیسلامدا زیاتر قوربانیەکە لەسەر مەرگیپێشەوا ناوەستێ، بەڵکو لە سەرمەرگی ئەوانیتر، ئەوەش تەواو بە پێچەوانەی مەسیحە، یەکێکە لە خاڵە جیاوازەکانی ئەو دووئاینە بۆ چەمکی مەرگ، چونکە مەسیح بەدوای





ئەلتەرناتیف ناگەڕێت، بەڵکو خۆی ئامادە دەکات بۆ مەرگ، کەچی (موحەمەد) عەلی لە شوێنی خۆی دەخەوێنێ تا ئەلتەرناتیڤێك بۆ مەرگی خۆی بدۆزێتەوە، ئەوەش تووشی گومانێکمان دەکات لەبەرامبەر قوربانی، کە بۆچی (مەسیح)خۆی دەکاتە ئەو قوربانیە، بەڵام (موحەمەد) کەسانی تر بۆ قوربانی ئامادە دەکات!؟ چونکە ئەو جۆرە رەفتارە والەوانی تریش دەکات ژیانیان لەلا خۆشەویست بێت، خوڵقاندنەوەی جۆرێك بێت لە دەسەڵات، کە ژیانی ئەوانیتر ببێ بە ئەلتەرناتیڤێك لە بەرامبەر مەرگ، بۆچی ژیان هێندە بەگەورە سەیر دەکرێت!؟ ئەگەر مەرگ ئەلتەرناتیڤێکە ئەدی بۆچی عەلی لەشوێنی خۆی دەخەوێنێ؟ بۆچی کۆچ بۆ مەدینە دەکات!؟

ئەو پرسیارە بەمەبەستی ڕەخنە گرتن نییە لە سێنتەرێك هێندەی گەیشتنە حەقیقەتی ژیانە، چونکە عەشقی ژیانە پێغەمبەری ئیسلام والێدەکات غەریزەی مانەوەی تیادا گەورەبێت، مانەوەیەك دەبێ ئەوانیتر قوربانی بۆ بدەن، بوونی ئەلتەرناتیڤ دڵنیایی ئەوەمان دەداتێ کە ژیاندۆستی شورەیەکی قایمی بەدەوری مرۆڤدا

دروست کردووە (ئیسماعیل و موحەمەد) عەشقیان بۆ ژیان هێندە گەورەیە بەپێچەوانەوە ئەو عەشقەیان بۆ مەرگ نییە، هەردووکیان لە ڕێگەی قوربانییەوە بەردەوامی بەو عەشقەیان دەدەن، قوربانی قبوڵکردنی مەرگ دەگوازێتەوە بۆ بەردەوامبونی عەشقی ژیاندۆستی ((ئەگەر مانای قووڵی بەخشینی ئیسماعیل ئەوەبێت کە خودا داوامان لیدەکات خۆمان لەبەردەم میحرابیدا سەرنەبڕین، ئەوا مانای قووڵی بەجێهێشتنی (عەلی) لە پێخەفی پێغەمبەردا ئەوەیە کە ئیسلام داوامان لێدەکات لە پێناو سومبولە پیرۆزە کانیدا بەبێ دوودڵی و بیرکردنەوە خۆمان فیدا بکەن))[٣٦].

مردن لە چەمکی ئاینەوە دەسپێشخەریە بۆ نەمریی، کە ژیان دوای مردن دەست پێدەکات، ئەوەش جیاوازی ئاینە لەگەڵ ئێستا، ئێستا ئەو زەمەنەی دەبێ بکرێ بە قوربانی بۆداهاتوو، ئێستا شتێکی ئەوتۆ نییە جگە لە قوربانیەك بۆ داهاتوو، ئەوەش دەرخستنی چێژی ژیانە، ئاین خوازیارە ئێستا بکەینە قوربانی تاژیانی داهاتوو وە دەست بێنین، قوربانی لە پێناو زیندووڕاگرتنی





ئاین، کە دەبێ مرۆڤ بمرێت تا ئاین زیندوو بێت، بۆیە دەبێ جەستە ملکەچی ئایین بێت خۆی بۆ مەرگ ئامادەبکات، بەڵام دەبێ چ شتێ والە ئێمە بکات جەستەمان بۆفەرمانڕەواکانی سەرزەویش بکەین بە قوربانی!؟ ئەگەر بۆ ئەنفال بگەڕێینەوە، ئەوتراژیدیامرۆییەی جەستەی کوردی تیایدا دەکرێت بە قوربانی پێوەندی بەمانەوەی سەرۆك هەیە، بەعس ئەنفال وەك قوربانیەك بۆ سەرۆك پێشکەشدەکات، کاتێ لە دەساڵی ڕابردووش بنەماکانی فاشیزم لە هەناوی ئەو دەسەڵاتە نوێیە دەردەکەوێت، قوربانی بەشێوازی جیاواز دەردەخرێت، قوربانی بۆ حزب لە قوربانی بۆ ئاین دەچێت، بۆ ئەوەی حزب بە زیندوویی بمێنێتەوە دەبێ شەهید بدات، بۆ ئەوەی جەستەکان خۆیان بکەن بە قوربانی ئەو بڕوا ئایینیەیان لە ناودا دەچێنێ، کە شەهید بوون دەست پێکردنەوەی ژیانە کە نەمرییە، بەڵام پرسیارە کە ئەوەیە چ بەهەشتێك شەهیدەکانی حزب دەگرێتە خۆی!؟ حزب لەو شوێنەدا خەباتی خۆی بەخەباتی ئاین ناو دەبات، ئەوەش دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ئەو قسەیەی (بەختیار) کەبە (کۆلاژکردنی

**ئایدیۆلۆژیا) ناویدەبات، ((بزاوتە ناسیۆنالیستەکان قسە لە ئیسلام بوونی خۆیان دەکەن پتر لە ئیسلام و بزاوتە ئیسلامیەکان قسە لە کورد بوونی خۆیان دەکەن زیاتر لە ناسیۆنالیستەکان))[٣٧].**

**ناسیۆنالیزمی کوردی لە ئیسلامیەکان زیاتر پێویستی بەو کۆلاژکردنی وێنەی (ئیسلام- نەتەوە) یە هەیە چونکە ئەو وێنەیە شەرعیەتی مانەوەی پێدەبەخشێ، دەشتوانێ لەو ڕێگەیەوە ستراتیژێك بۆ مانەوە بدۆزێتەوە، مانەوە غەریزەی ژیان لای ناسیۆنالیزم لە خۆیدا هەڵگرێت بۆ گەران بەدوای ئەلتەر ناتیڤ، کە ئەندامەکانی کۆمەڵگایە.**

**کاتێك دەیەوێ پێمان بڵێت بۆ ئەوەی مەرگدوست لە کۆمەڵگا دەرکەینە دەرەوە ((دەبایە واز لە مردووەکان بهێنین، بەڵام کێ دەیوێرا واز لە مردووەکانی خۆی بهێنێت لە ساتێکدا ئەو مردوانە ببونە ناوەندی گردبوونەوە و چڕبوونەوەی هەموو چەمکە پیرۆزەکانی دین ونەتەوە و سیاسەت))[٣٨].**





**ئەگەر جیاوازیەك لە نێوان ئەو دوو تێگەیشتنە هەبێت، ئەوا ئاوێتە کردنی (قوربانی) و (خۆشباوەری) لای حزبەکان سەرەتای بنەما کۆنکرێتیەکانی مەرگدۆستیە، قوربانی ئەگەر لە ڕابردوودا بەرەو ناو لمی بیابان دەبردرا، ئەوا لە ئێستادا کەمەرگدرستی شۆرەکانی خۆی بەرزتردەکاتەوە، جەستە بۆ خۆی لێرە دەچێتەوە دەرەوە ، جەستەیەك بەرەو دەریا مل دەنێت، بۆیە جەستەی کوردیبە درێژایی ئەودووزەمەنە جیاوازە دەبێ بە قوربانی (بیابان/دەریا)، پرسیاری ئێمە لە دەریا پرسیارە لەو ئومێدەی لە دەستمانداوە، گەڕانە بەدوای خەونێك، هەوڵێکە بۆ دەسپێکردنەوەی ژیان، پرسیارێك چەندە پرسیاری منالە نامۆکانە ، هێندەش گەڕانە بەدوای چارەنوس کە کۆمەڵگاش لە ڕێگەی ئەلتەرناتیڤ ستایشی ژیان دەکات ، قوربانی کردنی کۆمەڵگا لە جەژنی قوربانیدا بۆ خۆی پیرۆز ڕاگرتنی ژیانە ، کەچی حزبی کوردی دەیەوێ بیگۆڕێتەوە سەر قوربانی، حزب وەك ئاین گوتارێکی هەیە بۆ ئەوەی پاساو بۆقوربانیکردن بدۆزێتەوە، شەڕی ناوخۆ ڕازێنراوەتەوە بە**

دروشمی لە پێناو پاراستنی پەرلەمان لە کاتێکدا دەبێ ئەو حەقیقەتە بەهەند وەربگرین کە ((لە مێژووی ئەم سەدەیەی کورددا هیچ شتێك بە ئەندازەی پەرلەمان کاریکاتێری نەبووە و هیچ شتێکیش بە ئەندازەی جەنگی ناوخۆ جیدی نەبووە))[٣٩].

لێرەدا دەکرێ جیاوازیەك لە بیرکردنەوەی بەختیار لەبەر دەم جەمکی (قوربانی/ مردن) دەست نیشان بکەین ، قوربانی کە لە ڕێگەی ئەنفالەوە شوناسی تراژیدیامان پێدەبەخشێت ، شوناسێك بەلای ( بەختیار ) ەوە دەبوایە بمانهێنابا ناو ڕاپەڕین ، نەك ئەو شوناسە بە خۆشباوەڕی بگۆڕین ، کە ئەوەش جیاوازە لە دەسبەردار بوون لە قوربانی ، چونکە گۆڕین بڕیاری کۆچ کردنمان پێدەدات بۆیە ، کۆچی منالە نامۆکان ، ئەو دەرچوونە لە شوێن ، هەمان سەفەری دەرچوون نیە بۆ نێولم چونکە ئەم جارە بە ویستی خۆمان سەفەر بۆ نێو دەریا دەکەین ، ئەو سەفەرەش هەڵگری پرسیارێکە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ پرسیاری (موزەفەری سوبحەدەم) پرسیاری مرۆڤێك بیست و یەك ساڵ





لەگەڵ لمدا دەژییێت ، دواجار باوەش بە دەریا دەکات بۆ دۆزینەوەی خەون و ئومێدەکانی (ئێمە تا هەتایە لەم ئۆقیانووسەدا ونین .. ئەوەی لە دەریادا ونبوو دەبێت بتوانێت بە دوای خۆیدا تەماشای ناو بکات ، وەك ئەوەی لە سەحرادا ون دەبێت و بەدوای خۆیدا تەماشای لم دەکات، ئەوەتا من لەم دەریایەدا ونم..ونم و لێرەوە، لە قولایی ناوو تاریکییەوە هاوار دەکەم سەرباسی سوبحەدەم، تۆلە کوێیت.. تۆلە کوێیت؟ تۆلە کوێیت؟ تۆلە کوێیت؟ تۆلە کوێیت؟))[٤٠].

پرسیارکردن لە کۆچ پرسیارکردنە لە چۆنیەتی ژیان، هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی ڕووبەرێك بۆ ژیان، ڕاکردنە لە خەونێك..خەونی ئازادی، بۆیە کۆچکردن لە نیشتیمان هەوڵدانە بۆ دەربازبوون لە خەونی گۆڕان، دەسبەردار بوونی خەونی لە مێژینەیی، خەونێك کە لە ئازادیدا دەکوژرێت، کوشتنی خەونیش پێوەندی بە دۆڕاندنی پاکێتییەوە هەیە، ئەوەش دەمانگەیەنێتە سەرباسێکی تر کە کۆچە، بەڵام چونکە ئەوەیان پەیوەندیی بەو نووسینەوە نییە بۆیە دەسبەرداریی دەبین، تەنیا ئاماژە بەوە دەکەین

**ئەگەر ئەنفال سەفەرێك بووبێ بێ ئیرادەی ئێمە بەرەو بیابان بردبێت ئەوا ئەمجارەیان دەرچوون لەشوێن بە ئیرادەی خۆمانە.**

## پەراوێز و سەرچاوەکان

**لە ئارەزووی کوشتنەوە بۆ ئارەزووی فەرامۆشکردن/ بەختیار عەلی رەهەند، ژمارە (٧)/ل٢٠٤**

**کۆماری ترس/ بەختیار عەلی گەلاوێژی نوێ ژمارە (٢)/ ل٢٠**

**هەمان سەرچاوە/ل٢١**

**بۆ ئەوەی لەو ڕێکخراوە سیخورییەی عێراق بگەین، کە لە ماوەی بیست ساڵدا ئەو دەوڵەتە پاشەکشەی لە هەشت پرۆتۆکۆڵی ستراتیژی کردووە، کە پێوەندی بە گۆڕینی بارودۆخی سەرەکی عێراقەوە هەبووە، بڕوانە: العراق..دولة المنظمة السرية/حسن العلوی انتشارات الشريف الرضی –١٩٩١ ص (٨٤-٨٥)**

**کۆماری ترس/ هـ.س / ل٢٣**

**نقطة البداية/ ميشيل عفلق / المؤسسة العربية للدراسات (بيروت) الطبعة الخامسة/ ١٩٧٥**

**کۆماری ترس / هـ . س/ ل٣١**

**لە ئارەزووی کوشتنەوە بۆ ئارەزووی فەرامۆشکردن/ بەختیار عەلی ڕەهەند، ژمارە (٧) ل١٧٢**





**هەمان سەرچاوە /ل١٧٣**

**هەمان سەرچاوە /ل١٧٦**

**هەمان سەرچاوە /ل١٧٨**

**هەمان سەرچاوە /ل١٧٩**

**هەمان سەرچاوە /ل١٨٦**

**هەمان سەرچاوە /ل١٨٨**

**هەمان سەرچاوە /ل١٩٦**

**هەمان سەرچاوە /ل٢٠٦**

**سەبارەت بە جۆرەکانی لاقەکردن و دووبارە بوونەوەی ئەو مۆرالە بەعسیە بڕوانە ووتارێکی ترمان: چیاکان دۆستی کوردنین/ نیهاد جامی گۆڤاری روانین/ ژمارە(٩)**

**لە ئارەزووی کوشتنەوە.../ل٢١٥**

**هەمان سەرچاوە /٢١٦**

**هەمان سەرچاوە /ل٢١٩**

**هەمان سەرچاوە /ل٢٢٣**

**چۆن پاکێتیمان دۆراند؟/ بەختیار عەلی هزر/ ژمارە (١) هاوینی ١٩٩٨/ل٥٨**

**بەرەو کۆتاییەکانی سەدەی خەون/ بەختیار عەلی گەلاوێژی نوێ/ ژمارە ٣/ل**

**هەمان سەرچاوە /ل**

**لێرەدا نامانەوێ قسەی زیاتر لەو پێوەندیە بکەین، چونکە لە شوێنێکی تردا لەسەر چۆنیەتی ئەو**

پێوەندیە قسەمان کردووە، بڕوانە: کۆمەڵی مەدەنی وەهمی حزب و خەونی خێڵ/ نیهاد جامی/ گۆڤاری (نما) ژمارە (٤).

بەرەو کۆتاییەکانی سەدەی خەون/ ل

وەلاّمێکی تازە بۆ پرسیارێکی کۆن/ شێرزاد حەسەن رامان / ژمارە (١٦)/ ل٥٨

سەدەی ناسیۆنالیزم/ بەختیار عەلی رەهەند/ ژمارە (٩/١٠)/ ل١٤١

هەمان سەرچاوە /ل١٦٦

فاشیزم، دیموکراسیەت، سانسۆر/ بەختیار عەلی یەکگرتن، ژمارە (١٤)/ل٢٣

هەمان سەرچاوە ل٢٣

هەمان سەرچاوە /ل٢٣

هەمان سەرچاوە /ل٢٤

ئاگری نەورۆز بە نمونە دەهێنینەوە، ئەو ئاگرەی کۆمەڵگای ئێمە کردوویەتی بە سیمبولی نەتەوەیی، سەربانی ماڵەکان و شەقامەکان دەکات بە کەرنەڤاڵی ئاگر، یادەوەری منالیمان پریەتی لەو ئاگرەی ئەو ئێوارەیە، کەشەقامەکان دەگۆڕدران بە ئاگرو بۆخۆی جۆرێك لە نارەزایی لە ڕێگەی وەستانی شەقام، پێوەندی بەگیانی بەرەنگاری ئێمەوە هەبووە، کەچی لە ئەمڕۆدا دەسەڵاتی کوردی بە بیانووی پیسکردنی ژینگە، ڕێگە لە کردنەوەی ئەو ئاگرە دەگرن و لە





تاقەشوێنێك تەقەمەنی ڕەنگاو ڕەنگ و تاکە ئاگرێك دەکرێتەوە، ئەو کارە دەگۆڕێتە سەرچالاکیەکی حزبی، تا حزب لە ڕێگەی سەرکردەکانیەوە ئاگرمان بۆ بکاتەوە، ئەوەش خۆ درێژکردنەوەی حزبە بە کلتوری نەتەوە، چونکە کاتێ کۆمەڵگا بۆخۆی ئەو ئاگرە دەکاتەوە پابەندبوونیەتی بە کوردبوون، بەلاّم حزب ئەو کارە لە کۆمەڵگا دەسەنێتەوەو خۆی بەکردنەوەی هەڵدەستێت، بۆ ئەوەی مێژووی سەرکەوتن و ئاگری ئەو حیکایەتە بۆ خۆی بگەڕێنێتەوە وەك ئەوە وابێ حیکایەتەکانی خۆی کەمبن، تاحیکایەتەکانی نەتەوەش بکات بەموڵکی خۆی.

(٣٥) کۆمەلگای پرسە/ بەختیار عەلی ڕەهەند/ ژمارە (١)/ ل٦٨

(٣٦) هەمان سەرچاوە /ل٧٠

(٣٧) سەدەی ناسیۆنالیزم/ بەختیار عەلی ڕەهەند / ژمارە (٩-١٠)/ ل١٨٥

(٣٨) کۆمەڵگای پرسە/ ل٩٦

(٣٩) هەمان سەرچاوە /ل٩٣

(٤٠) دواهەمین هەناری دونیا/ بەختیار عەلی نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی/ل٣٢٧

# مردنی رۆشنگەری وگەڕانەوە بۆ ڕابردوو

بۆ ئەوەی لەمردنی رۆشنگەری دڵنیابین پێویستە بەرەو ئەو ڕابردووە بگەڕێینەوە کە دەیەوێ لەڕێگەی گەڕانەوە بۆ ئاین مردنی رۆشنگەری ڕابگەیەنێت، بۆیە هەر لەسەرەتاوە دەپرسین ئاخۆ "ڕۆشنگەری لەڕاستییدا تاریکترین چرکەساتی مێژووی بەشەرییە" (١)

بەر لەوەلامی ئەو پرسیارە ، جارێکیتر دەپرسین: مردن چییە؟ ئایا مردنێکی گلگامشی بوونی هەیە تا شوناسی نەمریمان پێ ببەخشێت؟ ئایا مەرجە بۆ وەدەست کەوتنی نەمریی بمرین؟ کەوابێ چۆن بەدوای شوناسی نەرمیی بگەڕێین؟ لەناو دەقە فەلسەفیەکان یاخود لەناو ئاینەوە وەدەستی بێنین؟ ئاین ئەگەر لەسەردەمانێك بتوانێ گۆڕان بخولقێنێ، ئاخۆ لە ئەمرۆدا توانای خولقاندنی گۆڕانی هەیە؟ ئایا ڕووداوێکی وەکو ئەوەی یانزەی ئەیلول بەسە بۆ ئەوەی بە بۆچوونەکانماندا بچینەوە، تاوەکو لەڕێگەی ڕابردوو وێنای ژیان بکەینەوە؟





لێرەوە هەموو ئەو پرسیارانە شەرعیەت بوونی خۆیان وەردەگرن لەسەر دڵنیابوون لە گوناهباری ئەمریکا، بەلاّم لەرێگەی گەڕانەوە بۆ دەقی فەلسەفی دەتوانین ئەو زەمەنە هەنووکەییە بخوێنینەوە، ئەو خوێندنەوەیە وامان لێ دەکات کە ئەمریکا گوناهبارە نەك بێتاوان، وەك ئەو وێنەیەی ئێدوار سەعید هەیەتی بۆ هاولاّتیانی ئەمریکی لە کاتی شەری کەنداو، بەوەی ئەستەم بووە لەکاتی ئەو شەڕەدا بە هاوولاتیانی ئەمریکی بووترێت وولاّتەکەی ئێوە بێگوناە نیە (٢) بەلاّم سەیر لەوەدایە لەبەرامبەر گوناهباری ئەمریکا دوژمنەکانی بە دۆستی خۆمان ناوبەرین وبەڕادەی ئەوەی بەشێکین لەوان، تراژیدیای ئەم بۆچوونە لەوێدا دەست پێدەکات کە بەشێکی زۆری ڕۆشنبیران ئەو چاوپێکەوتنەی فاروق ڕەفیق بە شۆکێکی فکری تێدەگەن، لەکاتێکدا ئەو بۆچوونانە درێژەی پڕۆژەیەکن کە ماوەی چەندین ساڵە فاروق داکۆکی لێ دەکات، بەلاّم لەو چاوپێکەوتنە گەیشتۆتە چلەپۆپەی قسەکردن، ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی سیمای فکری ئەو نووسەرە بەتەوای بخاتە ڕوو، بەلاّم لەبڕی ئەوەی

دەیالۆگ ڕوویەکی ئایدیۆلۆژیانەی توندڕەوی تیا دەردەکەوێ، کە ئەو حەقیقەتەی بیر دەچێت ڕەهایی بیرکردنەوە بوونی نیە، هەر ئەو خاڵەشە بۆتە هۆی دەیالۆگ کردنی ئێمە لەتەك بۆچوونەکانی، بۆیە ئێمە مەبەستمان نیە لەو دوانە بۆچوونەکانی بەلایەنگیری بۆهێزە ئیسلامیەکان بگەڕێنینەوە، هەموو ئەوانەی دەیانەوێ لەو ڕەهەندەوە قسە بکەن خەریکی شەڕی ئایدیۆلۆژیان، بۆ ئەوەی نەکەوینە ناو ئەو لایەنگیریی وململانێ ئایدیۆلۆژە دەمانەوێ گفتوگۆ لەسەر ڕوانینی ئەو بۆ فەلسەفە بخەینە ڕوو.





## ژیاری ئیسلامی یاخود مردنی دەیالۆگ

چی وا دەکات بەرەو لای ژیاری ئیسلامی بگەڕێتەوە، ناکرێ ڕووداوێکی تیرۆریستی بەهۆکاری ئەو گەڕانەوەیە ناو بەرین، بەڵکو تەنها وەك دەروازەیەك سەیری دەکەین، چونکە ئەو لەبنەماوە کەوتۆتە ژێر تێروانینی ساموئیل هینگتۆن کە باوەڕی وایە ژیاری ئیسلامی توانای ململانێی هەیە لەبەرامبەر ژیاری خۆرئاوادا، بۆیە ئەوەی دەبێتە مایەی نیگەرانی فاروق بێدەنگی هێزە ئیسلامیەکانی ناو کوردستان نین، بەڵکو نیگەرانیەکە لەو قوتابیە مووسوڵمانانە سەرچاوە دەگرێ کاتێ دێنە ناو زانکۆکانی ئەمریکا مەسخی ئەو کولتورە ئیسلامیە عەرەبیە دەکەنەوەو بەرەو ئەو مۆدیلە خۆرئاواییە دەچن "ڕووبەرووی ئەو مۆدیلە دەبێتەوە لەخوێندنەکەیاندا، هەر لە ماتماتیکەوە بە زەقی ئینکاری ڕۆڵی ماتماتیکی موسوڵمانەکان دەکا لەمێژووی ماتماتیکدا وئەو هەموو زاراوە ماتماتیکیانە کە لە زمانی عەرەبیەوە وەرگیراون" (٣)

تێگەیشتن لەو دیدە ڕەخنەییە زۆر ڕۆشنە کە
ئەوە هەستکردن نیە بە هەڕەشەی ئەمریکا، بەڵکو
هەستکردنە بە هەڕەشەی سڕینەوەی کولتور،
بەوەی خۆرئاوا کولتوری خۆرهەڵات لەنێویشیاندا
(عەرەبی– ئیسلامی) زەوت بکات وبسڕێتەوە،
بۆیە گەڕانەوە بۆ هەر بیرمەندێکی ئاین گەڕانەوەیە
بۆ کولتوری عەرەب، کولتورێك ئیسلام
نوێنەرایەتی دەکات، کولتورێك کە نەکرێتەوە
بەڕووی جیهان، بەڵکو لەناو داخرانی گەورەی
خۆیدابژیێت، چونکە بەلایەوە ژیار لای عەرەبەوە
سەری هەڵداوە، بۆ ئەوەش دەیەوێ ئەوەمان بۆ
دەسەلمێنێ کە یۆنانیەکان لە میسرییەکانەوە
ناوی خوایەکان وتەنانەت سازکردنی مەعبەد بۆ
خواکانیش هەر بۆ ئەوان دەگەڕێنێتەوە، لێرەدا
جەستەی (عەرەب– ئیسلام) جەستەیەکە لەیەکدی
جیا ناکرێتەوە کە ئیسلام پێك دێنێت، گۆڕینی
عەرەب بەهەر نەتەوەیەك هیچ مەترسیەکی ئەوتۆی
نابێت، چونکە ئیسلام لەناو ڕەگی ئەو نەتەوانەدا
چۆتە خوارەوە، بۆیە لە وەڵام بە (ئیمبراتۆریای لم)
ی ڕەفیق سابیر داکۆکی کردنی لە تورك لە
داکۆکی کردنی لە خەلافەتی عوسمانی





وەدەرکردنی تورکە لەناو چەمکی بەربەری،
ڕزگارکردنیەتی لەپاڵ عەرەب کە بەربەری نین،
بەبیانووی ئەوەی کە کورد لەناو ئیمبراتۆریەتی
عوسمانی ڕۆڵی گێڕاوە، بەبێ تێگەیشتن لەو
حەقیقەتەی کە کورد بوون توانەوە بووە لەناو ئەو
ئیمبراتۆریەتە، دەیەوێ کورد وەك خاوەن ژیارێك
لەو ئیمبراتۆریەتە دەست نیشان بکات، کە ئەوەش
هەڵەی تێگەیشتنمانە، چونکە کوردبوون لەناو
گوتاری ئیسلامبوون تواوەتەوە، ئەوە ژیاری
کوردی نیە لەناو ئەو ئیمبراتۆریەتە، بەڵکو
ژیارێکی ئیسلامییەو کوردی لەناو تواوەتەوە.
بۆیە ئەو پرسیارەی فاروق: کورد چی بۆ
دەمێنێتەوە؟ پرسیارێکە لە خوێندنەوەی تر
دەکرێ کاری بۆ بکرێت تا بگەین بە وەڵامی
(هیچ...!) هیچمان بۆ نامێنێتەوە، چونکە ئەوان لە
بەربەریەتی خۆیان ئێمە بە پەراوێز سەیر ئەکەن،
ئینتیماکردنی ئێمە بۆ ئیسلام لە بڕوابوون بەو
عەقڵە سەرچاوەی نەگرتووە، بەڵکو پەیوەندیی
بەبێ ئیرادەییمانەوە هەبووە، وەك چۆن گومان
شۆکێکی لا درووست دەکات، واقعی سیاسی
کوردی دەکاتە پێوانە بۆ چەمکی مردن، مردن ڕۆ

**دەچێتە نێو فەلسەفەو سیاسەتەوە "ئەوەی کە شوێنی گومانی من نیە ئەو ڕاستیەیە کە هەموو ئایدیۆلۆژیاکان هەرەسیان هێنا، مارکسیزم وکوردایەتی پێکەوە بۆگەنیان کرد"** (٤)

**بۆچی مارکسیزم وکوردایەتی بەمردوو سەیر دەکات؟ ئێمە دەبێ بۆ ئەو دوو ئایدیۆلۆژیایە بۆ چاوگە سەرەکیەکان بگەڕێینەوە، گەر مارکسیزم بۆگەنی کرد، دەبێ ئەوە سەیرکردنی مارکس بێ بە مردوو، ئەو کاتەش دەبێ بپرسین: مارکس کێیە؟ چونکە پرسیارکردن لە مارکس پرسیارە لەناسینی ئەو چەمکەی کە بە مردوو ناوی دەبەین، هەڵەکە لەوێدایە کە لە ڕاڤەکردنەکانەوە بڕیار دەدەین، ڕەهایی بڕیار.. داخستن بەڕووی دەق دەست نیشان دەکات، چونکە دواجار دەقی مارکس دەقی فەلسەفیە، مردنی فەلسەفەش جگە لە وەهمی توندڕەوانە شتێکی تر نییە کە نایەوێ ئەو دەقە سەرلەنوێ بخوێنێتەوە، بەرەو لای ئەو جیاوازیە نایەت بۆ مارکس، لەکاتێکدا جاك دریدا، مارکس بەدوو جەستەی جیاواز ناو دەبات یەکەمیان (مارکسی فەلسەفی) و ئەویدیش (مارکسی حزبی) ە، دریدا ئەو حەقیقەتەی بۆ**





**ڕوون کردینەوە ئەوە مارکسی حزبیە بە ڕووخانی حکومەتی شورەویی دەمرێت، مارکسی فەلسەفی زیندووە، مارکسێکە لەناو زماندا ئامادەیی هەیە** (٥).

**بۆیە مردن چەمکێکە پێویستی بە تیۆریزەکردن هەیە، بەتایبەت بۆ تایبەتمەندانی بواری فەلسەفە، ئەگەر ئەو چەمکە بە نمونە لای جیل دۆلۆز بهێنینەوە، کاتێ دۆلۆز قسە لە مردنی فرۆید دەکات، ئەوا ڕەخنە لە چەمکێکی فەلسەفی دەگرێت کە (گرێی ئۆدیب) ە، ئەو چەمکە بە مردوو سەیر دەکات وناوی دەنێ (ئەنتی ئۆدیب) نەست لە بنەماوە بە تیۆریەکی مردوو سەیر دەکات، ئەوە جگە لەوەی پێی وایە تێگەیشتنی فرۆید لە ئارەزوو هەڵە تێگەیشتنێکە، چونکە ئەوەی باوك دەکوژێت وسێکس لەگەڵ دایك دەکات ئارەزوو نیە، بەڵکو بیرۆکەیەکە خزمەت بە سڕینەوەو وێرانکاری دەکات، ئەوە لەکاتێکدا فاروق هەریەك لە فەلسەفەو ناسیۆنالیزم وەك یەك بانگەشە بۆ مردنیان دەکات، چونکە چەندە بمانەوێ لەمردنی ئەو دیدگا ئایدیۆلۆژییە بدوێین، دواجار مردنی ئایدیۆلۆژیا بەجۆرێك لە**

جۆرەکان وابەستەی دەقی چاوگە دەسڕێتەوە کە تاچەند هەڵگری ئەو گیانە فەلسەفییە بووە، لێرەوە کوردایەتی کە فەلسەفە نیە ولەپاڵ مارکسیزم دەکوژرێت، پەیوەندیی بەو واقیعە سیاسییە هەیە کە بڕیارەکانی تیا دەدات، بۆیە پرسیاری: کوردایەتی چییە..؟ پرسیارێکە بەلایدا ناچێت وەك چۆن قسە لەمردنی مارکسیزم ناکات، تەواو ئەو ڕاستیەی بیر دەچێت یا بەدڵنیاییەوە لەدەرەوەی تێگەیشتن وخوێندنەوەی قووڵە بۆ ناسیۆنالیزم کە "ناسیۆنالیزمی کوردی بریتیە لە سیاسەتی سەلماندنی هەویەتی نەتەوەیی کوردی، هەویەتی نەتەوەی کوردی بەرهەمی مۆدێرنێتیە وسەرەڕای ئەو فۆڕمە تایبەتییەی کە هەیەتی، بەشێوەیەکی تەسك وتایبەت بەدەزگا نەتەوە- دەوڵەتی مۆدێرنەوە بەستراوەتەوە" (٦).

نەبوونی پرسیار گرێی ڕق لێبوونەوەمان توندتر دەکات ونایەڵێ بکرێینەوە، بۆیە ئەو کاتەی ئەو ڕووداوە بکەینە پێوانە ئیدی لە هەستی ڕق لێبوونەوە لە ئەمریکا دەکەوینە شەڕکردن لەگەڵ مۆدێرنە، بۆیە ناوبردنی مۆدێرنە بە بەربەری لەناوبردنی بەرامبەرەوە هاتووە، مۆدێرنە چەندە





لایەنی نێگەتیڤی تیابێت، هێندەش گیانی پۆزەتیڤیش لەخۆی کۆکردۆتەوە، بۆیە ڕەخنەگرتن لەخۆرئاوا دەبێ بەدوای ئەو تێگەیشتنە کە خۆرئاوایەك نیە بەیەك جۆر بیر بکاتەوە، خۆرئاوایەك کە بەدرێژایی مێژوو (دیگۆل، هیتلەر، بوش) بەرهەم دێنێت، خۆرئاوایەکیش بەتەواوی دژی ئەوانە دەوەستێتەوە (سارتەر، فۆکۆ، ئاڕۆن) وزۆر ناویتر بەرهەم ئەو خۆرئاواییە (٧).

بۆیە ناوبردنەوەی ڕۆشنگەری بە ئیشکالیەت قووڵ نەبوونەوەیە لە ڕۆشنگەری، بوونی ئەوانەیە لەدەرەوەی خوێندنەوەی ڕەخنەیی بۆ پرسیارە فەلسەفیەکەی کانت، بەر لەوەی لەو پرسیارە نزیك بکەوینەوە، ئاماژە بە خاڵێکی تری ئەو چاوپێکەوتنەی (پاکس ئەمریکانا) دەکەین، تێگەیشتن بۆ مۆدێرنە وابەستەی تێگەیشتن بۆ فەلسەفە دەکات، ئەوەشیان ڕاستیەکەو نکوڵی لێ ناکرێت، بەلاّم ئەوەی سەیرە وای دەبینێت کە مەبەست لە فۆکۆ و دیریدا نییە، بەلای فاروق ئەو دوو فەیلەسووفە بەشێکن لە ئیشکالیەتەکە، ئێمە واز لەو میکانیزمە دێنین کە تاچەند بۆ قسەکردن

**گەڕاوەتەوە بۆ دیریدا، دواتر دەیەوێ بەدوای توانایەکی ڕەخنەیی ڕەتی بکاتەوە، تا دڵنیامان بکات ئەوانە چارەسەری ئەوە بۆ فەلسەفە، لەکاتێکدا لەگەڕانەوەی بۆ ئەفلاتون ڕەخنەگرتن لە ئەمریکا وئەوسیستمە نوێیەی جیهان ئەوە فەرامۆش دەکات کە لەهەردوو تێکستی دریدا وەرگیراوە کە ئەوانیش وەرگیراوی تێکستی (دەرمانخانەی ئەفلاتوون) و(تارماییەکانی مارکس)** (٨).

**قبوولێ نەکردنی گەڕانەوەش بۆ فۆکۆ دیسان بۆ تێنەگەیشتن لەپرسیاری مێژوویی هاتووە، کە فۆکۆ لەڕێگەی ئارگۆمێنتەکانی ڕابردوو توانی ئەرکیۆلۆژیای مێژوو بەرهەم بێنێت، لەکاتێکدا بێ ئیشکردن لەسەر مێژوو، بەبێ هەڵکۆڵینی ئەو مێژووە فاروق دێت ئیسلام بەڕزگاری ئەو دۆخە ناو دەبات، لەو ڕێگەیەوەش هێرشێکی توندڕەوانە دەباتە سەر ڕۆشنبیرانی کورد وبە زۆڵ ناویان دەبات، کاتێ تەشهیر بە تویژێك دەکرێت ئەو ساتە هەموو دیالۆگەکان مێزی گفتوگۆ بەجێدێڵن ودەگەڕێنەوە بۆ دۆخی بێدەنگی، چونکە بەرامبەرەکەمان توانای دەیالۆگی نیە، بەڵکو جنێو**





**دەدات، بۆیە فاروق هەموو قسەکردنەکان لەوە دەردەکات دیالۆگێکی فەلسەفی بەرهەم بێنن، هێندەی شەڕێك وای لێ دەکات کۆمەڵێك سەرنجی ناشیرین دەربڕێت کە دواجار بە مردنی دیالۆگ کۆتایی دێت، بۆیە ئەو ژیارە گەڕانەوەیە بۆ دۆخی بێدەنگی، دۆخێك ئەبێ تیایدا بگەڕێینەوە بۆ پرسیارەکەی کانت تا تاریکی و ڕۆشناییەکانی ڕۆشنگەری ببینین.**

## ڕۆشنگەری چییە!؟

پرسیار لە ڕۆشنگەری پرسیارکردنە لە گوتاری فەلسەفی، پرسیارێك لەو گوتارەی مێژووی فکری بەرەو گۆڕان برد ئەمڕۆ بووە بە کولتورێکی فەلسەفی بۆ مۆدێرنە، مۆدێرنیستەکان لە ئێستادا دەیانەوێ لەناو ئەو گوتارە گەشە بەو گیانە ڕەخنەییە بدەن، ئەو گوتارەی پرسیارەکانی لەناو کولتورێکی فەلسەفی بەرهەم دێنێت، کە پرسیارە لەکۆی ئەو گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتیانەی کۆمەڵگا بەخۆیەوە دەیبینێت.

بۆیە گەڕانەوە بۆ پرسیاری ڕۆشنگەری چیە، تەنیا بۆ ڕۆشنگەری پێویست نیە، بەڵکو لەساتی پرسیارکردن لە مۆدێرنەش دەبێت بۆی بگەڕێینەوە، بۆیە کاتێ کانت دەپرسێت: سەردەمی ڕۆشنگەری چیە!؟ مەبەست لەپرسیارکردنە بۆ گەڕان بەدوای ناسینی زەمەنی ودوانە لە فەزایەکی کۆمەڵایەتی کە ڕۆشنگەری لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێت، ویستی بەپرسیار کردنی زەمەنی ڕۆشنگەری ئاسۆیەکی نوێ لەبەردەم





دۆخی کۆمەڵایەتی ئاوەڵا بکات، ئەوەش لەڕێگەی گەڕان بەدوای بونیادێکی کۆمەڵایەتی نیە، بەڵکو ئەو فێری کردین بۆ ئەوەی بەدوای پرسیارکردن بگەین لەو زەمەنەی توانای گۆڕانی هەیە، دەبێ بۆ مرۆۋ بگەڕێینەوە، چونکە مرۆۋ لەڕێگەی گوتاری مانەوە پرسیار دەکوژێت ودۆخێکی داخراو دەخوڵقێنێت، دواجار هەر ئەویشە ئەو توانایەی هەیە لەڕێگەی پرسیارکردن کۆتایی بە مانەوە بێنێت وبێدەنگبوون لەدۆخەکە بگۆڕێت بە پرسیارکردن لەو دۆخە، ئەوەش پەیوەندیی بە ئیرادەوە هەیە، بەمانایەکیتر بەر لەوەی فیکر ببێتە گۆڕینی ئەو دۆخە، ئەوا ئیرادەیە دەتوانێ ئەو فەزایە بخوڵقێنێت، فەزای بڕوا بوون بە خودو چاوەڕوان نەکردنی کۆمەڵ، کە لەڕێگەی هەرەمی پێکهاتەی دەسەڵاتەوەیە، جولەکانی ژیان گریمانە بکات، بۆیە ئەوەی خود دەگۆڕێت ئەو ئیرادە ناوەکییە کەمەیلی گۆڕانی هەیە، وەك چۆن بەر لەوەی هەڕەشە لە ئازادی بکرێت، خود ئازادی دەخاتە بەر هەڕەشەوە، تا ئەوانیتر جوغزێکی بۆ بکێشن، وەك فاروق لەچاوپێکەوتنەکەیدا دەیکات.

ئەوەش دەبێتە شورەیەك بۆ مانەوە، كە مرۆڤ ترسی شكست ڕێگەی ئەوەی نادات بیر لە گۆڕان بكاتەوە، ئەو هەرگیز ناتوانێ قەبارەی ئەو شكستە بەگەورە سەیر نەكات وئەو داهاتووە ببینێت كە دەكرێ ئەو بگۆڕێت، بەڵكو ترس لە شكت دەگاتە ئەو ڕادەیەی بەربەستەكان بە بەردەوامی ئامادەگییان هەبێت، نەك هەر لە ڕەفتارەكانی خۆی، بەڵكو لە بونی دامەزراوەكانیش ئەوانیش بەشێكی چالاكی مانەوەی ئەون لەناو ئیفلیجی، كە داوا دەكەن بیر لەوە نەكاتەوە فیكری بخاتە كار بۆ بیركردنەوە بەلای ئەوان ئەوە دامەزراوەكانن چۆنیەتی ژیان دابین ئەكەن، ژیانێك لەناو جوغزێكی داخراو بنەماكانی دەست نیشان كردووە، بۆیە كاتێ كەسێكی وەكو فرەدریك پاشا بواری بیركردنەوە دەدات، ڕێگا بەخۆی دەدات بەشێوەیەك بڵێت "تا دەتوانن بیر بكەنەوە لەچ شتێكیش بیردەكەنەوە گرنگ نیە، بەڵام دەبێ ملكەچ بن، لەهەموو شوێنێكدا سنورێك بۆ ئازادی دانراوە" (٩)

مانای وابێت ئیدی بواری بۆ مۆدێرن كردەوە، چونكە ئەو ڕێگایە هاندەر بوو بۆ ئەوەی كە ئیدی





مرۆڤ هەوڵ بدات لەناو ئیفلیجی گوتاری مانەوە ڕزگاری بێت، ئەو هەڵومەرجەی خوڵقاند بۆ گۆڕان، ئەگەرچی داوای دەست نیشان كردنی سنوری ئازادی دەكردو دواجار بە ملكەچیش كۆتایی دێنێت، بەڵام كانت نەك قەبووڵیەتی، بەڵكو ستایشیشی دەكات، ئەوەش لەو حەقیقەتەوە هاتووە كە دوور نیە ئەو سنوورە دواجار بە بەرژەوەندی ڕۆشنگەری كۆتایی بێت، گرنگ ئەوەیە هەڵومەرجی سەردەمێك لە ئارادا بێت، كە ئیرادەی كوژراوی مرۆڤ متمانەی ئەوەی پێ بدرێت، كە لە جەستەیەكی ئیفلیج دەتوانێ جەستەیەكی كارا بێت بۆ گۆڕان، ئەوەش لەڕێگەی گفتوگۆی خودی كۆمەڵگا خۆیەتی وكاری فەرمانڕەوا هەر هێندە دەبێت كە نەیەڵێت هەڕەشە لە ئازادی تاكەكانی ناو كۆمەڵ بكرێت، جگە لەوە چۆنیەتی ڕەفتارو بڕوا نەبوون بە كۆمەڵێك دیاردەو نەریتی تر كاری ئەوان دەبێت ونابێ دەستكاری بكرێت، هۆیەكەشی ئەوەیە كە دەبێ فەرمانڕەوا ئەوە بزانێت كە توێژەكان كاری خۆیانە چۆن لەناو بوارەكەی خۆیان كار دەكەن وفەرمانڕەوا ناتوانێ لەشوێنی ئەوان بڕیار لە

**کارەکە بدات، دواتر سەرباری هەموو ئەمانە کانت پرسیارەکە دەباتە نێو ڕەهەندێکی فراوانترەوە، کە ئاخۆ ئێمە لەناو سەردەمی ڕۆشنگەریدا دەژین!؟ ئەوەش پرسیارە لە ئامادەبوونی ئێمە لەناو فەلسەفە، بۆیە لە وەڵامدا پێی وایە بەرەو ئەو سەردەمە دەچین، نەك لە ئێستا لەناویدابین، ئەوەش ئاشکراکردنی پرسیاری ناونیشانی دەقە، بەجۆرێك پرسیارەکە کایەی سۆسیۆلۆژی بۆ زەمەن دەدۆزێتەوە، بەوەی لەڕێگەی ئەو کایە کۆمەڵایەتیە زەمەنی هەنوکەیی بخەینە نێو پرسیاری جیاوازەوە، بەشداربین لەو زەمەنەی کە ڕووداوەکان تێیدا دەردەکەون، لەڕێگەی ئەو زەمەنە هەنووکەییەی کە ساتەوەختی زەمەن دیار دەخات، ئەوەش گەڕانە بەدوای (شوناسی زەمەنی) کە ڕووداو لەناو فەزایەکی کۆمەڵایەتی دەباتە نێو فەزایەکی فەلسەفی، ساتەوەختی ئێستا لەوە دەردەچێت کە تەنیا پرسیارێك بێت بۆ ئەو دۆخە کۆمەڵایەتە، بەڵکو قسەکردنە لەفەزایەکی فەلسەفی بەواتای کانت لەناو کاییەکی فەلسەفییەوە دەیەوێ سەیری ئەو زەمەنە بکات، کە خوازیارە بەرەو ڕۆشنگەری**





**بچێت، چونکە دەقەکەی توانی دەروازەیەکی تر بۆ مێژووی فیکر بکاتەوە، بەوەی قسەی لەپرسیارێك کرد، کە بێ وەڵام بەجێ هێڵدرا بوو، پرسیارێك مێژووی فیکری خۆرئاوا نەیتوانیبوو وەڵامی بداتەوە، ئەو پرسیارە بوو بە خاڵی وەرچەرخان، بۆیە بەلای فۆکۆ ئەگەر ئێستا پرسیار لەفەلسەفەی نوێ بکرێت، ئەوە زۆرینەمان هاوڕا دەبین لەسەر ئەوەی کە فەلسەفەی نوێ هەوڵ دەدات وەڵامی ئەو پرسیارەی کانت بداتەوە، چونکە ئەو پرسیارە هەڵگری گوتاری مۆدێرن بوو کە کانت ویستوویەتی لەڕێگەی زەمەنی کۆمەڵایەتیەوە پرسیاری فەلسەفی بۆ زەمەن بدۆزێتەوە، پرسیارێك کە گۆڕان لە عەقڵی مت بوو بخوڵقێنێت، چونکە ئەگەرچی مۆدێرنە لەناو ئەو دەقە لەدایك نەبوو، بەڵام ئەو دەقە بووە هۆی ئەوەی مۆدێرنە بەشێوەیەکیتر بە خۆیدا بچێتەوە، سەر لەنوێ دەست بە پرسیارکردنەوە بکات، پرسیارکردن لەو زەمەنە پرسیار گەلێك بوو، بووە مایەی ئەوەی لەقسەکردنمان بۆ مۆدێرنە، گەڕانەوە بۆ ئەو دەقە ببێت بە پێویستیەکی حەتمی، ئەوەش بووە هەڵوێست وتێڕامانێکیتر لە**

زەمەن، بەوەی جارێکیتر پرسیار ئامادە بوونی خۆی لەناو زەمەن دەست نیشان بکات ودیدگای فەلسەفی نەگۆڕ نەکەینە پێوانە بۆ ڕوانینەکان، بەڵکو ئەو زەمەنە هەنوکەییە بووە جێگەی گومان وپرسیاری ئەوەی زیندوو کردەوە بپرسین "هەنووکەی من چییە؟ مانای ئەو (هەنووکەیە) چیە؟ جۆری ئەو کردارە چیە کە پێی هەڵدەستن، کاتێك باس لەو هەنووکەییە دەکەم؟ بەڕای من ئەوە پێناسەی ئەم پرسیارە تازەیەمان سەبارەت بە (تازەگەری) بۆ ئاشکرا دەکات" (١٠) بە ئاشکرا کردنی پرسیاری تازەگەری (مۆدێرنە) پرسیار دەبەینە ئاستێکیتر بۆ ئەوەی ڕەخنەگرتنە بێ بنەماکانی (پاکس ئەمریکانا) دەست نیشان بکەین.





## مۆدێرنەی ماددی.. مۆدێرنەی عەقڵی

کاتێك مۆدێرنە چەمکێکی گشتی هەبێت تووشی قورسترین ئیشکالیەتی تێگەیشتن دێین، کە نەتوانین جیاوازی بکەین لەنیوان (مۆدێرنەی ماددی) و(مۆدێرنەی عەقڵی)، ئەو هەڵە تێگەیشتنەش لە مۆدێرنە هەڵەیەکی ئایدیۆلۆژیە کە زیاتر لای سیاسیەکان دەردەکەوێت، کاتێك دیاردەیەکی مۆدێرنە دەبینن ئیدی بە لەخۆبایی بوونەوە لە مۆدێرنە بوونی کۆمەڵگای کوردی قسە دەکەن، لەبنەڕەتدا ئەو جۆرەی مۆدێرنە پەیوەندیی بە مۆدێرنەی ماددی هەیەو لە مۆدێرنەی عەقڵی جیاوازە، فاروقیش هەر وا دەکات، ئەو ڕەخنە لە یەکێکیان ناگرێت، بەڵکو هەردووکیان ڕەتدەکاتەوە، بەیەك شێوەی مۆدێرنیش سەیریان دەکات، ئێمە دەتوانین کۆپەرنیکۆس بە بەرهەمی مۆدێرنەی عەقڵی ناو بەرین، هەر لەبەر ئەوەشە کاتێ سەیری مۆدێرنە دەکەین، نابێت بەتەنیا هیتلەرمان لەبەر چاو بێت، بەڵکو دەبێ چاومان لەسەر گۆتەنبێرگ بێت، لەبەر

ئەوە ئەگەر یەکەمیان دنیا وێران دەکات، بەڵام ئەویتریان پیتی چاپ دادەهێنێت، ئایا هەردووکیان گوناهبارن!؟ یاخود مۆدێرنەی عەقڵی گوناهبار نیە، بەڵکو فریادڕەسە بۆ گۆڕان، چوونە ناو زەمەنێکی جیاوازە، زەمەنێك لە ڕابردوو جیا دەبێتەوە گۆڕان دەهێنێت، بۆیە مۆدێرنە وەك ئالان تۆرینە پێی وایە ساتەوەختێك نیە بۆ گۆڕان، بەڵکو بەرهەمی بیرکردنەوەی عەقڵانیەتە، لەپاڵ بەرهەمە تەکنەلۆژیی وزانستیەکانیش مۆدێرنە عەقڵە بەڕێوەی دەبات، نەوەکو ساتەوەختێکی زەمەنی بیهێنێتەوە نێو گۆڕان، تەنانەت ئەوەش هەر عەقڵە هەریەك لە هیتلەروکۆپەرنیکۆس بەڕێوە دەبات، بەڵام ئەگەر مۆدێرنە لەڕێگەی یەکەمەوە مەرگدۆست بێت، ئەوا لەڕێی ئەویترەوە ووشیارمان دەکاتەوە، گۆڕان لەبواری کۆسمۆلۆژی دەخولقێنێت، کە ئەوە خۆر نیە بەدەوری زەوی دەسووڕێتەوە، بەڵکو زەویە بەدەوری خۆر خول دەخوات، بۆیە ڕەخنەی (پاکس ئەمریکانا) لەجەوهەردا ڕەخنەیەکە خوێندنەوەیەکی قووڵی نیە بۆ مۆدێرنە، نەبوونی ئەو توانایە لە خوێندنەوە دەبێتە ئەنجامی گومانکردن لە





ڕۆشنگەری، کاتێ گومان تووشی ڕەخنەمان دەکات دەبێ بزانین ئاخۆ بەدوای خوێندنەوەی ڕووە شاراوەکان ڕەخنە دەگرین یاخود لە بینینی ڕووکەشانەوە گومان دەکەین؟ چونکە پەی نەبردنە بە حەقیقەتی ڕۆشنگەری بووە بەمایەی ئەوەی مۆدێرنە بە بەربەری ناو ببرێت، دەبێ ئەوە بزانین ڕۆشنگەری جیاکردنەوەیەکی زەمەنی بوو لەنێوان زەمەنی ئێستاو زەمەنی بەسەرچوو، توانی لە عەقڵی ڕابردوو ڕزگاری ببێت، بەڵام کاتێ سەردەمی ڕۆشنگەرەی بە تاریکی ناو دەبەین، ئەوە گەڕانەوەیە بۆ کولتورێکی داخراو کە پێشتر بەشێك لە رۆشنبیرانی عەرەب بەم شێوەیە قسەیان لە ڕۆشنگەری کردووە وبەکارێکی کەمبایەخ سەیریان کردووە، ئەوە لەکاتێکدا ڕۆشنگەری توانی سەردەمێکی ڕۆشنمان پێشکەش بکات نەك تاریك، چونکە ئاینی مەسیحی ئەو کات نەیدەتوانی لەگەڵ ئەو گەشە زانستیە بەردەوام بێت، بەڵکو بەشێوەیەکی زەبروزەنگ ڕووبەرووی دەبۆوە، بۆیە ئەوە مەسیحیەت بوو لەناو هەرە سەردەمە تاریکەکانی خۆیدا دەژیا، لێرەوە ئەگەر جیاکاریەك بکەین لەنێوان ڤۆڵتێر وئەو قسانەی

**فاروق ئەیەوێ لەڕێگەی گەڕانەوە بۆ ئاین دەسەڵاتی عەقڵ هاوواتا ئەکاتەوە بەقەدەری ئیسلامی، هەرچی ڤۆڵتێر یش بوو بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونە هەموو وەهمەکانی ئاینی ڕەتدەکردەوە ودەیویست کۆمەڵگا لە تاریکی بیرکردنەوەو توندڕەوی ئاین دوور بخاتەوە، ئەو جیاکاریەش بۆ ئەوەیە بزانین تاچەند فاروق بەهەڵە دەچێت، کاتێك ڕۆشنگەری بەسەردەمی تاریك ناو دەبات ئەوەش تەنیا ناوبردنی سەردەمێك نیە، بەڵکو ڕەخنەگرتنە لەگۆڕانە فەلسەفیەکانیش، ئەو گۆڕانەی نیتچە هێنایەکایەوە، چونکە نیتچە بڕوایەکی تەواوی بەوە هەبوو کە ڤۆڵتێر فریادڕەسی مرۆییە، تەنانەت کتێبی (وەهای ووت زەردەشت) لەبنەماوە هەوڵێکە لەسەر زەمینەی دیدی ڕۆشنگەرانەی ڤۆڵتێر، بۆیە کاتێ فاروق ڕۆشنگەری ڕەتدەکاتەوە، لەپاڵ ئەوەشدا ئەوە تەنیا چەند فەیلەسوفێك نین فەرامۆش دەکرێن، بەڵکو ئەوە فەلسەفەشە، چونکە پرسیاری فەلسەفە چیە (١١)**

**پرسیارێکە ئەستەمە بەدوای تاکە وەڵامێکی بگەڕێین.. ئەو پرسیارەی لای هەر فەیلەسوفێك**





**بەجۆرێ وەڵامدراوەتەوە، بۆیە ئێمە ناگەینە تاکە پێناسێك بۆ فەلسەفە، تا لەپرسیاری فەلەسەفە چییە نەگەین، ئیدی چۆن دەتوانین مۆدێرنەی فەلسەفی بناسین، چونکە ئەوەی ئەو دەیناسێت مۆدێرنەی ماددیە، مۆدێرنەی فەلسەفی نیە، مۆدێرنەش نیە بەرهەمی عەقڵی ئەفرێنەر بێت.**

## مردنی ڕۆشنگەری یا مەرگی ئاخاوتن

ئێستا دەگەینە ئەو هێڵەی کە ڕۆشنگەری ڕزگارکردنی عەقڵە، ئەوەی دەمرێت وبەمردوویی دێتە بوون، ئەو ئاخاوتنەیە کە دەیەوێ دەسبەرداری عەقڵ بێت وبەرەو مێژوویەکی خوێناوی بگەڕێینەوە، چونکە لای فاروق هەرگیز حیکمەت لەوەدا نییە ئیسلام بێنینە نێو ئەو سەردەمە، بەڵکو ئەو دەیەوێ ئێمە تەسلیمی زەمەنی سەرهەڵدانی ئیسلام بین، ئەوەش مردنی ئەو دەنگەیە نەك مردنی ڕۆشنگەری بیت، لێرەوە تێناگەین فاروق بۆ دەیەوێ لەڕێگەی ڕەخنەگرتن لەڕۆشنگەری هێرش بکاتە سەر ڕۆشنبیران، ڕۆشنگەری توانی ماهیەت بداتە ڕۆشنبیران، بۆیە ئەوە ڤۆڵتێر بوو کە ناوی سوکراتی بە دیدرۆ بەخشیبوو، بەتایبەت لەو ساتەی لە زیندان بوو "شورەیی نیە سوکرات زیندانی بکەن ولە کۆشکەکانتان دەیان شاعیرو نووسەر ڕابگرن، کە شایەنی ئەوە نین پێنووس بەدەستەوە بگرن" (١٢)





ئەوە پرسیاری ڕۆشنگەریە پرسیارێکە ڕۆشنگەری بەمجۆرە دەڕوانێتە ڕۆڵی ئازادکردنی عەقڵ لە کۆمەڵگادا، نەك وەك فاروق پێی وایە ڕۆشنبیران نەوەیەکی زۆڵن، ئەوەی لای من سەیر بێت گۆڕینی مەعریفەیە بە جنێو، تا ئەو جێگەیەی بەدوای دەیالۆگ دەگەڕێین مایەی پێکەنینە، کە تۆ ڕۆشنبیران بە نەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس نەزانیت، وەك ئەوەی ئیسلامی سیاسی بەرهەمی قورئان ونەوەی پێغەمبەر بن وخاڵی بن لەسەردەمە خوێناویەکان وململانێی خەلیفەکان، لەکاتێکدا ڕۆشنگەری ویستی ئەو جەنگانەی بە پڕۆژەی بێمانایی ناو ببات پڕۆژەی مت بوونی عەقڵ، نا ئەخلاقیەتی کوشتارگەکانی کاتولیکی بوو دیدرۆی هاندا لەدژی ئەو نا ئەخلاقیەتە بەرەو ئەخلاقێکی نوێ بڕوات، ئەخلاقێك بتوانێ نەیارەکان لەگەڵ یەکتری کۆك بکات، بۆیە دەسبەرداربوونی ڕۆشنگەری گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو، ڕابردوویەك تەنیا مەرگ بەرهەم دێنێت.

**پەراوێزو سەرچاوەکان:**

(١) پاکس ئەمریکانا، چاوپێکەوتن لەگەڵ فاروق ڕەفیق، بڵاوکراوەکانی چاپخانەی ڕەنج (سلێمانی) ٢٠٠٢، لا ٢٠

(٢) صور المثقف/ ادوارد سعید، محاضرات ریث سنة ١٩٩٣، ترجمة (غسان غض) دار النهار/بیروت/١٩٩٦

(٣) خۆرئاواو (ئەو) ەکانی موسوڵمان وەکو (ئەو) ی خۆرئاوا/ فاروق ڕەفیق، ڕەهەند ژمارە (٨) لا ٥١

(٤) دەسەڵات وبەرگری/ فاروق ڕەفیق، ڕەهەند ژمارە (٥) لا٨٩

(٥) بۆ تێگەیشتن لەو تێڕوانینەی دریدا بڕوانە کتێبی: ڕەخنەگرتن لە مۆدێرنیتی/ نیهاد جامی، سەنتەری هەتاو (هەولێر) ٢٠٠٦، لاپەرەکانی (١٢٩-١٥٢)

(٦) کوردەکان و(ئەوانی تر) یان هەویەت وسیاسەتی پارچە پارچە بوو، نووسینی (عەبباسی وەلی) وەرگێڕانی (نەزەند بەگیخانی وهاشم ئەحمەد زادە) ڕەهەند ژمارە (١٣/١٢) لا ١٥٧

(٧) ڕوناکبیری عەرەب هاشم ساڵح تەنیا خۆر ئاوا نیە بە دوو خۆرئاوا ناوی دەبات، بەڵکو مۆدێرنەش پۆلین دەکاتە سەر دوو جۆر ئەوانیش ماددی وعەقڵیە.

(٨) ئەوە تەنیا فاروق نیە نکوڵی لە ڕۆڵی جاک دیریدا دەکات، بەشێکی فەیلەسووفانی دنیاش لەژێر کاریگەری دیریدا وە چارەسەرکانیان دەخەنە ڕوو، بەڵام نایانەوەێ دان بەو ڕاستیە بنێن، وەك کریستۆفەر نورس ئاماژەی بۆ دەکات، لیوتار وبۆدریاردن، بڕوانە: (نظریة لانقدیة: مابعد الحداثة، المثقفون، وحرب الخلیج/ کریستوفر نورس، ترجمە/د: عابد اسماعیل/١٩٩٩ ) یاخود ڕەخنەی دۆلۆز لەعەقڵانیەتی خۆرئاوا





ڕەخنەیەکە لە چەمکی سێنترالیزمی لۆگۆسی دیریدا نزیکە، لەکاتێکدا بەلای ڕوناکبیری عەرەب عەلی حەرب پێویست بوو دۆلۆزو فیلیکس گوتاری لە کتێبی (فەلسەفە چیە؟) ئاماژەیان بۆ دیریدا بدابوایە کە فەرامۆشیان کردووە، بڕوانە: نقد النص/ علی حرب، المرکز الثقافی العربی/١٩٩٥/ ص ٢٥٢

(٩) سەردەمی ڕۆشنگەری چیە/ ئەمانۆیل کانت، ئازادی ژمارە (٤) لا١٦٥

(١٠) کانت وشۆڕش/ میشێل فۆکۆ ، ئازادی ژمارە (٤) لا١٧٨

(١١) فەلسەفە چیە؟ ئەو پرسیارەی زۆربەی فەیلەسووفان ویستوویانە وەڵامێکی بۆ بدۆزنەوە، بەڵام ئەو پرسیارە بەدوای کامل بوونی عەقڵ دێت، وەك دۆلۆز کاتێ ویستی وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە، ئاماژە بۆ کانت دەکات، کە دیدگا تەواوەکان لەقاڵبوونەوە دێت، کەچی فاروق دوای چەند نووسینێك دەیەوێ وەڵام بۆ ئەو پرسیارە بدۆزێتەوە ، وەڵامێك کە گەڕانەوەیە بەرەو ڕابردوو.

(١٢) ڕۆشنگەری وتازەگەری/ هاشم ساڵح، وەرگێڕانی (هەڵکەوت عەبدوڵلا) ڕەهەند ژمارە (٨) لا١٣٥

## ستایشکردنی تێکست و تەئویل نەکردنەوەی زمان

ئایا پەیوەندیەکی هاوبەش هەیە لەنێوان شوناس و زەمەن؟ ئەو پەیوەندیە تاچەند توانای ئاشکراکردنی نهێنی نێو زمانی هەیە؟ ئاخۆ بۆ کەشفکردنی زمان پێویستمان بە لێکدانەوەکانی مەبەستی ناو زمانە؟ یاخود دەبێ تەئویلی ئەو زمانە شیعریە بکەین؟ ئەوانە ئەو پرسیارانەن لەدوای خوێندنەوەی کتێبی (هاوکاتی و هاوشوناسی) لای هەر خوێنەرێکی وردبین و تایبەتمەندی بوارەکانی زمان و ڕەخنەی ئەدەبی دروست دەبێت، بەڵام پرسیاری گرنگ ئەوەیە: ئایا کتێبێکی لەو چەشنەمان پێویستە؟
ئەوەی ئەو کتێبە دەکاتە بابەتێکی پێویست لەڕەخنەی ئەدەبیدا بوونی چەمکی (کات)ە لەشیعری کلاسیکی کوردیدا، بەتایبەت لە ئەزمونی شیعریماندا، زۆرجار کات پڕۆسەیەکە هەڵگری دەلالەتی بیرکردنەوەیە، شاعیرانی کلاسیکی ویستویانە لەو ڕێگەیەوە بیر بکەنەوە، بەر لەوەی خەمی تێڕامانیان هەبێت، ئەوەش خەوش و نەنگیەك نیە، هێندەی بابەتێکە پێویستی بە تەئویل و ڕاڤەکردنەوە هەیە، بەڵام خوێندنەوەی تێکستی کلاسیکی یەکێکە لەو بابەتە دەگمەنانەی زۆر بەزەحمەت پڕۆژەی ڕەخنەیمان بەلایدا





دەچێت، ئەگەرچی ڕێبوار سیوەیلی پێشتر ئەزمونێکی فراوانی خوێندنەوەی لەتەك دنیای شیعری (نالی) دا هەیە و لەڕێگای تێڕوانینی هیرمنیۆتیکیەوە سەیری جیهانی شیعریی ئەو شاعیرەی کردووە، ئەو ئەزمونەش (هاوکاتی و هاوشوناسی) هەر درێژەی هەمان پڕۆژەیە، هەڵبەت یەکێك لەگرفتەکانی ڕەخنەی کوردی لەناو تێکستی کلاسیکی لەوێوە دەست پێدەکات ڕەخنە یاخود ئەوەتە وابەستەی فەزای تێکستەکە دەبێت و بەهیچ جۆرێك پەیوەندیی نامێنێت بەهیچ تیۆر و میتۆدێکەوە ئەوەش وادەکات وروژاندنی هەستی سایکۆلۆژی خۆی بەرامبەر بە تێکست بنوسێتەوە نەوەك پاڵپشتی بۆچونەکانی لەناو تیۆری ڕەخنەییەوە بێت، بەشێکی تریش ڕێك بەپێچەوانەوە هێندە وابەستەی تیۆر دەبن تا سەرەنجام دەیەوێ بەزۆر تیۆر بەسەر تێکستەکە ساغ بکاتەوە، ئەوەی لەو کتێبەدا بەرچاومان دەکەوێت تاڕادەیەك بەدوورە لەو تێگەیشتنەوە، بەڵام ئیشکالیەتی تری هەیە کە دواتر لەو نوسینەدا دێنە سەری. میتۆدیی بوونی بابەتەکە وا لەنوسەرەکەی دەکات ڕاستەوخۆ نەمانخاتە ناو جیهانی تێکستەوە، بەڵکو سەرەتا ئەو تێڕوانینەی کە دەقی پێدەخوێنێتەوە ڕوونی دەکاتەوە، ئەویش هەردوو چەمکی کاتە لەناو میتۆلۆژیا و فەلسەفەدا، لەوەی دواتریان هەڵوەستە لەسەر ئەفلاتون و ئەرستۆ و ئاگۆستین دەکات، بەو پێیەی ئەو

سیانە تێڕوانینی جیاوازیان هەیە بۆ کات، دواتر لەسەر چەمکی کات لەلای شاعیرەکە دەوەستیّو بەراوردی دەکات لەگەڵ نالی لەڕووی چەمکی کاتەوە، ئەوسا دێتە سەر بەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکە کەخوێندنەوەیە بۆ سیّ تێکستی حاجی قادر، هەوڵ دەدات لە تێکستی (ئێمە دەمرین) پەیوەندی شاعیر بە مردن و کات بدۆزێتەوە، پێشی وایە ئەوە وەسفێکی فینۆمینۆلۆژیە، بۆیە ڕەخنەگریش هەر لەو دەروازەوە سەیری ئەو پەیوەندیە دەکات، لە تێکستی (بای وەعدە) لەسەر چەمکی ئێستابوونی کات هەڵوەستە دەکات، ئەوەش پەیوەندیی نێوان سرووشت و کاتی تیا دەردەخات، ئێستابوون ئەو چەمکەیە بۆ کات کە لەسەری دەوەستێت، ئێمە لەسێیەم تێکستی حاجی بەناوی (بەقسەی بی سەروپا) لەتێڕوانینی ڕەخنەگرەکەمان تێدەگەین بەوەی لای حاجی زمان لەدەرەوەی پڕۆسەی بیرکردنەوە قسەی بی سەروپایە، ئەوەش سیوەیلی بۆ (نائێستا) بوونی کات ئاماژەی پیّدەکات، خوێنەر لەبەردەم ئەو سیّتێکستە شیعریە و خوێندنەوەی ڕەخنەیی تێگەیشتنێکی ڕوونی دەبێت، بەڵام لەڕووی ئەو هێل و ئاراستانەی ئەو خوێندنەوەیە لەسەرەتاوە گرتویەتیە بەر، داخۆ توانیویەتی لەئاستی تیۆریەوە بیگوازێتەوە ناو تێکستە ڕەخنەییەکەی خۆی؟ ئەوەیان ئەو پرسیارەیە لەو خوێندنەوەیەدا تووشی وەستان و گومانمان دەکات، گومان



نووسەر و نووسینەوەی زمان ................................ نیهاد جامی

لەوەی تاچەند تیۆر بەمەبەستی تیۆر نەهاتۆتەوە بەڵکو بۆ فراوانکردنی ئەزمونی خوێندنەوە ئیش دەکات، نوسەر لەبەشی یەکەمدا هێلێك دەست نیشان دەکات، بەڵام دواتر لەنێوان بەشی یەکەم و بەشی دووەم کە خوێندنەوەی تێکستەکانە کەلێنێك هەیە، ئەوەی ئەو لەناو خوێندنەوەکان ئەنجامی دەدات.. ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی دێرەکانە نەك تەئویل کردنی تێکست، کەچی لە لاپەڕە ٤٢ ئاماژە بۆ ووشەی تەئویل دەکات و دەنووسێت"بۆیە دوا بەیتی ئەم شیعرەی لێرەدا تەئویلی دەکەم" بەمانای بڕوای وایە ئەوەی ئەنجامی داوە تەئویلکردنی تێکستی حاجی قادرە، نەك ڕاڤەکردن، ئەو کاتەش ئێمەی خوێنەر مافی ئەو پرسیارە بۆ خۆمان بەڕەوا دەبینین بپرسین: ئامادەبوونی پڕۆسەی تەئویل لەکوێوە سەر هەڵ دەدات و چۆنیەتی ئیشکردنی ئەو تەئویلە لەچیدایە؟ ئەو تەئویلکارانەی هاوکاری ڕەخنەگر دەکەن بۆ خوێندنەوە کامانەن؟ چونکە ئێمە لەبەشی یەکەمدا بەر هەندێك ناو دەکەوین، بەڵام ئەوان سەر بەنەوەی هیرمنیۆتیکا نین وەك شێوە زانستیەکەی، ئەوە جگە لەوەی ئەوەی ئەو لە ئەزمونی (نالی) ئەنجامی دەدات تەئویل کردنەوەی زمانە لەناو تێکستدا، تەئویلێك لە خوێندنەوەی بۆ حاجی تەواو نائامادەیە، چونکە زمان هێندەی (مەبەست) ەکانی لێك دەدرێتەوە، بەهیچ شێوەیەك زمان تەئویل ناکرێت بۆ

ئاشكراكردنی ماناكانی تێكست، بەواتایەكی تر بەدوای خوێندنەوەی ئەو كتێبە ئێمە نابینە خاوەن مانایەك كە پێش خوێندنەوە لەلامان ئامادە نەبوو بێت.

سەپاندنی ڕوانینی فیكری بەسەر تێكستەوە هەمان ئەو گرفتەی خوێندنەوەیە كە لەپێشوودا ئاماژەمان بۆ كرد، گەر كەسانێك بیانەوێت بەزۆر تیۆرێك بەسەر تێكست ساغ بكەنەوە، ئەوە نوسەری ئەو كتێبەش دەیەوێ‌لەڕێگەی پرسیاری ناسینی خودەوە حاجی قادرێكمان پێ‌بناسێنێت كە لەدەرەوەی ماناكانەوەیە، ئەو گەر لەتەئویلكردنەوەی زماندا بیتوانیبا مانایەكمان بۆ كەشف بكات ئەوسا ئاسایی بوو یەكێك لەدەرەنجامەكانی تەئویل گەیشتن بوایە بە پرسیارێكی جیاواز بۆ ناسین، بەڵام بەو شێوەیەی كە مەبەستەكانی پێ‌لێك دەدرێتەوە هەموو بڕوا پێهێنانێك جگە لە گەمەیەكی خوێندنەوە ناتوانێ‌بڕوا پێهێنەر بێت، سیوەیلی بۆخۆشی هەست بەو ڕاستیە دەكات كە لەدەرەوەی ئەو تێگەیشتنە باوە بۆ حاجی ئەویش لەناو خوێندنەوەكەییدا شتێكی ئەو تۆی تیا ئاشكرا نەكردووە، بۆ یە دەیەوێ‌لەسەر چەمكی ناسنامە و خودەوە هەمان مەعریفەمان بۆ دووبارە بكاتەوە بەڵام لەبەرگێكی تردا، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی پرسیارێكیتر لە و كتێبە بكەین: كاتێ‌زمان تەئویل نەكرێت چۆن دەتوانرێت زمان بناسرێت؟ بەبێ‌كردنەوەی كۆدو دەلالەتەكانی. بۆیە ئەوكاتە





دەسەڵاتی زمان دەسەڵاتێكی ونە.. دەسەڵاتی ئاشكرا كراو نیە، چونكە هەر سەر بەو سیستمە ڕێكخەرەی ناو تێكستە، بۆیە ئەوكاتە كاری ڕەخنەگر نابێتە تەئویل كردنی زمان و هەڵوەشاندنەوەی سیستمی ڕێكخەر، چونكە ڕەخنەگر لەناو ستایشكردنی زمانی تێكستدا دەمێنێتەوە، ستایشكردنی زمانیش بەمانای نەخوێندنەوەی تێكست كۆتایی دێت.

## بەشی دووەم:

## شیعر ماڵی بوونی خود





### ئەزموونی شێرکۆیی

**(١)**

**ئەزموونی شیعریی شێرکۆ بێکەس ئەزموونێکی جیاوازە، وەستانە لەسەر ئەزموونی ئەفرێنەر، بەهۆی ئەوەی گەر هەر سەردەمێك توانای خوڵقاندنی داهێنەر و زمان و تێکستی خۆی هەبێت، ئەوا شێرکۆ دەنگێکی جیاوازی نێو زمانی شیعریی کوردیە، بەهۆی ئەوەی لەنێوان گۆران و ڕوانگە و لەنێوان ڕوانگە و نەوەی ڕاپەڕین دەنگێکی شیعری جیاواز بەپێی خاسیەتی گۆڕان لە گوتاری شیعریمان بە قەبارەی شێرکۆ نابینین، ئەو لەدەرەوەی بانگەشە کردنە بۆ ئەزمونێکی تازەگەر.**

**وەك هەندێك لەوانەی نەکرد لەژێر ناوی گروپی تازەگەری بۆ شیعر، ئەگەرچی هەمیشە ئەزموونی شیعری ئەو لەنێوان دوو جۆر لە ڕەخنە دەرکەوتووە، یا ئەوەتە ستایش کراوە، کە ئەو ستایشە زۆر جار زیانی لە شاعیر و لەو ئەزموونە شیعریە داوە، جۆری دووەمی ئەو ڕەخنەیەش شیعری شێرکۆی سەرزەنشت کردووە، مەحکومی کردووە بە تێکستی ئایدیۆلۆژی.**

سەرەنجام ئەو دوو جۆرە لە تێڕوانین نەیهێشتووە زمانی شیعریی تەئویل بکرێت و فرە مانایی لەو زمانە خوێندنەوە بەرهەمی بێنێت، بۆیە کاتێ بمانەوێ لە تێڕوانینی سیمیۆلۆژیەوە ئەو ئەزموونە بخوێنینەوە پێویستمان بە دەسبەردار بوونی زۆر تێگەیشتنی باو هەیە بۆ ئەو ئەزموونە، بەڵکو تەنیا ئاراستەیەکی سیمیۆلۆژی تەرخان دەکەین لەپێناو تەئویل کردنی (ئاماژە، زمان، ماتریال) و ئەو گۆڕانەی کە زمان بەرەو فرە مانایی نووسین دەبات، سەرەنجام ئێمە کۆمەڵێك پەیوەندی نەووتراو دەخەینە نێو ئەو ڕووبەرە سیمیۆلۆژیە کە ئەوەش بەمانا (پۆل ریکۆر) یەکەی لابردنی ڕووپۆشەکانی ڕووی مانایە، کە ئەوە یەکێکە لە بنەما تەئویلکاریەکانی ئەو پرۆسەیە لای ریکۆر، ئەوەش لەو نووسینەدا وەك ستراتیژێکی نێو پرۆسەی خوێندنەوە بەڕووی منی خوێنەر لەناو ئەو ئەزموونە شیعریە ئامادە بوونی هەیە.

ئامادە بوونێك دەیەوێت مانای باو کە مانایەکی تاکڕەهەندە تێك بشکێنێت و بەرەو فرە مانایی زمان هەڵبستێت، هەڵسانەوەش لەدایکبوونی جیاوازی منی خوێنەرە لەبەردەم تێکست، ئەو جیاوازیەش لەسەر ئەو بنەما ڕەخنەییەوە سەرچاوەی گرتووە، وەك (هارۆلد بلۆم) دەڵێت "من خراپ لە دەق دەگەم و خراپیش دەیخوێنمەوە"





خراپ تێگەیشتن و خراپ خوێندنەوە، دوو ڕووبەری نوێی نێو ئەو ووتارە ڕەخنەییە بەهۆی ئەوەی (تێگەیشتن/ خوێندنەوە) لە حەقیقەتەوە بەرەو خراپ بەکار هێنان دەبردرێت، دیارە ئەوە لەدەرەوەی مانا کۆمەڵایەتیەکەی هەوڵێکی بچووکە لە پێناوی لەدایکبوونی (جیاوازی خوێندنەوە) و (تێگەیشتنی جیاوان).

ئەو جیاوازیەش ئێمە بنیاتی نانێین، بەڵکو ئەوە بە پلەی یەکەم بۆ زمانی شیعریی دەگەڕێتەوە، دواتر بۆ ئەو میتۆدەی دەتوانێ تێکست لە دەنگی ستایشکار و گومانی ئایدیۆلۆژی دەرباز بکات، ئەوە میتۆدی خوێندنەوەیە زمان تەئویل دەکات، تاوەکو تێکست هەمیشە لەناو زەمەنی زیندەگی و ئەفرێنەری خۆی بژیێت.

**(٢)**

کاتێ بمانەوێت لەئەزموونێکی شیعریی بدوێین پێویستمان بەو تێڕوانینە ڕۆشنە هەیە کە لەناو ئەو نووسینەدا وەك چەمکی سەرەکی خوێندنەوەی ئەزموونەکە دەردەکەون، بۆیە کاتێ دەمانەوێت لەزمان و تازەگەری ناو ئەزموونی شێرکۆ بێکەس بێینە دوان، ئەوە دەردەخەین کە مەبەستمانە لە ڕوانگەی میتۆدی سیمیۆلۆژیەوە، بچینە ناو ئەو ئەزموونە، ئەوەش خۆ وابەستە کردنێکی ڕووت نییە بە میتۆدەوە،

هێندەی لەو شوێنانەی کە پێویستمان بە دواندنی زەمەن و نزیکبوونەوە لەکردنەوەی سیستمی زمانە.
پشت دەبەستین بەو چەمکە سیمیۆلۆژیانە، سەرەتاش بەرلەوەی هیچ شتێك لەسەر ئەو ئەزموونە بڵێین خۆمان لەو پێناسە بۆ زمان وتازەگەریی نادزینەوە بە بیانووی جۆراو جۆر. بەر لەوەی هەر چەمکێك بکەین بە میکانیزمی خوێندنەوە پێویستمان بە بوونی دوو پرسیارە بۆ چوونە نێو باسەکە، کە ئەویش پرسیارە لە زمان وتازەگەری کە ئەو نووسینە پشتی پێ دەبەستێت، ئەوەش بەو مەبەستەیە خوێنەر نەخەینە نێو یۆتۆپیای تازەگەریەوە، بۆیە بۆ وەڵام بە هەریەك لەو دووپرسیارەش سەرەتا بەرەو هەرە پرسیاری باو دەگەڕێینەوە بۆ زمان کە زۆرینەی سیمیۆلۆژیستەکان کردیان ئەویش پرسیاری زمان چییە؟
دیارە ئەو پرسیارە وامان لێ دەکات ستراتیژی خوێندنەوەمان ڕۆشن بێت کاتێ زانیمان چۆن سەیری زمان و وەزیفەکەی دەکەین. زمان بریتیە لە سیستمێکی ئاماژەکاریی، کە خاوەنی دوو فاقیەتێکە ئەویش دال ومەدلولن، ئەوە لەپاڵ ئەو ڕاستیەی کە زمان و ئاخاوتن خاوەنی یەك بونیاد نین بەڵکو دوو بونیادی جیاوازن، ئاخاوتن ئەگەر پێشتر بە بەشێکی سەرەکی لە زمان تەماشا کرا بێت.





ئەوە بە دوای میتۆدیی سیمیۆلۆژی ئاخاوتن تەنها بەشێکی تاکە لەناو زمان، دیارە ئەگەر هەمان پرسیاری لەزمانمان کرد بۆ کورترین پێناس پرسیارەکەمان گواستەوە بۆ تازەگەریی کە ئاخۆ: تازەگەریی چیە؟ بەچی دەووترێ تازەگەریی؟ لەوەڵامدا دەڵێین،"تازەگەریی دەبێت لەتەك خۆیدا بەها ومانا و ڕەفتاری خۆی هەڵگرێت.. خەسڵەتەکانی سەردەمی خۆی پێببێت، درێژکراوەی سەردەمەکانی تر نەبێت، بەڵکوکاڵبوونەوە ولاوازبوونیان بێت"(ئیمبراتۆریەتی وەهم/ بەختیار عەلی، ڕەهەند ژمارە ٥)
گەران بەدوای تازەگەری لەگوتاری شیعریماندا پێویستی بە پرسیارکردنەوەیە لەکۆی ئەو پرۆژانەی کە پەیوەندیی نێوان زمان ونووسین لەناو بیرکردنەوە وتێرامان دانابڕێت نەك بەو مانایەی کە پێویستە شیعر هەڵگریی پرۆژەیەکی فیکریی ڕووت بێت، بەڵکو مەبەست پەیوەندیی شاعیرە لە نێوان زمان وشتەکانی دەوروبەریدا، کە سیستمێکی داخراوی زمان توانای ئەوەی هەیە تەواوی پرۆژەیەکی شیعریی بەرەو داخران بەرێت، هەر بۆیە ئەدەبی کوردیی خاوەنی کولتورێکی دەوڵەمەندە لەو جۆرە دەقانە کە لەگەڵ نووسینی شیعرەکە دەقێکمان نابێت بۆ گفتوگۆ و دۆزینەوەی پەیوەندی زمان وئاستی دەلالی هێندەی دەقێکی مردوومان دەبێت کە توانای تێپەڕاندنی پێش خۆی نییە.

هێندەی دەیەوێت لەسەر ئەوکولتورە پێشینەیە بژییێت، ئەوەی لەوەش کۆمیدی تر دەردەکەوێت پەیوەندیی بە دەقەکانەوە نییە هێندەی لەپشت ئەو بانگەشە کاریەوەیە کە لەپشت ناوی تازەگەریەوە خۆی نمایشت دەکات، بێ ئەوەی قسە لە ئاستی ئەو بەرەو پێش چوونە بکەین کە شیعریی کوردیی لەکوێوە بەرەو پێش دەڕوات و لەکوێش تووشی وەستان و بێدەنگی دێت.

هەر بۆیە ئەوکاتەی بیر لە تێروانینی لەم چەشنە بکەینەوە خێرا ئەوەمان هاتۆتە خەیاڵەوە کە ئەم بۆچوونانە شاعیرێکی داهێنەری وەك شێرکۆ بێکەس دەگرێتەوە؟ بەڵام بۆ ئەوەی ئەوقسانەمان نەچێتە ناو ستایشکردنی شاعیرێکەوە پێویستمان بەوە دەبێت، چۆن ئەو شاعیرە لەناو ئەو بۆچوونە بەدەرە، ئەوە دەبێت لە ڕێگەی ئاوڕدانەوە لەو ئەزموونە شیعریەی شێرکۆوە بێینە دوان.

دیارە شێرکۆ شاعیرێکە بەشی شێرینەی لە ووتاری ڕەخنەیی لەسەر نووسراوە، هەر لەو ووتارانەی کە شیعریی ئەو شاعیرەمان مەحکوم دەکەن، بە ئایدیۆلۆژیا و تا دەگاتە ستایشی بێمانای ئەو قەڵەمانەی کە توانای دواندنی دەقیان نەبووە، بۆیە کەووتونەتە ناوبردنی بە داهێنەر و بێئەوەی بتوانن ئەوەمان بۆبسەلمێنن.





دیارە لەپاڵ ئەونووسینانەش هەندێك قەڵەمی دیار ئاوری جدیان لەو ئەزموونە داوەتەوە، بەڵام ئەوەی ئەو باسەی ئێمە لەوانی تر جیا بکاتەوە تەنیا ئەوەیە دەمانەوێت لەڕوانگەی زمان و ڕەخنەی سیمیۆلۆژی لەشیعری شێرکۆ قسە بکەین کە ئەوەیان ڕەهەندێکی تەواو فەرامۆش کراوی شیعریی ئەو شاعیرەیە هۆیەکەشی ئەوە بووە، وەك ئاماژەمان پێدا کورت کردنەوەی شێرکۆ بووە لەناو دەلالەتی سیاسی یان ستایشکردنی بووە، کە دیارە فەرامۆشکردنی ڕەهەندیی سیمیۆلۆژی ناو دەقەکانی کەلێنێکە دەشێ مافی ئەوەمان پێبدات کە ئێمە تا ئەو ساتەوەختە بەدەگمەن نەبێت نەمان توانیووە بەشداری لە پرۆسەی نووسینەوەی شیعری شێرکۆ دا بکەین، بەڵکو سەرنجەکانی خۆمان لەسەری تۆمارکردووە، سرووشت کە بووە بە سیمای شیعری گۆران وخاڵێك بوو بۆ ڕەهەندێکی تازەگەری شیعریی کوردی وتوانای ئەوەی نەبووە ئەوچەمکە تێبپەڕێنرێت، لێرەوە هەوڵ دەدەین قسە لەو ساتە وەختەی تازەگەری شیعری کوردی بکەین کە دوای گۆران چۆن ناتوانرێ چەمکی سرووشت ڕەهەندێکی جیاواز وەربگرێت، تەنانەت ڕوانگە کە بانگەشە بۆ تازەگەری دەکات هەر لەناو دیدی گۆران بۆ شیعر دەسوڕێتەوە، تا ئەوگۆڕانەی بەسەر شیعری شێرکۆدا دێت، بە تایبەت بە دوای قەسیدەی کۆچ، دەبێ قسەیەکی تر لە ئەزمونی ئەو شاعیرە بکرێت، کە چۆن

سرووشت لە ستایشەوە بەرەو دۆڕاندنی ستایش دەبردرێت، ئەوەش بەتەنیا لەسەرئاستی مانا نییە، بەڵکو دیدێکی کراوەیە بۆ زمان.

(٣)

چەمکی سرووشت دیارترین چەمکی ناوشیعری شێرکۆیە کەتەواوی ئەو ڕەهەند و مانایانە دەگۆڕێت کە گۆران دەیهێنێتە ناوشیعریی کوردیی و ناتوانرێ لەناو ئەو ڕەهەندە گۆرانیە مانای تری پێبدرێت.

سەرەتا پێویستە ئەو گۆڕانە بخەینە ڕوو کە بەسەر (گۆران) ی دەهێنێت، چونکە ئەزموونی شێرکۆ تەواوکردن و نووسینەوەی پرۆژەی تازەگەری شیعریی کوردیە، کە گۆران بەناتەواوی بەجێی دێلێت، بەمانای سرووشت چەمکێکی ناتەواوە لە شیعریی ئێمەدا و شێرکۆ بەشداریی لە نووسینەوەی دەکات، چونکە ئەوانی دیی سەرقاڵی گۆران بوون توانای ئەوەیان نەبووە بەشداریی لە نووسینەوەی بکەن، دیارە ئەو سەرنجە ڕوانگەش دەگرێتەوە، چونکە لەناو ئەزمونی گۆرانەوە خەریکی گەمەی تازەگەری بوون، ئەوەی گۆران وڕوانگە بەیەك دەگەیەنێتەوە زمانی وەسفیە، زمانێك لای گۆران هەڵدەستێ بەڕەسم کردنەوەی سرووشت، بەو کارەش گۆران گەشە بەفۆرمی شیعریی دەدات، بەڵام نابێت بەخولقێنەری زمان.





گۆران تەنها" مەبەستی وەسفکردنی دیمەنی سرووشتی بووە، ئەم وەسفەش بەهەڵاتن لە واقیع و ژاوەژاو و کێشمە کێشی واقیع دادەنرێت، بەمەش دۆخێکی ساکار و هێمنی بۆ خوێنەر پێکهێنا" (ئاگایی زمان، زمانی ئاگایی/عەبدولموتەلیب عەبدوللا/ سلێمانی ١٩٩٩/ لا ٣٧)

ئەوتوانایەی نەبوو ئەو دوالیزمەی نێوان خوێنەرو دەق بڕووخێنێت، و لە سیستمێکی تردا ئەو پەیوەندیە ڕێك بخاتەوە بەواتای زمان هەردیلی نێو دەق دەبێت، ئەوەی گۆڕانی تیا ڕوودەدات ئەوە ئیدراك کردنی شاعیرە بە سرووشتەوە، وەك چۆن ڕوانگەش گەمەکەی گۆران دووبارە دەکاتەوە، بەڵام بەجۆرێکی تر بەوەی سرووشت دەگۆڕێ بە ئایدیۆلۆژیا.

ئەوەش پەیوەندیی بەو ڕاستیەوە هەبوو کە"شاعیرانی ڕوانگە شیعریان کردە زمان حاڵی ئایدیۆلۆژیا و ئایدیۆلۆژیا وەك سیستمێکی سانسۆر کاری تیا دەکرد، بیرکردنەوەی شاعیریش بیرکردنەوەیەکی ئاراستە کراوو مەبەستدار بوو"(ئاگایی زمان/لا ٣٧)

ئەوەش پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە سرووشت لای گۆران دەبێتەوە بەرهەم هێنەری فۆرمی شیعریی و نەك خولقێنەری زمان، بۆیە چەمکی تازەگەری لە شیعری کوردیدا لەنێوان سرووشت و ئایدیۆلۆژیادا دەخولایەوە، کە لە جەوهەردا

**هەردووکیان نوقمی کاریگەری سرووشت بوون، وەك ئەوەی هەیە نەك وەك ڕوانینی جیاواز، چونکە دواجار گۆران بۆخۆی مانای سیاسی لەناو دەق فەرامۆش نەکردبوو، ئەومانایەی کە دواتر ڕوانگە بە دەسکەوتی تازەگەری خۆی سەیری دەکات، کە لەڕاستیدا ئەوەشیان بەرهەمی گۆران بوو نەك ڕوانگە.**

**بۆیە ئەگەر بمانەوێ جیاوازی لەتێروانینی شێرکۆ و گۆران لەیەك جیا بکەینەوە ئەوە سرووشت "ئەو سنورە تەسك و تروسکانەی کە گۆران بۆی کێشابوو، وە دەبێتە سنورێکی بە ئینسانی کراوە کە بەهاکانی هەڵگریی مانای ڕامیاریانەیە، سرووشت لای شێرکۆ نایەت تا جوانی خۆی نمایش بکات، بەڵکو دەنگێکە کە دەنگی مرۆڤ و مێژوو دەگوازێتەوە" (نەرسیسی کوژراو/ بەختیار عەلی/ کتێبی: تیرێژەکان و شیعری شێرکۆ بێکەس/ سلێمانی ١٩٩٩/لا ٥٧)**

**هەر بۆیە لەقەسیدەی (کۆچ) دا دەبینین خەمی شێرکۆ لەفۆرمی شیعریی ناوەستێ بەڵکوخەمی ئەو چۆتە سەر دیدێکی فراوان بۆ زمان، ئەوەش وای کردووە پەیوەندیی ئەوی شاعیر لەتەك سرووشت پەیوەندیەك بێت ئەوەی دەکەوێتە نێوانیانەوە زمان بێت.**

**لەنێوان شاعیر و سرووشتدا کاتێ زمان دەکەوێتە نێوانیان بوونی ئەو بۆشایە کە زمانە دەبێتە کەناڵی پەیوەندیان**





**بەیەکەوە مانای سەرەتای نووسینەوەی پەیوەندیی جیاوازە، ئەویش نووسینەوەی سرووشتە لەڕێگەی زمانەوە.**

**مەبەستمان نووسینەوە لەڕێگەی زمانەوە بەمانا (بارت) یەکەیەتی، چونکە ئەو نووسینەوەیە تەقاندنەوەی خەیاڵگەی شاعیرە، بەوەش تەقاندنەوەی کانی وەك ئاماژەیەك بۆ سرووشت و مەمکی پەری خان وەك ئاماژە بۆ جەستەی دۆست دەبێ بە دۆنادۆنی ئەو پەیوەندیە، ئەوەش وادەکات پەیوەندیی نێوان شاعیر و سرووشت پەیوەندیەك بێت لەو مانا گۆرانیە جیاواز بێت، هۆیەکەشی ئەوەیە لای شێرکۆ ئەو پەیوەندیە هەڵگری دەلالەتی شاراوەیە و بەتەنیا هەڵگری ئەو مانایە نییە کە ئاماژە دەیگەیەنێت، بەڵکو ئەو ئاماژەیە دەبێ بە دەنگێك کە هەڵگریی(منی کوردی) و (مێژووی من) ە.**

**بەمانای خود و مێژوو لەناو ئەودەنگەی سرووشت دێنە بوون، هەر بۆیە باران بەلایەوە بەتەنیا وێنەیەك نییە بۆ سرووشت، بەڵکو باران ئاماژەیەکی سرووشتە کە خود و مێژوو لەڕێگەی زمانەوە سرووشت دەنووسنەوە، نووسینەوەی سرووشت پەیوەستە بەکۆی ئەو تراژیدیە خودیەی شاعیر و مێژووی نەتەوە بەهەموو شکست و هەڵسانەوەکانی.**

**بۆیە لەبەرامبەر ئەو دوو شاعیرە تازەگەرەداو بۆ ناسینی ئاستی جیاوازیان لەچەمکی سرووشت بەختیارعەلی بڕوای وایە کە"سرووشتی شێرکۆیی، گەوهەری خۆی دۆڕاندووە،**

نەرسیسێکی کوژراوی لەدوای خۆی بەجێ هێشتووە، سرووشت لای گۆران خودی سرووشتە لەوپەڕی ساتەکانی سەرسامی و مەستیا بەجوانیەکانی خۆی، بەڵام سرووشتی شێرکۆیی، سرووشتێکی ترە، سرووشتێك خەسڵەتەکانی مرۆڤێکە تێکەڵاو ماناکانی بووە و ئامانجی دیکە بەوێنە ئاڵۆزەکانی سپێردراوە" **(نەرسیسی کوژراو/ لاپەرە ٦٤)**

پەیوەندیی مرۆڤ بەسرووشتەوە.. گەڕانەوەیە بۆ یادەوەری زمان، یادەوەریەك پەیوەستە بە زەمەنی بەسەر چوو، زەمەنێك زمان دەسبەرداری نەبووە بەوەی سرووشت بەشدارە لە زیندەگی خود، بۆیە پەیوەندیی فەرهاد بە ڕووبار بەتەنیا پەیوەندیی عاشقێك نییە بە سرووشتەوە، وەك لای گۆران دەردەکەوێت، بەڵکو پەیوەندیەکە هەڵگریی دەلالەتی مێژوویی و فکریشە، ئەوە بەتەنها فەرهاد نییە چۆن توانای عەشقی لەو چەشنەی شیرینی هەیە، بەڵکو ئەوە فرە ڕوانینی دنیای ئێمەیە کە ئایا دەتوانین عەشقی فەرهاد لەڕێگەی دۆنادۆنی نێوان (مێژوو/سرووشت) بگوازینەوە بۆ خۆمان؟:

"تۆبیبینە لێوی نافرێ وناگاتە من؟!
فەرهاد شیرینی وات ئەوێ؟!
فەرهاد ڕووبارێکت ئەوێ
درەختی خۆی بخنکێنی؟!
فەرهاد باڵدارێکت ئەوێ





**هێلانەی خۆی بشێوێنێ و**
**ڕازی بێ بەوەی کە نەفڕێ؟!"دووسرووودی کێویی/لاپەرە٢٨**

چونکە بەلای شێرکۆ وە هەریەکە لە(فەرهاد، ڕووبار، درەخت) سێ ئاماژەی مێژووی نێو زمانن کە دیدی زمان لەناوشیعردا دەگۆڕن و لە چوار چێوەیەکی تەسکدا نایهێڵنەوە.

فراوانکردنی ئەو ڕووبەرەی زمان لە ڕێگەی گەڕانەوەیە بۆ ئەفسانەی دەڵەدێوی نووستوو، پەیوەندیی خودی کوردیی بە ئاوی سوور، دۆنادۆنی ئەوخودەیە لەتەك خوێن، کە مێژووی خود دەبێ بە مێژووی برین.

هەر بۆیە ڕووبار وەك ئاماژەیەکی سرووشت هێما سرووشتیەکەی خۆی تێك دەشکێنێ و بە دەلالەتی مێژوویی بارگاوی دەکرێتەوە.

وەك چۆن لە دەقی (برایمۆك و گۆرانی بەفر و منداڵیم) ئەوە تەنیا سرووشت نییە مانای تر وەردەگرێ، بەڵکو بەیتە کوردیەکانیش لەناو ئەو دەقەدا جارێکیتر بە ڕەهەندی جیاوازەوە دەنووسرێنەوە.نووسینەوەیەك کە بەیت تەنیا حیکایەتێکی بەسەرچوو نەبێت، هێندەی دەبێت بەڕووداوێك لەناو دۆخی هەنووکەیی زماندا دێتە بوون، ئەو ئاستەی ناو مانای جیاواز ڕێك بە پێچەوانەی قەسیدەی (داستانی هەلۆی سوور) ە، ئەو دەقە بەگژ داچوونەوەی خودە لەتەك مێژوودا، هەوڵێکە بۆ گوتاری مانەوەی خود، ئەو گوتارە توانای

**خوڵقاندنەوەی زمانی نییە، بەڵکو لەناو تاکرەهەندی ماناکانی ژیان و جوگرافیای شوێن خۆی دادەخات:**

**"لەو دەمە دا**
**پیاوانی خوێن و هەتاو دز**
**پیاوانی بیر عەمارە پۆ**
**لەناو لنگی سۆزانیەکانی تاراندا**
**لاسلکیان بۆ یەك ئەکرد"داستانی هەڵۆی سوور/لاپەرە٣٠**

**ئەوئاستەش بەشێکی زۆری دەقەکەی تیادا دەژی، ئەو جۆرە زیندەگیە هەر لە ناونیشانەوە تێی دەگەین، کە ووشە ئاماژەیەکی نەگۆڕی هەیە ڕێگە نادات سرووشت مانایەکیتر وەربگرێت، دیارە ئەوە ووشە نییە ئەو کارە دەکات ، بەڵکو سیستمکی ڕێکخەری ڕستەکەیە لەناو ئەو سێ ووشەیەدا وامان لێ دەکات ببینە خاوەنی وێنەیەکی نەگۆڕ.**

**بەتایبەت ئەوەی لەو پرۆژەیە لامان نامۆ نابێت ئەوەیە کە ڕەنگی سوور لای شێرکۆ ئاماژەیە بۆ قوربانی و مەرگ و شەهید بوون، وەك چۆن لە کۆچ دا ئاوی سوور هەمان دەلالەتی هەیە، بۆیە لە (داستانی هەلۆی سوور) ڕەسم کردنەوەی سرووشت چەمکێکی تەواو فەرامۆش کراوە لەناو مانایتر، بەڵکو شتەکان هەر هەمان وەزیفەی نێو ژیانیان هەیە.**

**ئەوەش هەر ئەو وێنە سادەیەی سرووشتە کە لای گۆران هەیە، دیارە ئەوەیان خەوشێکی نێو دەقەکە نییە، بەڵکو پەیوەندی**





**بەوەوە هەیە شێرکۆ پێشتر لە دوو سروودی کێوی توانیبووی ئەو مانا (گۆران) یە بۆ سرووشت بگۆڕێت.**

**بۆیە ئەو گەڕانەوەیە بەو چەشنە کە هەموو موفرەدە شیعریەکان لەناو دەلالەتی شوێن تاکە وەزیفەیەکی دەست نیشان کراویان هەیە، داخستنی ئەو سیستمەی زمانە کە لەناو مەبەستەکانی دەقدا هەموو ماناکان دەکوژێت، دیارە دوای چەندین ئەزموونی تر ئەو گەڕانەوەیە لە بۆننامەدا جارێکی تر بینرایەوە، نەك هەر لەڕووی پەیوەندیی شێرکۆ بە تاکە ڕەهەندێك بۆ ووشە تەنانەت سرووشتیش لەناو وەسف و پەیوەندیی سرووشتی دەرناچێت، لێرەدا هەوڵ دەدەین هەڵوەستەیەکی کورت لەسەر بۆننامە بکەین و دواتر دەگەڕێینەوە سەر فەزای گشتی سرووشت لە نێوان ستایشکردن و دۆڕان.**

(٤)

**کاتێك ڕووداوێك دەبێت بەزەمینەی ژێرخان بۆ گوتاری دەق، ئەو کاتەی ئەو پرسیارەی لە هەناوی کردەی وەرگرتن دێتە بوون، پرسیارە لەو ئاسۆیەی ئەو دەقە بە ڕووی ڕووداو ئاوەڵای دەکات، کە ئەودەقە تا چەند توانای خوڵقاندنەوەی فەزایەکی سەربەخۆی هەیە، کە ئێمە لە ڕووداوەکەوە دەق نەناسین، بەڵکو دەق ببێتە هۆی ئەوەی دیدێکی ترمان بۆ بکاتەوە، تا ئەو ڕووداوەی تیا ببینین، ئەوەش پەیوەندیی بە**

فرە ئاستی دەلالەتە لەناو دەقدا، بەڵام ئەو کاتەی دەق لەناو تاکە دەلالەتی گیری خوارد، توانای زمان وا بەستەیە بە توانای ڕووداو، کە ئەوەشیان بۆ هەر دەقێك هەڵگریی کۆمەڵێك پرسیار و ڕوانینی ڕەخنەیی جیاوازە، ئەوەش وامان لێدەکات دەقی (بۆننامە) ببێت بەو هۆکارەی کە شێرکۆ بێکەس لەناو ئەو دەقەدا ناو بەرین بە (دژە شێرکۆیی).

ئەو ناو بردنە بەو مانایە نییە کە ئەو دەقێکی جیاوازمان پێدەبەخشێت، بەپێی خاسیەتەکانی شاعیرێکی تازەگەر کە دوای ئەوەی دڵنیا بێت نەوەکان نەتوانن ئەفسانەی شێرکۆ تێك بشکێنن ئەو لەڕێگەی گەڕانێکی تر ئەو ئەفسانەیە تێك بشکێنێت و بەدیدێکی تری شیعر ئاشنامان بکات (ئەو دەستەواژەیە ئاماژەیە بۆ ووتارەکەی هاوڕێی شاعیرم رامیار مەحمود، بەناوی: باشێرکۆ بێکەس لەیاد بکەین)

نا بەڵکو تەواو بە پێچەوانەوە بۆننامە دەبێتە ئەزموونێکی دژە شێرکۆیی، چونکە فرە دەلالەتی ووشە دەبێت بە قوربانی ڕووداوێکی سیاسی، بەوەی ووشە لەناو تاکە دەلالەتی ڕووداو دەمێنێتەوە و توانای ئەوەی نییە ڕەهەندی تر بە ووشەی دەنگی ببەخشێت.

ئەگەر سیمیۆلۆژستەکان لەسەر ئەوە کۆك بن کە مرۆڤ بوونەوەرێکی زمانەوانیە، دەپرسین: بۆچی شێرکۆ لەناو ڕووداو بوونەوەرێکی سیاسی بێ زمانە؟ هەڵبەت بێ زمانی





مەبەست لە گێڕانەوەی ڕووداوێکە کە شاعیریەتی ئەو لە گێڕانەوەدا بەشدار نابێت، دەشێ بیانووی شێرکۆ بیانووی شاعیرێك نەبێت کە بوونەوەرێکی زمانەوانییە، بەڵکو شاعیرێکە دەیەوێ لەبەرامبەر ڕووداوە سیاسیەکان هەڵوێستی خۆی نیشان بدات، ئەوەش بۆ ساتەوەختێکی مێژووی بگەڕێنێتەوە، بەوەی ڕووداوە مێژوویەکان دەبێت گەیاندنی حەقیقەت بن لەناو نووسین، ئەگەرچی حەقیقەت بە شیعریەت دەگۆڕێت بە ئاڵوگۆڕ کردنیشیان بە واتای شاعیر دەیەوێت شیعر شوێنێکی تریشی بۆ بگرێتەوە، تاوەکو وەزیفەیەکی تریش بە شیعر ببەخشێت.

لەو کاتەدا ناچار دەبێت قوربانی بە بەشێکی ئەو پێکهاتەیە بدات کە سیستمی نوسین ڕێك دەخەن، بۆیە نووسین ئەو سیستمە سەربەخۆییە کە دەبێ لەگەڵ بونیادی دەرەکی و لەدەرەوەی سیستم تێکەڵ نەکرێت، چونکە ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی فەزای فرە ڕەهەند بدۆڕێنێت و ببێت بە خاوەنی تاکە فەزایەك، ئەوەش ڕەهەندی ناو ڕووداوە واقیعیەکەیە، کەوا دەکات خاوەنی وێنەی نەگۆڕ بێت، بۆچی؟ چونکە بۆن لەو دەقەدا نابێتە ئاماژەیەك بۆ بەرهەم هێنانەوەی دەلالەت، بەڵکو پەیوەندیی بۆن بە شتەکانەوە پەیوەندیەکی کۆنکرێتی نەگۆڕە، کە زمان بەشداریی لە نووسینەوەی دەلالەتی بۆن ناکات، هێندەی پەیوەندیی سرووشتی خۆی لەتەك شتەکان

**دەژییێت، تەنانەت بەخشینی هێزێك كە لە جەستەی گوتاری سیاسیماندا خیانەتیش دەكات، دیسان بەخشینی تاكە دەلالەت و سەیر كردنی ئەو هێزەیە وەك هەریەك لە شتەكان، نەك ئەو هێزە ببێت بە هێزی بۆن.**

**بۆیە وێنەی دەنگی دال وێنەیەكی نەگۆڕی نێو واقیعە، وێنەیەك نایەوێ دەلالەتەكانی بەر لە زمان بشكێنێت و لەناو دەقدا خۆی تەسلیمی زمان بكات بۆ نووسینەوە، بەڵكو ئەو وێنەیە بە نووسراوەیی دێتە ناودەق و بە نەنووسراوەیش لەناو دەق تەواو دەبێت.**

**لەو كاتەدا چەمكی (مەرگی نووسەر) بە (مەرگی دەق) دەگۆڕدرێت، چونكە شاعیر هەڵناستێت بە نووسینەوەی زمان، بەڵكو تاكە ڕەهەندی ئامادەبوو دەبێتە بەربەست لەبەردەم ڕەهەندە جیاوازەكان، كە دیارە دەقی تاكڕەهەندیش دەقێكی دژە شێركۆییە، دەقێكە لەناو تاكە ڕەهەندی ئامادەی ڕووداو مانا دەكوژێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو كوشتنە تەنیا بۆ شاعیرێكی داهێنەری وەك شێركۆ بێكەس كوشتنە.**

**شاعیرێك كە مێژوویەكی لە فرە ڕەهەندی مانا هەیە، تەنانەت ئەگەر ئەو قسەكردنەی ئێمە لەسەر فرە ڕەهەندی ماناو نووسینەوەی زمان نەوەستابا دەبوایە لایەنی ئیستاتیكی ناو دەقەكەی فەرامۆش نەكردبایە، هەر لەناو نیشانی دەقەوە كە خوێنەر ئامادە دەكات بۆ وەرگرتنی نامەیەك كە بۆنە.**





**بۆن لەو دەقەدا دەبێت بە تاكە سیمبولێك بۆ ناسینەوەی شتەكان، بەڵام دواجار دیسان ئەوە بۆنە توانا لە زمان وەردەگرێتەوە و دەیداتەوە بە ڕووداو.**

**لەناو ڕووداویش ئەو خاوەنی دیدێكی ئایدیۆلۆژیە، دیدێك تەواوی ئەوانەی وەك ئەو نەبن بەرپرسیان دەكات بەرامبەر بە تاوانێك، بە مانای ئەوەی شێركۆ شاعیرێكە بێدەنگی قبووڵ نییە لە بەرامبەر ڕووداوەكان "هیوادارم خوێنەر ئەوەی بیر نەچێت كە ئێمە لێرەدا مەبەستمان قسەكردن نییە لە ڕووداوێك كە ئێمە وەك ڕووداوێكی ئاسایی تەماشای دەكەین، بەڵكو بە پێچەوانەوە ئێمە لەبەردەم ڕووداوێكدا بووین كە هەڕەشەی لە كۆمەڵێك چەمكی نێو ژیانی كوردیی كرد كە ئەوەیان دەكرێ لە دەرەوەی شیعرەوە قسەی تری لەبارەوە بكەین، ئەوەی لێرەدا لەبارەیەوە دەدوێین تاڕادەیەكی زۆر جیاوازە، هەربۆیە پێویستە ئەوەمان بیرنەچێت ئێمە ئێستا قسە لەسەر شیعر دەكەین"**

**دیارە بوونی تێگەیشتنی سیمیۆلۆژی بۆ ئەو دەقە وامان لێ دەكات ڕەخنەكانمان لەو شاعیرە ڕەخنە نەبێت لە دێر و دەستەواژە، بەڵكو ڕەخنە بێت لە پەیوەندیی نێوان (مێژووی سیاسەت و مێژووی كۆمەڵگا) كە كامیان دەسەڵات بەرهەم دێنن، كە دیارە لای بارت دەسەڵات لەناو مێژووی كۆمەڵگا دایە، ئەوەش بە (دەسەڵاتی زمان) ناو دەبات، بەڵام كاتێ**

**شێرکۆ دەیەوێ لە مێژووی سیاسەتەوە دەسەڵات بدۆزێتەوە، لەڕاستیدا ئەو ناتوانێ خولقێنەری زمانی شیعریی بێت، بەڵکو دەبێ بە نێرەری گوتاری سیاسی بۆ دەسەڵات.**

**(٥)**

**سرووشت لای شێرکۆ بە تەنیا ڕوانینێکی شاعیریانەی نێو دەقێك نییە، بەڵکو تێرامانێکی شیعریی ئەزەلیە تێڕامانێك لە شاعیریەتی خود جیا نابێتەوە.**

**هەر بۆیە ئەو جیاوازیەی دەکەوێتە نێوان (شێرکۆ و گۆران) لە شوێنێکدا کۆتایی نایە، بەڵکو ئەو لە یەکێك لە پرۆژەکانی دواییدا (پایزە میوان) ئەو جیاوازیە خەستر دەکاتەوە، بۆ ئەوەی ئەو سیما جیاوازانە ببینین، دەپرسین: پایزە میوان تاچەند شێرکۆ لە گۆران نزیك دەکاتەوە؟ ئایا ئەو ئەزموونە توانای ئەوەی هەیە ڕووبەرێکی سەربەخۆ بۆ خۆی بدۆزێتەوە و لەناو فەزای گۆران نەژییێت؟ ئەو ڕەهەندە زمانەوانیانە چین کە ئەودەقە دەبێ بە هەڵگریی؟**

**ئێمە پێشتر لەڕێگەی قەسیدەی پایزی گۆرانەوە ئاشنایەتیمان بەو ڕوانینە شاعیریانەی گۆران هەیە بۆ سرووشت، بۆیە ناسینەوەی سیما شیعریەکانی لە سرووشتدا دەکرێ ئاسانتر بێت بەوەی لە شێرکۆ، شێرکۆ شاعیرێکە توانای گۆڕینی مانا گۆرانیەکانی هەبووە،وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، بەڵام ئەوەی ئێستا بەلامانەوە گرنگە ئەوەیە کە تا چەند ئەو شاعیرە توانای**





**بەجێ هێشتنی سیماکان و خاسیەتەکانی ئەو ئەزموونەی پێش خۆی هەیە لەناو گوتاری تازەگەری کوردیدا ئەوەیان بەلای ئێمەوە گرنگە، نەوەك ئەو بۆ جارێکیتر بەدوای مێژووی پێش شاعیرانی خۆی دەچێتەوە سەر پایز، بەڵکو ئەوەی بەلامانەوە مەبەستە ئەوەیە ئەو مانایانە چیین دەقی شێرکۆیی لە پایزدا بەرهەم هێنەریەتی.**

**ئێمە سەرەتا هەوڵ دەدەین تێگەیشتنێکی گشتی لەسەر چەمکی پایز لای گۆران بخەینە ڕوو، دوای ئەو تێگەیشتنە ئەوسا دێینە سەر هەمان چەمك لای شێرکۆ و تاوەکو توانای ئەوەمان هەبێت ئەو جیاوازیە ببینین.**

**دیارە لە ئەزموونی گۆراندا ئەوەی لامان شاراوە نییە ئەوەیە کە وەسفی گۆران بۆ سرووشت پەیوەندیەکی شاعیرانەی بینراوە، بە مانای ئەوەی ئەو شاعیرێکە دەیەوێ ڕەسمی ئەو وەرزە بکێشێتەوە، کە پایزیش دەچێتەوە ناو سرووشت، بۆیە پایز لەناو وەسفی سرووشت ڕەسم دەکرێتەوە، بەڵام ئەوەی لەو دەقەدا گۆران دەیەوێ ئەو پەیوەندیە سادەیە تەنها لە ڕەهەندی وەسفکردنی سرووشت نەمێنێتەوە، ئەوەیە کە ئەویش شوبهاندنی خۆیەتی بەو وەرزە، بەوەی بە هەردووکیان زەمەنی حەسرەت و نائومێدیی دەژین.**

**"من مات تۆ زیز**
**هەردوو هاو دەرد**

**من فرمێسکم تۆ بارانت**

**من هەناسەم تۆ بای ساردت**

**من خەم، تۆ هەورە گریانت**

**دوای نایە دادم، دادت"    (دەقی پایز/گۆران)**

**ئەوەش پەیوەندیی نێوان (خود/سرووشت) دەكات بە پەیوەندیەكی هاوبەش بەوەی خود بەشێكی تەواوكەری سرووشتە و لە بەشداریی و چوونە ناوەوەی یەك و ئەو پەیوەندیە دەبێتە ئاڵ و گۆڕكردنی یەكتری.**

**بۆیە پایز ئەو وەرزەیە كە خود و سرووشت كۆ دەكاتەوە، ئەوەش چێژی مانەوە و گەیشتنە لوتكەی ئەو چێژەیە، بەڵام چێژێكی ماسۆشی كە ئازار دەبێتە هۆی خۆشنود بوونی هەر دووكیان، چونكە ئەو ڕەسم كێشانەوەی پایز لای گۆران و تەواو كردنی ڕووە نادیارەكەی خۆیەتی، مانای كۆبوونەوەیە لەناو خەم و جەستەی یەكتریی.**

**بۆیە دێری "هەردووكمان جووت" ئاماژەیەكە بۆ ئەو كۆبوونەوەیە، كە دواتر دەبێ بە بەرهەم هێنەری گوتاری حەسرەت و نائومێدیی ئەویش دەقی پایزە، دەقێكە بۆ شاعیر هەڵگریی ترسێكی خودیە، كەچی لەبەرامبەر ئەوەدا ئێمە لای شێركۆ دەبینین پایز بە تەواوی لەو مانایە جیا دەبێتەوە، هۆیەكەشی ئەوەیە هەر لە سەرەتاوە ئەو ترسە دەگۆڕێت، ترسی خودیی گۆران لە سرووشت لای شێركۆ دەبێت بە**





**ترساندنی ئەوانیتر، چونكە بەلایەوە پایز وەرزێكە بۆ ئەوەی تۆڵەی بێگوناهی ئێمەی تیا بكرێتەوە، پایز لەو دەقەدا سرووشتی خۆی نمایشت ناكاتەوە، ئەوەش وەك پێشتر هەڵوەستەمان لەسەری كرد پەیوەندیی بە دۆڕاندنی گەوهەری سرووشتە لە ئەزمونی شێركۆییدا، كە سرووشت لەنێوان ڕەسم كردن و ستایشكردن دەبردرێتە دۆخێكیتر.**

**دۆخی ئامادەبوونی زمان لە ئێستادا، لەنێوان پایز و زماندا.. ئێستا وەستاوە، بەمانای هاوكێشەی (پایز/خود) ی گۆران دەگۆڕێت بە (پایز/ئێستا).**

**گۆران لەنێو ئەو هاوكێشەیەی لەڕێگەی دەقەكەی بۆ سرووشت ڕەسمی كردووە، دەقێكی پێ بەخشین هەموو سیستم و دەلالەتەكان داخرا بوون، ئەوەش بەو مانایەی كە گۆران دەقێكی داخراو بەرهەم دێنێت، تیایدا نوسەر ئامادەیە و نەوەك زمان توانای خولقاندنەوە و كرانەوەی سەر لە نوێی مانای هەبێت، ئەوەش پەیوەندیی بەو هاوكێشەیەی نێوان شاعیرە بە سرووشتەوە، ئەو هاوكێشەیە لای شێركۆ بە تەواوی ڕەتكراوەیە، هۆیەكیشی ئەوەیە ئەوخودی بە زمان گۆڕیووە، ئەوەش ئەگەر خود لای گۆران خودی شاعیرێك بێت هەموو شتێك لای خۆی كۆتایی پێ بێنێت، بەڵام لای شێركۆ ئەو خودە بەتەواوی تێك شكێنراوە و زمان سەر لەنوێ دەچێتە پرۆسەی نووسینەوەی ئەو پەیوەندیە، لەڕێگەی ئەو**

نووسینەوەیەش زمان سیستمێکی ئاماژەکاریی ئاراستەی خوێنەر کردووە، سیستمێك لەنێوان خۆی و پایزدا ئەوەی دەکەوێتە نێوانیان زەمەنی ئێستایە، بەمانای وەرگر لە کردەی خوێندنەوەدا بەشدارە لەزەمەنی ئێستا.

ئێستا لە (پایزە میوان) بەتەنها ساتەوەختێك نییە خوێنەر بەشداریی لەو زەمەنە بکات، بەڵکو ساتەوەختێکە بۆ چوونە نێو دۆخی زمانەوە، بەدواندنی زەمەنی ئایندەیە، ئەو زەمەنە دواتر وەك پایز دەتوێنێتەوە و لەناو زمان زەمەنێکی تر دەبێت بە هەڵگریی پرسیار، با ووردتر لەسەر ئەو خاڵە بوەستین.

ئەگەر پایز وەرزێك بێت بۆ ئەوەی قسە لە نائومێدیی زمان بکەین لەبەرامبەر خەونی مرۆڤی کوردەوە، ئەوا زەمەنی کرنۆلۆژیی نێو دەق هەمان وەزیفەی پایزیی دەبێت، چونکە ئەو زەمەنە لەڕێگەی زمانەوە دەخرێتە پەراوێزی دەقەوە و لە شوێنیدا زەمەنی ئەنتۆلۆژیی دێتە بوون، زەمەنێك دەبێ بە هەڵگریی پرسیار، پرسیاری ئەنتۆلۆژیی لە سرووشت دۆڕاندنی جەوهەری سرووشتە، لەسەر دوو ئاستی جیاواز کە دواتر ئەو ئاستانە دەچنەوە ناو یەك.

چونکە ئەگەر ئاستی یەکەم گۆڕانی شێرکۆ بێت لە گوتاریی تازەگەریی شیعریمان، ئەوا ئاستی دووەم کوشتنی سرووشتە لەلایان جەللادەوە.





شێرکۆ دێت هەردوو ئاستەکە بەیەك دەگەیەنێت، چونکە ئامادەیی ئەوەی تیا نییە ستایشی سرووشت بکات و دڵنەوایی سرووشت بەوە بکاتەوە.. کە خودیی ئەویش کوژراوە، بەڵکو ئەوەی بەلایەوە مەبەستە پرسیاری زەمەنییە، ئەوەش پرسیارە لە کوشتنی سرووشت، پرسیارکردن لە سرووشت هۆکاری یەکەمی لەپشت ئەو پرسیارە وەستا بێت کوشتنیەتی، بۆیە سرووشت لەو ئەزموونەدا جارێکیتر لەناو دۆخی زمانەوە دێتە بوون، بەڵام بوونێکی بریندار، برینێك کە بووە بە شوناسی ئەنتۆلۆژیای کوردیی ئەویش ئەنفالە.

ئەوەش گەڕانەوەیە بۆ زەمەنێکی نزیك کە سەحرا و زیل سرووشت دەکوژن، ئەو کوشتنە نابێتە هۆی ئەوەی شاعیر بێدەنگ بکات و سنوری پرسیار کردنی دەست نیشان کراو بکات، بەڵکو ئەو پرسیارەی لە سرووشتەوە دەست پێدەکات دەیباتەوە بەردەم خودا، کە خودا بۆچی بەزەیی بە ئێمە نایەتەوە؟

ئێمەی بێگوناه لەناو زیلدا کە بەرەو بیابانەکان بردراین. ئەو پرسیارەش بۆ دۆزینەوەی پەیوەندیی نێوان دەق و خوێنەرە، بەوەی (پایزە میوان) دەبێ بە هەڵگریی دەلالەتی سەفەری مەرگ، بەڵام مەرگێك جیاواز لە سرووشت، مەرگێك چەمکی پایز لە سرووشتەوە دەگوازێتەوە بۆ خود، بەوەی پایز دەبێتەوە بە ئاماژە بۆ قوربانی، پایز دەبێ بەو کارەکتەرەی

**زیلەکان بەرەو سەحرای دەبەن. ئەو بردنەش بۆ سەحرا دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ئەو پرسیارەی کە ئەو لە خودای دەکات، چونکە ئەو پرسیارەش دەگۆڕێت بە پرسیارێکی تر، ئەوش پرسیارە لە هاتنی خۆی:**

**"خودایە بۆ هاتم؟!**
**دوای ئێرە هەر تۆی لێی**
**بچمە کویێ ؟!"پایزە میوان/لاپەڕە(٨٢)**

**ئەوەش پرسیارە لە بوونی زمانی شیعریی لەتەك خودا، بەڵام خودایەك جیاواز لەو خودایەی لەزهنی مرۆڤەکانی کۆمەڵگا هەیە، ئەوە ئەو خودایە نییە کە دواتر گەر کڕنۆشی بۆ نەبەین سزامان دەدات، وەك چۆن ئەگەر گویێ ڕایەڵی بین پاداشتمان دەکات.**

**خودا لەو دەقەدا هەڵگریی ئاماژەیەکی زمانەوانیە کە دەلالەتی سرووشت دەدات بە دەستەوە، بەڵام ئاماژەیەکە ڕۆڵی سزا و پاداشت نابینێت، تەنانەت نابێت چاوەڕوانی ئەوەشی لێبکەین ستایشمان بکات، هۆیەکەشی ئەوەیە ئێمە مێژوویەکمان هەیە لەو ستایش و درککردنە بەو جوانیە، بۆیە شێرکۆ هەرگیز ئەو ستایشە بە پێویست نازانێتەوە، لەلایەك چونکە ئەوەتە ئەو هەر دەتوانێت:**

**"پەرداخێك لێوان لێو لە بادەی مەراق و**
**نامۆیی شەوانەی بێکەس و**





**هەروەها.. دوو تاڵیش لە قژە زەردەکەی،**
**بووکەکەی پاییزی گۆران و**
**دوو هەودای چریکەیش لە دەنگی دیلانو.."ل١٣٢**

**هەڵگرێتەوە و، وە لەلایەکیتریشەوە ئەو هەست بەو ڕاستیە دەکات ڕاستیەك کە شیعر توانای وەسفکردنی ئەو هەموو جوانی و ئازارەی پایزی نەبێت:**

**"کە پایز ئەم هەموو ژانانە و**
**ئەم هەموو جوانیانە و ئەم هەموو**
**شیعرانەی ناردبیێ..**
**تازە من شیعریی چی و خەمی چی و**
**گۆمی چی بنووسم بۆ پایز**
**ببورن من هاتم بۆ ئێرە و**
**شیعریشم نەنووسی!"ل١٣٣**

**ئەو بێدەنگیە لەبەرامبەر پایز تەنها بێدەنگی شاعیری تازەگەرە، شاعیرێك پڕۆسەی تازەگەری دانەبڕێت لە نووسینەوەی زمان، بە تایبەت بۆ شاعیرێکی وەك شێرکۆ، کە تێڕامانی شیعریی بۆ سرووشت لە بینینیەتی بۆ ڕەنگەکان.**

**بە مانای سرووشت لە بینینی ڕەنگ و سەر لەنویێ بینینەوەی سرووشت سەیر دەکات، ئەو تێڕامانە بۆ سرووشت تێڕامانی شاعیرێکە کە توانای بینینی جیاواز بەرەو ئەو قەسیدە جیاوازەی سرووشتی دەبات، ئەوەش تەنها لەسەر ئاستێك نیە**

بەتایبــەت هاوکێــشەی نێــوان زمــان و سرووشــت لای ئــەو شاعیرەمان بایەخێکی تایبەتی پێدەدرێت.

ئەگەر پێشتر هاوکێشەی (خود/سرووشت) ی گۆرانی گۆڕیی بە (زمان/ سرووشت) ئەوە لەو قەسیدەیەدا، خود دێت بەڵام خود شتێك نیە جگە لە نوێنەرێکی ڕاستەقینەی زمان، ڕێك بەو مانا هایدگەریە بۆزمان "کە زمان ماڵی بوونە"، بۆیە هاوکێشەی (دایك/ڕەش)، (شەو/خاك)،(خودا/کورد) هاوکێشەی نێوان مرۆڤ و سرووشتە کە لەناو دەقەکەدا پەیوەستە بە ناسینەوە بەبێ ئەو هاوکێشەیە ئێمە توانای ناسینی شتەکانمان نابێت، ببینینی ئەو پەیوەندیەی نێوان مرۆڤ و سرووشتیش مانای دۆنا دۆنی ئەو پەیوەندیەیە.

(٦)

ڕەنگدان قەسیدەی نووسینەوەی سرووشتە، دیدێکە بۆ ڕوانینی شاعیریانەی جیاواز، کوشتنی دەلالەتەکانی سرووشت و خوڵقاندنەوەی دەلالەتە لەناو زماندا.

زمان وەزیفەی ڕەنگ وەك ئاماژەیەکی ئیستاتیکی بارگاوی دەکات، بە فرە ئاماژەی ئەو داڵە، بەوەی داڵێکە بەتەنیا بینینی بۆ تەرخان ناکرێت، هێندەی وەزیفەی دەنگ و بیستن و بۆن وەردەگرێت، بە مانای ئەوەی ڕەنگ بە تەنیا بەشدار نییە لە تاکە هەستێکەوە، بەڵکو ئەو ئاماژەیە بەشداری دەکات لە





هەموو هەستەکانی مرۆڤ، بۆیە ئەو توانایە بۆ ژەنینی ڕەنگ توانای بەخشینی زمانە بە ڕەنگ:

"ئەم ئێوارەیە وا هاتووم..
لێرە ببم بە شمشاڵ و ڕەنگ بژەنم..
ڕەنگ.. ڕەنگ.. ڕەنگ
کێ ئەتوانێ ڕەنگ بژەنێ؟!.. من ئەیژەنم!"ڕەنگدان/ل٣

ئەو دەسپێکە بۆ دەق دەنگی شاعیر نییە، بەڵکو زمانە لەو دەسپێکەوە دەیەوێ مانایەکی جیاواز بە سرووشت ببەخشێت لەڕێگەی ڕەنگەوە، ئەوەش گومان و پرسیاری ساتەوەختێکی زمانە، گومانێکی شاعیریانەی دەپرسێت: "ڕەنگ ئەژەنرێ؟! بەواتایەکی تر ڕەنگ ئەکرێ بە دەنگ و بە ئاواز؟ ئەی بۆ لەم بیرۆکەیەوە نەچمەوە ناو ڕەنگەکانەوە؟"(**دیدار لەگەڵ شێرکۆ بێکەس/ شیعرستان ژمارە ٨/لا ٤١**)

ئەوگومانە بۆ نووسینەوەی سرووشت، گومانی شاعیرێکە کە توانای خوڵقاندنەوەی زمانی هەبێت، بۆیە گومانی شێرکۆ گومانی شاعیرێکی ڕوانین جیاوازە، ئەوەش پەیوەندیی بەوەوە نیە ئەو بێت لە بەشداریی کردنی زمان و ڕەنگ و بەیەکدا چوونی ئەو دوو بونیادە بمانکات بە خاوەنی دەلالەتی جیاواز، چونکە نە ڕەنگ دەلالەتی جیاواز دەدات بە دەستەوە، وە نە زمانیش دەیەوێ لەو ڕووبەرە بە دەلالەتی نامۆ ئاشنامان بکات، بەڵکو فرە ڕەهەندی دەلالەت پەیوەندیی بەیەکدا چوون

و بەریەککەوتنی ئەو دوو بونیادەوە هەیە، بەدوای توانا و پرسیاریان لە یەکتری سێنتەری دەلالەتی باو هەڵدەوەشێتەوە و زمان سەر لەنوێ دەلالەتەکانی ڕەنگ دەنووسێتەوە.

ئەو نووسینەوەیەش بەرهەمی ئەو پەیوەندیە بەریەکەوتنەی نێوان زمان و ڕەنگە، بەریەکەوتنێك تا ڕادەیەکی زۆر دەتوانین بەبەریەکەوتنی جەستەی دوو عاشق بیشوبهێنین، چونکە ڕەنگ لەناو قەسیدەکەدا دەبێت بە ئاماژە بۆ جەستەی دۆست، جەستەیەك کە توانای دۆزینەوەی چێژی ئیستاتیکی هەیە، زمانیش جەستەی عاشقەکەیەتی.

ئەوجەستەیەی توانای ئەوەی هەیە لە گەیشتن بە جەستەی دۆست، بوونێکی نوێ بێنێتە دیی، ئەوەش گۆڕینەوەی گومانە شیعریەکەی شاعیرە بەدوای ئەو بەریەکەوتنە دەکاتە یەقینێك لە جەستەی دۆست کە ڕەنگە:

"ڕەنگ

گەڕانە بەکێشوەری هێماکانداو، نەڕەنگ لەزاین ئەکەویٚو

نە ووشەی من"ل١٦

خاڵی جیاوازی شێرکۆ بۆ سرووشت لە شاعیرانی پێش خۆی، پەیوەندیی بە گۆڕینی ئەو زمانە وەسفیە هەیە، ئەو شاعیرەمان ئەو زمانە وەسفیە بۆ سرووشت هەڵدەوەشێنێتەوە، پرۆسەی ئەو هەڵوەشاندنەوە وەسفیە نووسینەوەی زمانە، نووسینێك ڕەنگ تیایدا بەشداری دەکات، بۆ ئەوەی مانایەکیتر بە





سرووشت ببەخشێت، مانایەك کە ئەوە سرووشت نەبێت لەناودەق خۆی بەرهەم بێنێتەوە، بەڵکو ئەوە زمان بێت بچێتە ناو سرووشتەوە، بۆیە پەیوەندی ڕەنگ بە شوێنەوە، پەیوەندیی سرووشتە بە تراژیدیا.

تراژیدیایەك نووسینەوەی زمانە، کە دیارە تراژیدیا لە ئەزمونی شیعریی شێرکۆ زۆر بەخەستی دەردەکەوێت بە تایبەت لەو دەساڵەی دوایی، بەڵام تراژیدیایەك بەتەنها بەرهەمی یۆتۆپیای زمان نییە، بەڵکو ئەوە تراژیدیای ئەنفالە، کە لای شاعیر بووە بە کێشەیەکی ئەخلاقی.

کێشەیەك هاتۆتە ناو زمانەوە، لەهەر شوێنێك ئەو کێشەیە لە دەرگایەکدا بکرێتە دەرەوە ئەوە شێرکۆ کونجێك یا دەلاقەیەك دەدۆزێتەوە بۆ ئەوەی ئەو تراژیدیایەی تیا بکاتە ژووریٚ، ئیدیی شیعریی شێرکۆ و ئەو تراژیدیایە بۆ هەتا هەتاییٚ دەست لەملانی یەکترن، بە مانای ئەو کاتەی زمان دێت تراژیدیا هەیە، یا دەتوانین بڵێین بەر لەوەی زمانی شیعریی هەبێت تراژیدیا هەبوو، ڕەنگە ئەوەیان قسەی زیاتر هەڵبگرێت، قسەکردنێکی جیاواز لەبارەی تراژیدیا و زمان، کە لە هەریەك لە دەقەکانی(دەربەندی پەپوولە، خاچ و مارو ڕۆژمێری شاعیرێك، ڕەنگدان، گۆڕستانی چراکان) زمان دێت بۆئەوەی بەشداری لەنووسینەوەی تراژیدیادا بکات.

ڕەنگ ئەو ئاماژەییەی بوونەکانی سرووشت دەگۆڕێتە سەرخۆی، لەو ئاماژەیەوەش ڕەنگ دەبێتەوە ڕەمز، بەڵام ڕەمزێك مانای سرووشتی دۆڕاندووە و مانای نەدۆزراوەی گرتۆتە خۆی، دیارە هەردوو ڕەنگی (زەرد) و (ڕەش) ئەگەر ڕەمز بن بۆ نائومێدیی و مەرگ، بەڵام زمان دەیگۆڕێتە سەر یەکەیەکی شیعریی جیاواز، بەوەی یەکەمیان ئاماژەیەکە دەبێتە ڕەمز بۆ ئومێدیی نەتەوە، ئەویتریش هیوای ژیانەوەی شاعیرە لەناو زماندا.

وەك چۆن لەناو زمان منالْ کائینێك نییە بە تەنها لە گۆشت و خوێنەوە وەك لەژیاندا دەیبینین، بەڵکو لەناو زماندا ڕەنگێکە لە ڕەنگەکان، ڕەنگێك ڕەشەباکان لەناو زیلێکدا لە دەستیان دەکەوێتە خوارەوە، بەڵام شاعیر داوای لیٚ دەکات بەهۆی ئەوکەوتنەی نەگرییێت، چونکە ئەو"ڕەنگی ئاڵی ناو بەیانیە" ڕەنگێکە بەرائەتی تەمەن وای لێدەکات توانای ئەوەی هەبێت بچێتە سەر ڕەنگەکانیتر و ببێت بە (شەمامەی خالْ خالْ) و (ڕەنگی هەنگ) و ڕەنگی(زەنگیانە و کزەبا و شنە)، گریانی مندالْ دەبێتەوە گریانی سرووشت بۆیە شێرکۆ داوای لێدەکات نەگرییٚ، چونکە دواتر ئەو گریانە دەبێتە هۆی ئەوەی (بنەدەوەن، پەپولە، بەرد، با،..) بگرین.

ئەوەش جیاوازی پەیوەندیی سرووشتە لەنێوان شێرکۆ و گۆران، ئەگەر پرسیاری گۆران لە سرووشت دڵدانەوەی





شاعیرێك بێت بەوەی ئەویش وەك سرووشت خەمبارە، ئەوا لای شێرکۆ سرووشت دێت بەشداری لە گریانی شاعیر دەکات، گریانێك شێرکۆ داوا لەو منالْەی کە بووە بەڕەنگ دەکات کە نەگرییێت، بۆ ئەوەی سرووشتیش بە گریانەکەی نەزانێت و ئەویش بیداتە گریان.

(٧)

بەدوای قەسیدەی ڕەنگدان دەتوانین هەموو ئەو خاسیەت و تایبەتمەندیەی کە لە ئەزموونی شێرکۆییدا بەرچاودەکەوێت لەنێوان زمان و تازەگەری و بەکار هێنانەوەی چەمکی سرووشت بە ڕۆشنی ببینین نەك تەنها ئەو جیاوازیەی دەکەوێتە نێوان تازەگەری گۆران و تازەگەریی شێرکۆیی.

چونکە گۆران بەشێکی دیار لە تازەگەری شیعریی ئێمە پێکدێنێت، بەڵام تازەگەریەك پێویستی بە ڕەخنەیە، ڕەخنە بە مانا نوێیەکەی کە توانای هەڵوەشاندنەوەی سیستم و دەلالەتەکانی ناودەقی هەبێت.

وەك چۆن دەبینین شێرکۆ لە تێرامانی شاعیریانەوە سرووشت لەو مانا گۆرانیە دەردەکات و بەتەنها مەودایەك بۆ دوو قۆناغی تازەگەریی شیعریمان دەست نیشان ناکات هێندەی ئەو مەودایەی دەکەوێتە نێوان ئەو دوو قۆناغە بە هەموو دەنگەکانەوە ووریا دەکاتەوە، ئەوەش پرۆژەی ساتەوەختێکی هەنووکەیی شیعریی نییە بەڵکو بەرهەمی دۆخ و گەشەیەکی

**هەمیشەیی شیعرییە و لە قەسیدەی (کۆچ) ەوە دەست پێدەکات و بەدوای قەسیدەی (ڕەنگدان) دەتوانین سیماکانی ئەو تازەگەرێتی و ئەو دابڕانە لە ئاستی مانا و دواتر لە ڕووی تێکشکاندنی ئەو زمانە وەسفیە بە ڕوونی هەستی پێبکەین، ئەوەش پەیوەندیی بەوەنیە کە ئەو تاچەند لەناو ئەو دەقەدا توانای ئەو گۆڕانەی هەبووە بەڵکو پەیوەندیی بە ڕوانینی شێرکۆوە هەیە بۆ سرووشت لە قەسیدەی (دەربەندیی پەپولە)، چونکە ئەو دەقە دەرگایەکی تر دەکاتەوە بۆ تێگەیشتنی شاعیر بە ڕووی زمان و پەیوەندیی دەلالی شیعر.**

**(٨)**

**گەڕان بەدوای هەریەکە لەمەنفا و سرووشت لەناو ئەو نوسینەدا کارێکی بێهودەیە، گەر لەبنەڕەتدا خود نەخەینە شوێنی مەنفاوە، چونکە دواجار ئەوە مەنفا نیە بەتەنیا دەیەوێ لەتەك سرووشت زیندەگی بوونی خۆی دەست نیشان بکات، بەڵکو ئەوە پەیوەندیی خودە بە سرووشتەوە، لەهارمۆنیەتی ئەو پەیوەندیە، پەیوەندیی نێوان مەنفا و مردن لەدایك دەبێت، هەریەك لەو دوانە بەبڕیاری پێشینەی خود و سروشت نین، نە مەنفا خودە بڕیاری لێ دەدات وە نە سرووشتە بڕیاردەری مردن، یەکەمیان ناچار دەکرێت کە مەحکوم بێت بەو بڕیارە ئەویتریش مردن کوژرانیەتی.**





**ئەگەر بونی خود نووسینەوە و ستایشکردنی سرووشت بێت، ئەوا مردن ستایش دەگۆڕێتەوە سەر دواندنەوەی ڕابردوو لەڕێگەی مردنی زەمەنی ووتەبێژ، بۆیە زمان بەشێکی تر دێنێتە ناوخۆی کە ئاخاوتنە، ئاخاوتن دەنگێکی تری ناو یادەوەریی سرووشتە، ئەو کاتانەی مردن دێت یادەوەریی سرووشت دەمانگەڕێنێتەوە بۆ زەمەنێکی دوور، ئەو زەمەنە دێنێتەوە ناو ئێستا بۆ ئەوەی پانتاییەکی تر بۆ بوون بدۆزێتەوە، بەڵام ئایا ئەوە تەنها سرووشتە لەڕێگەی یادەوەریەوە دەیەوێ پانتاییەك بۆ بوون دەست نیشان بکات؟ بەتایبەت ئێمە هەر لە سەرەتاوە قسەمان لەمەنفای خود کرد، مەنفا بوونی خود پڕۆسەی بەشداریکردنە لەناو کوژرانی سرووشت، چونکە دواجار (مردن/مەنفا) و (خود/سرووشت) دوو پڕۆسەن کە هەریەکە لەڕێگەی ئەویترەوە بەشداریی لە نووسینەوەی شکست و تراژیدیا دەکات، ئەوەش بەتەواویی ستایشکردنی سروشت لە دەست دەدات، لەناو شکستەوە سەیری تەواویی پەیوەندیەکان دەکاتەوە.**

**بە تایبەت کاتێ سەیرکردنمان بۆ مەنفای خود لەناو زمانەوە بێت. ئەوە کوژرانی سرووشتە لە ئەزمونی شیعریی(شێرکۆ بێکەس) مەنفای خود دێنێتە بوون، بەمانای ئەوەی پڕۆسەی کوشتن دەبێتە هۆی لەدایکبونی مەنفا، بەڵام مەنفایەك گوزارشت نیە لە شوێنێك و دوورخستنەوە لێی، هێندەی**

سنورێکی فراوانی هەیە لەناو ئاماژەی زمانەوانیەوە، بۆیە قسەکردنمان لە هەریەکە لە (خود و سروشت و مەنفا و مردن) ڕەهەندێکی سیمیۆلۆژیی هەیە، نەك قسەکردن و نوێکردنەوەی دەق بێت لەناو واقیعدا، بەڵکو مەنفای ناو واقیع بابەتێکی فەرامۆشکراوی ئەو ساتەوەختەی دوانەی ئێمەیە، وەك چۆن سرووشت چەمکێك نیە بیشوبهێنینەوە بە چۆنیەتی ژیان و ساتەوەختی ڕووداوێك، بەڵکو ئەوە ئاماژەی زمانەوانی دەقە قسە لە زیندەگی و ژیانی کوردیی دەکات.

دەق ڕووبەر و ناوەندێکی سەربەخۆی بیرکردنەوەیە و بوون و ژیانیش هەرلەناو ئەو ناوەندە دەست نیشان دەکرێت. چۆن خود لەناو دەق بناسین؟ ئایا بەبیٚ تێگەیشتن لە ئاماژە دەتوانین ئەو سیستمە زمانەوانیە بخوێنینەوە؟ ناسینی خود لەناو دەق پەیوەستە بە تێگەیشتن لە ئاماژە، گەر بە زمانی (پۆل ریکۆر) قسە بکەین دەڵێین "تێگەیشتن لەجیهانی ئاماژەکان ڕێگایەکە بۆ تێگەیشتن لە خودیی مرۆیی"

بەمانای ئەوەی فەرامۆشکردنی ئاماژە دەرفەتی ئەوە نادات هیچ شتیٚ بناسین، بەڵکو ئەوە تێگەیشتن لە ئاماژەیە دەبێتە هۆی تێگەیشتن لە خودیی مەنفی، ئەو خودەی لە مەنفا دایە و دواتر لەگەڵ کوژرانی سرووشت جارێکی تر دەگەڕێتەوە، چونکە مەنفای خود و کوژرانی سروشت یەك هاوکێشە پێك دێننەوە ئەویش فەنابوونی جەستەی کوردیە، جەستە بەتەنها





لەو دەلالەتە کورت نابێتەوە کە ئۆرگانێکی فیزیکی بێت، بەڵکو جەستە لێرەدا چەمکێکە هەڵگریی بوونی کوردیە بەهەموو ئەو شوێن و مێژوو کولتورەی کەجەستە و ڕۆحی کوردیی هەڵگریەتی، کە دواجار کەینونەی مرۆڤی کوردیی پێك دێنێت.

بەشداریی کردنی ئێمە لە پڕۆسەی خوێندنەوەی ئەو قەسیدەیەدا نووسینەوەی کەلێنی نێوان دەق و خوێنەر نیە بەمانا سارتەریەکەی، بەڵکو تەئویلکردنەوەیەکی سیمیۆلۆژیە بۆ ئاماژەی زمانەوانی.

لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەست نین بەو تێگەیشتنە بەراییەی سەرەتا لە سیمیۆلۆژیادا هەبوو، کە دەیویست لەناو پەیوەندیی (بەرهەمهێنان) و (زانیاری بەخشین) وەزیفەی خوێنەر دەست نیشان بکات، چونکە ئەو تێگەیشتنە سەرەتاییەی سیمیۆلۆژیا گەڕانەوەیەکی تر بوو بۆ ئیشکردنەوە لەسەر کەلێنی نێوان دەق و خوێنەر کە ئێمە لەناو ئەو قەسیدەیەدا نامانەوێت لەو میکانیزمە ڕەخنەییە نزیك بکەوینەوە، بەڵکو تا ئەو شوێنەی شیاوە خۆمانی لیٚ بەدوور دەگرین.

چونکە هێندەی مەبەستمان قسەکردنە لەسەر هەردوو چەمکی مەنفا و مردن بەهیچ چەشنێك نامانەوێت مافی پڕکردنەوەی هەرجۆرە کەلێنێك بەخۆمان بدەین کە دەکەوێتە نێوان ئێمەی خوێنەر لەگەڵ دەقدا، هێندەی لە ڕێگەی تەئویل کردنەوەی

**ئاماژە دەگەڕێینەوە بۆ ناو بونیادی زمان بەمەبەستی نزیك بونەوە لەناو فەزای دەقی (دەربەندی پەپوولە) ، ئەو نزیکبونەوەیەش بەتەنها گەڕانەوە نیە بۆناو زمانی دەق هێندەی گەڕانەوەیە بۆناو پەیوەندیی جیاوازیی نێوان خود و سرووشت، ئەو پەیوەندیە لەناو ئەو دەقەدا پەیوەندیی نێوان مەنفا و کوشتنە، کەلەسەر یەکەیەکی ئاڵ و گۆڕ دەردەکەوێتەوە، بەوەی گەر مەنفا شوێنێك بێت تیایدا بووبێتە شوناسێك بۆخود، ئەوا کوشتن ئاماژەیەکی زمانەوانیە بۆ سرووشت، بەوەی دەبێتە ڕووبەرێك بۆ کوژرانی سرووشت.**

**کوژرانی سرووشت و مەنفای خود ئەو دوو چەمکە دیارەی ناو ئەو دەقە شیعریەن کە لەتەواویی قەسیدەکەدا بە ئاراستەی جیاواز ئیش دەکەنەوە، دواتر سیستمێکی ڕێکخەر بەرەو گوتارێکی یەکگرتوو دەیانبات، گەڕانەوەی خود بۆ ناو سرووشت وازهێنانە لە مەنفا، بەڵام دەکەوێتە سەر مەنفایەکی تر کە مەنفای کوژرانی سرووشتە.**

**تەدارەك ڕێکخستنی خود گەڕانەوە نیە بۆناو سرووشت هێندەی گەڕانەوەیەکی زمانەوانیە بۆناو دەلالەتەکانی مەرگ، هەر بۆیە گەیشتنی خود لەئێوارەدا.. گەیشتنێك کەناو دەبرێت بە "دوای بانگی برین" ئاماژەیەکی ترە بۆکوشتن، بەوەی ئێوارە لەدەرەوەی سیاقی زەمەنی خۆی ئاماژەیە بۆ تاریکی، تاریکی و برین دوو ئاماژەی نێو گوتاری کوشتنن، ئەو**





**ئینتیماکردنە بۆ مەرگ سەفەری گەڕانەوەی خودە بۆ یادەوەریی زمانی دەق، ئینتیماکردنی شوێنە بۆ هەریەکە لە (نالی و حاجی قادر) وەك دوو شاعیری مەنفا، بۆیە ئەوکاتەی خود لەبەرامبەر بانگی برینی سرووشت پێمان دەڵێ:**

**"کەهاتم**

**مۆمێکم لە قوللەی حەزرەتی(نالی) دا بۆ هەڵکەن"**

**"زامێکم لە دوندی (کە کۆن) ی (حاجی) دا بۆ پێکەن"ل٨**

**بەوەی ئەو لەتەك ئەو دووشاعیرە مەنفا بووە بە شوناسی شیعریی، لەلایەکی تر ئەو ئینتیماکردنە بۆکوژرانی سرووشت ئینتیماکردن و گەڕانەوەی زمانە بۆناو شوێن وەك سنورێکی جوگرافی، بەمانای بەدەر لەخودە مەنفیەکان ئەوا ئینتیما کردنەوەیە بۆ سرووشتی کوژراو، کە لەناو قەسیدەکەدا (هەڵەبجە) دەبێتەوە تەواویی سرووشتی کوژراو، ئەو ناوبردنە بەتەنیا دەلالەت لە سنوری جوگرافی شارێك ناکات، کورتکردنەوەی ئەو قەسیدەیە بۆ ناوبردنی بەکارەساتی هەڵەبجە جگە لەنەبوونی دیدگایەکی ڕەخنەیی بۆ تێگەیشتن لە دەق شتێکی تر نیە.**

**چونکە ئاماژە لەناو دەقەکەدا هێندەی دەلالەت لە تەواویی سرووشتی کوژراو دەکات، هێندە بەرەو تاکە دەلالەتی شوێن ناڕوات تەنانەت هەڵەبجە ئاماژەیەکی زمانە بۆ سرووشتی کوژراو. شێرکۆ لەڕێگەی ئەو گەڕانەوەیە جەستەیەکی نوێ**

لەناو گوتاری شیعریی دێنێتە بوون کە (مەنفای شاعیرە) ئەومەنفایە لەناو زمانەوە دێت، دەسبەرداری مەنفای پێشوی ڕابردوو نابێت، بەڵام زەمەنی هەنوکەیی خۆی دەکاتە زەمەنی ئەنتۆلۆژیی خۆی، بەمانای مەرگی سرووشت و مەنفای خود پەیوەندیەکی نوێ دەنوسنەوە، ئەویش پەیوەندیی نێوان (مێژوو/زمان) ە.

بەوەی هەریەکە لەودوانە لەوەیتر دابڕێت، توانای بەردەوامبونی ئەویتر لاواز دەبێت، زمان بەبێ مێژوو توانای خۆ سەلماندنی نیە، وەك چۆن مێژوو بێ زمان ناتوانێ لەزەمەنی هەنوکەیدا بجولێتەوە. گەڕانەوەی خود لەپانتایی زمانەوە دێتە ناو مێژوو، مێژووش ئامێز بۆ زمان دەکاتەوە، بۆیە زمان داوای ئەوە دەکات تا ئەو دەگات ئەوانە نەنێژرێن:

"تاکو دێم، ئەو گوڵەسپیانە مەنێژن
بوەستن! بەلانکەی مێژوویان مەسپێرن" ل١٠-١١

ئەوە زمانە داوای ئەوەمان لێ دەکات کە بەر لەگەیشتنی سرووشتی کوژراو گوڵە سپیەکان بەلانکەی مێژوو نەسپێردرێن، گوڵە سپیەکان ئاماژەیە بۆ قوربانی، وە لە نێوان (ناشتن/ سپاردن) هەریەکە لە سرووشت و قوربانی وەستاون، کە دەچنەوە ناو تەواو بوونی هەر جولەیەکی ژیان، بۆیە گەڕانەوە دوا ئامێز کردنەوەی زمانە بە سرووشت.





گەڕانەوەی زمان لەمەنفا دابەشبونی زمانە بۆ (زمانی شیعریی دەق) و (ئاخاوتنی خود) ئەوەی دواییان لەناو زمانی شیعریی دەقەوە دێتە بوون، زمانی شیعریی خود بە ئاگا دێنێتەوە لەوێنە کوژراوەکان، نەك لەوەی تەنها لەساتەوەختی تراژیدیا کوژراوە، بەڵکو ڕابردوو بەدرێژایی ڕەوت و قۆناغەکانیەوە.. مێژوویەکی کوژراوە، ئەوەش وادەکات شوێن مێژووی کوژراو یەکسان بکاتەوە بە سرووشتی کوژراو.

هەر بۆیە هەردوو شاعیرە مەنفیەکە (نالی و حاجی) دوو کارەکتەری ناو ئەو شوێنەن، شێرکۆ لەڕێگەی زمانەوە سێکوچەی ئەو مەنفایە تەواو دەکات، ئەو هەر خۆی نایەنێتەوە ناو شوێن، بەڵکو ئەو دوانەش لەگەڵ خۆی دێنێتەوە، وونبوونی هەر یەکێکیشیان ونبوونی سێکوچکەکەیە، بە مانایەکیتر کوژرانی سرووشت دەبێتەوە بە کوژرانی سێ جەستەکەی مەنفا. مردن وەسفی سرووشت دەگۆڕێتە سەر پرسیار، پرسیار لە تراژیدیا لەوەی تەواوی کارەساتی سرووشت چۆن دەگێردرێتەوە، بەوەی سرووشت دەبێت بەشوناسی مەرگ، شوناسێك لەڕووی زەمەنی یادەوەریەوە درێژ دەبێتەوە بۆ شا ڕەگەکانی مێژوومان، لەڕووی زەمەنی غەیبانیەتیشەوە تا لای یەزدان ناوەستێت.

بۆیە شێرکۆ وەسفی سرووشت دەگۆڕێت بۆ پرسیارکردن لە سرووشتی کوژراو، ئەوەش بەرەنجامی پەیوەندیی هاوبەشی

مەنفایە لەتەك مردن، وە بۆ ئەوەی تەنیایی مەنفا لەخۆی بتەکێنێت دەبێت بگەڕێتەوە بۆ سرووشت.. ئەگەر چی سرووشتیش کوژرابێت، ئەوە ئەگەر لەڕووی سیمیۆلۆژیەوە هەریەکە لە خود و سرووشت (دال)ی نێو دەق بن و (مەدلول)ەکانیان مەنفا و مردن بێت، ئەوا ئەو پەیوەندیە بەرەو جێگۆڕکێکردن دەڕوات، بەوەی دال سەرەتا نیە بەڵکو مەدلول سەرەتایە و دال کۆتاییە، کەواتە ئەوە مەنفا و مردنن سەرەتان، بەهیچ جۆرێك لەو دەقەدا ئەو دوانە لەڕووی سیمیۆلۆژیەوە کۆتایی نین، ئەوەی کۆتاییە خود و سرووشتن، بەڵام بۆ ئەوەی خودی نێو زمان بتوانێ بەشێکی بوون و کیانی خۆی بدۆزێتەوە ئەوە دەبێت لەڕێگەی ئاماژەوە ئەو کارە بکات.

بۆیە لەناو پانتایی مردنەوە بۆ ئەوەی کۆتایی دەرگا لەڕووی بوونی ئەو خودە دانەخات دەبێت لەڕێگەی ئاماژەوە شوێنگەیەك بۆ بوونی خود بدۆزینەوە، هاتنی خود بۆ سرووشت ئاماژەیەکە بۆ فێربوون، بەوەی بەدوای مردنی سرووشت ئەو چۆن بژیێت؟ ئەوەش بەتەنها پرسیاری خود نیە لەو نێوەندە هێندەی بەدوای کۆمەڵێك پرسیاری ترەوە هاتووە کە مردن جیاوازیەکی نەهێشتۆتە لەنێوان خود و سرووشت، بۆیە دەیەوێ گەڕانەوەی لە مەنفا شوێنگە گرتنەوەی سرووشت بێت، ئەگەر(هاتن) ی خود ئاماژەیەك بێت بۆ





وەرگرتن، ئەوا (لێرەم) ئاماژەیەکی تری خودە بۆ مانەوە لەناو مردن، بەڵام مانەوە هەڵگریی هەمان مانای نۆستالۆژیی نیە بۆ زەمەن، هێندەی وێناکردنەوەی زمانی خودە بۆ ژیان، نووسینەوەی شکستە لەناو ئومێددا. ئەو وتەیەی (بارت) بۆئەو چەمکە تەواو دەسەپێتە سەر ئەو تێگەیشتنەمان بەوەی "سیمیۆلۆژیا بەشێکە لەزمانەوانی" چونکە ئەو زانستە لەناو ئەو دەقەدا بەشێکی تر لەناو زمان پێك دێنێتەوە.

(هاتنی خود) و (لێرە بوونی خود) دوو ئاماژەی زمانن تیایدا لەڕێگەی پرۆسەی ئامادە بوون قەسیدەی شکست دەبێتە نووسینەوەی جەستەی ئامادەگی خود لە سرووشت.

**"گوڵ گوڵی ئەکوشت و**
**شاخ شاخی ئەکوشت و**
**هەموویشمان لەوێ بووین"لا٥٦**

لەنێوان(ململانێی سرووشت) و (بێدەنگی خود) خود دەکەوێتە نێوان دوو پرۆسە بۆ ڕابردوو، کە هەریەکە لەو دوو پرۆسەیە لەبنەڕەتدا ئاماژەن بۆ گەڕان بەمەبەستی خۆ دۆزینەوە، بەوەی شەڕی گوڵ و شاخ شەڕی سرووشت نیە لەدەرەوەی مێژووی خود، بەڵکو شەڕی بێدەنگی خودە لەگەڵ یەکتریی، چونکە لەنێوان خود و سرووشت پەیوەندیەکی دۆنادۆنی هەیە، لەڕێگەی ئەو پەیوەندیەوە ئاماژە بۆ خود دەبێتە ڕووبەرێك بۆ ڕەخنەگرتن لەدونیا و لەگۆڕینی ماناکانی

بوون، بەوەی مردن ڕێگای هاتن و خۆسەلماندنی جەستەی ئێمە نادات لەبەرامبەر یەکتریی.

کوژرانی سرووشت ڕقی شیعریی شێرکۆ دەگەیەنێتە ئاستێك کە لە کارەکتەرەکانی ناو شۆڕش بپرسێت بۆ هاتوون، دیارە لەنێوان هاتنی شاعیر لەمەنفاوە وە لەگەڵ هاتنی کارەکتەرەکانی شۆڕش جیاوازیەك گەر هەبێت لەماناکانی مانەوەیە، هاتنی شاعیر مانەوەی زمانە بۆ نووسینەوەی حیکایەتی مردن، گەڕانەوەی کارەکتەری شۆڕش زیاتر لە نواندنێك دەچێت.

"تەندوورەی گەردەلول گەیشتە بەردەمت و
تیا ون بووی"لا٥٩

جیاوازیەکە لەنێوان (مانەوە) و (وون بوون) دایە، لەنێوان شکستی ئێمە و وون بوونی ئەواندا مردن و ڕق بە ئاستێك تێکەڵ بووە، کە ئەوە ڕەخنەگرتن نیە لە گوتاری شۆڕش هێندەی ڕەخنەگرتنی خودە لە بوونی خۆی.

"سیاسەت: گایەکی بەلەسەی چاو سووری تووڕە بوو
هەمووان–مێژوو– مان بەکەللە و قۆچیەوە بەستبوو"لا٥٥

شێرکۆ دەیەوێت بەدوای کوژرانی سرووشت بونێکی ڕەخنەیی لەناو خود بدۆزێتەوە، بەوەی هەڵەی ئێمە لە سرووشت بەتەنیا ئەو کارەکتەرانە نین کە مومارەسەی سیاسەت دەکەن، بەڵکو ئەوە ئێمەین ئەو هەڵەیە گەشە پێدەدەین، بەوەی مێژوو





تێکەڵی ئەو کایە ترسناکە دەکەین، بەڵام دەبێ ئەوەشمان بیر نەچێت و بەردەوام بیر خۆمانی بێنینەوە قسەکردن لەهەر پەیوەندیەکی نێوان مەنفا و مردن بەتەنیا قسەکردن نیە لە ساتەوەختێکی دەست نیشان کراو، چۆن بۆ ئەزمونی مەنفا نالی و حاجی دێنێتەوە، ئاواش لەهێنانەوەی پیاوەکانی شۆڕش کارەکتەرە مێژوویەکانی وەك شێخ مەحمود دەرناکات لەو ڕابردووە. زمان لەڕێگەی ئاماژەی (ئەسپ) ەوە ئومێدێك دەداتەوە خود، ئەو ئومێدە گەڕانەوە و گریمانەکردنەوەی ژیانە، سەفەرێکی سەرکێشی زمانە لەناو زەمەنە جیاوازەکان و هێنانەوەی یادەوەریی ژیاندۆستیە بۆ ئێستا، ئێستای ئێمە یەك زەمەنی هاوبەشی هەیە لەخەون و یادەوەریی و برین و شکست.

"هەمووما ن ناومان (لاس)
هەمووما ن هەر بەشوێن گوڵەکەی خەزاڵ دا ئەگەڕاین
زەمانمان گۆڕیەوە هەر یەك بووین
خەفەتمان گۆڕیەوە هەر یەك بووین
هەر تەنها پۆشاکی برینمان یەك نەبوو"لا٦٣

ئاماژە لەنێوان زەمەنی یادەوەریی و زەمەنی ئایندە وەستاوە، شاعیر دەیەوێت ئەو دوو زەمەنە لە ڕێگەی ئاماژەوە بکەونە ململانێ بەوەی هەر زەمەنەی ئاماژەی خۆی هەیە و دواجار هەمووشیان خەون و برینی ئێمە درووست دەکەن، ئەگەر

ئەسپ ئاماژەی ئومێدیی ناو دەق بێت، ئەوا (دوکەڵ) ئاماژەی مەرگ و کوژرانی سرووشتە، بێئومێد بوونە لە تەواویی بوونێك کە مانایەك بۆ ژیان ناهێڵێتەوە.

**"ڕەنگە خوا سووتابێ و ئەم هەموو دوکەڵە**
**لەو هەڵسێ"لا٧٨**

بەڵام گەڕانەوەی بۆ سرووشت گریمانەیەکی شیعرییە، بەوەی وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد مەنفای ئەو مانایەکی جوانتری نیە لە کوژرانی سرووشت، بۆیە لە ململانێی ئاماژەکاندا گەڕانەوە بۆ سرووشت وێناکردنەوەی ژیانە، لەوەی چڕکردنەوەی زەمەنی ماڵێکی نوێمان بۆ دروست دەکات، ماڵێك کە خەونی داهێنەران بووە و زمان دێت دروستی دەکات.

**"کوورەی هەناوی شیعریی**
**نالی یان بۆ دابخەم. هەتا ئەبن بە شەستە**
**باران و تۆف و تێکەڵ بە دایکمان ئەبنەوە"لا٨٧**

ئەگەر لە تێگەیشتنی (لاکان) ەوە سەیری خەونی زمان لەو دەقەدا بکەین، ئاماژە ئەو مانایەی کە ئاراستەمانی دەکات دەگۆڕدرێتە سەر هاودژبوونەوەی مانا، چونکە لەبارەی (خود) ەوە بڕوای وایە دەبێ ئاماژە وەرگیراوەکان ڕەتبکرێنەوە، چونکە مەبەست لەو کارە دامەزراندنی ئاراستەی خودی





کارکەرە، وە بەلایەوە پێویستە مرۆڤ بەرە و زنجیرە دالەکان بڕوات بۆ ئاشکرا کردنی دەلالەتی خودیی.

ڕەتکردنەوەی ئاماژە لەو دەستەواژە شیعرییە هاودژبوونەوەی مانایە، چونکە ئەگەر تێکەڵ بوونەوە بەدایك لەدەرەوەی گەڕانەوەی خود بۆ سرووشت سەیر بکەین، بەڵکو لەگەڕانەوەی خود بۆ دایك ببینین دەگەینە ئەو مانایەی کە خود لەگەڕانەوەدا هەستی ئۆدیبیەت لەناویدا نەمردووە، وەك ئۆدیبێکی دۆڕاو لەمەنفا دێتەوە، ئۆدیبێك بەدوای گەڕانەوە مردنی دایك دەبینێت، بۆیە لەڕێگەی بارانەوە کە دەلالەتی یەکەم تێك دەشکێنێ و لە دەلالەتی هاودژەوە وێنەیەکی سێکسی دەداتە خود.

پەیوەندیی هەمیشەیی خود بە سرووشتەوە چەندە لەدیدیی ترەوە گەڕانەوەی خود بۆ دایك و دەرخستنی ئۆدیبیەتی خودە، ئەوا ئەو گەڕانەوەیە لەدەرەوەی دەلالەتی کۆمەڵایەتیەوە و لەچەمکی مەجازەوە گەڕانەوەی خودی مەنفیە بۆناو سرووشتی کوژراوو ناوبردنەوەی خودیی مەنفایە بۆ سرووشتی کوژراو، **"لە ئێستە بەدواوە من ئیتر: هەڵەبجەم"لا١٠١.**

لەنێوان دەنگی خود و تەرمی سرووشت ئێمە دەنگێکمان هەیە لەناو زمان کە دەنگی (منی هەڵەبجەیە) هەریەکە لەو (من) ە و (هەڵەبجە) پێکهاتەی تەواویی بوون و ژیانی کوردیە، بۆیە

**پرسیاری منی هەڵەبجە پرسیاری جەستەی کوردیە لەتاوانی کوشتنی سرووشت، پرسیارکردن لەتاوان پرسیارکردنە لەوەی کێ توانای بە پێوە وەستانی هەیە؟ ئەوەش پرسیارە لەدید و ئایدیاکانی قسە لە ئومێد و خۆشنودیی دەکەن، پرسیارکردنە لەتەواویی دیدە جیاوازەکان بۆ دونیا.**

**یادەوەریی بەشێکی دیاریی ناو ئەو ئەزمونە پێك دێنێت چی یادەوەریی سرووشت و چ یادەوەریی خود کە دەبێتەوە بە یادەوەریی زمان، بەوەی خود بەدوای گەڕانەوەش هەست دەکات مەنفا لەناو ڕۆحیدا ماوە، ئەزمونی مەنفا بەتەنیا ئەزمونی دابڕانی جەستە نیە لە نیشتیمان، بەڵکو دابڕانی نێوان خود و زمان و فەرهەنگێکە کە لەناو نیشتیماندا جێماوە، ئەزمونێکە چەندە پەیوەندیی بە دابڕان و شکستەوە هەیە، هێندەش وات لێدەکات ببیەوە بالیۆزێك بۆ ناسینەوەی نیشتیمان، بەڵام دواجار برینەکانی خود و تەرمی سرووشت هەر بۆ خۆیەتی و کەس نایەوێت ببینێت، بەمانای ئەو مەرگە بەتەنیا دەچێتەوە ناو زمان، هەریەکە لەمەنفا و کوشتن لەناو زماندا جێگیر دەکات، دەیانهێنێتە ناو ماڵی زمانەوە، زمان ئەزمونی کوێریی دێنێتە بوون، سرووشتی کوژراو کوێر نەبووە و بینایی لەدەست نەداوە، چونکە ئەو تەواویی بوون دەبینێت، ئەوەش بینینی بەشەکانی تری سرووشتی زیندووە، سرووشتێك ڕۆژگارێك ئەویش وابووە.**





**"چاوت لە زۆران گرتنی هەتا هەتای عەردو ئاوە**
**چاوت لەغەزەبی خوایە کە هەڵ ئەچێ**
**چاوت لەپاشگەزبوونەوەی گوناهیشە کە دائەچێ!"لا١٥١**

**بەڵام ئەوەی پێی دەووترێت زیندوو لەبەرامبەر سرووشتی کوژراو تووشی کوێریی هاتووە و بینینی لەدەست داوە و نایەوێت و توانای بینینی پرۆسەی کوشتنی نیە، بەتەنیا سرووشتی کوژراوە برینی خۆی دەبینێت. بەتەنیا بینینی تراژیدیا بۆ ئێمە دەبێتە هۆی ئەوەی یادەوەریی شاعیرێکی مەنفا (نالی) بگەڕێنێتەوە ناو ئەو ساتە، بەوەی زەمەنی کوردیی زەمەنی دابڕانی هەنوکەیی نیە لەیادەوەریەوە، بەڵکو پێکهاتەی بوونیەتی، وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد بەوەی ئەو لەتەك حاجی قادر و نالی سێکوچەی ئەزمونی مەنفا پێك دێنن، بۆیە نالی ئاگادار دەکاتەوە کە ئەو چۆتە مەنفا، بۆ ئەوەی مەنفای نالی بە مەنفای ئەوانیتر بگەیەنێت، ئەوەش دواجار قەسیدەی مەنفای کوردیە قەسیدەیەك تیایدا لەمەنفادا دەنووسرێتەوە، نووسینی کوژرانی سرووشت.**

(٩)

**کوشتنی دەنگی خود هەر بە تەنیا کۆتایی هێنان نیە بە چاوگەی منی نێو دەق، بەڵکو گۆڕین و بردنە ئاستێکی تری پەیوەندیی کردنەوەیە بە سرووشتەوە، گەڕانەوەیە بۆ مێژوو، مێژوویەك کە بە گوتاری ئاینی دەوری دراوە، بۆیە ئەو کاتەی**

شیعر دێت دەیەوێ لەڕێگەی کوشتنی خودەوە دەنگی ئەویتر بەشداریی پێ بکات لەتەك سەفەری گەڕانەوەی شاعیر بۆ ڕابردوو.

مانای وایە زمان لە کەناڵی خۆ سەپاندنەوە ناچێتەوە نێو مێژوو، بەڵکو لە ڕێگەی نواندنی کارەکتەرەوە دەیەوێ ڕەهەندی فەلسەفی بە مێژوو ببەخشێتەوە، ئەوە زمانێکی بێلایەن نیە، هێندەی زمانێکی بارگاویکراوی نێو ئاستە زەمەنیەکانە، مەبەستیش لەوەدایە کە بۆ ئەوەی کارەکتەری جەللادی گوناهبار بناسرێت، ناکرێت بەتەنیا ئەو زەمەنە نوێیە بە گوناهبار بزانین کە جەللاد تیایدا تاوان دەکات، بەڵکو بۆ گوناهبارکردنی جەللاد پێویستمان بە گەڕانەوەیە بۆناو ڕابردوو، جەللادیش کولتورێکی خوێناویی هەیە لە زەبرو زەنگ، هەر لە ڕێگەی ئەو کولتورەشەوە دەتوانێ ڕەوایەتی بۆ دەسەڵات بەخشینی خۆی بدۆزێتەوە، بۆیە ئەو کاتەی لە ئەزمونی شێرکۆییدا بە دوای فاکتەرەکانی سرووشتی کوژراو و پەیوەندیی تراژیدیا بە زمانەوە بگەڕێین، ئەوە گەڕانێکی بێمانایە گەر ئاوڕ لەو ڕابردووە نەدەینەوە، کە دێت بۆ ئەوەی شەڕی کولتور ڕابگەیەنێت، جیاوازیی شێرکۆ بێکەس لەگەڵ هەر شاعیرێکی تر بۆ سرووشت لەوە دایە لای شێرکۆ سرووشت چیدیی توانای ئەوەی نییە شاعیر سەرسام بکات و





بکەوێتە ستایشکردنی، چونکە سرووشتێکی کوژراوە، و گەوهەری جوانی دۆڕاندووە.

ئەو دۆڕاندنە بۆ ئەو وایکردووە زمانێکی تر لەناو ئەو پانتاییە ئیش پێبکاتەوە، کە بە دژی زمانی وەسفی بێت، چونکە وەك سەرەتا ئەوەمان دیار خست هەوڵی دەرچوون لە زمانی وەسفی گۆران و ئیشکردنەوە لەتەك مێژوو بەوەی زمانی وەسفی زمانی تازەگەریی شیعریی کوردیی بێت، ئەو زمانەی گۆڕیی و تیایدا خود لە ستایشەوە بەرەو دۆڕاندن هەنگاوینا.

ئەگەر بە دوای شێرکۆ ئێمە دەنگێکمان نەبێت (جگە لە ئەزمونی بەختیار عەلی) بە دژی تازەگەری کار بکات، ئەوە شێرکۆ لە ئەزمونی(ئافات) دا لەناو ئەو دژە تازەگەریە ئیشدەکات، ناو بردنی ئەو ئەزمونە بە ئافات مەبەست تەنیا لە دەقێك نیە، بەڵکو هەر سێ دەقی(ئافات، پەریزاد و گوڵەکەی دوژمنی، ئاوابوون و بوومەلەرزە) یە. ئەو ئەزمونە ئەزمونی خود نیە، بەو پێیەی خود پەیوەندیی خۆی لە ڕێگەی چەمکی (ئێمە بوونەوە) دەیەوێ بەرەو مێژوو بگەڕێنێتەوە، ئەوەش یەکێکە لە خاسیەتەکانی ئەدەبی نوێ کە (میشێل فۆکۆ) لە بارەیەوە دەڵێ "ئەدەبی نوێ خودی کوشت و ئێمەی لە شوێنیدا دانا"خود بۆ خوڵقاندن و ئاوێتە بوون لەگەڵ ئەویتر بانگەوازی ئاوێزانبوون دەکات، بەوەی بەیەکەوە دەتوانن جوانیەکانیان دەربکەوێت.

"ئاوێزانی ژینە ژانم بە، ئاوێزان
ئاوێزانی چراخانی خەمم!
تۆ بەخەمی یاقووتینی منەوە جوانی و
منیش بە ڕشتەی مرواریی گوناهە سپییەکانی تۆ وەیە
ئەدرەوشێمەوە"لا٨

چونکە ئەو بانگەوازە بۆ تێکەڵ بوون لەناو زەمەنی بەسەرچوونی پەیام و نزاکانی ڕابردووە، بەسەرچوونی زەمەنی تەنیایی خود و نووسینەوەی زەمەنی هاوبەشی هەریەکە لەو جەستە تەنیاییە، بۆیە داواکردن بۆ ئاوێزانبوون بە خود دەلالەتی سێکسی دەگەیەنێت، بەڵام دەلالەتێك تەنیا ئاماژە نییە بۆ سێکسکردنی دوو ڕەگەز هێندەی ئەو ئاماژەیە بەرەو مەدلولی تر دەچێت جیاواز لەو ڕەهەندەی کە مانا پێمانی دەگەیەنێت، ئەویش پەیوەندیکردنەوەی نەتەوەیە بە مێژوو، بەشداریکردنەوەی ئێمەیە لەناو زەمەنی ڕابردوو، بە دواندنەوەیەکە بۆ ئەوەی قسە لە خەمێکی هاوبەش بکات، پەیوەستە بەخەم و برینی مێژوو بە ڕۆژگارێك کە(با) :

"لەگەڵ خۆیدا
لانکەی گوڵ و بەردە نوێژی موغەکان و
کڵاوەکەی (زەردەشت) ی برد" ئافات، لا١٢

(با) ئاماژەیەکە تیایدا موفرەدەی دژایەتیکردنی بوونی کوردیە، بەوەی لە زەمەنەکان دەگەڕێتەوە، ئەو گەڕانەوەیە





گێڕانەوەی حیکایەتێکی کۆن نیە، هێندەی مەبەستی زەوتکردن و فڕاندنی پاشەڕۆژە، ئەوەش هەڕەشەیە لە زمان، ئەگەرچی ئەوە بێئاگایی خود نیە لەناو ڕابردوو، بەڵکو دەستەوەسان و دڵە ڕاوکەی بەردەوامە لەتەك مێژوودا، وەبیر هێنانەوەیە بە ئەویتر کە پرسیاری "وەستان لەبەر ئەو بارانە ڕەشە" ی لێکردووە، ئەو پرسیارە بێدەنگی ئێمەیە لەناو ڕووداوەکانی ڕابردوو، چونکە ئەگەر باران دەلالەتی پاکبوونەوەمان پێبدات، ئەوا(بارانی ڕەش) دەلالەتی پیس بوون و تراژیدیامان بۆ بەرهەم دێنێت.

ئەوەش چەند پەیوەست بێت بە ڕەهەندیی مێژوویی بۆ نەتەوە، ئەو ڕەهەندە خاڵی نیە لە ئاستی فەردانی ڕەگەزەکان.

بەڵام لەپاڵ ئەوەشدا هەردوو ڕەهەندەکە لەناو ئاین و مێژوو کۆ دەکاتەوە، ناوبردنەوەی ڕەگەزی مێ بە نەفرەتکراو دەلالەتێکی ئاینی هەیە، ئەو دەلالەتە تێکەڵی دەلالەتی مێژوویی نێرینە دەبێت، بەم شێوەیەش گرفتی چەمکی(ئێمە بوون) دەبێت بە گرفتێکی مێژوویی ئاینی.

مێینە بوون لەناو دەقەکەدا ڕووی نادیاری ناونیشانی تێکستە، ئافاتەکە لە ژنبوونە.. پەیوەندیی بە حیکایەتێکی کۆن هەیە لەناو دەلالەتی ئاینیەوە" ئەی کچی درەختی سەر بڕاو، ئاوێزانم بە"لا١٤

دەسپێکردن و کوشتنی خود و بەشداریکردنی ئەویتر لەناو زمان لە ڕێگەی ئاوێزانبوونەوەیە، ئەوەش ڕاکردنە لە تەنیایی، بۆیە ئەگەر گوناهبار بوونی ژن پەیوەست بێت بە گوناهکردنی ئەو ڕەگەزە لە بەهەشت، ئەوا نێرینەی نێو زمان دەیەوێت لە گەڕانەوەی بۆ مێژوو بچێتەوە سەر هەر دوو کارەکتەرە گوناهبارەکەی بەهەشت ئادەم و حەوا.

فرۆم ووتەنی عاشق بوونی ئادەم بە حەوا لە بەهەشتدا بەر لەهەر شتێك ڕاکردنی ئادەمە لە تەنیایی، ئەو ترسە لە تەنیایی.. ترسێکی هەمیشەیی مرۆڤە، ترسێك نایەڵێت بەدوای چارەسەر بگەڕێت، ترسێکی ناخیە کە بەدوای هەستکردن بە گوناه لەگەڵماندایە، ئەو ترسە بەردەوام بۆ (درێژبوونەوە) پێویستی بە ئامادەبوونی هەڕەشەی مردنە، بۆیە ئەوە دوانە لەناو زماندا

"تەنها بەندەرێکە
کە بێ تەم و مژ بیبینم
سەرەتا.. ترس
کۆتایی.. ترس" ئافات ل١٥

زمان دەلالەتی ژنبوون لەناو ڕەهەندە ئاینیەکە دەردەکات، بەوەی ئەو ڕەگەزە تەنها گوناهبارێك بێت، بەڵکو دەلالەتی بێگوناهێکی پێدەبەخشرێت، لە ڕێگەی گوناهکردنی هێزە تووڕەکانی زەمەن، بەوەی مێینەی کوردیی کارەکتەری





بێوەژنێکی نێو ئەو پانتایی ترس و مردنەیە، ئەوە تەنها تراژیدیای لم نیە لەو زەمەنە شوناسی ژنی کوردیی دەکاتە شوناسێکی زەوتکراو، بەڵکو ئەو شوناسە بەردەوام لەناو خەیاڵگەی بەهەشتێکدا خنکێنراوە.ئەو خەیاڵگەیەی فەزایەکی هەیە لە مردنی ئێمە.

مردن لێرەدا هەڵگری چەمکی کوشتنی بایەلۆژی جەستە نیە، بەڵکو کوشتنی فەرهەنگ و کولتورە، زەوتکردنی ئیرادە و خواست و ئارەزووەکانی ئێمەیە بۆ ژیان و گۆڕینیەتی بە دنیایەك کە لە ڕێگەی زەبر و زەنگەوە بەسەرماندا دەسەپێنرێت، بۆیە ئافات دەقێکە شکست و تراژیدیای ئێمە بۆ ڕۆژگارێك دەگەڕێنێتەوە کە ڕۆژگاری زەوتکردنی کولتور و سەپاندنی کولتورێکی ترە، کولتورێك تا ساتەوەختی دواین تراژیدیا کە ئەنفالە لەناو بەرگی جیاواز و بەهەمان فەرهەنگی نامۆ خۆی دووبارە دەکاتەوە.

دیارە ئەنفال لە ئەزمونی شیعریی (شێرکۆ بێکەس) دا کێشەیەکی ئەخلاقیە، مۆڕاڵێکە دەپەڕێتەوە ناو زمان، دەروازەیەکە تیایدا بوون و زیندەگی و شکستی کوردیی تیا ڕادەگەیەنرێت، ئەو لەو ئەزمونە جیاوازەدا دەیەوێ بەرەو ئاگاییەکی مێژوویی هەنگاو بنێت.

(١٠)

**ئاگایی مێژوویی لەناو حیکایەتی ڕابردوو خۆی پەنهان نەداوە بەڵکو ئەو ئاگاییە لەناو زماندایە، ئەوە زمانە دەرگا لە ئاگایی مێژوویی دەکاتەوە نەك حیکایەت، کە ئەوەش ئاگایی خودە لەناو شیعردا.**

**ئاگاییەك تیایدا لەڕێگەی زمانەوە دەسەڵاتی خۆی دەکوژێت، ئەویتر دێنێت و دەیدۆزێنێتەوە بۆ ئەوەی دەنگی ئێمە بخاتەوە ناو ئاگایی مێژوویی، بەوەی ئەوە تەنها گەڕانەوەیەك نیە بۆ ناو مێژوویەکی سیاسی، هێندەی مێژوویەکی مرۆیی هەیە، شێرکۆ لەو ئەزمونەدا دەسبەرداریی حیکایەتی ئاینی و خورافی نەبووە، بەڵام ئەوەی حیکایەت دێنێتەوە ناو تێکست زیاتر وەك ئاماژەیەکی مێژووییە.**

**هەر بۆیە پەریزاد بە تەنها هەڵگری دۆستێك نیە هێندەی چ لە ڕووی ناونانەوە یاخود لە ڕووی مێژوویەوە تەواویی جەستەی مێینەیەکی ئەفسانەیی دەگەیەنێت، چونکە لە ڕووی ناونانەوە دەبینین ئەو دەلالەت لە نەوەیەکی پاکیزەیی دەکات، ئەوەش مانای وایە ئەوە ژن نیە لەناو دەقەکە بۆتە هۆی تاوان کردن بەڵکو ئەوە نێرینەیە بەرەو هەڵەکردنی دەبات ڕێك بە پێچەوانەی مانا گریمانکراوەکانی حیکایەت کە ژن دەکەن بە شوناسی گوناهی مرۆیی، پەریزاد لەناو زماندا لە پاکیزەیش یاخی بووە و دەیەوێ بەرەو شوێنێکی تر بڕوات، بۆیە خودی**





**ناو زمان لەو سەرەتایەوە بانگەشەی ئەوەی بۆ دەکات کە ئەویش وەك ئەوانی تر نۆرەیەتی بیخاتە ناو گوناه و گومانەکانیەوە، ئەو خستنە ناوەوەی پەریزاد چەندە دەلالەتی زەوتکردنی جەستەی پەریزادە لە ڕێگەی پرۆسەی سێکسکردنەوە لە هەمان کاتدا دەلالەتە بۆ خۆکوشتنی خود لەپێناو بنیاتنانەوەی جەستەی ئێمە، ئێمە جەستەیەکە لای شاعیر دەبێت بە ئێمەی مرۆڤ و ئێمەی کورد.**

**بەڵام لە ڕوویەکی تردا تێکەڵ بوونی پەریزاد بە خود خاڵی نیە لە ئێمەی گوناهبار چونکە مێژووی خوێناویی خود دەبێتەوە بە مێژوویی خوێناویی پەریزادیش، ئەوەش گوناهبار بوونی مرۆڤە لە تاوانەکانی سرووشت، ئەگەرچی ئەو بینەرێکی ناو تاوانەکان بێت، بەڵام سەرەتایەکە بۆ پیس کردنی لەناو خوێن و کوشتن.**

**"بتبەم و سەرە بڕڕاوەکانی خۆمت نیشانبدەم**
**تۆ بڕوانە چەند جوانم بەم خوێنەوە**
**دەروازەی مۆزەخانەی**
**لەشە مۆمیاکراوەکانی خۆمت بۆ بخەمە سەر گازی پشت"**
**پەریزاد و گوڵەکەی دوژمنی ل٢٣١**

**بەڵام ئەو دەلالەتە لەناو زماندا نابێتە شوناسی ئێمە بوون، بەڵکو زمان لەناو خوددا ئەو دەلالەتە تێکدەشکێنێتەوە و دەلالەتی تری لەناو دروست دەکات، بەوەی جەستەی**

**خوێناویی خود بەتاڵ نیە لەخەونی فڕین، خەونێك کە سووتانی عەشقێکی هەمیشەیی (من) ی کوردیە، ئەو عەشقە لەناو خەون و شکست و درۆکردندا ڕووبەڕووی ململانێکانی ژیان بۆتەوە، کەچی شوناسێکی پێنادرێت بۆ سەلماندنی ئەو کەسێتیە، لێرەدا شێرکۆ دڵنیایی ئەوەمان دەداتێ بەوەی بەر لەوەی قسە لە چەمکی ئێمە بوون بکەین دەبێت ئەوەمان بیر نەچێت کەسێتی کوردیی کەسێتیەکە لەدەرەوەی شوناسی بوونەوەیە، شوناسێك کە پەیوەستە بە برینە مێژوویەکانی زیندەگی کوردیی.**

**ئەوە برینەکانی بوونمانە لە ڕابردوودا کە دەگاتە ئەو ئاستەی بیرکردنەوە لە دەرەوەی شکست و خەونەوە سەیر بکەین هەر بۆیە ئامادە نەبوونی شوناس بەر لەوەی تاوانێك بێت بیخەینە ئەستۆی دوژمنەکانمان ئەوە خۆمانین بەر پرسیارین هۆیەکەشی پەیوەستە بە پرسیاری ڕەخنەییمان لەخۆمان بەوەی ئێمە بۆچی لەدەرەوەی زەمەنی بیرکردنەوە داین، ئەوە بەمانای ئەوە نیە کوردیی کەسێتیەکە توانای بیرکردنەوەی نیە، بەڵکو زیاتر مەبەست لەوەدایە کە نەبوونی گوتارێکی ڕەخنەیی بۆ ڕابردوو بووەتە هۆی ئەوەی توانای ئاشکراکردنی ئەو شکست و برینە مێژوویی و نەتەوەییانەمان نەبێت.**





**"عەقڵی ئێمە و عەقڵی بەرانە کێویەکان**
**لە یەکتر جودا نەئەکرانەوە**
**چاوی ئێمە و چاوی گاشە بەردەکان هەر یەك**
**چاو بوون**
**دەروونی ئێمە و دەروونی ئەشکەوتە نسرمەکان**
**هەر یەك شت بوو" لا ٢٨**

**بەڵام دەبێت ئەوەمان بیر نەچێت ئەگەر ئەوە شێرکۆ بێت پەیوەندیی نێوان نەتەوە و مێژوو لە شیعردا دەرنەکات ئەوە ئاستێکی تر لەناو دەقەکەدا پانتاییەکی تری بۆ مانای جیاواز دەست نیشان کردووە ئەویش زمانە، چونکە زمان لەڕێگەی پەیوەندیی نێوان خود بە پەریزادەوە هاتە بوون ئەو پەیوەندیەش بووەتە ئینتیماکردنی خود بۆ لەشی پەریزاد بەڕادەیەك کەئیدیی توانای جیاکردنەوەی یەکێکیان لەوەی تر یەکێکە لەو کارە ئەستەمانە، نەك لەبەر ئەوەی خود لەناو زماندا دەکەوێتە ناو گێژاوێك کەخۆی بۆ جیا ناکرێتەوە، نا بەڵکو خۆی نایەوێ لەناو ئەویتری دۆست کە پەریزادە بێتە دەرەوە.**

**بۆیە ئەگەر سەرەتا دەیویست پەریزاد بێنێتە ناو فەزای خوێناویی خۆی ئێستا دەیەوێ بچێتە ناو دنیای پەریزاد بۆ ئەوەی بە تەواویی پاك بێتەوە لە شکست و جەستەی خوێناویی و بەرەو سزای خۆشەویستی ببردرێت سزایەك کە**

عەشق و مێژوو گوڵی نوێی تیا درووست بکاتەوە، ئەوەش لەدایکبوونێکی تری زمانە لەناو مانادا کە دیسان بەرەو دەروازەی تری پەیوەندیی کردنەوە بە ماناکانی مێژوومان دەباتەوە، بەڵام مێژوویەکی تر جیاواز لەوەی ڕوویداوە، بەڵکو مێژوویەکی نوێ کە گوڵ و عەشق لەخۆ بگرێت.

(١١)

ئەوکاتانەی بمانەوێت لەماناکانی مەرگ لەناو مێژوو دڵنیابین ئەوە هەر گەڕانەوەیە بۆ ئەو تێگەیشتنەی کوژرانی سرووشت، بەمانای سرووشت لە ئەزمونی شێرکۆیدا نەك هەر کوژراوە بەڵکو لەئافاتدا ئەو کوژرانە هەڕەشەکردنەوەیەکی هەمیشەیە لە شونایی کوردبوون.

ئەو شوناسە چەندە لەناو مێژوودا شوناسێکی داگیرکراوە بەهەمان شێوە ئەو شوناسە لەبەردەم مەترسی لەناوچووندایە، قسەکردن لە کوردبوون تەنها قسەکردن نیە لەو کارەکتەرەی بەکوردیی لەگەڵمان دەدوێت، بەڵکو ئەوکارەکتەرە کێشەی شوناس و زمان و کولتور و مێژوویی زەوتکراوی هەیە.

وەك لەدەقی(ئاوابوون و بوومەلەرزە) کێشەی لەناوچوون و بوون دەبێتە کێشەیەکی فەلسەفی لەناو ئەو ئەزمونە شیعریە بەمانای بەتەنها ئەو سرووشتە کوژراوە نیە بەڵکو ئەو دەقە لەگەڵ هەردوو دەقەکەی پێشوو لە ئەزمونی ئافاتدا ئەو گوتارە شیعریە بەرەو ئاستێکی تر و هەڵکشانێکی تری دەبەن، بۆیە





خود جەستەیەکی لەخاچدراوە، مەسیحێکە و بەتاوانی جیاوازیی کولتوریی سزا دەدرێت، چونکە لەنێوان جەستەی لەخاچدراو و مانگی کوژراو پەیوەندیی نێوان خود و کولتور دەکەوێتە بەر هەڕەشەی سڕینەوە و لەناوچوون، ئەوەش گەڕانەوەی مێژوویەکە لەناو هەنووکەدا، غەزا چەمکێکە تیایدا لەڕێگەی ناونیشانەوە گوتاری ئافات دەکات بە شوناسی بوونی کوردیی، ئەوە گریمانە سەپێنراوەکانی مێژووە لە ئێستادا بەوەی خودی لەخاچدراو فڕێدەدرێتە ناو لمی بیابانەوە.

ئەو گەڕانەوەی بۆ ڕابردوو بەتەنها گەڕانەوە و شوبهاندنی ڕووداوێك نیە لەناو مێژوو بەڵکو هەوڵێکە بۆکوشتنی ئیرادە و سڕینەوەی سیما کولتوریەکانی نەتەوە، ئەوە هەر زمان نیە لەناو غەزادا دەمرێت بەڵکو ئاین و شوناس بەر لە زمان دەکەونە نێو بیابان، بۆئەوەی ئەو شوناسە بخرێتە دەرەوەی بوون.

بەمانای ئەوەی سرووشتی ئێمە سرووشتێکی تراژیدیە هەڵگری مەرگ نەبێت شتێکی تری پێنیە، ئەوەتە عەشق و زیندەگیمان هاو واتایە بە مردن، بۆیە ئەگەر جەستە بونیادێك بێت بۆ پرۆسەی زیندەگی و بەردەوامی، ئەوا جەستەی کوردیی لەناو ئەو تێکستەدا جەستەیەکی ئاوابووە لەناو تەمدا، چونکە سرووشت مانایەکی بۆ ژیان نەهێشتۆتەوە.

**"باڵندەیەك نەما كوێر نەبێ**
**هەورێك نەما نەزۆك نەبێ**
**باخێك نەما ئیفلیج نەبێ" لا٥٢**

چەمكی ئێمە لەناو زماندا كێشەی ڕزگاربوونی نیە، بەڵكو كێشەی بوونی هەیە، بەمانای ئەوەی لەناو لمدا دەمێنێتەوە ڕاستە ئێمەین، بەڵام پرسیارێك كە لەخۆی بكات ئەوەیە: ئێمە كێ بووین؟

پرسیاركردن لەچیەتی ئێمە پرسیاركردنە لەجیاوازیی كولتوریی بەوەی كێشەی شوناسمان هەبوو، كێشەیەك ئەوانیتر بە هەڕەشە سەیریان كرد بۆسەر خۆیان، لەئێستادا وەزیفەی زمانە لە بیابان جەستەی كوژراو بێنێتەوە قسەكردن، ئەوەش دواندنەوەی هەریەكە لە ڕەگەزە جیاوازەكانە، وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ كرد كە ئەوە تەنها خود نیە بەشداریی لە وێناكردنەوەی كارەكتەر دەكات، بەڵكو ئەویتر لەتەك خود پەیوەندیەكی دەلالی درووست دەكات لەپێناو خوڵقاندنەوەی چەمكی ئێمە، بەواتایەكی تر "ئێمە بوون" ی نێو تێكست، زیاد لە دەنگێكی نێو مێژوو دێتە ناو ئاخاوتنەوە.

**"من كچە چاو سەوزێكی میدیاییم**
**ناوم"ناهید"ە**
**شەرابی گاتاكان لەناوەكەم ئەچۆڕێتەوە"لا٥٤**





ئێمە بوون بەتەنها ڕزگاربوون نیە لە تاكە دەنگی، بەڵكو دێت بۆئەوەی بچێتەوە سەر ڕەگەز و سرووتە تایبەتیەكانی خۆشی، لەنێوان ئاستە جیاوازەكانی زەمەنی لەوە تێدەگەین شێركۆ دەیەوێ پێمان بڵێت ئەوە هەر هەمان عەقڵیەتە خۆی درێژ دەكاتەوە و شەرعیەت بە تراژیدیاكانی ناو ڕابردوو دەدات، كەواش بێت دەبێت زمان بەرەو ناو یادەوەریی كارەكتەرەكانی ئێمە و بەرەو ناو هەڕەشە كولتوریەكان بگەڕێتەوە.

بۆیە ئەو زمانە دوور ناكەوێتەوە لەناو ڕابردوو، بەڵكو مێژوو دێنێتەوە بۆ ئەوەی دڵنیایی ئەوەمان پێببەخشێت كە ئەوە تەنها مردنێكی هەنووكەیی نیە بەڵكو مردنێكی نێو ڕابردووە و خۆی لە ئێستادا درێژ كردۆتەوە، ئەو درێژبوونەوەیە فاكتەری پیس كردنی زیندەگی ئێمەیە بەوەی تا نەگەیشتنی شمشێر و بای دڕكاوی سەحرا ئافاتبوونمان شتێك نەبوو بەرەو ڕووی بچین، هەر بۆیە تراژیدیە هەنوكەیەكەمان خاڵی نیە لە خواردنی **"مەملەكەتی خەونی مید و مەمكەكانی ناهید"لا٥٧**

بەڵام لەتەك ئەوەدا زمان هەڵگری گوتاری مانەوەیە، مانەوە لەناو تێكستدا پڕۆژەی داكۆكیكردنە لە شوناس، بۆیە هەریەك لەزەمەنەكان دابڕاو نین لەناو شكست و ئومێدەكانمان.

"سەگەڵی خەلیفە" و "پۆستاڵ" دوو ئاماژەی زمانەوانی ناو دەقن كە هەر یەكەیان دەلالەتی داگیركردن و جەبەرووتی هێزی

مەرگدۆستی جەللادمان لەتاوانێك پێئاشنا دەكات دواجار لە ژێر یەك ناوو یەك نەتەوەو یەك ئاینیدا هەڕەشەی سڕینەوەی شوناس لە ئێمە دەكەن.

کارەکتەرە مێژوویە کوژراوەکانی ئێمە لەناو پانتایی زماندا بەیەك دەگەنەوە، زمان ڕووبەری کۆکردنەوەی زەمەنی ڕابردووە لە هەنوکەدا، هەربۆیە ئەوە شێرکۆ بێکەس نیە لەناو زماندا دەدوێت بەڵکو شێرکۆ بێکەس دەیەوێت شیعر ڕووبەرێك بێت بۆ ئەوەی خەونی شاعیر بێنێتە دیی لەچڕکردنەوەی زەمەن، ئەوەش خودی ناو دەق لە (شێرکۆ بێکەس) ەوە دەگۆڕێت بۆ (عەبدولخالق مەعروف).

بەڵام خودی ناو دەق کارەکتەرێك نیە بەتەنیا نوێنەرایەتی خودێکی کوژراوی ناو مێژووی نوێمان بکات بەڵکو خودێکی کوژراوە کە هەڵگری سرووشتی کوژراوو کولتورێکی خوێناویە، بەمانای ئەو هەڵگری کۆی مێژوویی قوربانی کوردیە هەر لەسەردەمی زەردەشتەوە تا دووبارەکردنەوەی غەزاکان.

"من کوڕە چاو مەیلە و سەوزێکی هەولێریم
ناوم "عبدالخالق" ە
کوڕی سەفینی کوڕی مەتینی کوڕی هەڵگوردم..
لەڕەگەزی ئاگرم"لا٧٧





هەربۆیە ئاگربوونی ڕەگەزی کارەکتەرەکەمان لە دەلالەتی کارەکتەری قوربانی ناو ژیان دەخاتە ناو ئاگر و کارەکتەرێکی تری پێدەبەخشێت و ناوی دەنێت (پشکۆ)، بەڵام زمان دەیخاتە ناو دۆخی گۆڕاو تا دواجار دەیکات بە(مەردۆخ)، بەڵام بۆئەوەی دەنگی باڵای خود تێك بشکێت ئەو دەنگە پێویستی بە پرۆسەی عەشقێکی دۆنادۆنی هەیە بۆیە ئەو دەبێتە عاشقی (ناهید) بۆئەوەی ئێمە بوون بەتەنها گوتارێك نەبێت دەلالەت لەساتەوەختێکی دەست نیشان کراو بکات بەڵکو مێژوویەکی تەوایی هەڕەشکردن بێت لەبوونی کوردیی، بەڵام هەڕەشەیەك دواجار توانای ئەوەی نەبووە ئێمە بوون بخنکێنێت بەڵکو ئەوە دواجار هەستکردن بەشکستە، ڕاستە ساتەوەختی ڕووداو بەرامبەرەکان دڵنیایی سەرکەوتن بەخۆیان دەبەخشن، بەڵام دواجار سەرکەوتن هەستی شکستیان تیا درووست دەکات ئەوەش پەیوەستە بەکۆی ئەو حیکایەت و فانتازیاو ڕووداوانەی کە قسە لە حیکایەتی کورد بوونمان دەکەن.

"ئێمە شمشێر لەخوێنماندا خنکا
ئێمە ئەو تاقمە سوور پۆشەین
ئەو تاقمە کڵپە و تاقمە سروودو
تاقمە زەردەشتەین
بە مەرگ ژیانمان نووسیوە"لا٨٢

(١٢)

ئەزمونی ئافات بۆ شاعیر لەزۆر ڕووە ئەزمونێکی جیاوازە چ لەگۆڕینی شێوە و زمان لەگوتاریی شیعریی و کوشتنی چەمکی خود و بەشداریکردنی ئەویتر لەپێناو نووسینەوەی چەمکی (ئێمە) ئەوەش لەڕێگەی گۆڕانێکی تری ناو ئەو گوتارە شیعریە بەرچاومان دەکەوێت، کە ئەویش لەوگەڕانەوە مێژوویەی کە گوتاری کوردبوونی پێوە پەیوەست دەکات، کە لەهەر سێ دەقەکەدا کارەکتەرەکان لەناو زماندا خاڵی نین لەیادەوەریی زەردەشتی بوونیان ئەوان خاوەنی ئاین و کولتورێکی سەربەخۆن، دواجار ڕاڤەکردنی شێرکۆ بۆ ڕووداوی ئەنفال ڕاڤەیەکی دەست نیشان کراوە بەوەی ئەوە شەڕی کولتوری نەتەوەکانە.

شەڕێکە هەرەمەکیانە بەعس ئەنجامی نەداوە، بەڵکو شەڕێکە لەناو مێژوودا هاتۆتە بوون و پێشتر لەژێر هەمان ناودا ڕەوایەتی لەژێر ناوی ئاین پێدراوە، هەموو ئەوانەش وادەکەن کە ئەزمونی ئافات نەك هەر لەئەزمونی شیعریی شێرکۆدا بەڵکو لەئەزمونی شیعریی کوردیدا جیاواز بێتەوە و تەنانەت شاعیرەکەمان بۆخۆشی بەدوای قەسیدەی"دەربەندی پەپوولە" پێویستی بەگۆڕانێك هەبوو لەناو گوتارە شیعریەکەیدا، کە ئەو سێ دەقە گۆڕانێکی تر بەشیعریی ئەو دەبەخشێت.

(١٣)





تراژیدیا و خەیاڵی زمان، ئەزمونی وێناکردنەوە وخوڵقاندنە، تێکشکاندنی ڕەمزەکانی نێو ژیان وخوڵقاندنەوەی ئاماژە زمانەوانیەکانە، ئەوەش لەناو دەقدا ناچارمان دەکات بەشداریی لە پڕۆسەی تێکشکاندنی تراژیدیا بکەین و بەشداربین لەناو خوڵقاندنەوەی پانتایی زمان.

لەهەر شوێنێك پرسیارەکانمان وەستا دەبێ گومان لە خوێندنەوە بکەین، بەوەی ئاسۆی ڕوانینمان توانای بینینی ئاماژەکانیان نیە، ئەو کاتەی ڕووبەندێك لەتەم دەکەوێتە سەر ڕوانین پێویستە گومان لەو دیدە بکەین و هەر گومانیش دواتر دەمانباتەوە سەر پرسیار، پرسیار لە کەشفکردنی ماناکان و دۆزینەوەی مانا لەناو خەیاڵی زماندا یەکێکە لەو ئەگەرانەی لەناو ئەزموونی شێرکۆ بێکەسدا دەبێ ئاگایی خوێنەر بەشداریی لەناو ئاگایی شاعیردا بکات.

ئامادە نەبوونی هەریەك لە ئاگاییەکان ئەوا لەناو گوتاری مانەوەی مانا لەناو خەیاڵی زماندا دەمێنینەوە، توانای ئەوەمان نابێت درك بەو مانا جیاوازانە بکەین کە لە ئەزموونی شیعریی ئەو شاعیرەماندا بوونی هەیە.

لێرەدا بۆ ئەوەی بتوانین لەسەر خەیاڵی زمان لەو ئەزموونە شیعریە نزیك بکەوینەوە سەرەتا هەوڵ دەدەین لە بوونی چەمکی تراژیدیا لەناو زمان و خوڵقاندنەوەی خاچ وەك ئاماژەیەك بۆ ژیان و مەرگ لە بەرامبەر ئاماژەی مار لە

ئەزموونی (خاچ ومار و ڕۆژمێری شاعیریٚ) نزیك بكەوینەوە و دواتر دێینە سەر ئاستێكی تری سیمیۆلۆژی لەو ئەزموونە ئەویش كە چۆن فرە ئاستی دەنگ توانای نووسینەوەی تراژیدیای هەیە لە (گۆڕستانی چراكان) دا، دواتریش وێناكردنی ئەو ئەزموونە لەوێوە سەیر دەكەین كە خەیاڵی زمان چۆن عومەری خاوەر وەك ڕەمزێك لەناو ژیانی كوردیدا تێكدەشكێنێت و سەرلەنویٚ دەیكاتەوە بە ئاماژەیەك، ئاماژەیەك بوونی ئەو كارەكتەرە كوردیە دەگۆڕێتە سەر كەینونەیەكی زمانەوانی، بەوەی بوونێكی جیاوازمان پێدەناسێنێت، بوونی كارەكتەرێك كە لەناو خەیاڵی زمان و نووسینەوەی شیعر و دەسگیر كردنی گازی ژەهراوی دێتە بوون، ئەوەش مانایەكی هاودژی ناو دنیای كوردیە، مانایەك لەناو تێڕامانی شاعیریانە و ئەزموونی شێركۆیی دێتە بوون.

(١٤)

پەیوەندی تراژیدیا بە خەیاڵی زمان لە دەقی(خاچ ومارو ڕۆژمێری شاعیریٚ) پەیوەندیی نێوان شاعیر و ئاماژەیە، بەوەی ڕۆژمێری شاعیرێك دەنگی شاعیرە لەناو دەقدا، دەنگێك سەرەتا لەگەڵ خاچ ومار وەك دوو ئاماژە كۆبوونەتەوە، لەناو دەنگی شاعیر ئەو دەنگە لەناو تاكە ئاستی بیركردنەوەی شاعیر وون دەبێت و زمان لەڕێگەی فرە ئاستە جیاوازەكان بنیاتی گوتارە شیعریەكە لە ئەستۆ دەگرێت.





زمان دەبێتە سێنتەری نێوان خاچ و مار، ئەو دوو ئاماژەیە هەریەكەیان  بەتەنها نوێنەرایەتی زیندەگی و تراژیدیا ناكەن، هەریەك لەو دوو ئاماژەیە بەرهەم هێنەرەوەی هەردوو ئاستەكەن، بەڵام بە دەلالەت و ڕەهەندی جیاوازەوە.  ئەگەرچی ئامادەبوونی خاچ.. بەندە بە ئامادەبوونی دەنگی شاعیرەوە، ئەوەش ساتی هاتنە دونیایەتی، بەوەی ژنە مامانێكی دیان وێنەی خاچ لەسەر ناوچەوانی دەكێشیٚ، ئەو وێنەیە سەفەری زمانە لەناو یادەوەری شاعیرەوە، بەوەی نووسین دەبێت بە گەڕانەوە بۆ ئەزموونی منالّی لە ڕێگەی ڕۆژمێرەوە، خەیاڵی منالٚ و خەیاڵی شاعیر لەناو ڕۆژمێرەكەدا كە ئەویش خەیاڵی زمانە یەك دەگرنەوە، لەناو ئەو خەیاڵەدا زمان دەیەویٚ هەر لەسەرەتاوە بەوە ئاشنامان بكات كە خاچ ئاماژەیەكە لە دەرەوەی ئیرادەی شاعیرەوە دێت، بەڵام ئەو ئاماژەیە لای ژنە مامانەكە هەڵگری دەلالەتی زیندەگیە، بە جیاواز لە دەلالەتی هەمان ئاماژە لای هەریەكە لە منالّی ناو دەقەكە و دایك و ئەوانی تر، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبیٚ ئەوە بیر نەكەین كە خاچ زیندەگی و ئومێدێك لەگەڵ خۆی دێنێت، ئومێدێك بیٚ ئەوەی ئیرادەی خودی لەسەر بێت، ئەو ساتە وەختە ئێمە دەكەوینە بەردەم پڕۆسەیەك لە دەرەوەی ئیرادەمانەوە و هیوادەخوازین كە بەو دەرەنجامە (نیتچە) ییە كۆتایی نەیەت، بەوەی چۆن

لەدایك بوون بە ویستی ئێمە نییە، ئاواش مردن و كۆتایی لەدەرەوەی ئیرادەمانەوەیە.

خاچ نایەڵێت لەو سەرەتایەوە بەو جۆرە بیركردنەوانە سەرقاڵ بین، چونكە گەورەبوونی شاعیر.. گەورەبوونی خاچە، ئەوەش پەیوەندیی بەوەوە هەیە كە پەیوەندیی نێوان شاعیر و خاچ پەیوەستە بە بەرز بوونەوە و دابەزینی هەردووكیانەوە، بە مانایەكی تر هێزی ژیان و وێناكردنی تراژیدیا هێزێكە بۆ بەردەوامی بەوەی ووزە لە یەكتری وەردەگرنەوە، بۆیە ئەوە مەرگ نیە دێت، بەڵكو ژیانە، بەڵام ژیانێك پڕیەتی لەتراژیدیا، تراژیدیا لە ڕێگەی ژیان خۆی نمایشت دەكات، ئەوەش وادەكات خاچ بەتەنها هەڵگری تاكە دەلالەتێك نەبێت، هێندەی ببێت بە ئاماژەیەكی فرە دەلالەتی. ئەو فاكتەرەی لەپشت ئەو تراژیدیا بوونەی ژیانە، ئەوە زمانە، زمانە وێنای تراژیدیا دەكاتەوە، نەك لەبەر ئەوەی شاعیر خۆی دەداتە دەست زمان، لە ڕێگەیەوە دەچێتە سەر جەوهەر و ناوەخنی زمانەوە.

"گەیشتیتە سەر ترۆپكی ئەم (زمان) ەو
ڕەشەبات كرد بە جۆلانە" لا٥

بەڵكو ئەوەیان هەوڵێكی دەسپێكە بۆ كرانەوە بە ڕووی فرە دەلالەتیەوە، بەڵام ئەوەی مێژووی زمان و تراژیدیا بەیەك هاو واتا دەكاتەوە، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ"تۆ كۆنترین ئاگردانی ئەم (زمان) ە و بەردە نوێژی" لا١٥





شاعیر چۆن دەنگی خۆی لەناو زماندا دەتوێنێتەوە، بەهەمان شێوەش خود تێكەڵی دەنگەكانی تر دەبێت، بەوەش دەنگی(من) لەناو ئەو مێژووەدا بەتەنها وەك دەنگێكی تاك نایەنە ناو كۆ، بەڵكو دەنگی (ئێمە) گومانێكی تر دەخاتە ناو ڕوانینمان، بەوەی ئەگەر بوونی مامانێكی غەیرە ئاین بە ئێمە وەك گوناهێك سەیر بكەین، دواجار مێژووی ئێمە.. مێژووی گوناهبار بوونە لەناو درێژ بوونەوەی ئاینەكان، ئەو گەڕانەوەیە بۆ گوناهباربوون فراوانبوونی ئاسۆكانی تراژیدیایە، بەڵام تاچەند ئەو تراژیدیایە وێنەیەكی مەترسیدارە لەناو بیركردنەوەی كوردیی، ئەوەیان بە ئاگاهێنانەوەی خوێنەرە لەناو دەقدا.

ئاگایی خوێنەر لەپێناو تێكشكاندنی تاكە دەلالەتی و سەر لەنوێ بارگاوی كردنەوەی  ئاماژەیە بە دەلالەتی جیاوازەوە، ئەوەش دەبێت بە یەكێك لەمیكانیزمی بەشداری كردن لەناو دەقدا، ئەوەش پڕۆسەی سەر لەنوێی نووسینە.

بەئاگاهێنانی ئاگایی خوێنەر هێنانی خوێنەرە بۆ ناو ڕووبەری فرە جەمسەری، بەوەی خاچ ئەو دەلالەتی ژیانە بەجێ دێڵێ و لەناو سرووشتدا دەلالەتی هەڕەشەكردن لەژیان بەرهەم دێنێتەوە، ئەوەش شاخە خاچێكی سوورە لە تەم، ئەو شاخە تەنها هەڕەشە نیە لە كوشتنی دەلالەتی پێشووی خاچ، بەڵكو بەر لە هەموو شتێك كوێركردنی نیگایە، بەوەش پڕۆسەی

**بینین دەبێ بە پڕۆسەی بە خاچ بوونەوە، چونکە دواتر لەناو خەونی دایکیش کاتێ خاچ بوونی نییە، بەڵام ئاماژەی تر هەیە کە هەمان وەزیفە دەبینن ئەویش (مار) ە.**

**ئەو ئاماژەیە لەدەرەوەی خەونیش دێتەوە لەگەڵ خاچ بەشداریی دەلالەتی یەکتری دەکەن، لەهەر شوێنێك هەریەك لە ئامارژەکان تواناکانی وەستا، ئەوە ئەویتر بۆی تەواو دەکات، بەمانای ئەوەی کە مار تەنها دەلالەتی مردن وەرناگرێت، بەڵکو (خاچ، مار، شاعیر) بەهەر سێکیان دەبنە تەواوکەریی وێنەی ئەو ڕۆژمێرە.**

**"من خاچی مار تێئالاوم**
**من نەفرەتێکی یەزدانیم**
**من سێ بزماری ڕواوم"لا٢٠**

**ئێمە لەناو ئەو وێنەیەدا پڕۆسەی لە خاچدانی شاعیرێکی مار تێئالاو دەبینین، ئەگەر ئەو وێنەیە لە خوێندنەوەی یەکەمیدا گریمانەیەکی ئاینی لەسەر خۆی بکاتەوە دەڵێین، لەخاچدانی مەسیح دەنگی پێغەمبەرێك بوو، دواجار بە یەزدان دەڵێت"خوایە بۆ بە تەنها بەجێت هێشتم" بەڵام لەخاچدانی شاعیرە مار تێئالاوەکەی ئێمە، کە شاعیرێکی مناڵە و هەرگیز وەك مەسیح بیر ناکاتەوە بەوەی ترسی لە مانەوەی تەنیایی بێت، بەڵکو مناڵە لە خاچ دراوەکە ئەو ترسە دەگۆڕێت بە پرسیار.**





**پرسیارکردن لە باوك، کە لەبنەڕەتدا پرسیارە لە دەسەڵاتی ئاینی و کۆمەڵایەتی، کە ڕووبەری کام لە دەسەڵاتەکان فراوانترە. ئەگەر دەسەڵاتەکانی ئەو دنیایە توانای ڕۆڵی نوێنەرایەتی کردنیان هەبێت، ئایا ئەو دەسەڵاتانە توانای ئەوەیان هەیە ئەوی لەخاچدراو ببەنە لای خوا؟**

**کاتێ وەڵامەکان هیچ لۆژیك و بنەمایەکیان نابێت، ئەوساتە ئەو وێنەیە دەلالەتی ئاینی تێك دەشکێنێت و بەرەو ڕەهەندی زمانەوانی و فیکری تر دەڕوات. دیارە ئەو وێنە لە چاچ دراوە وەك ئامارژەمان بۆ کرد مناڵێکە، مناڵێك کە پرسیارەکانی دەکوژرێت، ئەوەش گەڕانەوەیە بۆ چەمکەی تراژیدیا، بەوەی ئێمە نابێت لەوێوە سەیری تراژیدیای کوردیی بکەین کە ئێمە دواتر لەسەر ئەزموونەکانی تری شێرکۆ دێینەوە سەری، بەڵکو تراژیدیا لێرەوە دەست پێدەکات کاتێ خەیاڵی زمان لەناو مناڵدا دەکوژرێت، بەوەی نەك هەر وەڵامێکی شیاوی پێنادرێتەوە، بەڵکو پڕۆسەی پرسیارکردنیش لەلای بێمانا دەکەوێتەوە. کوشتنی پرسیار.. دەسپێك و سەرەتای مێژووی تراژیدیای ئێمەیە، تراژیدیا هەر ئەوە نییە بەسەر قوربانیەکاندا بووەستێن، بەڵکو کوشتنی پرسیار.. کوشتنی چەمکی ژیان و بنیاتنانەوەی مردنە، ئەوەش ڕووبەرێکی تری ئەزمونی شێرکۆیی دەخاتە ناو پڕۆسەی خەیاڵی زمان، نەك**

لەسەر ئاستی یادەوەری شاعیر و خودێتی زمان، وەك لەو ئەزموونەدا دەیبینین.

بەڵكو لە (گۆڕستانی چراكان) دا ئەو خەیاڵە لەناو تراژیدیاوە وێنای هەردوو چەمكی ژیان ومردن دەكاتەوە، ئەوەش دەقێكە بۆ نووسینەوەی تراژیدیا، سەفەرێكە لە خودگەرێتی شاعیرەوە لەناو (خاچ ومار و ڕۆژ ژمێری شاعیریٚ) دەست پێدەكات و دواتر لەناو چەمكی تراژیدیای خودەوە بەرەو تراژیدیای ئێمە دەچێت.

ئەو سەفەری تراژیدیایە لەو دیو (گۆڕستانی چراكان) بەرەو چەمكێكی تر دەمانبات كە ئەویش نە (من) و نە (ئێمە) یشە بەڵكو نووووسینەوە و وێناكردنەوەی دنیایەكی نادیاری (ئەویتر) ی قوربانیە، بەڵام نەك لەناو سەفەری مەرگدا، بەڵكو سەفەری عومەری خاوەر دەبێت بە سەفەری زیندەگی لەپێناو گەڕان بەدوای ژیاندا.

(١٥)

پەیوەندیی نێوان ئاستە جیاوازەكانی دەنگ و نووسینەوەی تراژیدیا پەیوەستە بەو كەڵێنە شاراوەیەی دەكەوێتە نێوان پەیوەندیی نێوان خوێنەر و دەق، كە ئایا خوێنەر تا چەند ئامادەبوونی دەبێت بۆ نووسینەوەی ئەو كەلێنەی كە بە نەنووسراوەیی ماوەتەوە؟





ئەوەش بەتەنیا پرۆسەیەك نییە بۆ قسەكردن لە سیستمی ووتراوی دەق بەڵكو ئەو كەلێنە پەیوەستە بە بۆشایەك كە لە بەرەنجامی سیستمی ووتراوٍ هەموو دەنگەكان پارێزگاریی لەیەكەی دەنگی دەكەن، بەڵام لەبنەڕەتدا دەنگ خاوەنی چەندین ئاستی جیاوازە، سیستمی ڕێكخەر ئەو ئاستانەی یەك خستووە، لە نووسینەوەی تراژیدیادا ئێمە دەقێكمان هەیە هەڵگریی ماناكانی مەرگە.

كاتیٚ خوێنەر دەیەویٚ بەشداری لە نووسینەوەی ئەو كەلێنە بكات، ئەو ساتە تەئویلكردنەوەی سەر لەنوێی زمانی شیعریە، ڕەخنەگرتنەوەیە لە سێنتەری زمانی دەق و هەڵوەشاندنەوەی ئەو زمانەیە لەناو ڕووبەرێكی ڕەخنەیی كە چەمكی بونیاد بەتەواوی تێك بشكێنێت، بونیاد لەو ڕووبەرە هەڵگری ئاستی بەرزكردنەوە نییە بۆ دیدێكی باڵا، بەڵكو بونیاد دەگەڕێندرێتەوە ئەو دۆخەی كە تەنیا دەنگێكە بۆ دەربڕین، ئەو كاتە وەزیفەی زمان دەبێت بە پەیوەندیی نێوان نووسین و مەرگ، دوانی ڕەخنەیی دەیەوێت لەو زەمەنە بدوێت كە (شێركۆ بێكەس)پەیوەندیی شیعریی خۆی لەڕێگەی نووسینەوە دەبەستێتەوە بە مەرگەوە كە تراژیدیای ئەنفالە، ئەوەی ئەو پەیوەندیەش بەیەك دەگەیەنێت زمانە، لەڕێگەی كۆدی ڕێكخەر هەوڵدەدات بەرووبەرێكی زمانمان ئاشنا بكات كەگەڕانی شاعیریەتی خودە.

بەوەی مەرگ دەبێت بە دیدێك و شاعیر لە ڕوانینی خۆیەوە وێنای سەر لەنوێی ڕابردوو دەكاتەوە، ئەوەش توانەوەی شاعیرە لەناو زماندا، هەر بۆیە زمان لە ڕێگەی نووسینەوەی خۆی نایەڵێت ڕووداو بمرێت، بەڵكو لە بەرەنجامی دوانی لەمەرگ، چەمكی مەرگ بەرەو ئاستی نەمربوون دەبات، نەمر بوونی مەرگ ڕووبەرێكی سیمانتیكی دەست نیشان دەكات، ڕووبەرێك پەیوەندیی بە زهنیەتی شاعیرەوە نامێنی، بەڵكو ڕووبەرێك لەنێو پانتایی زمان بنیات دەنێت، ئەویش (گۆڕستانی چراكانە)

هەڵوەشاندنەوەی ئەو ناونیشانە مانای گەڕانەوەیە بۆ ساتی بەر لە هاتنی زمان، مەبەست لەو ساتەوەختەیە زمان لەناو پرۆسەی نووسینەوە هەوڵی نووسینەوەی ڕووبەر و پانتاییە شیعریەكانی نەدابوو، هەر بۆیە كاتێك بۆ ئەو ناونانە بگەڕێینەوە بۆ سەر دوو بونیاد،كە ئەویش (گۆڕستان) و (چرا) یە، دەبێ ئەو بونیادە كە هەڵگریی مانایەكی دەست نیشان كراوە هەڵوەشێنینەوە و لەناوسیاقی خۆی و دواتر لەناو سیاقە شیعریەكە سەیری بكەین، بۆیە (گۆڕستان) ئەگەر ئەو شوێنە بێت كە مردووەكانی تیا دەنێژرێت و (چرا) ش دەلالەت بێت بۆ ڕۆشنایی، ئەوە لە سیاقی ڕستەدا وەك مانا ووتراوەكەی دەبێ بە لە گۆڕنانی چراكان ناوی بەرین، بەڵام لە سیاقی شیعریدا تا ڕادەیەكی زۆر لەو مانایە دووردەكەوینەوەو بەرەو ڕەهەندێكی تری شیعریی دەچین، ئەویش پەیوەستە بە ساتی هەنووكەیی شیعریی بەوەی





دەق دەبێت بە گۆڕستانی ئەو جەستە وون بوانەی كە گۆڕێكیان نییە.

دەق زمان دەكاتەوە بە گۆڕی ئەوانن وەك چۆن زمانیش دواجار دەق دەكات بە گۆڕی چرا وون بووەكان، ئەو پەیوەندیە ئاڵ و گۆڕ كراوە پەیوەستە بەو ڕەهەندە ئەخلاقیەی زمان لەڕێگەی سیستمی فرە ئاستی گێڕانەوە ماڵێك (گۆڕستان) بۆ ئەوان بنیات دەنێت، ماڵێك بۆ ئەو چرایانەی كە لەناودەقدا خۆیان بەشداریی لە بنیاتنانی ماڵدەكەن ، ئەوماڵەی دەیكەن بە دوا مەنزڵگەی خۆیان و ناوی دەنێن( گۆڕستانی چراكان).

ئەو ناونانە كە دەبێ بە شوناسی دەقەكەش پەیوەندیی بەكۆی ئەومێژووە هەیە  شاعیر جەستەی خۆی وەك جەستەی قوربانی سەیر دەكات، ئەودەقە یادەوەریی خودیی شاعیر ناباتە ناو زمان، بەڵكو یادەوەریی قوربانیدەكات بە مێژووی هەمووان و لەناویشیاندا یادەوەریی شاعیر پێكهاتەی ئەو مێژووەیە، مێژووی ئەو پەیوەستە بە دۆخی لەدایكبووی زمان، ئەوساتەی زمان گۆڕستان دەنووسێتەوە، زەمەنی لەدایكبوونی ئەوە، زەمەنێكە یەكسانە بە زەمەنی هەموو چراكانی تر.

"من بەشوێن ئێسك و پرووسك و كاسە سەرم و
من بەشوێن خۆمدا ئەگەڕێم"ل٢٠

بۆیە زمان لە گەڕانی بە دوای قوربانیەكان، چەندە گەڕانی شاعیرە بە دوای خۆی هێندەش ئەو گەڕانە هەوڵێكی ترە بۆ شوناسی زمان، زمان هەموو ئەو دەسەڵاتە لە شاعیر

دەسەنێتەوە، کۆمەڵە دەنگێك لە شوێنیدا ولە چەند ئاستێکی جیاوازدا سیستمی دەلالی بەرهەم دێنن، بۆیە ئەگەر لە دەسپێکدا زمان دەنگی هەموان بێت، ئەوا دواتر دەنگی (کاڵێ) دەیەوێ ئەو یادەوەریە لەسەر خۆیدا چڕ بکاتەوە، **"من ژنێکی خەڵکی(زینانە) م ناوم (کاڵێ) یە"**ل٣٠

شاعیر پرسیارێکی نییە، چونکە دەنگی کاڵێ دێتەوە پرسیاری خۆی ئاراستەی ئەو زەمەنە هەنوکەییەی نووسین دەکات، بەوەی ئەوچۆن ڕابردوومان بۆ بگێڕێتەوە لە کاتێکدا ئاوەڵکراسی خۆی و دایکی و هەموو ژنەکانی مێژووی کۆن و نوێمان **"بەپێش دەمی قافلەی زیلەکانەوە هەڵیان ئەواسین"**ل٤٤

بۆیە پرسیاری کاڵێ پرسیارێکە لە تراژیدیایەکی بێ وێنە، تراژیدیایەك جگە لە دەستەوەسان بوون لە بەرامبەر پرسیاردا شتێکی ترمان پێنالێت، گێڕانەوە لەسەر دەنگی کاڵێ بۆ خۆی جۆرێکی ترە لە نائومێدیی و شێوەیەکە لە بێمانایی، بەوەی قیژە و زریکە نەدەگێردرێنەوە و نەدەنووسرێنەوە، عەرعەر ئەو بیابانەی دەبێ بە شوناسی قوربانی، شوناسێك لە توانای مرۆڤەکان نییە بیخوێننەوە، بەڵکو دەبێ بیابان لەڕێگەی خۆڵ و چاڵەکانیەوە بیخوێنێتەوە، بێدەنگی شێرکۆ لەبەرامبەر ئەودەنگەی کاڵێ قەبوڵکردن و هاوڕابوونە لەتەك ئەو ڕاستیەی کە مرۆڤ لە بەرامبەر تاوانێکی وادا ناتوانێت هیچ بڵێت، تەنانەت قسەکردن لەو کارە نەك بۆ مرۆڤ تەنانەت بۆ یەزدانیش تەنیا مایەی پرسیارە.





**"ئەبێ خودا خۆی ڕۆژێ سەرمان لێبداو**
**پێمان بڵێ ئەو ڕۆژی حەشرە چۆن ڕوویدا؟!"**ل٤٦

لە بەرامبەر ئەوەدا زمان بۆ ئەوەی لەناو تاك ڕەهەندیی ماناوە سیستمێکی داخراو بۆ دەق بەرهەم نەهێنێت، ئەوە زمان لەناو ئاستی دەنگی جیاوازدا بەشداریی لە سیستمی گێڕانەوە دەکات، بۆیە هەریەکە لە (دەحام و شاعیرێکی گەنج و حەیران بێژ) گێڕانەوەی ڕووداو لەلایان پەیوەستە بەو هەستە جیاواز و ڕەهەندە ئەخلاقیەی هەریەك لەوان لەناو ساتەوەختی ڕووداوەکە دەژیێن.

پرسیارێك کە لەناو ئاستەکانی گێڕانەوە دەبن بە پرسیاری خوێنەر.. پرسیارێك کە بەشداریی لە نووسینەوەی مانا و ڕەهەندە ئەخلاقیەکەی خوێنەر بکات لە ساتەوەختی ئەو ڕووداوە تراژیدیە، ئەویش ئەوەیە: خودا لە کوێیە؟

ئایا خودا خەسڵەتی بێدەنگی لەناو ئەو تاوانە هەڵدەبژێرێت؟ چونکە لە بەرەنجامی گێڕانەوە ونوسینی شیعری شاعیرە گەنجەکە دەپرسین، بۆچی یەزدان لە تاوانەکە نایەتە دەنگ؟

ئایا وەك شاعیرە گەنجەکە دەنووسێت دەشێ بەوحەقیقەتە بگەین کە خودا و حەقیقەت دووبونیادی نووستوی ناو ڕووداوەکەن؟ کە ئەوەیان جگە لە گومانێکی گەورەی خوێندنەوە ناچێتە ناو هیچ ناوکۆییەکی خوێندنەوە،چونکە دواجار ئەو گومانەش دەگەڕێتەوە ناو گێڕانەوە کاتێ دایکی یەکێك لە قوربانیەکان

دەیەوێ ساواکەی لەمردن ڕزگار بکات، ئەو ڕزگارکردنە بۆ گێڕەرەوە جگە لە خۆ هەڵخەڵەتاندنێك هیچی تر نییە.

**"بۆکوێ دایە؟! بۆ کوێی ئەبەی؟**
**بۆ ئەشکەوتێ! بۆ بن بەردێ. بۆ لای خودا!**
**بەڵام دایە ئەوان لە هەموو شوێنێکدان!" ل٩٦**

بەدوای ئەو ڕووداوە ئیدیی زمان دەچێتە ئاستێکەوە توانای زمان توانای خوڵقاندنەوەی بێ سنور و ناکۆتای دەبێت، چونکە چەندە لەناو زەمەنی ڕووداو دەژییێت هێندەش دەسبەرداریی یادەوەریی خۆی نابێت، یادەوەری نەتەوە لەو ئەزمونە شیعریەدا دەبێت بە شوناسی زمان، ئیدیی شتێك نامێنێت زمان دەسەڵاتی بەسەردا نەشکێت، ئەوەیان بە تەنیا توانای زمان نییە بەڵکو تراژیدیایەکە لەگەڵ خۆیدا هەڵگریی هەمووگریمانە و ئەگەرێکە، ئەگەر پرسیاری سەرەکی خوێنەر لە زمان ئەوە بێت کە لەگەڵ تراژیدیایەکی لەم چەشنەدا چۆن تواناکانی زمان سست نابن و کۆتاییان نایەت؟

ئەوە پێویستە ئەوە وون نەکەین کە گەڕانەوە بۆ توانا ئەزەلیەکانی زمان پەیوەستە بە فرە ئاستی گێڕانەوەکان، هەر بۆیە گەڕانەوەی مامەڕیشە وەك سیمبولێکی شیعریی و مانەوەی نەتەوە، سیمبولێك پەیوەستە بە ئومێدی ئێمە لەناو تراژیدیادا کاتێ سیمبولێکمان هەبێت ئەو ساتە مانای وایە زمان تواناکانی خۆی فراوان دەکات لەپێناو هەموو ئەو ئەستەم وگرفتانەی دەکەوێتە بەردەمی.





ئەوەش خاڵی نییە لەو ڕابردووەی کە بووە بە فاکتەرێکی سەرەکی بۆ لەپشت وەستانی ئەو ڕووداوە، شوێن لەو گەڕانەوەیە وەك شاهیدێك سەیر دەکرێت شاهیدێك کە درۆ ناکات، جگە لەوە ئەو گومانە لە هاتنەوە پەیوەستە بە کۆی ئەو ڕووداوەی کە بەرهەم هێنەری تراژیدیایە، دەشێ ئەوە تەنها دەنگێکی ناودەقەکە نەبێت بەڵکو دەنگی شاعیریەتی شێرکۆش بێت و گومانەکانی خوێنەریش لە مێژوو بڕەوێنێتەوە و پێمان بڵێ، کە دار هەنار و دووچاوی کوێری کانی تیشکی بۆ بگەڕێتەوە ئیدیی ئەو بۆ نەگەڕێتەوە.

ئەو گەڕانەوەیە بە تەنیا لای شێرکۆ پەیوەندیی نییە بەو زەمەنەی کە ئەنفالی تیا ڕوودەدات، بەڵکو گەڕانەوەیەکە لەگەڵ کۆتایی و مەرگی جەللاد ئیدیی دەشێ ئەو بۆ ئەبەد بگەڕێتەوە، ئەو وێناکردنە بۆ زمان هەڵگریی ئەوگوتارە شیعریەیە کە وەك لەلاپەڕەکانی پێشوو ئاماژەمان بۆکرد شێرکۆ لە (دەربەندی پەپوولە) دا زمان بەرەو دووئاست سەرقاڵی دەکات ئەوانیش ئاستی‌یەکەم "زمانی شاعیر بۆ خود"ئاستی دووەمیش پەیوەستە بە"گوتاری شیعریی بۆدەرەوەی خود"

لەو وێناکردنە بۆ زمان شێرکۆ دەیەوێ پێمان بڵێ ئیدیی سەردەمی کۆتایی تراژیدیا گەورەکان و ئومێدیی ئێمەیە بۆ ژیان، بەڵام ئومێدێك مانای وانییە دەسبەرداری ڕابردوو بین بەڵکو بۆ ئەوەی لە ئێستادا بین دەبێت بێدەنگی لە ڕابردوو

نەکەین، ئەوە چەندە ئیلتیزامێکی ئەخلاقیە هێندەش دەرگایەکی ترە بۆ بە دواندنی زەمەنی هەنووکەییمان.

**"ئەوەی یەك قسەی کردبێ**
**بۆ ئەم هۆلۆکۆستی غەدرە**
**من سەد پەیڤی خۆشەویستی**
**بۆ ئەنێرم**
**بەڵام ئەگەر خوداوەند و پێغەمبەر و**
**یەزدانیش بێ**
**خۆی لادابێ لەبینینم**
**نە ئەیبینم و**
**نەمن گوێشی بۆ ڕائەگرم"ل٧٠**

ئەگەر ئەوەیان پەیوەست بێت بەوگوتارە شیعریەی شاعیر هەڵگریەتی ئەوا ئاستی جیاوازی دەنگ لەناو زمان ئەو بارە دەرونیەی سەربازمان بۆ وێنا دەکات کەئەویش بەشێکی ترە لە ناو تراژیدیا ئەوەیان بێگوناهی سەرباز نییە بەڵکو هەستێکە بۆ ئەوەی نەمرێت دەبێ بکوژێت.

ئەوەش پەیوەندی بە ئاستی تێنەگەیشتنی سەربازە کە دواجار سیفاتی جەللادیشی پێدەبەخشرێت، ئەوەش لەناو زماندا ئاستێکی ترە بۆ نووسینەوەی ماناکانی تراژیدیا، بەڵام نووسینێك پێویستی بەوە هەیە توانای هەریەك لە دەنگەکان لەیەك جیابکاتەوە، ئەگەرچی دواجار بە هەموویان دەبنە بەرهەم هێنەری گوتاری (گۆڕستانی چراکان)، بەڵام ئەوگوتارە لەناو





سیستمێکی ئاماژەکاریی زماندایە کە خاوەنی چەندین دەنگ و کارەکتەریی جیاوازە، وەك چۆن دەنگی شاعیر بە دوای گێڕانەوەی دەنگەکان، دێتەگۆو بەڵام دەنگەکانی تر بە دەنگی یادەوەریی خۆی سەیر دەکات، کە ناتوانێ دەسبەرداریی دەنگەکان بێت.

ئەو گۆڕستانە چەندە پەیوەندیی دەنگەکانە، هێندەش گۆڕستانێکە بۆ دەنگە زیندووەکانیش، دواجار ئەوە زیندووەکانن بەشێکی تری ئەو گۆڕستانە پێك دێنن.

**"ئێرە پڕ پڕە لە سەما و لە باڵێت و**
**لە هەڵفڕینی گۆرانی و**
**لە نیشتنەوەی کۆتری ماچ و**
**کەچی من هێشتا هەر لاڵم**
**ئاخر چیبکەم! من قافلەی بەرەو خوار و**
**(کاڵی) م تیایە" ل١٥١**

هەر بۆیە دەق تا ساتەوەختی نووسینەوەی دوا دێر لەناو حەیراندا خۆی نوقمی نێو خەونی گەڕانەوەی گوڵەکانی بیابان دەکات ئەو گوڵانەی چاوەڕوانی ئەوە بوون لە بەردەم هەڵبژاردنی جەللاد خودا موعجیزەیەك دروست بکات و کەچی ئەو دەقە لەناو ئەو نائومێدیی چرا وونەکاندا تراژیدیا دەکاتەوە حەسرەت و ئومێدێکی نێو حەیران، ئەوەش بەو ناوەیە کە چراکان دەبنەوە بەشێکی سەرەکی نێو کولتورمان یان دەبنەوە نوێترین حیکایەتی

کوردیی، حیکایەتێك دەبێت لە گۆڕستانی چراکاندا بینووسینەوە.

پڕۆسەی نووسینەوە لە نێوان خود و زمان، ئەوەش تێڕوانینێکی شاعیریانەیە کە تەنها شاعیرە بەو شێوەیە دەیبینێت، وەك لە ڕوانینی بۆ عومەری خاوەر دەبینین خەیاڵی زمان وێنای دنیایەکی جیاواز دەکات.

(١٦)

نووسینەوەی پەیوەندیی نێوان خود و زمان نووسینەوەی مانای نەنووسراوە، بەوەی بەزمان هاتنی خود دوو بونیاد دەکەونە پڕۆسەی هارمۆنی کە ناویان دەبەین بە (زمانی خود) و(خودی زمان)، هەریەك لەو دوانە بەشداریی لە نووسینەوەی ئەویتر دەکات، نووسین کۆمەڵێك ئاماژە لەناو خود و زمان بەرهەم دێنێت، ئەو بەرهەم هێنانە لەسەر ئاستی دەقدا دەبێتەوە بە نووسینەوەی مانا.

مانا لەو پڕۆسەیەدا دیدێکی تەبا نیە بۆ دەق، بەڵکو مانا هەڵگری ڕەهەندێکی ئاماژەکاریی زمانە، بەوەی خود لەڕوانینی نەستی زمانەوە مانای نووسیوەتەوە، کاتێ دەکەوینە بەردەم دەقی (**عومەری خاوەر دنیا ئەگەڕێ و پەپوولە شیعر ئەنووسێ و گازی ژەهراویش دەسگیر ئەکرێ**( دەبینین ئەو تێگەیشتنەی سەرەوە ڕووبەرووی جیهانێکی ترمان دەکاتەوە، جیهانی ئەودیو مردنی کارەکتەرێك کە هەریەکە لە خود و زمان وێنایان کردووە، نەك لەبەر ئەوەی ئێمە لەناو دەقێکدا هەڵگریی مانای ناتەبا و





نادیارین، نەخێر بەڵکو هەر لەسەرەتاوە ڕووبەرووی تراژیدیای هاودژ دەبینەوە، خەیاڵی زمان تراژیدیا دەگۆڕێت بە سەفەری قوربانی بۆ نێو دنیایەك کە نووسین بنیاتی دەنێت، بۆئەوەی مانایەکی نوێ کە پەیوەندیی بە زەمەنی هەنووکەیمان هەبێت بە تراژیدیاوە ببەخشێت.

عومەری خاوەر لەناو خەیاڵی زماندا دێت سەفەر بەهەموو جیهان دەکات، تاوەکو یادەوەری خۆی و پێنج هەزار پەپولە نەکرێتە دەرەوە، بەڵکو لەنێوان خۆی و پەپولە قەسیدەیەك دێنێتە بوونن بۆ ئەوەی بچنە دیداری گازی ژەهراوی کەلەناو بەرمیلێك دەسگیر کراوە، ئەو تۆڵە کردنەوەیە لە جەللاد هەوڵێکی زمانە بۆ قسەکردن لە داهاتوو بەوەی قسەکردن لە ڕابردوو لاوانەوە نیە بەسەر برینەکانی یادەوەری، بەڵکو گەڕانەوە و قسەکردنەوەی هەمیشەیی یادەوەریە بەوەی چۆن ڕابردوو دەکەینەوە بەشێك لە داهاتوو.

بەمانایەکی تر بۆ ئەوەی لەتراژیدیا بدوێین پێویستە لەخەیاڵی زمانەوە قسە لە تراژیدیا بکەین، بەتایبەت لەو دەقەدا کاتێ دەبینین ناونیشان هەڵگری سێ ئاماژەی زمانەوانیە، (گەڕانی عومەری خاوەر) و (پڕۆسەی نووسینەوەی شیعر لەلایان پەپولە) و (دەسگیر کردنی گازی ژەهراوی) گەڕان و نووسین و دەسگیر کردن سێ ئاماژەن کە تیایدا دەبن بە گوتارێکی جیاواز بۆ ناونیشان، ئاماژە تێکشکاندنی ڕەهەندە واقیعیەکەیە و لەناو ڕەهەندی دەلالی زمان بنیاتی دەنێتەوە، مردنی خاوەر مردنێکە بۆ

شێرکۆ بێکەس دەبێتە دەروازە کردن بۆناو جیهانێك کە شێرکۆ پەیوەندیی بە ساتەوەختی زیندەگی ئەو نیە، بەڵکو زیندەگی پەیوەندی بە زەمەنی دوای خاوەرە، ئەوەش زیندەگی و خەیاڵی زمانە، زمانێکی جیاواز کە ژیان لەناو خۆی حەشار دەدات، نەك وەك ئەوەی هەبوو، بەڵکو وەك ئەوەی خۆی گەشەی پێدەدات.

"ئەمە هیچ کەسێ نایبینێ
لەخۆم زیاتر"

ئەوە بینینی خودە کە شاعیر دەیبینێت، بینینێك خەیاڵی زمان بەشداری لەنووسینەوەی دەکات، خود کارەکتەری قوربانی بە کۆرپەکەی باوەشیەوە هەڵدەستێنێتەوە و خەیاڵی زمانیش بەدنیادا دەیگێڕێت، ئەوە هەر زمانە توانای ئەوەی هەیە خاوەر و کۆرپەکەی لەو گەڕانە بکات بە:

" لە ئوستراليا ئەیبینن
بۆتە کەنغر و باز ئەدا و
بێچووەکەیشی لەباوەشی و بەرسکدایە"

ئەو گەڕانە نووسینەوەی قەسیدەیەکە لەناو دەق کە ئەوە شێرکۆ نیە دەینووسێتەوە، بەڵکو پەپولەی کارەکتەری دەقەکەیە، کارەکتەرێکی کۆمەڵی کە بەر لە هاتنی زمان ئەوان بەگازی ژەهراوی دەمرن، نووسینەوەی ئەو قەسیدەیە لەلایان پەپولەوە دەلالەتە لە پاکی و جوانی دنیایەك کە تیایدا تەنها قوربانی نیە دەخرێتە نێو فەزایەکی زمانەوانیەوە، بەڵکو گازی ژەهراوی کە ئاماژەیە بۆ مردن دەسگیر دەکرێت.





دەسگیرکردنی مردن بنیاتنانەوەی ژیانە لەناو دەقێکدا کە هەڵگری تێکشکاندنی ڕەمزەکانی نێو دنیای ئێمەیە، بە ڕەمزبوونی عومەری خاوەر تێکدەشکێنێت، لەو پرۆسەیەشدا دەیەوێ زمان ئەو ڕەمزانە بخاتەوە نێو سیستمێکی ئاماژەکاری، بەوەی سەر لەنوێ هەریەك لە ڕەمزەکان بگەڕێنێتەوە سەر یەکەیەکی دال، دال کە بۆ نێرەر دەبێتەوە ئاماژەی زمانەوانی نوێ، ئاماژەیەك هەڵگری ئەودەلالەتە نەبوو کە بەر لە دەق بوو بە سیمبول.

ئەو دەقە لە هەوڵێکی بەردەوامدایە بۆ بنیاتنانەوە و شکست پێهێنان بە وەستان، بەوەی بە ڕەمزبوونی ئاماژە پێویستی بە دۆخێکی تر هەیە، دۆخێك تیایدا هەریەك لە ڕەمزەکان بارگاوی بکرێتەوە بە دەلالەتی نوێ، ئەوەش کرانەوەی زمانە لەناو ڕەمزدا.

کردنەوەی سیستمی داخراوی زمان، بە تەنها هەڵوەشاندنەوەی کۆدی ڕێکخەر نیە، بەڵکو بنیاتنانەوەی هەموو ئەو دەلالەتانەشە کە لە ژیاندا چەمکی قوربانی پێی بەخشیووین، بۆیە ئەوە دەقە دێت، ئارەزووکردن لەژیانی قوربانی دەخاتە دۆخی سەفەرێکی هەمیشەیی کە یادەوەریی تیایدا خاڵی نیە، بەڵکو ئەو سەفەرە فاکتەرێکی سەرەکی لە پشتیەوە ئیش بکات یادەوەریە، بەڵام یادەوەریەك نەبۆتە هۆی ئەوەی کە هەموو ئاماژەکان لە دۆخێکی نەگۆڕدا بخاتە نێو ڕەمزی نەگۆڕ، بەڵکو یادەوەری دەبێتە دەنگێك لەپێناو خولقاندنەوەی ئاماژەی نوێ.

## ئەنفالکردنی زمان وبەشیعرکردنی تراژیدیا

(١)

پرسیارکردن لە خود لە ئەزموونی شیعریی ڕێبوار سیوەیلی، پرسیارکردنە لە زمان، پرسیارێك زمان تیایدا بەدوای دۆخی ئەنفالکردنەوە دێتەوە بوون، ئەو پرسیارە لەناو کۆی یادەوەری زمانەوە شکست وخەون وئومێدەکان دەگەڕێنێتەوە ناو کۆی ئەزموونێك کە بە شیعرکردنی تراژیدیایە، یادەوەری خود لەناو یادەوەری زمان ئەتوێتەوە پرسیاری خود ئەبێت بە پرسیار لە یادەوەری زمان، یادەوەری زمان کۆی ئەزموونی عەشقە بۆ خود ئەوەش لەناو هەردوو قەسیدەی (زمانی عەشق، زەمەنی ئەنفال) و (شیعرەسات) وەك دوو تێکستی شیعریی دەبنە ئەو ڕووبەرە ڕەخنەییەی ئێمە لەبارەی ئەو ئەزموونە شیعریە کە لەسەر پڕۆسەی ئنفال کردنی زمان ودواتر چۆن زمان ئەو تراژیدیا خودێتیە بە شیعر ئەکات، ئەوەش ئەنفال خاڵی ئەکاتەوە لە دەلالەتی سیاسی وکۆمەڵایەتی وئاینی، بەڵکو ئەنفال وەك پرۆسەیەکی خود سەیری دەکاتەوە کە چۆن دۆست لە عەشقدا بە جیابوونەوە خود ئەنفال دەکات.





(٢)

گەڕان لەناو پاشماوەکانی مردن هەڵوەشاندنەوەی جەستەی مەرگدۆستە بەوەی لەودیو مردنەوە ژیانێك وەستاوە، پڕۆژەیەکە خاڵی نییە لە جولە، بەڵام زەمەنێك هەیە هەموو بەهاکان دەوەستێنێت، یادەوەری چەندە دەچێتە نێو پەراوێزی بیرچوونەوە، زەمەنێك هەیە کۆتایی پێدێنێت، بەڵام ئەویش خاوەنی زەمەنی خۆیەتی، زەمەنێك لەتوانای نووسیندا هەیە لەنێو زەمەنی دووەم زمانێکی پێ بدات بۆ ئەوەی لەناو زەمەنی ئێستادا هەوڵی دواندنی یادەوەری بدەین، بۆ ئەوەی بزانین چۆن هەردوو زەمەنەکە ئاوێتەی یەکتری دەکەین ویادەوەری وەك ئەوەی لەناو ئەو زەمەنەدا چاوی کردۆتەوە ئاوا لێی دەڕوانین، هەر ئەو ڕوانینەشە رێبوار سیوەیلی لە ئاوێتە کردنی زەمەنی ونووسینەوەی ڕابردوو، ناو لە قەسیدەکەی دەنێ "زمانی عەشق، زەمەنی ئەنفال" دەبنە سۆبجێکتی نووسین.

پڕۆسەیەکە بۆ گەڕان بەدوای چەمککی ئێرۆسیەت، ئێرۆسی کوژراو لەناو ئەنفال

چەمکێکە نامۆ دەیەوێ دیدێکی شاعیریانە بەو زەمەنە ببەخشێت، دیدگایەك ڕوانینێکی تایبەتمەندە، کە لەناو گریمانەی مردنەوە دەست پێدەکات، بەوەی جەستە پانتاییەکی داخراوە، جەستەیەکە مردوو خوێنی لێ دەڕژێت، برین نووسینەوەی مێژووی وەستاوی جەستەیە، کە بەدوای گۆڕێك دەگەڕێت، ئەوەش پڕۆسەی نوسین ڕووبەرووی زمانێکی داخراو دەکاتەوە، کە سەرەتا خوازیاری ئەوە نیە زمان بکاتەوە، بۆیە نایەوێ هیچ پرسیارێك لەبارەی ناسینی خود وشوێنی خود لەو ژینگەییەی تێیدا دەژێیت بکەیت، چونکە گومانێك لەلای هەیە گومانی بوونێتی لەئێستادا، بەوەی ئەنفال پڕۆسەیەکە بۆ سڕینەوەی کولتور کە تەنها خودێکی ئەبستراکت دەهێلرێتەوە، پڕۆسەیەکە لەناومان درێژە بە خۆی دەدات جارێکیتر خۆی دەنووسێتەوە، نووسینی دەلالەت بەخشینی ئیرۆسیەتە بە زەمەنی ئەنفال ئەوەش توانای کرانەوەی زەمەنی نییە، تەنیا ئەو کاتە نەبێت خودی شاعیر زەمەنی وێرانە بگەڕێنێتەوە نێو زمان.





بەواتای بەجێهێنانەوەی ئەنفال بۆ نێو زمان ئەستەمە (زمانی داخراو) بکرێتەوە، کردنەوەی زمان ڕۆچوونە نێو زەمەنی ڕابردوو، زەمەنی میتۆلۆژی.. ئەو زەمەنەی لەوێوە دێینە ناو دونیای شاعیرەوە ئەویش چیرۆکی ئەنفالە لەنێوان جەستەی منی عاشق و ئەوی دۆست، کرانەوەی زمان دەلالەت بەخشینە بە زەمەن، لێرەوە نووسینەوەی من هەوڵدانێکە بۆ ڕزگارکردنی جەستەی زامدار لە پەراوێزی ئەنفالدا، گەڕانەوە بۆ ئەم یادەوەرییەش کە نووسینەوەی ڕابردووە، نووسینێك ڕێك بەو چەمکەی ئالان رۆب گریێ بۆ نووسینی ئەوەی نووسەر چۆن دونیا دەبینێ نەك وەك ئەوەی چۆنە..!

بینینی بۆ ئەنفال لە جەستەی خۆی وبەرامبەرەوە سەیر دەکات، ئەو ڕوانینەیە دیدێکی شاعیرانەیە بۆ ڕزگارکردنی زمان، لەڕێگەی هێنانەوەی گریمانەی زەمەن، بەهۆی پیربوونی دەنگی یادەوەری دەنگێك وێنەیەکی هێزری بەرهەم بێنێتەوە، تا دەست بەخوڵقاندنەوەی زمانی عەشق بکاتەوە، بوونی دەنگ لەناو سیستمی

زمان هەر بەتەنیا پرۆسەیەك نیە بۆ كرانەوە، بەڵكو پرۆسەیەكە هەڵگری دەلالەتی بیركردنەوەیە لە زەمەنی بەر لە ئەنفال، زەمەنێك جەستە لەگرژبوونەوە بە چێژ خۆی دەنووسێتەوە، خاوبوونەوە ڕووەو جیهانی خەون پەلكێشی دەكات، ئەوەش قووڵبوونەوەیە لەنێو ئاماژەكانی خەوندا كە خەونی عاشقە لەنێو میرنشینە خەیاڵاویەكەی خۆیدا، ئەو فاكتەرەی ڕێگا بە كرانەوەی زمان دەدات بیركردنەوەیە لە ڕابردوو، لە داواكانی یەكتری، بینینەوەی جەستەی ڕووت كراوەی دوو عاشق لە خۆشنوودی دایك و باوكێك "كە ڕەونەقی ژیان وتەنیایی خۆیان/ لەپێكەوەبوونی ئێمەدا بینی و/ بیستساڵ جەحێل بوونەوە" لا ٢٥

بیانوو هێنانەوە بۆ دەست پێكردنەوە فڕێدانی ئامازەیە بۆ نێو زمان، بەوەی حیكایەتی منداڵی ناكرێ لەدەرەوەی زمانەوە ببینین، یا بە مانایەكیتر ئەگەر منداڵی بكەینە دەرەوەی زمان ئەوا زمان توانای بەرهەم هێنانەوەی حیكایەتێكی نابێت كە مێژووی عەشق بە تەواوی بینووسێتەوە، چونكە عەشق بەشێكی گەورەیە لە





حیكایەتی منداڵی، منداڵبوونەوەی عەشقەكە كە باڵندەكانیش بە ئامازەیتر دەبینن لەنێو ئەو حیكایەتەی كە توانای ئەوەمان لا درووست دەكات كە دەست پێبكەینەوە "بیركردنەوە لە حیكمەتی بۆق و/ لەرینەوەی كلكی كاریلە و/ مناڵیی تیمساح، بەسە بۆ دەستپێكردنەوە" لا ٢٦.

وەڵامی درەخت دەست پێكردنەوەی ژیان نییە، بەڵكو گەشەكردنی زمانە.. ڕزگاربوونە لە داخستن، هەوڵدانێكە بۆ كرانەوە گەمەكردنە بە دەلالەت گۆڕینی ئامازەكانە بە یەكتری ئەوەش زمانی داخراوە كەنەیدەهێشت پرسیاری لێ بكرێت لە (كرانەوە) یدا پرسیار دەكات، پرسیار لە بەرامبەر تاوەكو وێنای زەمەنێكی تر بكات، جیا لەو دێرەی سەرەتا كە بەڕژانی خوێن دەست پێدەكات، بەڵكو پرسیارە ڕێگا نادات وەك زەمەنی ئەنفال زمانی وێرانە وەدەست بێنێتەوە، پرسیارە پێمان دەڵێت جەستەی دۆست جەستەیەكی پەریزادەیی نییە، جەستەیەكە تووشی لەخۆبایی بوون هاتووە، بۆیە زمان بەدواندنی ئەو بونیادانەیە كە لەڕابردوودا خود بایەخی پێ نەداون لە نووسینەوەی یادەوەری هەموو ئەوانە

دەلالەتی زمانەوانیان بۆ دەدۆزرێتەوە بەوەی گوناهی هەنگ نیە کە بە پەنجەیەکمانیەوە داوەو مردووە، ئەوە ئێمەین، چونکە دۆستەکەی هەرگیز ئەو حەقیقەتە نازانێت "تۆ چوزانی هەنگ کاتێ پێوە ئەداو ئەمرێ/ واینەزانیوە پەنجەی ئێمەش خونچەیەکی ترە" لا ٢٧.

ئەوە زمانە لەناو دەق دەیەوێ هەموو ئەو بونیادانە لە ڕەهەندی ترەوە تەماشا بکاتەوە بەوەی بونیادەکان لەخۆبایی عەشقەوە فەرامۆش کراون دواجار هەریەك لە مێشوولەو بەفر وپەپوولە پارێزگاری لە قودسیەتی خۆی کردووە، کەچی عاشق نەیتوانیووە ڕێز لە عەشقی پەپوولە بگرێ ودڵۆپە خوێنێك بە مێشووله ڕەوا نابینێت، لەکاتێکدا "ساڕێژە بە خوێنی ئێمە زۆنگاوەکانی ئەم شەڕە" لا٢٧.

دەستپێکردنەوە سەرەتایەکە بەدوای شکانی شووشە، ڕابردوو وێنەی شووشەیەکە دەشکێت، وێرانبوونی ماڵێکە عەشق لەشێوەی جاڵجاڵۆکە لەتەون درووستی کردووە، تێکچوونی ئەو ماڵەوو وێرانبوونی تەونەکانی جاڵجاڵۆکە بەسەر یەکتری ڕاچەنینێکی سەیر درووست دەکات، بەڵام





نووسین توانای دەست پێکردنەوە دەخوڵقێنێت، ئەگەرچی نووسین بەدوای شووشەیەك ناکەوێت کە نەشکابێت.. بە جاڵجاڵۆکە ناڵێت باماڵێك درووست بکەین، بەڵکو نوسینی پرسیار لەتێکدانی ئەو ماڵەو شکاندنی شووشە دەکات بەوەی کۆتایی نییە "کێ وتی کەوتنە خوارەوە، کۆتایی لقە لە دنیای سەوز" لا٢٨.

بەڵام هەموو ئەمانە تەنیا ئەنفال بەرهەم دێننەوە، ئەگەر جوانیەکانی خۆمان لەناو ئەنفال نەدۆزینەوە گەڕانەوە بۆ ساتەوەختی بەختیاری کە دواجار ئەنفال جوانیەکانمان دەبات ودەق دەیەوێ بیانووسێتەوە، ئەوەش ئیرادەیەکی نەورەسیانەی شاعیرە لە بۆشایی ئاسمانێك کە لەڕێگەی زمانەوە جاریکێتر هەوڵی گەڕاندنەوەی جوانیەکان دەدات، ئەوانەی لەپێشدا فەرامۆشی کردن، ئەوەش هەوڵدانێکە بۆ زیندوو کردنەوەیان، تەسلیم کردنەوەی کۆمەڵێك یادەوەریە بە زمان، تاوەکو وێنای زەمەنێکی جیاوازمان بۆ بکات.

نووسین بەبێ گەڕانەوەی یادەوەری توانای دەستپێکردنەوەی نیە، هەر ئەوەشە لە دواجاردا کەشفی نهێنی یادەوەری دەکات، کە خاڵی نییە لە

عەشق، بەڵکو ڕژانی خوێنی داخراوی سەرەتا پڕ
بوونە لە عەشق، بڕوا نەهێنانە بە کۆتایی، دواتر
نووسینە پەیوەندیی نێوان سرووشت
ومرۆڤەکانیتر دەدۆزێتەوە، پەیوەندیی نێوان
جەستەی عاشق وئەو ماتریالانەی بەجێ
دەمێنێت.

ئەگەر لەنێو زەمەنی یەکەمدا عەشق بوونێکی
ئامادەگییەو تەنیاییەکان باوەشکردنێکی خودیانە
بێ بە یادەوەریەکان بەوەی "چێژی خەوتن بێ
لەپاڵ جووتێ گۆرەویی بەجێماوی تۆ، یان
گەرمایی بەجێماوی دەستی من بێ لەناو
دەستکێشەکان" لا ٣٣.

ئەوا لە نائامادەگی عەشق ئیدی هەموو
یادەوەریەکان دابەشدەبن، بەوەی یادەوەری دوو
جەستە پێکی دێنن، سەفەری دۆست بەواتای
بردنی (سەما، باوەش، ڕووخسار، گەرمی،
تێپەڕین، گوێ، نیگا، پەنجە، پێکەنین) ئەوەی بۆ
منی شاعیر دەمێنێتەوە ئەوانەیە کە لەو بەشانە
دەخولقێن، کە (ئەو) دەیانبات، ئەوەش
جیاکردنەوەی پەیوەندییە جەستەییەکانە
لەیەکتری، هەموو ئەو ماتریالانە دەمێننەوە کە





پێویستی جەستەی ژنن، بەبێ ئەو جەستەیە
دەبنە کالآیەکی لەکار کەوتوو، پیاوێک لەژوورێکی
تەنیا چی لە (کراس، گوارە، پەنجەرە، بۆنی عەتر،
مۆسیقا، خەون، جەستەی خۆی) بکات، ئەوەش
مانەوەی جەستەیە لە تەنیاییدا، جەستەیەک بەتاڵ
دەکرێتەوە لە ڕۆح وکۆتاییەکان دەست نیشان
دەکات وپێی دەڵێت جارێکیتر بەتەنیا لەڕێگەی
نووسینەوە دەبێت دەست پێبکەینەوە، نووسین
ئێستایەک دەخولقێنێ، کە لە داهاتووی نێو
یادەوەری ناچێت، ئەوەش وا دەکات دەق هەڵگری
زەمەنی ئێستای خود بێت، خود نایەوێت بچێتە
ناو داهاتوو، بەوەی تراژیدیاکان ژمارەیان زیاتر
دەبێت وهەرگیز لە جوانییەکانی ڕابردووش
وەدەست نایەنێتەوە، بەڵکو زەمەنێکە هەڵگری
وێرانەیە، بەوەی هەر زەمەنەو هەڵگری تراژیدیای
خۆیەتی، کە بەو پێیەش بێت زەمەنی داهاتوو
خاوەنی ئەنفالی خۆیەتی وسیوەیلی نایەوێ ئەو
تراژیدیایە جارێکیتر جەستەی ئەو وێران
بکاتەوە، ئەوەش لەپەیوەندیی خودیانە
دەگوازرێتەوە، بۆ نەوەیەک کە نەوەی نائومێدین،
نەوەیەک خوازیارە بە عەش دنیا بگۆڕێت،

نەفرەتێك هەیە لەپشت ئەو نەوەیە لە زەمەنی ئەنفالدا ڕێگا نادات خەونە جیاوازەکانی ئەو نەوەیە وێنای زەمەنی یادەوەری بکەنەوە، بۆیە زەمەنی ئێستا کە ساتەوەختی نووسینە، دەبێ بە زەمەنی ئەو نەوەیە کە دەق لە نووسەرەوە بەرەو ئێمەی نائومێد زمان دەنووسێتەوە، ئەوەش نووسینەوەی نەفرەتێکە بەسەر نەوەیەکەوە کە بەدوای تەرمی ئیرۆسەوەن مەرگدۆست قەدەرێکمان بۆ پێشنیار دەکات کە هەر قەدەری وێران بوونی ئێمە نییە، بەڵکو بێمانایی ژیانی بەرامبەرەکانیشمانە "خوشکەکانمان پیر بوون ودواجار شوویان کرد بە سەرەتان/ هێندە ژنەکانمان خۆشویست/ تا زمانیان کەوتە گۆو گۆرانیمان لەگەڵ چڕین/ ئێمە دەنگمان نووساو/ ئەوان گوێیان لەدەنگدانەوەی خۆیان بوو" لا ٤٥.

ئەوەش ڕۆمانسیەتی پیاوانی ئێمەیە بۆ ژیانی ژنەکان، کەدواجار ئەوان خۆشبەختی خۆیان دەبەستنەوە بە "قرچە قرچی ڕۆنی مەتبەخەوە" لا ٤٦، جوانیەکانی خۆیان لەگەڵ ئێمە دەگۆڕنەوە بە حەوشی پڕ منداڵ ومالێکی پڕ لە زێڕ، ئەوەش بە مردنی عەشق ناو دەبەن، دەیانەوێ وا حالێمان





بکەن کە عەشق خەونێك بووە دەبێ بۆ دەستپێکردنەوە لەبیریان بکەین، کە دڵنیاشمان دەکەن لەبیرمان دەچنەوە "دەبێ تێبگەن، ئیتر تەواو.. عەشق تەواو.. گشت وایان کرد.. هێندە نابا هەموویتان بیر دەچێتەوە" لا ٤٨.

ئەگەر دەستپێکردنەوە بەلای ژنەکانەوە ڕووکردنە هەمان ژیان بێت بەوەی تەنیا جەستەکانی بەرامبەر بگۆڕین، ئەوە هەرگیز دەستپێکردنەوە نیە، بەڵکو ڕاکردنە لە عەشق وژنەکانن پێمان دەڵێن ئیرۆسیەت زیندەگی ئێمە نەبووە، چونکە ئەگەر ئەوانیش تووشی دەستخەڕۆدانی خود نەبن، دەبێ دواجار دەستپێکردنەوە تەنیا بەوە ناوبەرینەوە کە "دەشێت دەرهێنانی وایەری تەلەفۆن بێ بە درۆی: ببورە لەماڵ نەبووین" لا٣٦.

تەنیایی هەیمەنەی زەمەنی ئێستا دەکات، بەوەی تراژیدیا مێژوویەکان گۆشەگیرمان دەکەن، ئەوەش دەبێتە هۆی درووست بوونی پرسیار لەو شوێنەی کە شەهرەزاد بۆی دەفڕێت، چونکە ئەو پرسیارە بۆ ئەوەیە تا پرسیار لەدەستپێکردنەوە بکەین، ئەوەش ئاراستەی ئەو دەنگە دەکرێت کە کۆتایی

عەشق ڕادەگەیەنیٚ وبیرچوونەوە بە کاریٚك ناو دەبات کە ئەستەم نییە، بەلاّم لەهەمان کاتدا لە شەهرەزاد دەپرسیٚ "کەست دیووە ئەنفال کرا بیٚ وزیندوو بیٚتەوە" لا ٥١

بەمانای ئەوەی دەستپیٚکردنەوە داوایەکی (ئەو) ە لە (من)، هیٚندە سانا نییە هەموو ڕابردووی بیر بچیٚتەوە، مەگەر هەموو ئەو بەشانەی ناو یادەوەری لەو زەمەنەدا پەیوەندیەکانیان سەراونخون بکات، بۆیە ئەگەر لەزەمەنی نیٚو عەشق کەمنەبوون ئەوانەی فەراموٚش دەکران، ئەوا لەزەمەنی ئەنفالدا دەبیٚت بە قالوٚنچە بلیٚین جوان وخویٚنی خوٚمان بە میٚشووڵە پیٚ حەلالٚ بیٚت، بوٚ ئەوەی دنیایەکیتر جیا لەوەی ژیان دەستپیٚبکەینەوە، ئەوەش ئەفسووسی ژیانە، ناوبردنی دوٚست بە شەهرەزاد، ناونانی چیروٚکی عەشقە بە حیکایەتی هەزارویەك شەوە، حیکایەتیٚك هەڵگری ئەفسوونیٚکە، لەپڕ گیٚڕانەوەکانی دەوەستیٚت وکوٚتایی پیٚ دیٚت، ئەوەش شوٚکیٚکی ناوەختەیە، کە خانەکانی جەستە باوەڕ بەو بڕیارە ناکەن، ئەو بڕیارەی وا دەکات هەست بەهەموو ناسوٚریەکانی چەندین





ساڵەی ئەو زەمەنە بکات، تەمەنی بوون لەمەنفا، کە عەشق وا دەکات هەست بە بوونی مەنفا نەکات، بەلاّم ئەنفال تراژیدیایەکە مەنفا گەورە دەکات، هەستی بڕین وئەندیٚشەکان لەهەناوی مەنفادا گەشە پیٚ دەدات، ئەوەش وا دەکات پەیوەندیی شاعیرو مەنفا ببیٚت بە کوٚی تراژیدیاکان، کە ئەنفال بە ڕاکردن مەحکومی دەکات.. بە خەمبارکردنی خەندەی سەر سیماکان، ئەنفالە دڵنیای دەکات عەشق کوٚتایی هات ودەبیٚ بیری بچیٚتەوە، بەوەی پەیوەندیی دوانەیی ئەوان لەگەڵ جەستەی یەکتری ودواجار لەگەڵ ماتریالەکانیش تەواو بووە، ئەگەرچی بوٚ شاعیرەکەمان ئەوا ئارامیەکی دەویٚ تاوەکو ناوی دوٚست لەزمان وەربگریٚتەوە، ماچەکان لە لیٚوەکانی بدزیٚتەوە، باوەش لە ئامیٚز، چونکە هەموو ئەوانە پیٚویستی بە زەمەنیٚکە کە بیٚ ئاگاداربوونەوە بتوانیٚ بەبیٚ جیاکردنەوە ئیدراك لەجەستەی نوقم بوو لە عەشق کوٚتایی پیٚ بیٚنیٚت، چونکە ئەوە پیٚویستی بە کاتە، جەستە نەك لە ئاگایی خاڵی نییە، بەڵکو بەڕادەی ئیدراك پانتاییەکی دیاری گرتووە، جیاکردنەوەی

**دوانەکان وخاڵی کردنەوەیان لەدۆست پێویستی بە کاتە، تاوەکو جارێکی تر تێکەڵ بە کۆمەڵگا ببێتەوە، ئەوە پێویستی بە زەمەنێکە کە بە سانایی نەتوانرێ یادەوەری لەبیر بکرێت.**

**بۆیە (من) لە دەق ئامادەیە واز لەهەموو ئەوانە بێنێت کە دەبنە هۆی ناکۆکی وخوڵقاندنی شەڕەکان وپاشگەز بێتەوە دەستبەراری بینینی خۆی بۆ جیهان وبچێتە سەر ئەو دیدەی کە (ئەو) ی دۆست لێی پاشگەز نابێتەوە، بەڵام دۆست بەوەش ڕازی نییە وبەتەنیا هەڵگری (نەو) ە، لەبەرامبەر (من) دا، دیارە ئەو (نە) ی ڕەتکردنەوە لای ئەلبێر کامۆ بە لوتکەی یاخی بوون ناو دەبرێت، بۆیە (نەئستان) ی دۆست یاخی بوونە لە عەشق وباوەش کردنە بە مەرگدۆست، ئەوەش هاتنی ئەنفالە، هاتنێک ئەنفال سەرەتا تەماشاکارێکە "دەمزانی ئەو کاتانەی ماچم دەکردی/ ئەنفال بەقێزەوە تەماشای دەکردم/ لێم ڕوون بوو ئەو کاتانەی لەباوەشم دەکردی/ ئەنفال لەنێوانماندا ددانی پاك دەکردەوە" لا ٦٨.**

**ئەنفال لەناو زەمەنی عەشق گەراکانی خۆی لەناو جەستەی دوانە درووست دەکات، دواتر ئەو**





**گەرایانە گەورە دەبن ودەپەڕنەوە ناو جەستەی دۆست وئەو جەستەیە لەعەشق خاڵی دەکەنەوە پڕی دەکەن لە ئەنفال، بەواتای ئەو کاتەی ئێمە لەبەردەم جەستەی (من/ تۆ) دا دەکەوینە بەردەم (جەستەی ئیرۆس) کە جەستەی منی شاعیرە، جەستەیەکە پڕ لە عەشق ولەناو دونیای ڕۆمانسیانەو عەقڵانیانەی عەشق خەون دەبینێت، جەستەیەکە دەیەوێ هەموو پەیوەندیەکانی لەڕێگەی دۆستەوە ڕێکبخاتەوە، کەچی جەستەی دۆست (جەستەی تاناتۆس) ە، جەستەیەکە بەتاڵبۆتەوە لە عەشق وخەونی وێرانکردن وشەڕانگێزی لەخۆ گرتووە، جەستەیەکە دەیەوێ ئیرۆس ئەنفال بکات، هەموو جوانیەکانی ئیرۆس بخاتە بەر شاڵاوی دڕندەی مەرگدۆستی خۆیەوە، تاوەکو خەڵوەتە شیعریەکانی شاعیر نوقمی ئاهەنگسازی خوێن بکات، ئەوەش خەونێکە بۆ وێرانکردنی جەستە، پڕۆژەیەکە بۆ کوشتنی ئیرۆس "دڵنیابە داڵێك هەر دەبێ جگەرت لەتوپەتکا شارە مێروولەیەکی برسی تێت بئاڵێ" لا ٧١.**

ئەوەش گۆڕینی چەمکی (کات/شوێن) ە، لەلای خود بەوەی (کات) ە چەمکێکی سەرمەدی لە عەشق وەردەگرێتەوە، ئەنفال ئەو چەمکە وێران دەکات وئەو شوێنەی هەست بە نائومێدییەکانی نەدەکرد، دواجار شوێن شپرزەی دەکات.

بەواتای ئەنفال چەند عەشق وێران دەکات، هێندەش پڕۆسەیەکە بۆ ئەنفالکردنی زەمەن وشوێن، چونکە ئەنفال لەهەموو دەلالەتە ئاشکراکان خاڵی بۆتەوە، دەق لە وەزیفەی ئاینی ونەتەوەیی بەتاڵی کردۆتەوەو سەرلەنوێ لەناو قەسیدە دەینووسێتەوە، بەوەی جەستەی ژن ڕووبەری ئەنفال پێکدێنێت، ڕووبەرێك مەبەستی وێرانکردنی جەستەی بەرامبەرە، بۆیە دەیەوێ جەستەی ئیرۆس کە شاعیرە خاڵی بکاتەوە لە عەشق وبەدەلالەتی مەرگ جەستەی ئیرۆس بنووسێتەوە، لەڕێگەی لەگەڵ خەوتن وچوونە ناو خوێنیەوە "خەیاڵنەکەی لێم ون دەبی، من لەخوێنتام/ خەیاڵنەکەی لەناو چریی ڕەنگەکاندا نەتدۆزمەوە/ من لە چاوتام" لا٧٨.

ئەوەش گواستنەوەی ڤایرۆسی ئەنفالە بۆناو عەشق، چونکە ئەو خودەی هەڵگری ئەو





ڤایرۆسەیە، جەستەیەکە هەموو خەونەکانی لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، جەستەیەکە بۆ شاعیر فیردەوەس بەرهەم دێنێت، ئەوەش خولْقاندنی دەسەڵاتێکە، دەسەڵاتێك لە ئەنفالدا دەبێتە دەسەڵاتی مەرگدۆست، خاوەن هێزو لەشکرێکە توانای وێرانکردنی عاشقی هەیە، بەوەی دۆست شوێنێك نابەخشێتە شاعیر بەجیا لەو زەبرو زەنگە، کە جیا بێت وشوێنێك خەڵوەتی دۆست بێ تا (من) لەوێ ئارام بێت وهەست بە دڵنەوایی بکات، لە نەبوونی ئەو شوێنە پرسیاری "ئاوابوونت بۆ من ئارامییەك نەبێ لەودیو وێرانەکانتتەوە؟!" لا ٨١، پرسیارێکە هەرگیز دۆست ئامادەیی ئەوەی تیا نییە وەڵامی بداتەوە، چونکە ترسی لە مێژوو لە بەهاکان نیە.

دۆست خەونی نەرسیسیەتی لەناو گەورە بووە، جەستەی خۆی بە نمونەی باڵا سەیر دەکات، ئەوەش جیای دەکاتەوە لە شاعیر، کە عەشق ئەیقونەیەکی زمانەوانییە بۆ ڕۆچوونە نێو دەلالەت وگەمەکردن بە ئامាژەکان، خولْقاندنی حیکایەتی جەستەی نەنووسراوە، بە مەبەستی دۆزینەوەی زمان، بۆیە دۆست ئەو شەهرەزادەیە لەگەمە

زمانەوانیەکان تێدەگات، کە ئەنفال پڕۆسەیەکە لەناو زمان بنیات دەنرێت، بەواتای ئەنفالە هەوڵی داخستنی زمان دەدات، چونکە ئەو بەبێ ئاشکراکردنی ئەفسونی زمان، هەرگیز لەتوانایدا نابێت ئاستی دەلالی حیکایەت کەشف بکات، بەڵام بە ئەنفالکردنی زمان بەواتای گەیشتن بەنهێنی بەوەی عەشق ئەفسوونەکانی بەتاڵ دەبنەوە، ئەو کاتە ئەنفالیش دەتوانێ لەگەڵ (با) دا ڤایرۆسەکان بێنێت، بەواتای ئەنفال بەدوای ڕۆیشتنیش دێتەوە "دەشمزانی: ئەی شەهرەزاد.. تۆ جێم بێلی/ دیسان ئەنفال بۆم دێتەوە/ تۆش ئەتزانی، ئەی شەهرەزادی خوێنم، تۆش ئەتزانی: ئەنفال زیندوو دەبێتەوە" لا ٨٤.

بەهۆی بڕوانەبوون بە داهاتوو ، دەق دەیەوێ ئەو یادەوەرییە لە ئێستادا بنووسێتەوە، ئەوەش نووسینەوەی سەرلەبەری حیکایەتی ئەنفالە، حیکایەتێك کە لە ئەفسوونە سەیرەکانی عەشقەوە دەست پێدەکات، ئەوەش درووست کردنی میرنشینێك لە جوانیە، دواجار بە وێرانبوونی جوانیەکان دەنووسرێتەوە، نوسین لەو دەقەدا هەوڵی گەڕانەوە دەدات بۆ سەرەتا، تاوەکو بتوانێ





خوێنی عەشق وخوێنی ئەنفال لەهەر بیست پەنجە بەتاڵ بکاتەوە، بۆ ئەوەی ببێ بە خاوەنی جەستەیەك نەك لە ئەنفال بەڵکو خاڵی بێت لە عەشقیش، تەنیا ئەو خاڵی بوونەوەش وای لێ دەکات سەرلەنوێ دەست پێبکاتەوە، چونکە وا نەبێت ئەنفال لەبیر ناکرێت، ئەنفال دەیەوێ زەمەنی خۆی ببەخشێتە عەشق، بۆیە تەنیا بەدەرکردنی لەناو یادەوەری دەبینەوە بە خودێك کە جیا ببێتەوە لە تراژیدیاکان "هێشتا گوێچکەم بە تەقینەوەی ئەنفال کاسە" لا ٩٤.

ئەوەش کۆکردنەوەی ڕازەکانە لەناو خود، بوئەرشیفکردنی ڕاز حیکایەتی عەشقە، حیکایەتێك تەنیا لەڕێگەی یادەوەریەوە دێتەوە نێو ژیان "یادەوەری چێژی بیرکردنەوەیە لەیەکتر" لا٩٤، هەر بۆیە یادەوەریە نایەڵێ لەهەستی مرۆییانە خۆمان داماڵدرێین، ڕێگەمان نادات ببینە جەردە تاوەکو تۆڵەی خۆمان بکەینەوە، یادەوەری ئەو ڕقەمان دەکوژێت، یادەوەری لە کۆتایی دەقدا تواناکانی کز دەبن، ئەوەش کزبوونی تواناکانی زمانە وگەڕانەوەیە بۆ داخستنی سەرەتا، بەواتای مردنی خود دەرگا داخستنی زمانە لە ئاماژەکان،

مادامەکی شەهرەزاد هەوڵی بەشداریکردن ونوسینەوە نەدات، خود بەتەنیا ناتوانێ درێژە بەو زەمەنە بدات، ئەوەی درێژە دەدات یادەوەریە، چونکە تەنیایی هەوڵدانە بۆ گۆشەگیر بوون، ئەوەش داخستنەوەی زمانە، کە ئەوە شاعیر نیە دەرگا لە زمان دادەخات، بەڵکو دۆستە نایەوێ خۆڕاگر بێت لەبەردەم ڤایرۆسی ئەنفال، بەڵکو خۆی بە جەستەیەکی بێتوانا دەردەخات وڤایرۆسەکە دەپەڕێنێتەوە نێو مێشکی خۆیەوە، نەبوونی ئیرادەیە لەبەردەم ئەنفالدا، ئەنفال کارێکە پێشتر بەناوی جیاوازەوە هەڕەشەی لە جوانیەکان کرد "لەبیرمان بێ: کاتێ بێشکەکەت ئاو بردی/ دەستەکانی من بوو گرتیانەوە! قفلەکانی لەش وئەڵقە ڕیزەکانی فڕین/ بەدەستەکانی من شکان" ل٩٩.

بۆیە ئەگەر لە پێشتردا جەستەی من پانتاییەك بێت بۆ ژیان بەخشین بە دۆست، ئەوا لەکۆتایی هاتنی ئەو حیکایەتە، جەستە دەبێتە ئەڵقە ڕیزێکی داخراو، خود لەناو خۆیدا لەبەردەم هەردوو ئاراستە گوتاری (مردن/ مانەوە) دایە، بەواتای زمان لەگۆشەگیریدا خۆی دادەخات، بۆ





کردنەوەی زمانی داخراو لەناو نووسین، بەتەنیا پڕۆسەی خوێندنەوەیەکی تری عەشقە، ئەوەش پڕۆسەیەکی نادیارە، هیچ تروسکاییەکی لێ نابینرێت، بەڵکو بەسەر کۆی تراژیدیاکاندا دێتەوە "ئەوە لەکوێ بووی..؟ ئەنفال تەواو! لەمێژە چاوەڕێت بووین وخۆمان دەستمان پێکردەوە" ل١٠٠

(٣)

بەشیعرکردنی ساتێك لە زەمەنی بەسەرچوو نووسینەوەی زەمەنی ڕابردووە، زەمەنێك نووسینەوەی یادەوەریە، سەرتاپای چڕ دەکرێتەوە نێو چرکە ساتێك کە بارگاوی دەکرێت بە ساتی شیعریی، ئەوەش لەناو دەق دەبێتە پڕۆسەیەکی هارمۆنی کە سیوەیلی ناوی دەنێت (شیعرەسات).

ساتێکی شیعریی وڕوانینێکی خودیانەیە بۆ نووسین، لێرەوە دوانەکان لەبارەی ئەو دەقەوە دەگوازینەوە ئاستی گێڕانەوەو بەشیعرکردنی یادەوەریی، کە شاعیر لە دوانە بۆ بەشیعرکردنی ڕابردوو، تا بە کەسی بەرامبەر بڵێت کۆمەڵێك یادەوەریی جوان لەنێوانمان هەیەو دەتوانین

ساتی شیعریی تیا بخولقێنین، ساتێك جوانی ژن دەبێ بە دەقێك کە بەر لەتاریکبوونی گەردوون جاریکیتر دەنووسرێتەوە، ئەوەش ستایشکردنی جوانییە، بەشیعرکردنی جەستەی دۆستە دوانە لە ئیستاتیکای جەستە کە گەر هەستە خودیەکانی بخاتە نێو گەمە کردن ئەوا جەستە لە ئیستاتیکاوە بۆ وێرانەی شەڕ دەڕوات.

بۆیە دەستبەرداربوون لەو شەڕەی کە خۆپەرستیەت پێی دەگات، ساتێکی شیعرییە بۆ ئاشتبوونەوەی جەستە لەگەڵ جەستەی بەرامبەر، ڕووکردنە لانەیەکە بۆ ژیربوونەوە لە گریانی زەمەنی بەسەرچووی منالی، گریانێکی هاوبەشە بۆ پیریی، بیرکردنەوەیە لە ساتەکانی تەنیایی، ئەو کاتەی نوقڵێکی لەبیرکراو بەدوای چەندین زەمەن توانای شیرین کردنی زەمەنێکی دی هەبووە، زەمەنێك کە یادەوەری خولقێنەریەتی نەك تەنیایی.

ئەگەر تەنیایی فێری ئەوەمان بکات کە دەبێ ڕێز لە ڕابردوو بگرین، ئەوا ئاشت بوونەوەی جەستە دەست لە ملانێیە لەگەڵ شیعردا بەوەی شیعریەت بە بوونی ئەو پەیوەندیە ببەخشین، کە شەڕەکانی





نێوان جەستە نەبێتەوە شەڕێکی ئەبەدی، بۆیە لە بە شیعرکردنی ئەو پەیوەندییە نووسین پێشنیاری ئەوەمان بۆ دەکات کە بێچووە کەروێشکێ ڕابگرین، ئەو کاتەی دەبێتە شەڕمان ویەکەی کونجێکی ئەو ژوورە دەگرین "ئەوسا بێچووە کەروێشکەکە بە قونە قون نامەی من بۆ تۆ ئەهێنێ وهی تۆش بۆ من"

خود لەساتی نووسین دڵنیاییەك دەدات بە بەرامبەر بەوەی دڵی کانیەکە دەتوانێ تینوویەتی یار بشکێنێت، هەم ئەو ماڵەشە کە هەڵگری ڕازەکانی بێت، ئەوەش تێکشکاندنی وێنەی ماڵە، کە لە تەنیاییدا ماڵ دەبێ بە برینێك، ئەو تیایدا وون دەبێت، دەیەوێت لە پێکگەیشتنەوە دڵی خۆی بکات بەو ماڵە، بەواتای سڕینەوەی چەمکی شوێن وبەکارهێنانەوەی لەناو ساتێکی شیعرییدا کە هەرگیز پاکبوونەوە لە شەڕەکانی دوێنێ وهەستکردن بە پیریی تەمەن گرفتی ئەو ساتە نیە "گرنگ ئەوەیە/ کۆتایی ئەم ڕێگایە/ بچێتە بن درەختی/ لەیەکدی نزیکبوونەوە" چونکە شەڕەکان بۆ شاعیر هەر تەنیا شکستی خودی نییە، بەڵکو گەڕانەوەیە بۆ یادەوەریی ئەو شەڕەی

ئەو لەگەڵ باوکی دەبینێت، کاتێ دایك دەچێتە سەنگەری کوڕەوە، ئەو کاتەی باوك "وەك تەنیاترین ئینسان/ ماڵەکەی بەجێهێشت".

یادەوەریی دەتوانێ لە گەڕانەوەی زەمەنی کەشفی ئەو ساتەی نووسینمان بۆ بکات، کە لە ساتی شیعریی بەرهەم دێت، بەوەی بۆچی شاعیرەکەمان شەڕ ڕەتدەکاتەوە؟ دیارە شەڕ ململانێی باوك وکوڕی یەکلا کردۆتەوە، بەوەی دایك سۆزو ئەڤینی بۆ کوڕەکەی زیاترە، بەوەش باوك ناچار دەبێت ماڵەکەیان بۆ بەجێ بێلێت، ئەڤینی دایك بۆ کوڕ ئەڤینێکە دواجار کوڕە دەیەوێ هەمان وێنەی لای دۆستیش ئامادەیی هەبێت، بۆیە هەرگیز حەز بەو شەڕە ناکات کە بەرامبەرەکەی وەك دایك نەك لە سەنگەریدا نابێ، بەڵکو پشتیشی تێدەکات، ماڵ دەبێتە شوێنگەی تەنیایی، ئەگەر لە شەڕدا باوك دەبوو لە ماڵ دەربچێت، بەو دەرچوونەش ئێمە هەستمان بە سەرکەوتن دەکرد، کەچی لەم شەڕەیان ئێمەین دەبێ لە ماڵ دەربچین، جا من یا شاعیرە یاخود دۆستە، کە دەرچوونی دووەم زۆر تراژیدیی ترە بەوەی سەرباری دەرچوونی، بەڵام





تارماییەکەی هەر لەناو شوێن ئامادەیی هەیە "ئەوەیان دواتریش لێیەوە دەدوێین".

ساتی نووسین هەوڵدانێکە بۆ نووسینەوەی یادەوەریی مناڵی، گەڕانەوەیە بۆ ساتی ئامێزی دایك، ساتێك کە خوشکەکەنمان لە ماڵە مێرد دەگەڕێنەوە لامان "بەچاوی دایکما ئەمزانی/ ئەوان چەند خۆشحاڵن بە ماڵە مێرد/ بە دەنگی باوکیشما: چەندە نائومێد"

بۆیە گەڕانەوە بۆ مناڵی گەڕانەوەی هەستێکی مناڵانە نیە، بەڵکو گەڕانەوەی شاعیرە لە ساتی نووسین بۆ نێو ساتی مناڵی، نەك بۆ ئەوە بگەڕێتەوە وەك سەردەمی مناڵی ڕەفتار بکات، ئەو دەیەوێ مناڵی بکاتە جوگرافیای خەون، جوگرافیایەك کە گەورە بوون ڕێگا نادات بپەڕێتەوە ناویەوە، بۆیە مناڵی تەنیا بیرکەرەوەیەکە، بیرەوەرییەك لەو شوێنەی کە بە مناڵی "چەندین جار بە دەمەوە دەکەوتین ولووتمان دەپژا/ ئێستە گژووگیای پیربوون ڕوواوە"

کەچی گەڕانەوە بۆ نێو مناڵی جگە لە ساتەوەختێك کە نووسین دەیەوێ بچێتە ناویەوە

نەتوانێ سنوورێکیتر ببەزێنێ، گەورە بوون شورەیەکی بەدەوری ئێمەدا دروست کردووە، بۆیە ئەگەر بە چاوی دایکەوە بزانین خوشکەکانمان چەندە بە ماڵە مێرد خۆشحاڵن، بەڵام لە گەورەبووندا دەبێ بۆ ئەوانیش بگرین کاتێ هەواڵی مردنییان دەگاتە لامان، ئەو کاتە بۆ ئەو خوشکە دەگریین کاتێ لە مناڵی لە ڕێگەی دەنگی باوکەوە هەستمان دەکرد، ئەوان چەندە بە ماڵە مێرد نائومێدن، بەوەش ساتەوەختی نووسین دەبێ بە شیعرکردنی ئەو تێکشکانە گەورە زاتییەی کە بە تەنیا مەراقی جودایی نەیهێناوە، بەڵکو گۆڕانی نێو ئەو یادەوەرییەی مناڵیشە کە مەرگی خوشك ڕەهەندێکی قووڵتر بە تەنیاییەکانی خود دەبەخشێت، کە لە گریان بۆ دۆست دەچێتەوە گریان بۆ هەمووان، ئەوەش بەشداریکردنە لە گریانی دایك، بەڵام گریان تەنیایی لەناو تێکشکاندا دەگۆڕێت بە شیعرکردنی ئەو ساتە تراژیدیە، مانایەکی تر بەتراژیدیاکانی جودایی دەبەخشێت کە مانای شیعرییە، دوانە لەو ساتەی کە زەمەنی بەسەرچوو بارگاوی دەکاتەوە بە کۆمەڵێك دەلالەتی





شیعریی.. دەنگی یادەوەری دەکاتە پانتاییەك بۆ ئیشکردن لەناو پرسیار، پرسیاری ئەو کاتانەی کە گەورەبوون هەستە پاکیزەکانمان لێ دەسەنێت وتەنیامان دەکات.

ئەگەر ئامێزی دایك لە مناڵی ئەو داڵدەیە بێت ودواجار خەون بەوە ببینین دۆست ببێ بە داڵدەیەکیتر، ئیدی لە ساتی جوداییدا، خەونی گەڕانەوە بۆ مناڵی.. خەونی گەڕانەوەی داڵدەیەکە کە بیکەینە شوێنی پەنادان، بۆیە ساتەوەختی نووسین دەیەوێ جەستەی بەرامبەر کە جەستەی دۆستەو عاشقەکەی تەنیا کردووە، جەستەیەکە دەیەوێ لەنێو نووسین لە هەستی تەنیاییەوە جارێکیتر خۆی پێ بگەیەنێتەوە بە دۆست، بۆیە ئەوە نووسینە ساتێك بۆ خۆی دەدۆزێتەوە تا بگاتەوە بە جەستە، بۆ ئەوەی جەستەی خۆی تەسلیمی زمان بکات وزمان لە شوێنی ئەودا سەر لەنوێ مانایەکی هاوبەش بۆ هەردوو جەستەکە بدۆزێتەوە.

گریان کە دەبێتەوە ساتی نووسین هەڵگری دەلالەتی ئاوە کە نووسین پۆشینیەتی، پەنابردن بۆ نووسین پەنابردنە بەر ئاوە، بەواتای نووسین گریانێکە بۆ لەدەست چوونی بوونی وەك ئینسان، بوونی ئەو

**تەنیا ئەو کاتە چێژی بوونایەتی وەدەست دێنێتەوە کە لەسەر جەستەی ببێتەوە هەڵم، ئاو کە دەلالەتە بۆ فرمێسك ودواجار مانای باران لەناو نووسین بەرهەم دێنێت، بۆیە ئومێدی نوقم بوونی دۆست لەناو باران توانای سیمای ژنە لەناو چاوی شاعیر، هەر بۆیە ئەوە بریسکانەوەی خۆر نییە، بەڵکو بریسکانەوەی چاوی شاعیرەکەمانە تاوەکو خەونەکانی ئەویش سەوز ببنەوە.**

**سەوزبوونەوەی خەون سەرەتای حیکایەتێکی نوێی عەشقە کە ساتی نووسینی دەبێ بەو ساتە ئیستاتیکییە بۆ تۆمارکردنی یادەوەریەکی نوێ، کە دۆست شاعیر بکات بە ئاوێنەو خۆی لەبەردەمی ڕووت بکاتەوە.**

**سەیرکردنی جەستە نووسینەوەی ئەو ئاوێتەبوونەیە کە دەستەکانی پڕ بێت لە جوانی مەمك، مەمك کە لەناو دەقەکەدا دەبێتە خاڵی دیارو دەرکەوتەی نوێ جەستە کە لەنێوان هەردوو مەمکدا گۆڕێك هەڵبکەنێ بۆ بینینە شەیتانییەکان، ئەوەش سەیرکردنێکی هەمیشەییە بۆ ڕوانین لە مەمك، لە گەیشتن بە جەستەی ژن، کە بەدوای ستایشی ئەو جەستەیە دەستی پێکرد، ئیدی نووسین داوای بەخشین دەکات، خۆی بێئاگا ناکات لەوەی**





**خەنجەرەکان خوێنیان ڕشت وجوانیان ناشت، مەترسیەکە لەوەی پیربوون تەنیامان بکات، نووسین دەیەوێ ئیدی جەستە تەنیا نەبێت، چونکە ئەو پلانی کوشتنی پێنیە تاوەکو چەقۆ وتفەنگ هەڵبگرێت، بەڵکو ئەو دەیەوێ جارێکیتر بەسەر عەشقدا ڕێ بکات، ئەگەرچی ئەو عەشقە بۆمبێکە دووڕیانێکە یا سەر دەکەوێ یا جەستەی وێران دەکات، بەڵام خۆ دانە دەست قەدەرێکە بەوەی "خوا گەورەیە" ئەگەری ئەو بۆمبە کە نووسینە وێرانبوونێکی تریشی پێ دەبەخشێت، بەوەی ناتوانێ عەشق وەدەست بێنێتەوە، بەڵکو گۆڕ دەیهێنێتەوە، لەبڕی ئەوەی نووسین ببێ بە گوڵێك لەنێوان گۆڕی من وگۆڕی تۆ، کەچی ئەویش دەبێ بە گۆڕێکیتر، ئەوەش نائومێدیەکی دیکەیە، خەونێکە بۆ گەڕانەوەی عەشق، بەڵام دواجار نائومێدی شورەکانی پیریی بۆ ئەبەد پۆڵاین دەکات، وەك چۆن نائومێدی بۆ ژیان قەدەرێکی ئەزەلی بوو، بەوەی ڕۆژی لەدایکبوونی من وباوکم وباپیرەم دەگەڕێتەوە بۆ "ساڵی بەفرە زۆرەکە ئەو ساڵەی جەنگ"**

**بۆیە نووسین هەموو ئەو ساتەی بۆ ئایندە پێشبینی دەکات، بە ساتەوەختی نووسین سەیری دەکات**

**وەدەیەویٚ ئەو ساتە بێنێتە نێو ئێستا، تاوەکو خۆی دەسخەڕۆ نەدات، ساتیٚ جەستە لەشێوەی ماڵێکی سووتاو دەکات، ماڵێك نە دەرگای تیایە نە پەنجەرە، داوا لە دۆست دەکات فریای بکەویٚ "خێرت ئەگا، فریاکەوە/ سەتڵیٚ ئاوی یادگارێکتم پیا پرژێنە" چونکە ئەو ماڵە جودایی کردوویەتی بە برینێك کە پەتایەکی کوشندەی یادەوەرییە لە ئێستادا، بەوەی ناتوانێت تارمایی دۆست لەناو ماڵ دەربکەین، بەڵکو دۆست دێتەوە نێو زەمەنی ئێستامان، ئەوەش پەیوەندیی ئێمەیە بە شوێنەوە، ئەو شوێنەی کە کۆمەڵێك یادەوەری عەشقی لەخۆی کۆکردۆتەوە، هەڵگری مێژوویەکە بە سانایی ناسڕدرێتەوە، چونکە ئەو شوێنە پەیوەندیی بە جەستەی هەردووکمانەوە هەیە، جوداییش لە توانایدا نییە یادەوەری بسڕێتەوە، بۆیە دووکەڵی جگەرەش لێی دەبێتە تارمایی، کاتیٚ خۆیان ئاڵاندۆتە شووشەی پەنجەرەکەوە "تارماییەك نیگای قووتدام بەرەو لای خۆی تارماییەك وەمزانی تۆی"**

**ئیتر دۆست لە وێنەی واقیع دەگۆڕیٚ بۆ وێنەی ئەفسانەیی، کە وێنەی تارمایی بوونیەتی، تارماییەك شاعیر لەچاوەڕوانیدایە لەو دیو**





**شووشەی پەنجەرەکە دەرکەوێت، ئەوەش سەیرکردنی دۆستە بە وێنەی یەزدان، سەیرکردنێك کە دۆست سیفاتی تەنیایی وبێنمونەیی گرتۆتە خۆی، بۆیە (دۆست) و (یەزدان) ئەو دووانەی کە ئەو لە ناسینیان پەشیمان نییە، دوانەیەك بۆ شاعیر "پڕ لەزەبرو پڕن لە عەشق"**

**ئەوەش ساتەوەختێکی نووسینە کە دۆست لەناو یادەوەریی دەگەیەنێت بە ساتێکی شیعریی، ساتێك کە شیعر دۆست بە نمونەی یەزدان سەیر دەکات، ئەوەش بینینی عاشقە لەسەیرکردنی تایبەتیانەی بۆ دۆستەکەی، کە لەتەنیاییدا ئەو هەستانەی نێو زەمەنی پێکڤەبوون، لەنێو بیرچوونەوەی زەمەن دەیگەڕێنێتەوە وپێمان دەڵیٚ: دەق تەنیا ساتێکە لە یادەوەریی، مەبەست لەو خاڵەیە کە چیرۆکی عەشق لەگەڵ دۆست چیرۆکێکە لە بە شیعربوونی لەناو فەزای دەقێکدا سەر لەبەری نانووسرێتەوە.**

## زمانی شیعریی وشوناسی ژنێتی

ئایا پەیوەندیەك هەیە لەنێوان زمان وشوناس؟ ئاخۆ ئەو پەیوەندیە توانای ئەوەی هەیە ببێتە گوتارێکی سەربەخۆ؟ کامەیان بەشداری لە نووسینەوەی ئەویتر دەکات؟ پەیوەندیی نێوان ژن وشیعر چیە؟ ئایا ژن وشیعر دەچنەوە سەر زمان وشوناس؟ ئێمە لەڕێگەی ئەو پرسیارانەوە مەبەستمان نیە بەتەنیا وەزیفەیەکی تیۆریی لەناو نوسین بنیات بنێین، هێندەی مەبەستمانە لەودیو پەیوەندیی نێوان زمان وشوناس بگەڕێینەوە بۆ ئەزموونی ژنێتی لە شیعریی کەژاڵ ئەحمەد بەوەی ئاخۆ ئەو شاعیرە توانای ئەوەی دەبێت لەڕێگەی زمانێکی ڕەگەزیەوە بەدوای شوناسی ژنێتی بگەڕێت؟ تاچەند ئەو زمانە دەتوانێ بەشداریی بکات بۆ لەدایکبوونی پەیوەندیی نێوان شیعرو ژن؟ ئایا ئێمە ئەزموونێکمان هەیە کە ئەزموونی مێینەتی بیت؟





دیارە ئەوەیان بەمەبەستی پۆلین کردنی ئەدەبی ژن نیە، بەڵکو گەڕانە بەدوای ئەزموونی ژن بوون، ئەگەر دەستەواژە هایدگەریەکە وەربگرینەوە کە زمان ماڵی بوون بێت، ئەوە بوونی شاعیر بوونێکە وابەستەیە بە زمانەوە، بەڵام زمانێك لەناو چەندین ئاستدا گەشە بە خۆی دەدات، بەواتای ئەوەی ئەوە زمانێکی یاخی نیە دێت بۆ وەدەست کەوتنی شوناسی ژنێتی، بەڵکو زمانێکە ئەوەی شوناس دەگۆڕێت پەیوەستە بە ئاستە جیاوازەکانی ژیان، ناکرێ نەریت شوێنی شوناس بگرێت، ئەو نەریتەی بووە بە شوناس .. دەبێ بڵێین ئەو شوناسە پەیوەست نیە بە تەواوی قۆناغەکانی ژیان، بەڵکو پەیوەست بووە بە قۆناغێکی دەست نیشانکراوی عەقڵی مرۆیی.

لەسەرەتای نووسین ئێمە لەبەرامبەر ئەزموونێکی یاخیگەرانە نین، بەڵام لەپاڵ ئەوەشدا لەناو ئەزموونێکداین ئەزموونی مێینەتیە، ئەزموونێکە سەرەتا لە دەقی "ئافرەتێك بە چرپە ووتی" دەبینین ژانی ئەو ژانی ژنێکە، کە گەر ژنەکە بمرێت ئەویش دەمرێت، بۆیە ستایشکردنی ژن لەو دەقەدا ستایشکردنی جوانی نییە، جوانی بەو

پێوانەیەی کە لەناو سیما ڕووالەتخوازیەکانی جەستەدا کۆکراوەتەوە، چونکە جوانیەکە لەناو گێڕانەوەی زمانی نێرایەتی دەرنەچووە ونا توانێ مێژووی برینی ژن بنووسێتەوە، بۆیە شاعیر زمان لە ستایشەوە دەگۆڕێت بۆ برین، بەڵام برینێك کە ئەوەیان برینی هەڕەشەکردنە لە جوانی، بۆیە ئەگەر پیاو بیەوێت ستایشی جوانی بکات، دەبێ بەتەنگ ئەو هەڕەشەیەوە بچێت کە بێدەنگی ئەو ئەشێت جوانی بکوژێت.

"من بەبێ تۆ گورگ ئەمخوات/ تۆش بەبێ من/ توانات نابێ خۆر دابگری/ گێژاوەکانی سەر زەمین لوولمان ئەدات/ دەستم بگرە/ با ون نەبم/ با ون نەبیت" وتەکانی وتن لا ١٢، بۆیە ئەگەر قسەکردن لە ئەزموونی ئەو شاعیرەمان قسەکردن بووبێت لەدەنگی ژنێکی تووڕە، بەڕادەی ئامادەنەبوونی پیاو لەو گوتارە شیعرییەدا، ئەوە هەڵەیەکی تێگەیشتنە بەوەی  ئەو گوتارە بانگەشەی بۆ پێکەوە بوون کردووە، بەڵام بە پەراوێزخستنی بۆتە هۆی ئەوەی بانگەشە بۆ فەردانیەتی ژنێتی بکات، چەند ژنێتی فاکتەرێکی نێو ئەو گوتارە شیعریە بێت، بەڵام نابێ ئەوەمان بیر بچێت کە





ئەوەی ژن وشیعر بەیەك دەگەیەنێت عەشقە، عەشق لەناو زماندا ئامادەبوونی هەیە، ئەو ئامادەبوونە ساتی بەریەکەوتنی زەمەنی شیعریی وسوبجێکتی ژنێتیە "خۆت دوور بگرە/ لەو ئاگرە/ من ببم بە خۆڵەمێشیش/ بەختەوەرم/ ئەگەر تۆ بمێنیتەوە" لا ١٩

بۆیە ئەگەر لەسەرەتادا داوا لە خۆشەویستەکەی بکات کە دەستی بێنێت تا بیکوشێت، بەر لەوەی وەك ژان دارك بیسووتێنن، بەڵام دواتر کاتێ ژنێتی خۆی لەناو شیعردا دەبینێتەوە، ئەو ساتە مانەوەی خۆشەویست وخۆڵەمێش بوونی خۆی بە بەختەوەری تەفسیر دەکات، بەڵام دیسان ئەوە شکستی عەشقە، یا بە مانایەکیتر ئەوە بەتاڵ بوونەوەی ئەو وێنە وەهمیەی خۆشەویستە وا دەکات کە ئیدی پیاو بەلایەوە تەنیا کائینێکی نەرسیسی بێت نەك عاشقێك کە خەونی گۆڕینی دنیای هەبێت، ئەوەش تەنیا بە ئاگاهاتنەوە نیە لە یۆتۆپیای عەشق، بەڵکو بە ئاگاهاتنەوەیە  لە دنیا لەوەی ژیانی نێو عەشق وشیعر هەموو ئاماژەکان تیایدا دەلالەتی گوڵ دەبەخشن، ئەوەش جیاوازە لە ژیانێك کە لەناو نەرسیسیەتی پیاو ئاماژەکان

**بەرهەمهێنەرەوەی دەلالەتی سەگ دەبەخشن، هەڵبەت ئەوەش دەلالەتە بۆ شەڕ فرۆشتن بەجوانی وناشیرین کردنی جوانیەکان، ئەوەش بۆ کەژاڵ ئەحمەد بۆتە هۆی ئەوەی پرسیاری ئەوە بکات کە تا ئازاریان پێی نەگیاندبێ نەیزانیووە ئەوانە مرۆڤن یا زەردەواڵەن، تەنانەت ڕەفزی باڵیش دەکاتەوە بۆ فڕین، چونکە ئەو کە بڕوای وایە عەشق وای لێکردووە گوڵانە تێبفکرێ پێویستی بە باڵ نیە، بەڵکو باڵ بۆ ڕاکردنە لە دنیایەك کە گەمە ناشیرینەکان ئاشکرا بووبن، ئەوەش بۆ سەگە نەك بۆ گوڵ.**

**ئەو دەروازەیە دەمانگەیەنێتە ئەوەی لەپشت فاکتەری یاخی بوون، ئەوە ژنێتی نەبوو بەدژی پیاو وەستایەوە، بەڵکو ئەوە خیانەتکردنی پیاو بوو لە عەشق، کە بووە هۆی ئەوەی شاعیرەکەمان توڕە بکات، دیارە خیانەتکردنی پیاو چەمکێك نیە خاوەن دەلالەتی ڕەها بێت، دیارە ئەو چەمکە بۆ ژنیش هەڵگری هەمان مانایە، بەڵام ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە نووسینەوەی ئەو یاخی بوونەو ئەو فاکتەرەیە کە لەپشت ئەو ئەزموونە شیعرییەوە ئامادەیی هەیە.**





**بۆیە شوناسی ژنێتی شاعیر شوناسی عاشقێکە، بەڵام بەدوای ئەو یاخی بوونە بەرەو ڕووی شوناسی کچە شاعیرێك دەبینەوە بەوەی یاخی بوون هەمان دەرەنجامی ئەنتیگۆنایانەی هەیە، چونکە پشت دەکاتە دەسەڵاتی موقەددەس، موقەددەس بەو مانایە نا کە تەنها دەلالەت لە تەوتەمی پیرۆزی ناو ئاین بکات، بەڵکو موقەددەس بە مانا کۆمەڵایەتی وسیاسیەکەی، ئەو سیستمەی کە ناوی ناوە ئاکاری کوردیی، ئاکارێك کە پەیوەستە بە نەریتێکی خێڵەکی، کە بۆتە بونیادی پێکهاتەی خێزانی کوردی، ئەو یاخی بوونە لە موقەددەس پەیوەندیی نێوان زمان وشوناس دەباتە ئاستێکی ڕۆشنتر بەوەی گەشەکردنی بونیادە پێکهاتەکانی زمان هێزی مانەوە بە خۆی دەبەخشێت، هێزی بوون وخۆ نوێکردنەوەش دەداتەوە بە شوناس.**

**شوناس لەو ئەزموونە شیعرییە بۆچی دەگۆڕدرێت؟ دیارە ئەگەر شوناس پەیوەست بێت بەچەندین بنەمای کۆنکرێتی لە جۆری زمان وڕەگەز، ئەوا ئاکار وبیرکردنەوەو پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بەهیچ چەشنێك ناچنە ناو**

شوناسەوە، بەڵکو ئینتیماکردنیان بۆ شوناس مانای بە کۆنکرێت بوونیان نیە، بۆیە لەهەر گۆڕانێکی ئەم واقیعە وگەشەی کۆمەڵایەتی ئەوا دەشێت ئەوانیش گۆڕانیان بەسەردا بێت، ئەگەر بوون بەشێکی دیار لەناو شوناس دەست نیشان بکات، بەڵام ئەو بوونەی لەژن رۆژگارێکدا وابەستە دەبێت بە سیمبولێك لەرۆژگارێکیتردا دوور نییە ئەو سیمبولە بە تەواویی سەردەمی بەسەر بچێت وکەس ئاوڕی لێ نەداتەوە.

ئێستا با بەرەو پرسیارەکەمان بگەڕێینەوە: ئەو شوناسە لەناو نووسین بۆچی گۆڕانی بەسەردا دێت؟ کاتێ شوناسی ژنێتی لەم ئەزموونەدا شوناسی کچێکی عاشقە کە لەناو زماندا ئامادەیی بوونە خۆڵەمێشی هەیە لەپێناو مانەوەی دۆست، بەڵام ساتەوەختی یەکەم سەیرکردنی ژنێتی وبێبەهاکردنی خود دەبێتە هۆی ئەوەی وێنەی ژنێکی عاشق تێکبشکێت، بەرەو ژنێك کە بەدوای مانای ڕەگەزێتی ژنێتیەوە بڕوات، ئەو کاتەی شوناس لەڕێگەی زمانەوە گۆڕانی بەسەردا دێت ، ژن وشیعر دەکەونە ململانێیەکیتر ، ململانێیەك کە لەناو کتێبی ژن خۆیان ڕێکدەخەنەوە، کتێبی ژن





بەو مانایەی کە ژن وشیعر بەیەکەوە دەقێکی جیاواز لەناو یاخی بوون دەنووسنەوە.

بەگژداچوونەوەی موقەددەس لەناو یاخی بوونی ئەو گوتارە شیعرییە تێکشکاندنەوەی دەلالەتی ئاینییە بەرەو بنیاتنانی دەلالەتی سەردەمیانە، ئەوەش بە مەبەستی خولقاندنی فرە مانایییە بۆ پاکیزەیی، مریەم ئەگەر لەناو چیرۆکی ئاینی ئاماژە بێت بۆ ژنێکی پاکیزە کە لەڕێگەی پەرچووەوە مەسیحی دەبێت، ئەو ئاماژە ئاینییە کێشەی لەگەڵ دەلالەتی ڕابردوو هەیە ودەیەوێ خودی شاعیریەتی خۆی بە پاکیزەتر و بەڕەحمتر بخاتە ڕوو، ئەوەش جیابوونەوەیە لە دنیای پیاو بەوەی لە عاشقێتیەوە بەرەو شوناسی ژنێکی پاکیزە دەچێت، پاکیزەیی بەپێی ئەو مانایە نا کە دەسەلاتی موقەددەسگەرا ئاماژەی بۆ دەکاتەوە، بەڵکو پاکیزەیی تێکشکاندنی دیدی خورافیانەی ئاین وکۆمەڵگایە بۆ ئاکار، شەرم نەکردنە لە باوەشی ئەویتر، ئەوەش پێویستی بە هیچ گەمەیەکی زمانەوانی وداپۆشینێك نییە "کە باخەڵی ئەوم دیبێ/ بۆ ناوم لێ بنرێ (عذراء) ؟؟"
بەندەری بەرمۆدا لا ٦

لێرەوە زمان لەناو بونیادەکانیدا جیاوازیەکانی خۆی لەگەڵ مریەم دەست پێدەکات، هەر بۆیە دەق عیسایەکی وەهمی بە خۆی دەبەخشێت، هەموو پرسیارەکانی خۆی لەڕێگەی ئەو مناڵە وەهمیە دەخاتە ڕوو، نەك بەوەی خۆی بشوبهێنێ بە مریەم، چونکە دواجار مریەم دەتوانێ مناڵەکەی بداتە دەست یەزدان، کەچی ئەو ئامادە نیە ئەو کارە بکات، ئەوەش بەمەسەلەی دایکایەتی دەبەستێتەوە، دایکایەتی چەمکێکە هەڵگری دیدی جیاوازە لای تەواوی فەیلەسوفانی فێمێنیستی، ئەگەر سیمۆن دی بۆفوار بە کۆیلە بوونی ژن سەیری بکات، لەپاڵ ئەوەشدا بۆچوونێکیتر هەیە کە ژۆلیا کریستیفا نوێنەرایەتی تیا ئەکات، بەجیاواز لە مەسەلەی دایکایەتی ئەڕوانێ، تەنانەت ئەو چەمکە بە پێویستیەکی ژن سەیر دەکات.

شوناس لەناو زماندا دەیەوێ سێنتەری زمانی باو لێك بترازێنێت، لەڕێگەی ڕەخنەگرتنی لەو سیستمەی کە گوتاری نێربوونی بەرهەم هێناوە، گوتارێك لەڕێگەی ڕەخنەگرتن لە نیتچە دەیەوێ بەدژی ئەو گوتارە بوەستێتەوە، دیارە ئەوە ڕەخنە





نیە لەو فەیلەسووفە هێندەی گەڕانەوەی شاعیرە لەناو گەمەیەکی شەهرەزادیانە بەوەی بوونی شەوێك لە میکاڤیلیەتی ژنانەی توانای ئەوەی هەیە حەقیقەتی لا بگۆڕێت بە ماچێك، بەوەی ئەو ماچە بکات بە حەقیقەت.

ئەو دیدگایە چەندە دەشێ وەك دیدێکی دژە گوتاری هەڵچوو سەیر بکرێت، بەڵام چونکە دیدگایەك نیە بەتەنیا هەڵگری ڕەخنەیەك بێت لەدیدی فەیلەسوفێك هێندەی ڕەخنەیە لە سیستمی ئەو عەقڵە، بۆیە نیتچە لەنێو ئەو ئەزموونەدا تەنیا وەك دەزگیران سەیر دەکرێت "نیتشە نەبوو../ نەخێر خاوەنی ئەڵقەکەی پەنجەم بوو" لا ٧١

سەرباری ئەو ڕەخنەگرتنە ئەوە بەومانایە نییە کە سەرباری دۆڕاندنی جەوهەری عەشق لای شاعیر، بەڵام عەشق پرۆژەیەکی ڕەت کراوە نییە، بەڵکو پرۆژەیەکە دەشێ لە تەمەنی عەشقێکدا مێژووی شکست یەکسان بێت بە مێژووی ئەو عەشقە.. نەك تەواوی عەشق، بەڵام دەشێ گومانێك هەبێت، گومانێك کە لەناو قەسیدەی "بەرد باشترە" دا دەبینین، ئەوا گومانە لەزمانی نێو دەقی "ئەرا پیاوێکی سوریالی" وەسفی زمان دەچێتە ناو پرۆسەی گومانەوە، بەوەی بەرد لەو پیاوە باشترە،

پیاوێك كە پێشتر عەشق وای كرد بە ساحیرترین پیاو ناوی ببات، پەپوولە پێی بڵێت كە ئەو گوڵەو كەچی گومان گوڵی پەپوولە بە پیاوێك وەسف دەكات كە بەرد لەو باشترە، لەبەر ئەوەی دنیایەك كە ئەو دەیویست زەمانی شاعیر بوون وخەڵكی شیعریی كە هەڕەشەی مەرگ تیایدا نەبێت، ئەوەش گومانە دەیگەیەنێتە ئەو ئاستەی كە بڵێت "تاقەتم چوو/ دەمەوێ بە عەشق بڵێم خودا حافیز/ بەرد باشترێكە لە مرۆڤ" لا١٢٤

ئەو تاقەت چوونە بەگژداچوونەوەیە بەتەواوی حیكایەتەكانی عەشق شەڕ كردنە لەگەڵ ڕابردوو، ڕەخنەگرتنە لە خود بەوەی مادامەكی ئەو هەڵگری ڕۆحێكی تەنیایە ئیدی ئەو گەمانە چ مانایەكیان دەبێت لەنێوان تەنیایی ئەو وبەبەرد بوونی دۆستەكان "من هەر تەنیام/ لەبەر ئەوەی بەرد باشترە لە شەهرەیار" لا ١٢٨، بەڵام دەبینین لەدیوانی "قاوەیەك لەگەڵ ئەودا" عەشق لای كەژاڵ پڕۆسەیەكە بۆ بەردەوامی ونووسین وخەیاڵ، هەر بۆیە هەمان دەرەنجامی شیعریی جارێكیتر خۆی بەرهەم دێنێتەوە، هەر چەندە دەلالەتی شیعریی لەو ئەزموونەدا تەواو جیاوازترە لە دەربەندی بەرمۆدا،





بەوەی قاوە ئاماژەیەكە لە ئەڤینی دۆستەوە دەپەڕێتەوە بۆ ئەڤینی نیشتیمان.

قاوە ئاماژەیەكی نێو زمانە بەوەی دەبێتەوە بە دەلالەتی خۆشویستن، بە كۆی ئەو ئەزموونەی كە یادەوەری خود پێك دێنێت لەبەرامبەر دنیا، بۆیە ئەو ئاماژەیە دەلالەت لە خۆشەویستیەوە دەگۆڕێتە سەر بەختەوەریی بە مانای ئەوەی ئەگەر لە تێڕوانینێكی سیمیۆلۆژیانە سەیری ئەو ئاماژەیە بكەین، دەڵێین قاوە ئاماژەیەكی نێو زمانە كە بۆ خود خولقاندنی دالێكە بۆ خۆشەویستی، لەناو دەق ئەو دالەی خود دەلالەتی بەختەوەری دەگەیەنێت، چونكە تەنیا پەیوەندیی خۆی لەتەك ئەو ئاماژەیە (قاوە) درووست ناكات، هێندەی ئەو ئاماژەیە پەیوەندیەكیترە بە ئەویتر ودواتر ئەو ئاماژەیە توانای بەخشینی ئومێدی هەیە، ئەوەش بەر لە بەختەوەربوون پرسیار كردنەوەیە لە خود "من قاوەیەكم خواردەوە/ یان ژیان/ لە پایانەوە دووبارە/ دەستی پێ كرد" قاوەیەك لەگەڵ ئەودا، لا ٨٩

ئەو پرسیارە لەدەقەكانی دواتر تووشی گومانی دووبارە بوونەوەی شكست ویان لەوانەیە ئەو عەشقە ببێتە هەڵهاتنی مانگی چواردە، بەڵام ئەو گومانە لەناو دەقی "لەگەڵ ئەودا قاوەیەكی تر"

**گومانێکە توانای کۆتایی هاتنی نییە بەو دڵە ڕاوکەیە، هێندەی ئەو ئاماژەیە بۆ عەشق دەگۆڕێتە سەر ئاماژەیەکی خودیی بەوەی خۆی بە قاوە ناو دەباتەوە، بەڵام ئەوەی کۆتایی بە پرۆسەی ناونان وگومان دێنێت، ئەوە ڕۆژانی دواتر نیە، بەڵکو گریمانەی هەمان یادەوەرییە، بەڵام ئەمجارەیان نەك لەڕێگای سەرزەنشت کردنی موفرەدەی عەشق، بەڵکو موفرەدەکەو دەلالەتەکەی دەگۆڕێتە سەر ڕەهەندی تر، عەشق بۆ پیاو دەبێت بە عەشق بۆ نیشتیمان، ئەو عەشقەش ناو دەباتەوە بە "نیشتیمان تەنیا فنجانێك قاوەیە" مەبەستیش لەو ناونانە ئەوەیە کە قەدەری نیشتیمانیش لە قەدەری خودێتی باشتر نابێت.**

**شکست وخیانەتکردنی پیاو لەو ئەزموونە شیعریەدا ئاوەژووکردنەوەی هاوکێشەکانی عەشقە، ناو بردنی ئەو ماڵە بە شووشە پەیوەستە بەو شەفافیەتە ڕوونەی کە دنیا بە ناسکی و وەك خۆی ڕوون دەبینێت، بەڵام کاتێك ئەو ماڵە شووشەییە دەشکێت، مانای وایە هەموو شتەکان دەچنەوە دۆخی ئاسایی بوونی خۆیان، ئەوەش دەیگەیەنێتە ئەو بڕوایەی کە مادامەکی لە زەمەنی کوشتارگەیەکدا بین کە پیاو بەرهەم هێنەریەتی،**





**شاعیرەکەمان دەڵێت "جادەم لە پیاو خۆشتر ئەویٚ!" لەنێوان (جادە) و(پیاو) دا هاوکێشەی شیعریی کەژاڵ بەتەوای گۆڕانی بەسەردا دێت، بەوەی ئەو دوانە بەتەواوی لەیەك دوورن، یەکەمیان پرسیار ناکات لەبیرکردنەوە، ئەویتریش بەدوای پرسیارەکانی مەرگ دێنێت، ئەوەش ئەگەر وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا هەر عەشقێك لەو ئەزموونەدا بووبێتە هۆی کۆتایی پێهێنان بە ئازاری شکستی پێشوو، بەڵام دەیەویٚ ئەمجارە ئەو هەستە بەدوا هەست وبڕیاری شاعیرانە ناو ببات "جادەم لە پیاو خۆشتر ئەویٚ/ خوا بمکوژیٚ/ ئەگەر پەشیمان بوومەوە/ خوا کوێرم کات/ ئەگەر جادەی ژنە خوا نەناسەکانم/ لەهەموو پیاوانی دنیا خۆشتر نەویٚ" لا٦٠**

**ئەوەش بەرەنجامی شاعیریەتێکە کە هەڵگری ئەو ڕۆحە شیعرییە کە پەیوەستە بە شاعیر بوونەوە نەك بە ژنبوونەوە ئەوەش سووربوونێکی شیعریە بۆ خۆ جیاکردنەوە لە دەنگی شیعری بە هۆی ژنبوونەوە "ئەوەی کە من بە نیوەی تەمەنم سەندم/ کچێکی تر، بەدەرخستنی لاسکی ستیانەکەی وەریگرت!/ ئەمە تاڵترین نوکتەیە بۆ پێناکەنی عەزیزم" بەندەری بەرمۆدا، لا١٣٤**

## بەشی سێیەم:

### گێڕانەوە، نووسینەوەی ڕۆمان





## گێڕانەوەو تەئویلی زمان لە ڕۆمانی پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان

### ئامادەبوونی هەمین لە گێڕانەوەی بایزدا

**ئایا گێڕانەوە توانای هەیە بازنەیەك بۆ زەمەن بدۆزێتەوە؟ یان گێڕانەوە ڕزگار بوونە لەو بازنە وەهمیە؟ ئەو پرسیارە چەندە بەدوای وەڵامدا دەگەڕێ بۆ وەزیفەی گێڕانەوە، هێندەش ئەوەی بە شاراوەیی لا ماوەتەوە کە ئایا گێڕانەوە دەتوانێ وێنای زەمەنێکی نوێ بکات، زەمەنێك لەڕێگەی زمانەوە توانای خوڵقاندنەوەو بە سیستم کردنی زەمەنی ڕووداوی هەبێت بۆ ئەوەش گێڕانەوە هەوڵ دەدات لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، زمان لەنێو زەمەنی نۆستالۆژی زەمەنێکی ئەفرێنەر بخوڵقێنێت کە ڕووداو بگۆڕێت بە شوناسی دەق.**

ئەو زەمەنەش خاوەنی شوناسی تایبەتە کە زەمەنی دەق توانای بەدواندنی شتە لەیادچووەکانی دەبێتەوە، ئەوانەی بەتەنیا ئاسەواریان لە یادەوەری ئێمە ماوە لەو ڕێگەیەوە جارێکیتر دەیانهێنینەوە ناو ژیان، نەك بەو شێوەیەی کە لە ڕابردوو ژیان، بەڵکو لە ئەمڕۆدا دەیانخەینە ناو ڕووداوە گەردوونیەکان، بەوەی سیستمی دەنگ ئەوەی مردن بێدەنگی پێ دەبەخشێت، ئەوا گێڕەرەوە لەناو دەق جارێکیتر ئەو توانا دەنگیەی پێ دەداتەوە، ئەوەش پڕۆسەیەکە بۆ ڕزگاربوون لە مردن، جەستەی مردووەکان دەکات بە جەستەی نەمر، بەوەی بەردەوامی پێ دەبەخشێت.

گێڕانەوە دەقێك دەنووسێتەوە (خود/ زمان) لەناو نووسین ئازاد دەکات، بۆیە ئەوە پەیوەندیی نێوان نووسین و مردنە کە نوسین نوێنەرایەتی گێڕانەوە دەکات، بەواتای پڕۆسەی نووسین لەڕێگەی گێرانەوە دەیەوێ خود ڕزگار بکات، ئەو ڕزگارکردنەش لەڕێگەی زمانە، زمانە دەتوانێ خود بپارێزێت، ئەوە بە ڕوونی لای شەهرەزاد دەبینرێت کە لە گێڕانەوەی حیکایەتدا مەبەستی





ڕزگارکردنی خودە لە مردن، کە دواتر گێڕانەوە ڕزگاریشی دەکات. دەرکردنی مردن لە خود بەردەوامیە بۆ مانەوە، گێڕانەوە بە ڕزگارکردنی خود لە مردن، زمانیش لەناو نوسین ئازاد دەکات.

کەواتە دەق لەڕێگەی پەیوەندیی زمان بە نووسین گەشە دەکات، نەك نووسین بە پەیوەندیی دەق ناو بەرین، بەڵکو لەڕێگەی گێڕانەوە حیکایەتەکان جەستەی لەیادچوو دەهێنێتەوەو دەیکەنەوە بە جەستەیەك کە توانای خوڵقاندنەوەی ژیانێکی نوێی هەبێت.

ئایا دەروێش بایز تا چەند دەتوانێ لە گێڕانەوەی (پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان) ی شێرزاد حەسەن دەلالەتی جیاوازمان بۆ بدۆزێتەوە؟ ئاستی چوونە نێو ئینتیماکردن بۆ گێڕانەوە ململانێی ڕیشۆڵەکانە لەگەڵ دەنگێك کە لە بری دەروێش بایز قسە دەکات، ئەو دەنگەی لەو دەسپێکە دەیەوێ هەستی کارەکتەری سەرەکی نێو دەقە ڕوون بکاتەوە بەوەی ئامادەگی بوونی دەروێش لەڕێگەی ڕاوکردنی ڕیشۆڵەکانە، ئەوەش پەیوەندیی بایزو نێچیر دەکات بە ئەیقونەی زمان، بەوەی ئەو پەیوەندییە گەشە بە ئاماژە دەدات،

**ئاماژەیەك كە دواتر لە بە ڕەمزبوونی لەناو گێڕانەوە بینینەوەی بۆ شتەكانیش تەواو گۆڕنیان بەسەردا دێت، بەوەی لەڕێگەی گێڕانەوە زەمەنێكی نوێ كە زەمەنی ئەفرێنەری دەقە بەرهەمی دێنێ، لەناو ئەو زەمەنەدا بونیاد لە ئاست گێڕانەوە بەرز دەبێتەوە، ئەوەش ئاستی بەرزبوونەوەی كارەكتەرە بۆ نێو پڕۆسەی بەریەككەوتن وبایز لەگەڵ هەمین لەلایەك لەلایەكیتریش بەریەكەوتنی بایز لەگەڵ ڕیشۆڵەكان.**

**بۆیە گێڕانەوەی خەونی ترسناكی هەمین وگێڕانەوەی پەیوەندیی عەشقی ئەو ژن ومێردە لەنێو حەیرانی سەرەتا، گێڕانەوەی عەشق ومردنە، مردنێك عەشق فەنا ناكات، بەڵكو ئەوە عەشقە دادكۆكی لە ماناوەی خۆی دەكات، مانەوەیەك كە بە مردنی یەكێكیان پەیوەندیەكەش كۆتایی دێت، ئەوەش وامان لێ دەكات وون بوونی هەمین یەكسان بكەینەوە بە مردنی ڕیشۆڵەكان.**

**پڕۆسەی مردنیش قەدەرێكی عەشقە كە لەڕێی گێڕانەوەی چیرۆكی عاشقەكانی پێشوو خۆیان بەدرێژكراوەی ئەو قەدەرە دەزانن، هەر لەڕۆژی**





**سەرهەڵگرتنیان لە ئاوایی و چوونیان بۆ شار ئەو ترسە لەلایان دەستی پێكردووە، ترسی تۆڵەی باوك و برای هەمین لەوەی یەكێكیان بكوژن وئەویدیش عیبرەت بكەن، دواجار بە وون بوونی هەمین قەدەرێكیتر دێتە پێشمانەوە قەدەری شێت بوونی بایز، ئەو شێت بوونە دواتر ئەگەڕێینەوە سەری.**

**ئەگەر گێڕانەوە بتوانێ فەزایەكی جیاوازمان بۆ دەست نیشان بكات ئەوا دەبێ لەوە بێئاگا نەبین كە لەناو گێڕانەوەدا كەسێك ئامادەیە كە (بایز) ە، ئەو كەسەی لەگەڵ دەنگی نووسەر دەست بە گێڕانەوە دەكات، ئەو دەنگەی هەرگیز لەناو گێڕانەوەدا نایەوێ دەنگی خۆی بسەپێنێتە سەر بایزو ئامادەبوونی خۆی لەناو دەنگەكە دەست نیشان بكات، بەڵكو دەنگی خۆی لەناو ئامادەگیی بایز دیار دەكات، بەواتای ئەو وەك نووسەر وەڵام ناداتەوە، بەڵكو بە زمانی ڕاوچییەك قسە دەكات، بۆیە ئاستی كارەكتەر ئاستی فرە جیاوازییە "گووی دەخوا لەبەر چاوی من سەریان ببڕێ"لا١٣.**

ئەو دەنگەی دەیەوێ یارمەتی دەروێش بدات بۆ بیرکردنەوە ڕۆڵێکی چالاك دەبینێ بۆ ئامادەگی هەمین، چونکە هەر ئەو دەنگەیە لەو ئێوارەیە بتوانێ ئومێد دروست بکات بۆ گەڕان، تەنانەت بۆ ڕێنمایی جۆری ڕەفتارو هەڵسوکەوتی ڕۆژانە، ئەو دەنگە لەنێوان ئەو ئێوارەیە کە "ڕەنگە دێزە بۆنی بەلایەکی کردبێ، دەنا قەت وا خۆی شێت نەکردووە" لا ١٨

لەلایەکیتر بیرکەوتنەوەی تۆڵەی ڕیشۆڵەکان کە هەمین لەو تۆڵە سەندنەوەو خۆئامادەکردن بۆ ئەو شەڕە ئاگاداری دەکاتەوە "دەروێش.. ئەمن لەوەی دەترسێم ڕۆژەکیان خودا قودرەت بداتە ئەو ڕەشۆڵانەو بە گوریس وتوڕەوە لۆ حەفت تەبەقەی ئاسمان بتفڕێنن" لا ٢٢

بۆیە ئەو دەنگەی دەیەوێ بەشداری لە گێڕانەوە بکات ولەکاتی ماندوو بوونی بایز ئەو ڕستانەی بۆ تەواو بکات کە بایز دەیەوێ بیڵێ، دەنگەکە هەر لە سەرەتاوە کارەکتەرێکی واقعیمان پێ دەناسێنێ کارەکتەرێك کەسێکی ئەفساناوی نییە، بەڵام کەسێتیەکە دواجار لە نەستی ئێمە فانتازیای نووسین یۆتۆپیایەك دەخوڵقێنێت،





یۆتۆپیای مەرگ کە بینینەوەی لای کارەکتەرەکە لە وێنەی واقعی دەردەچێت بەهۆی هێرشکردنە سەر دۆستەکەی کە ژیانی دەروێش بایزی پێوە بەندە، ژیانێك لە گێڕانەوە ئەوەمان لا ڕوون دەبێت کە دەروێش بوون دەمامکێکە بۆ خۆ شاردنەوە، چونکە لەڕێی ئەو دەمامکەوە دەتوانی دەوروبەر دەستخەڕۆ بدات، بەوەی ئەو لەنێو هەڵقەی زیکرو تەهلیل دابێت، ئەوەش بەجۆرێك لە ناچاری قەبووڵی دەکات کە لەلایان هەمینەوە بۆی پێشنیار دەکرێت، کە دیارە ئەگەر لەبەر دڵی هەمین نەبێت قەبووڵی ناکات، تەنانەت لە سەرەتادا بەهیچ شێوەیەك ڕازی نییەو پێی دەڵێ "ئەمن هێشتا هەرەتمە.. هەموو شەوێك دوو جاران دەپەڕم وکە دەشنووم شەیتانی دەبم.. تەریقەتم پێ ڕاناگیرێ.. هەمین وازم لێ بینە با نەکەومە بەر لەعنەتی خوداو پێغەمبەران" لا ١٧

کەچی هەمین  بەتەواوی دژی ئەو بۆچوونەیەتی و ئەو کارە بەتاکە چارەسەر بۆ خۆشاردنەوەی دەبینێت ودڵنیای دەکاتەوە لەوەی گەر نەچێتە ڕیزی دەروێشان ئەوە دەدۆزرێتەوەو دەیکوژن، دەورێش لەنێوان مردن وتوانای غەریزەیی خۆی

تێدا ماوە، بەوەی نەیتوانی پاکی تەکیە ڕابگرێت، ئەوەش پەیوەندیی بەو حاڵەتەی دەروێشەوە هەیە کە خاوەنی توانایەکی غەریزەییە کە دەقەکە نایەوێ ئارەزووی دەروێش بگوازێتەوە نێو ئارەزووی نووسین، بەڵکو ئەوەی نووسین لەپشت ئارەزووی دەورێشەوە حەشاری داوە پرسیارە لەبیرکردنەوەیەك کە ئارەزوو حەرام دەکات، پێدەشتێك دەخوڵقێنێ کە کارمامزە کوژراوەکان خاوەنیەتی، بۆ بەدەروێش بوونی بایز، تەنیا خۆشاردنەوە لەڕێگەی ئەو دەمامکەوە چونکە ئەو پیاوێك بێت کە بەڕاوچییەکانی هاوڕێی بڵێت "نامەردینە.. من نەك هەر لەم دەشتە لەهەمووتان نێرترم.. نێرەمووکینە.. هەمین خۆیم بۆ شل بکات هەموو شەوێك دەپەڕم" لا ٢١

بۆ ئەوەی بزانین لەنێوان تەکیەو هەمین پەرستگای بایز کامەیانە، ناچار دەبین دوو دەنگ وەربگرین کە کامەیان لەلای کاریگەرن، دەنگێك بۆ تەکیەو ئەهلی دەروێشان یان ئەو دەنگەی قسە لە هەمین دەکات، ئەوەتە کاتێ سۆفی برایم ئەوەی پێ ڕادەگەیەنێ کە لە پیریێوە یاشێخ لێی دەپرسێ هیچ بایەخ بەو قسەیە نادات، بەڵام هەرگیز





ناتوانێ دڵی دانەخورپێ وخێرا پێ هەڵنەگرێت، کاتێ زارا پێی دەڵێت "دەروێش... تازە لەوێ بووم... قاپە شیرێکم دەویست.. هەمین نەهاتبۆوە" لا٢٦، چونکە بێ هەمینی واتە سەرەتایەك بۆ مردن، ئەوەتە ئەمجارەیان ئەو مەترسیە ئاراستەی خوێنەر دەکرێت، بەوەی "ماڵ بێ هەمینێ چ ترسناکە" لا ٢٧

بەواتای ئارامی ماڵ پەیوەستە بە هەمینەوە، دەرچوونی ئەو گۆڕینی ماڵە لە ئارامیەوە بۆ ترسناکی، لەکاتێکدا ئەو کەسێتیە نائامادەیە.. دەنگێك لەگەڵ بایز دەیانەوێ بیدۆزنەوە، لەڕێگەی ئەو گەڕانە بێت ئەوەی دەرکەوێت  خوێنەر هەمین لەناو دەقەکە دەبینێت، کە لە ڕاستیدا تەنیا دەرکەوتنی بایزە، بەڵام دەنگەکە وا لە بایز دەکات یادەوەری ئەو عەشقە بتەقێنێتەوە، عەشقێك ئەگەر بەوە ڕاڤە بکرێت کە ڕووبەرێکی فراوانی بۆ سێکس تەرخان کردووە ئەوەیان بە خراپی خوێندنەوە دەبینین، چونکە هەموو ئەو قسانەی بایز لە بارەی ئەڤین بۆ جەستەی هەمین تەنیا ئاماژەی ڕووکەشی دەقەو بەپێی چەمکی هیرمۆنتیکی پۆل ریکۆر دەتوانین ئەو ڕووبەرە

سێکسیە بە ڕووبەند لەسەر ماناکان ناوی بەرین، کە لەڕێی ئەو ڕووبەندەدە مانای ڕاستەقینە داپۆشراوە، مانایەك کە پەیوەندیی بە ناونیشانی دەقەوە هەیە، بۆیە مانای ڕاستەقینە پرسیارە لەو عەقڵەی حەرامی بەرهەم هێناوە، نەك سێکسی بایزو هەمین بەمانای ڕاستەقینە ناو بەرین، ئەوە پەیوەندیی بە عەشقی ئەو دوانەوە هەیە لەبەرامبەر تاپۆکان، سنوری بیرکردنەوەی ئەو عاشقە قووڵ دەبێتەوە بۆ دنیای دوای مردن وزیندوو بوونەوە بەوەی ئامادە نیە هەمین بە پەریەکانی بەهەشت بگۆڕێتەوە، بەڵام کاتێ گومانی ئەوەی لا درووست دەبێت کە گەر هەمین لەو هەڵگەڕایەوە چی بکات؟ لەو کاتەدا لە گەڕانەوەی بۆ ڕابردوو ئەو گومانە شکست دێنێت کاتێك ئەوەی بیر دێتەوە ژنێك لەدنیایەکی توندوتیژ کە پڕی بێت لەهەزارانی وەکو باپیر ئاغا هەمین بە پیاویان نەزانێت، ئیتر لە دنیایەکدا کە ئەو ترسانەشی تێدا نیە، بۆچی دەبێ هەڵگەڕێتەوە، ئەوێك کە جگە لە بایز جەستەی نێرینەی تر ناناسێت وە ئامادەی تێدا نیە پەیوەندیی لەگەڵ کەسێکیتر هەبێت "باپیر ئاغا





کێیە؟ سمایل بەگ چ کەرێکە؟ کۆشکی چی وکەلاوەی چی؟ دڵنیابە جگە لەخۆت چ سوارێك نییە ئەو ماینە بێ لغاو وزینە ڕام بکات" لا ٧

گێڕانەوە بازنەیەك بۆ پەیوەندیی غەریزەی نێوان مرۆڤ وئاژەڵ درووست دەکات ئەوەش پەیوەندیی نیە بە خولقاندنی ڕووبەرێکی سێکسی، بەڵکو پرسیارە لەتوانا غەریزییەکان کاتێ بایز دەیەوێ ئارەزووی نێرەکەرەکەی سەرکوت بکات ونەیەلێت بپەڕێت ئەوسا پرسیاری پەیوەندیی (نێرەکەر/ ماکەر) دەگوزازرێتەوە بۆ پەیوەندی خۆی لەگەڵ هەمین کە گەر نەیەڵن ئەو شەهوەتەی بڕژێت ولەناو خوێنیدا بمێنێتەوە چی دەکات؟ بایز وێنەی خۆی لە وێنەی نێرەکەر دەبینێتەوە، ئەوەش پرسیاری جیاوازی مرۆڤە لە ئاژەڵ بەوەی بیانووەکانی سەر ناگرێت، کاتێ ئەو سەرکوتکردنەوەیە بۆ بێ ئالیکی نێرەکەر دەگەڕێنێتەوە "خۆ تۆش ئالیکت باش نییەو هەمین خۆی شل بکا زوو زوو دەپەڕی" لا ٤٢

کاتێ وێنەی نێربوونی خۆی وکەر بەیەکەوە بەراوورد دەکات، دڵنیا دەبێ بەبێ پەڕین توانای کارکردنی نابێت، بۆیە دەنگێك لەنێو گێڕانەوە

دەردەکەوێت کە بایز لەگەڵی هاوڕایە پرسیاری ئەوە لە بایز دەکات "نێرەکەرەکەت بپەڕێ باشترە یان نەپەڕێ؟ تۆ هەر خۆت.. نەپەڕیت خولقی ڕاوت هەیە" لا ٤٢

بایز کاتێ لە چاوەڕوانی هەمیندا خەیاڵ دەیباتەوە خەوێکی کورتی لێ دەکەوێت، تەواوی چیرۆکی چاوەڕوانی لەلای سەراوژێر دەبێ بەوەی بایزە وون دەبێ وهەمینە دوان لەگەڵ ڕیشۆڵە دەکات بۆ ئەوەی لێی خۆشبن، چونکە زەحمەتی ژیان نەبوایە عاشقەکەی ئەو هەرگیز ڕاوی نەدەکردن "هۆ ڕەشۆڵەکان، بایز گەلەکی خۆش دەویستن، بێ نانی نەبووایە ڕاوی نەدەکردن، ئەنگۆ بەدڵی ئەو نازانن.. گەلەك جاران لەکنە من، لەسەر ڕان وسینەو بەرۆکی من ئەو وەختەی دەحەسایەوە، بەر لەوەی بنوێ.. لەبۆنگۆ دەگریا، برسیەتی وسلێوەی بە لەعنەت دەکرد، ئارەق خۆرەکانی هەولێرێ، ئاغاو بەگزادەکان، هەمین ئەو مەلە گچکەلۆکانە گوناهیان چی یە بکوژرێن" لا ١٠٠

هەمین لەناو خەونەکەی بایز پرسیاری کوشتنی ڕیشۆڵەکان لە ئەستۆی بایز لا دەبات، بۆ ئەوەی





ڕیشۆڵەکان تۆڵەی خۆیانی لێ نەکەنەوەو بیکوژن، بەڵکو ئەو لە ناچاری ڕاوی کردوون، چارەیەکی تری نەبوو، بەڵام کاتێ بێ ئومێد دەبێت لەگەڕان بەدوای بایز دەگاتە ئەو بڕوایەی کە ڕیشۆڵەکان تۆڵەی خۆیان لێکردۆتەوە.

بۆیە ئەو گومانەی سەرەتا هەیبوو لەدوا ساتی خەونەکە دەتوانین بۆ یەقینێك بیگۆڕین کە ئاستی پاڕانەوەی ئاخاوتن دەگۆڕێت بۆ پرسیار لەتەرمی کوژراوی بایز "ئەنگۆ بایزتان کوشت... لاشەکەی وا لەکێندەری؟ هۆ مەلەو فڕندەکان کە لە ئاسمانەوە هەموو شتێك وهەموو شوێنێك دەبینن.. خەبەرم دەنێ... دەنا لێتان خۆش نابم... ئیدی تەواو.. ئەو مردو.. و.. چیدیکە ڕاوتان ناکات.. ئیدی بێ ترس بفڕن.. دەوەرنە خوارێ وبەهەمووان بەرزم بکەنەوە.. بەرەو ئاسمانە دەبا چاوان بگێڕم" لا ٩٨

لەپشت ئەو خەونە کە بە مردنی بایزو گریانی هەمین کۆتایی دێت، چەمکی دۆنادۆنی ئەو عەشقە بە تەواوی دەردەکەوێ بەوەی گەڕانی هەر یەکێکیان بەدوای ئەویتر گەڕانێکی دۆنادۆنیانەیە،

چونکە عەشقێکە بەناو یەکتریدا چۆتە قووڵاییەکانی دەروونی یەکترییەوە.

**حەیران.. گەڕانەوە بۆ بەر لە گوناهکردنی ئادەم**

حەیران لەناو دەقەکە چ دەلالەتێکی هەیە؟ بۆچی گێڕانەوە حەیران بە بەشێك لەخۆی دەزانێت؟ ئایا پەیوەندی حەیران ئامادەبوونی کولتورێکە لەناو گێڕانەوەدا؟ کولتورێك پارێزگاری لە شوناسی خۆی دەکات؟

حەیران گەڕانەوەیە بۆ بەر لە تورەبوونی مرۆڤ، بۆ ساتەوەختێك کە هێشتا ئادەم بە خواردنی درەخت گوناهبار نەبووە، بەواتای بایز لەڕێگەی حەیرانەوە دەیەوێ وێنای زەمەنی بەر لە گوناه وتووڕە بوون بگەڕێنێتەوە، ئەوەش لەڕێگەی زەمەنی عاشقانەی خۆی بەرهەم دێنێت، تا لەپشت ئەو زەمەنەوە، ئەو گومانەمان بگەیەنێ بە ستراتیژی ئیرۆس، بەوەی هەڵگرتنی هەمین وڕاکردنی بۆ شار، گەڕانە بەدوای دنیایەك کە ڕق وئیرەیی ودەسەڵاتی تۆقێنەرانە تیایدا بوونی نەبێت، ئەوەش لای عاشق خاڵی نییە لە حەیران، بەڵکو دنیایەکە لەڕێگەی حەیرانەوە دەتوانێ وەدەستی بێنێت.





هەر بۆیە لەگێڕانەوەی ساتەوەختی حەیران دەنگێك لەبڕی بایز ئەوەمان بیر دێنێتەوە کە لەکاتی حەیران ووتنیشدا "پیاوە دڵڕەقەکان ناسك دەبوونەوە، بگرە باپیر ئاغای گۆپاڵ ڕەشیش ویقاری خۆی بیر دەچۆوەو لە حەژمەت ولە تاوان سەرو کەللەی کەوتووی لەژێر شەدەو هەوریدا با دەدا" لا ٦٠

باپیر ئاغایەك کە بایز لەدەست زەبرو زەنگی ئەو، دەستی دۆستەکەی خۆی دەگرێ وڕادەکا، کەچی دەنگی نێو یادەوەری بایز پێمان دەڵێ باپیر ئاغا لەکاتی حەیران سیمای لە عاشقێك دەچوو نەك لە ئاغایەکی تووڕە، ئەوەش دەمانگەڕێنێتەوە بۆ حەقیقەتی کەشف بوونی ئەو دەسەڵاتەی کە لەپشت شکستە خودیەکان وگرێی دەروونی باپیر ئاغا مومارەسەی دەسەڵات دەکات.

ئەو شکستی حەزە خودیەکانی خۆی کردوویەتی بە پیاوێکی تووڕە، ئەوەتا حەیران حەقیقەتی ئاشکرا دەکات، نەك هەر ئەو، بەڵکو مەلای گوند کە ڕوویەکی تری حەقیقەتی باپیر ئاغایە ودەیەوێ وێنەیەکی وەهمی بەخۆی ببەخشێ، کەچی ئەویش لە کاتی گوێ بیستبوون لە حەیرانەکانی

بایز، جلەکانی مەلایەتی فڕێ داوە، لەوێوە مومارەسەکردنی دەسەڵات بەپێی ویست، سنوری دەست نیشان دەکرێت.

ئەوەی لە پێشتر باپیر ئاغاو مەلا حەرامی دەکەن، کەچی ئەمجارە باپیر ئاغا ڕەخنە لەو سیستمە ئەخلاقیە دەگرێت کە مەلا نوێنەرایەتی دەکات، بەوەی ناکرێ چێژ فەراموش بکرێت، فەراموش نەکردنی چێژ گەڕانەوەیە بۆ ڕاستگۆیی گۆڕانە فیسیۆلۆژییەکانی مرۆڤ، بۆیە حەیران ووتنی بایز ساتەوەختێك دەخولقێنێ بۆ دەسەڵات لەبیرکردن.

مەلا توانای وەڵامدانەوەی پرسیاری باپیر ئاغای نییە، هۆیەکەی قووڵی ئەو پرسیارە نییە، بەڵکو پرسیارێکی خودییە وتەنیا ئاغا بەهۆی بوونی دەسەڵاتەکەی دەتوانێ ڕاشکاوانە دەریببڕێت "ئەگەر بنیادەم سەد جاران بە ئاگری جەهەندەمێ بسووتێ کوو ڕەشبەڵەك ودۆڵ وزوڕنا لەخۆی حەرام بکاتن" لا ٦١

بۆیە ئەوە خودی ئەو دەسەڵاتەیە کە توانای گۆڕینی دەستووری هەیە ودەتوانێ حەرامەکان حەلاڵ بکات، لە شوێنیدا هەزاران کاری ئاساییتر حەرام بکات، ئەوەتە مەلا کە ڕەشبەڵەکی پێ





حەرامە، بەڵام ئەمجارە سنوری حەرامی تێدا دەگۆڕێت، چونکە ئاغا خوازیاری گۆڕینی ئەو حەرامەیە "ئاغا چ ڕەشبەڵەك وچ دۆڵ زوڕنا، هەر هەمووی هی سەردەمی کوفرو زەلالەتە، بەلانە کینێ سووکە گوناهن و بەئاوی دەست نوێژێك دەشۆڕێ و پاك دەبنەوە" لا ٦١.

کاتێ بایز لەڕێگەی گێڕانەوە دەگەڕێتەوە بۆ شاییەکەی کەریم مەیتەر، ئەو کاتەی دەچێتە نێو هەڵقەی ژنان تا حەیرانیان بۆ بڵێت، ئەو چوونە ژوورەوەیە ئینتیما کردنی بایزە لەنێو زەمەنێکی کوردی، زەمەنێك دابڕاو نییە لە زەمەنی حەیران، چونکە هەمینی دۆستی بایز یەکێکە لە پاڵەوانی ئەو حەیرانانە کە هەڵقەی ژنانیان پێکهێناوەو بایز دەچێتە نێو ئەو هەڵقەیە تا حەیرانیان بۆ بڵێت، ئەسمەری کابایزی کە وەك هەمین یەکێکە لەو هەڵقەیە، کەچی پاڵەوانێکی سەرەکی نێو حەیرانی کوردیە.

ئەوەش مانای وایە بایز لەڕێگەی حەیرانەوە دەگەڕێتەوە بۆ زەمەنی خودی پاڵەوانەکان، ئەوەش پەیوەندییە لەنێوان (زەمەنی ڕووداو) و (زەمەنی پاڵەوان)، کە ئەو پەیوەندییەش کاتێ

حەیران لەناویدا قووڵ دەبێتەوە، دەقی میتۆلۆژی بەرهەم دێنێت.

### پەشیمان بوونەوە لە ئادەم بوون

لەسەرەتای گەڕان بەدوای هەمیندا، بایز خۆی لەوێنەی ئادەم دەبینێتەوە کە بەدوای حەوا دەگەڕێت، لەو گەڕانەش بە ئامێزی شاد دەبێتەوە، بەوەی بوونی هەمین قەدەرێکی ئادەمیانەیە، بەڵام کاتێ دڵنیا دەبێ کە هەمین نادۆزێتەوە، ئەوسا پرسیارە فانتازیاکانی دەگۆڕێت بە پرسیار لە یەزدان، ئەو پرسیارەش تێگەیشتنە لەخودی خۆی، کۆتایی هێنانە بەو دیدە فانتازییەی کە وەك ئادەم سەیری خۆی دەکرد "خودا ئەو هەموو عەزابە بۆ؟ خۆ من ئادەم نیم تا لە گوڵە گەنمەکەم خواردبێت وبەر لەعنەتی توو کەوتبم وفڕێت دابمە سەر زەویەکی وەها خاپوور" لا ١٥٩

ئەوەش کۆتایی هێنا بەو گەڕانەی کە پێی وابوو ئادەم ئاسا بەدوای ونی حەوا دەتوانێ هەمین بدۆزێتەوە، کەچی کە لەو حەقیقەتە بە ئاگا دێتەوە، ئەڤینی خۆی وهەمینی پێ پاکیزەترە، تەنانەت پێی وایە هەڵەیەك کە ئادەم کردوویەتی بەهۆی سەرپێچی کردن لە فەرمانی یەزدان ئەو





نەیکردووە، وەك چۆن هەمینیش وەك حەوا ئافرەتێکی فریودەر نەبووە، ئیدی نەفرەتی یەزدان لە پای چی؟ "ئەمن وئەو جگە لە دوو بنیادەمی کلۆل وڕەنج بەخەسار وبێ دەرەتان هیچ دیکەنین" لا ١٥٩

بۆیە لەکاتی ڕاوی کارمامزەکان دەیەوێ یەزدان لەدەست ڕاوچییە توڕەکان ڕزگاریان بکات "هۆ خودای ئاسمانان ئەگەر... ئەگەر ئەمن وهەمین دوو عاشقە رووتەی پاك وبێ چارەبووینە دەهاڵمانکێشە بەرەو بن پەڕی هەورەکان" لا١٨٦

ئەو هاوارەی بایز بۆ یەزدان دڵنیابوونە لە پاکیزەییەك کە گوناهی نەکردووە، بۆ خۆشی پەشیمان بوونەوەیە لە وێنەی ئادەم بوون، بەوەی هەڵەیەکی نەکردووە تا بەمجۆرە سزا بدرێت.

### دەنگ وتەئویلی ئاماژە

کاتێ گەڕان توانای دۆزینەوەی هەمینی نابێت، ئەو ساتە دەق کەلێنێك لەنێوان خۆی ودەقەکانیتر جێ دەهێڵێت، چونکە بەردەوام وەڵامێکی ڕەها بۆ پرسیارەکان دانراوە، بەڵام گەڕانی بێ ئەنجامی بایزو وون بوونی هەمین بێ ئەوەی چارەنووسی لەناو دەق دەست نیشان بکرێت، پرسیارێکی

گەورەی گێڕانەوەیە کە تەنیا دەتوانین تەئویلی ئاماژە زمانەوانییەکان بکەین.

ئەوەش بۆ خۆی شوێنگەی پرسیاری جیاوازە "بەهەر چوار دەورتا چاوی ڕەش وبریسکەدار زۆربوون، دەنێو ئەو هەموو چاوانەدا چاوانی هەمین بزربوون" لا ١٤١

وون بوونی چاوەکانی هەمین وون بوونی کەسی بەرامبەرە، بەبێ قەدەرێکی ڕۆشن کە قەدەری کۆتایی هاتنی پەیوەندیەکانی ماڵە، بەوەی ئەگەر چاوەکانی هەمین هەموو ئومێدو خەون وگەڕانەوەی ژیان بێت بۆ بایز، ئەوا لە وون بوونی چاوەکانی ڕووی تراژیدیی ئەو وێنەیە دەردەکەوێت، وێنەی وێران بوونی ماڵ لەڕێگەی لافاوەوە خنکانی هەمین ومردنی پۆڵە ڕیشۆڵەو مەڕو بزن تەئویلێکی ئەو دەنگەیە کە چاودێری بایز دەکات، بەلام تەئویلێك تەنیا دەنگێکە لەناو دەقەکەدا وتوانای سەپاندنی یەقینی کۆتایی نییە، دەیەوێ تەئویل بۆ ڕابردوو بکات، بە چۆنیەتی ژیانی ئەو دوو عاشقە، بەوەی ژن ومێردێکی ئاسایی نەبوونە، ئەوەش زەنگێکە بۆ بایز کە دۆستەکەی لە هیچ چرکەساتێك





فەرامۆشی ناکات، بۆیە ئەو دەنگە لەو ساتەدا لەشوێنی هەمین لەگەڵ بایز دەدوێت، بەلام بەزمانی ژنێکی ئاسایی نا، بەڵکو لەناو دێرە شیعرێکی ژنە شاعیر فروغی فەروخزاد ئەوەتە ئەو دەنگە کە لە شوێنی هەمین دەدوێ بەواتای یاخی بوونی هەمین لەئاست یاخی بوونی ژنانەی فروغە، بۆیە کاتێ بە بایز دەڵێ "چەند جوان بوویت کە درۆت دەکرد" لا ١٦٠

دەیەوێ بەو دەق ئاوێزان کردنە ئەو دێرە شیعرە لەناو ڕۆمانەکەدا لایەنگیری لەجۆری ڕەفتاری بایز بکات، بەوەی هەمین دەزانێت چیرۆکی زۆرانبازیەکانی مێردەکەی درۆیە، بەلام درۆی پیاوێکی عاشق کە جوانی بە سیمای دەبەخشێ کە مەبەستی تەنیا بۆ پاساو هێنانەوەیە بۆ مایە پووچی لە ڕاوە ڕیشۆڵەی ئەمشەوە.

بایز بەشداری تەئویلی ئەو دەنگە دەکات کە قەدەری هەمین لەناو خنکان دەست نیشان دەکات، بۆیە پرسیار لەو قەدەرە دەکات، بەوەی تەئویلی یەك لە دەنگەکانی نێو دەق توانای گومانی لا درووست بکات، بەلام گومانێکی ڕەها نییە، ئەگەرچی ئەو گومانە پرسیاری لا درووست

**دەکات "تۆ بڵێی ئەو پارچە قوماشە پف دراوەش چارۆگەی ئەو نەبێ" لا ١٤٤**

**ئەو پرسیارە بۆ دەست نیشان کردنی قەدەری خۆیەتی، بەوەی بە زیندوویی پێویستە بەیەکتر شاد ببنەوە وچیتر ئەو لەناو ئەو گەمە زمانەوانیە نەسووڕێتەوە، چونکە ئەو لەناو گەمەی زمانەوانی نووسەر ماندوو بوو، ئەگەر ئەو گەمەیەش بە تراژیدیا کۆتایی دێت، دەیەوێ کۆتایی تراژیدیاکە یەکسان بکاتەوە بە مردنی هەردووکیان، نەك تەنیا یەکیان بمرن وئەویتریش بمێنێتەوە.**

**قووڵ بوونەوە لەناو ئەو گومانە جۆری پرسیارەکەی پێ دەگۆڕێت، گۆڕینی ئەو پرسیارەش دواجار لەمەرگی کارمامزەکاندا درێژە بەخۆی دەدات، چونکە ئەو دەیویست لەنێو کۆنە کارێزەکان ولەنێو زێرابەکان یەکتریان لەباوەش بگرتبایە، بۆیە ئەو دەنگەی پێی دەڵێ دەبوو ئەوان وەك ماسی بوونایە، بە وەڵام بۆ ئەو قسەیە پرسیاری خۆی دەکات، پرسیاری "بۆ نەکرا مرۆ وەك مەل بفڕێ و وەك ماسی لە ئاودا مەلە بکات" لا ١٤٤**





**بۆ ئەوەی بتوانن لە جیهانێکدا بژین کە دەستی کەس نەیگاتێ وجوانیەکانییان لێ نەشێوێنن، هەرچەندە لەوماڵە نوێیەیان شتی ناشیرینیش هەبێت، بەڵام بوونی ئازادی وا دەکات ئاسایی بێت کاتێ "قورگتان پڕ دەبێ لە قوڕاو... لە لیتە... لە پاشەڕۆك.. چ قەدەرێکی شوومی دوو عاشقە" لا ١٤٤**

**بەڵام سەرباری ئەوانە دواجار ئومێدی تەقینەوەی کارێزەکان خەونی گەیشتنەوە بە هەمین دەبێتەوە بە ژیانێکی نوێ بەوەی کوشتنی ڕیشۆڵەو خزمەتکردنی خوا پێداوەکان لەوێدا بوونی نییە، ئەوەش خەونێکی ئادەمیانەیە بەوەی بەدوای دۆزینەوەی حەوا ژیانێکی نوێ بنیات دەنێت، ژیانێك کە لەدنیای واقیع دەیگوازێتەوە بۆ دنیای ئاو، دنیای بە ماسی بوونی بایزو هەمین، بەڵام دنیایەکە تەنیا لەناو خەیاڵاتەکانی بایزدا شوێنیان دەبێتەوە، چونکە ناکرێ کۆمەڵگایەك فەرامۆش بکەین کە بایز بە شێت دەزانێت، دەسەڵاتێکیش هەیە لەناو شار، ڕاوی شێتەکان بە خزمەتی دەوڵەت وخوا پێداوەکان دەبینێت، بەناوی ئەوەی شاریان ناشیرین کردووە.**

بۆیە کاتێ هەمین نەگەڕاوەتەوە ماڵەوە، بایز سەیر دەکات ماڵ وێران بووە، ئەو هەموو خواردنەی لەلایان دراوسێکانەوە بۆی دەهێنن، تەنیا ڕابردووی خواردن لەگەڵ هەمینی بیر دێننەوە ژنەکان لەو پەیوەندیە حاڵین "زانیان بشمری بەبێ هەمینی نان ناخۆیت، نەیاندەزانی چی بکەن وچۆن چۆنی دڵنەواییت بکەن، هەستی ژنانە پێ ی دەوتن کە دەروێش لەو نێرەکەوانە دەچێ کە لەدوای بزربوونی ماکەوەکەی دەمرێ" لا ١٦٧

بۆیە ئەو گۆشەگیرییە هەمینی لێ دەکات بە تارمایی، تارماییەك لەو وێنەیەش نامێنێتەوە دەچێتە سەر وێنەی کارمامز، بە کارمامز بوونی هەمین دەق دەچێتە ئاستێکی تری زمانەوە، بەوەی گۆڕان لە ڕاوی ڕیشۆڵە دەگوازرێتەوە بۆ ڕاوی کارمامز، کە بە ڕاوکردنی دەروێش بۆ شێتخانە کۆتایی دێت، بەواتای لەبەرامبەر ڕاوکردندا ئەو سێ دەسەڵاتە ئامادەییان هەیە (سڵێوە.. باپیر ئاغا.. پۆلیس).

هەریەك لەوان خاوەن جۆری سزایەکە، دەسەڵاتی سڵێوە سەربڕین بەجێ دەگەیەنێ بە مەبەستی دەستکەوتێکی ئابووری دەیانکات بە مەزەی





عەرەق خۆرەکان، باپیر ئاغاش دەسەڵاتێکە بەناوی گەڕانەوەی ئابڕووی خێڵ وسەرشۆڕکردنی ماڵە باوان وڕازی نەبوون بە بڕیاری ئاغا کارمامزەکان دەکوژێت، دەسەڵاتی سێیەمیش دەسەڵاتی پۆلیسە کە ڕاوکردنی شێتەکان بەجێ دەگەیەنێ کە بایزیش یەکێکە لەوانەی ڕاو دەکرێت.

بایز کە پێشتر ڕیشۆڵەکان دەخاتە تۆڕەوە، ئەمجارە دەبێ بە ڕاوکراوێك دەخرێتە قەفەزەوە، بەر لەوەی بۆ کارمامز بوونی کچە عاشقەکان بگەڕێینەوە، هەڵوەستەیەك لەسەر چەمکی حەرام دەکەین، کە حەرام لەنێوان ئەو دوو عاشقە کامەیە، دەرکردنیان لە بەهەشت (شوێنی یەکەم) وگیرسانەوەیان لەسەر زەوی (شوێنی دووەم)، بەڵکو حەرامی ئەو دوو عاشقە پرۆسەی عەشقە، ئەوەی دەبێتە هۆی دەرکردنیان لە شوێن ئەنجامی ئەو هەڵەیە نیە لە خواردن، بەڵکو ئەنجامی عەشقە، بەڵام چوونیان بۆ شوێنی دووەم بڕیارێك نیە لەلایەن دەسەڵاتێکەوە، بەڵکو ئەوەیان خۆیان ڕا دەکەن، چونکە مانەوە لە (شوێنی یەکەم) کوشتنی عەشقە.

## گەڕان بەدوای کارمامزو پڕۆسەی شێت بوون

کاتێ گەڕان بەدوای هەمین دەبێ بە گەمەکردن لەگەڵ کارمامز، پڕۆسەی شێت بوون لای بایز دەست پێدەکات، بەوەی زمان سنورێکی نییە، ئەو بێ سنوریەش کە کۆنترۆڵی لە دەست دەدات و لەفەزای شێتی دەردەکەوێت، فەزای بێ سنوور لەدەست نووسەرو دەنگەکان دەردەچێت.

لەو کاتەدا دنیای شێت بوونی بایز وێنای زەمەنی وێنای زەمەنی گێڕانەوە دەکات، هەر بۆیە وەسفی بایز بۆ هەمین وێنەی ئافرەتێکی پیر نییە، بەڵکو هەر ئەو کچە جوانەیە کە ئەو لە لاوی هەڵیگرتووە، ئەو ڕوانینەش تەنیا بۆ دۆستەکەی نییە، بەڵکو باپیر ئاغاو هەموو کەسەکانیتر هەر لە وێنەی نەگۆڕ دەبێت باپیر ئاغا هەر لەسەر هەمان خوولیایە "هەر کەسەکی بایز بکوژی وبە زیندێتی چاوان هەمینم لۆ دەسگیر بکات لە کۆشک و باڵەخانەی من سەرپشك بی" لا ١٧٦

چونکە ڕوانینی بۆ کەسەکان هەر ئەو ڕوانینەیە کە لە شاییەکەی کەریم مەیتەر لەگەڵ هەمین دڵیان





بەیەك داوە، بۆیە زەمەنی پێدەشت کە ئاغاو پیاوەکانی هاتوونە بۆ ڕاو، تەنیا ڕاوکردنی هەمین نییە، بەڵکو ڕاوی هەموو هەمینەکانی ئەو گوندەیە، ئەوانەی لە شاییەکەی کەریم مەیتەر لەناو هەڵقەی ژنان بایز حەیرانی بۆ وتوون، هەموویان دەبن بە کارمامز، بۆیە ڕاوکردنی پیاوە تورەکان بۆ تاقە کارمامزێك نییە، بەڵکو دەبێ بە ڕاوی ڕەوە کار مامز، ئەو کارمامزانەی "هەر لە ئەزەلەوە تا هەنووکە ڕەدووکەوتوون، چ زەحمەتە خۆ شاردنەوە لەوساکە دەشتە، چ بەترسەوە، هەترەش چوو.. زارەترەك وزەندەق چوو ئاوڕیان لەو پیاوە توڕەو داخدارانە دەدەنەوە، ئەو پیاوانەی لەوەتەی هەن لە ڕاوە مامز پتر هیچی دیکە نازانن" لا١٨١

ئەوەش وا دەکات ماهیەتی ناونیشانی دەق دەربکەوێت، لەو کاتەی کچەکان دەبنە کارمامزو پیاوە تورەکان دەیانەوێ تۆڵەی عەشقیان لێ بکەنەوە، بۆیە ناونانی دەق بە پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان، دەبێ بەو ڕووبەرە خوێناویەی جەللادەکانی شەرەف دەیانەوێ بە کوشتنی کارمامزەکان شەرەفی دۆڕاو بگەڕێننەوە.

بە پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان وفڕێدانی هەردوو عاشقەکە لەلایان ڕیشۆڵەکانەوە، دواتر فڕێدانیان بۆ ناو شار کە لەناو شار جارێکیتر لێك وون دەبنەوە، کۆتایی هێنانە بە ڕاوکردن، بەوەی کوشتن دەبێ بە چارەنووسی کارمامزەکان، گەڕانەوەیە بۆ گەڕانی بەردەوامی بایز بەدوای هەمین، گەڕانێك بایزی بەرەو شێتی بردووە، بە مانایەکیتر پرسیارکردنی بایز لە هەمین دەبێتە پرسیاری شێتێك لە کۆمەڵگا.

هەمین بەتەواوی ئەو دەنگەیە خەونی گەڕانی لا درووست دەکاتەوە، بەوەی ئەو نەمردووە، هەر ئەو دەنگەشە ڕەهایی بوونی ئاماژە دەکوژێت ونایەڵێ کۆتاییەك بۆ چارەنووسی هەمین دەستەبەر بکات "لەبەر خاتری من بژی.. مەمرە دەروێش تا دەمدۆزیتەوە.. ئەمن هەر لێرەم ونەمردیمە" لا ١٩٤

ئەو گەڕانە بە شێت بوون تەواو دەبێت، دەوڵەت کە دەیانخزێنێتە شێتخانەوە هاوکۆك بوونی ئەو دەسەڵاتەیە لەگەڵ دەسەڵاتی ئاغاو کۆمەڵگا، ئەوانەی ئەو دوو عاشقەیان ناچار کرد ماڵ بەجێ بێڵن، لەناو شاریش لەیەکتریان کردن ویەکێکیان





بەرەو وون دەبات، ئەویتریش ڕووبەرووی شێت بوون دەکاتەوە، بەو شێت بوونەش عاشقێك دەخەینە ناو قەفەزەوە.

کۆمەڵگا لەپشت شێت بوونی بایز وەستاوە، هەر ئەویشە ئەو ناوەی لێ دەنێت "گوناهی شکانی هەر پەنجەرەیەك وجامخانەی کۆگایەك لەهەر کوێ بوایە لە ئەستۆی تۆ بوو، ڕۆژێکیان خاوەنی جوانترین کۆگای شار کە لاوێکی قۆڵ ئەستوور بوو بەرزەفتی کردیت و بە بەرچاوی سەدەها کەس وڕێبواری تیژ تێپەڕو پۆلیسەوە دەمتی پڕ کرد لە وردە شووشەی شکاوی جامخانەکەی وهەردوولا ڕوومەتی تۆی بە زللە ئاگر دەداو هەڕەشەی لێدەکردی کە ئەگەر ووردە شووشەکان نەجوویی بەرت نادات، دەیووت: مەگەر دەروێش نیت" لا١٩٦

کۆمەڵگایەك دواتر لەگەڵ دەزگا سەرکوتکارەکانی دەوڵەت بەدوای شێت وسەگەکان دەکەوێ وبەرد بارانیان دەکەن، بەرد بارانکردنی بایز بەرد بارانکردنی عاشقێکی یاخییە کە کۆمەڵگا مانەوەی لەناو خۆی قەبووڵ ناکات، کۆمەڵگا لەو کاتەدا پێی وایە عەشق شێتییەو دەبێ

بگەڕێینەوە بۆ عەقڵ کە لەڕێگەی سانسۆرکردنەوە هەموو حەزە خودیەکان حەرام دەکات، ئەو پرۆسەیە ناو دەنێت عەقڵ، ئەوەی لەدەرەوەی ئەو بیرکردنەویەدا بێت لەناو شێتی پۆلینی دەکات، بایزی پێ شێتە، چونکە عاشقی هەمینە، ئەو کۆمەڵگایە ناتوانێ قبووڵی (جوعە) یەك بکات، چونکە ناتوانێ خەم لە شکستی ئەزموونێکی گەورەی نەتەوە نەخوات "نەدەبوو کۆمارە گچکەلۆکەکەمان بڕوخێنن.. لەعەرزو ناموسی (ستالین) ببەم.. خوشکی کەر بگێ" لا ٢٠٥

بۆیە ئەوانەی ڕاوە شێت دەکەن، بۆ خۆیان دەبنەوە بە شێتێك، لەو کاتەدا ناچار دەبین بپرسین: ئایا شێتی پڕۆژەیەك نییە لەناو خودی کۆمەڵگادا بوونی هەیە، بەر لە شێت بوونی تاکەکان؟ ئەوەش ئەو پرسیارەمان لەلا زیندوو دەکاتەوە: لەناو ئێمە کێ عاقڵەو کێ شێت نییە؟ ئاخۆ عاقڵەکان بایزو جوعەو هەمین وبەسێ وزولێخاو ڕابی وهەموو کارمامزەکانی تر نین، شێتەکانیش باپیر ئاغاو کەریم مەیتەرو هۆمەری سەرکارو وەسمانە خێل نین؟ ئەوانەی حەرامیان موقەددەس کردووە.





ئاخۆ پێویست نەبوو دامەزراوە سەرکوتکاریەکانی دەوڵەت بەر لەوەی ڕاوی عاشقێك بکەن، ڕاوی باپیر ئاغاکان پێویستر نەبوو، تا دلنیابین لەوەی شێت کێیەو کێ شێتە؟ نەك بایزێك کە فریادڕەسی عەقڵە، بەوەی درۆ لەگەڵ خۆی ناکات وحەزەکانی خۆی لەترس سەرکوت ناکات، کەچی سزاکەی شێتخانەیە، بایز ئەو پاڵەوانەی وەك مەسیح دێتە بەرچاو بەوەی دەیویست ڕاستەقینەیان بۆ کەشف بکات، کەچی پاداشتی ئەو کارەیان بە لەخاچدان دایەوە، ئەو کاتە هەست دەکات تەنیایە، تەنیایی دەگاتە ئەو ڕادەیەی بڵێ "ئالۆ ئالۆ لەما شەبەقتەنی" واتە "خوایە خوایە بۆ بە تەنیا بەجێت هێشتم".

بایزیش هەمان هەستی هەیە، بەڵام ئەو هەست ناکات یەزدان بەجێی هێشتووە، کەچی ترسی ئەوەشی هەیە وەك مەسیحی بەسەر بێت، بۆیە پێی دەڵێ "خودا هاوار فریام کەوەو بەتەنیا جێم مەهێڵە" لا ٢٠٨

حەیران کە پەیوەندیی بایز بوو بە عەشق وجوانی، بە ڕاوکردنی لەیان پۆلیسەوە، حەیران لەلای تێکدەچێ وسیستمێك نابێ کۆی بکاتەوە،

**تێکەڵ کردنی حەیرانەکان لەناو کەللە سەری بایز کۆتایی هێنانە بەو ئومێدەی کە هەر لەسەرەتاوە هەیەتی بۆ دۆزینەوەی هەمین ونەتوانین لە بەجێ گەیاندنی وەسیەتەکەی لەوەی لە گوندەکەی خۆیان ولەسەر گردی عاشقان بینێژێت، چونکە نەك هەر هەمین گۆڕ غەریب بوو، ئەو خۆشی گۆڕ غەریب دەبێت، چارەنووسی ئەو لە چارەنووسی پیرداودە شێت باشتر نابێ، کاتێ شەوێك "حەسحەسەکان دەنێو قەیسەریدا دەنگی پیاوێك دەدەن و.. ئەم ناوەستێ.. میلی تفەنگی لێ ڕادەکێشن و.. ئەم ڕا دەکا.. دەست ڕێژێك و لەخوێنی خۆیدا دەیگەوزێنن.. کە دەچنە سەری (پیرداودە شێت) ەو کەس نەناس بۆ بەیانی شارەوانی ناشتی وتۆ تەنها کەسێك بووی لەسەر گۆڕەکەی دەگریای" لا ٢٠١**

**ئەو گریانەش دەشێ بۆ خۆی بێت نەك بۆ پیرداود، کە گێڕانەوە لەناو شێتی قسە لە گریان دەکات تا گێڕانەوەکانیش بە گریان کۆتایی دێنێت، گریانێك کە ئەو بازنە زەمەنیە تەواو بکات کە بە زەمەنی گێڕانەوە لەناو دەق ناو دەبرێت، زەمەنێك بتوانێ لە زەمەنی وەهمی دەربازی بێت،**





**بۆ ئەوەی گێڕانەوە بتوانێ زەمەنی ڕووداو بە سیستم بکات، ئەوەش لەڕێگەی ئەو دەنگانەی دەیانگەڕاندینەوە بۆ ڕابردوو کە گەڕانەوەی هەمینی کارمامز بوو لە جەستەیەکی ون بووەوە بۆ نێو نووسین، ئەوەش لەڕێگەی گێڕانەوەی بایزی شێت ئامادەبوونی خۆی سەپاند، تا بە نەمریی لەنێو یادەوەری ئێمەدا جێگیر بێت کە زەمەنی یادەوەریی بایزەو دواجار دەق بە ئامادەگی ئێمە لەناو ئەو یادەوەرییە دەمانکات بە دەنگێك لەناو دەنگەکانی تری (پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان).**

## گێڕانەوەی کرنۆلۆژی و زمانی داخراو

ڕێکخەری پەیوەندیی نێوان گێڕانەوە و زمان سیستمێکی ئاماژەکارییە کە هەریەکە لەو دوانە بەشداریی ئەویتر دەکەن لەناو بەرهەمهێنانەوەی مانادا، ئەوەش وای کردووە ئەو دوو ڕەگەزە ببنە ڕەگەزی سەرەکی ڕۆمان، لەهەر شوێنێك یەکێك لەو دوو ڕەگەزە بەرەو نووشستی چوو، ئەوا دەبێت چاوەڕوانی کەلێنی نێوان ئەو دوو ڕەگەزە بین، بەتایبەت کاتی گێڕانەوە بەپێی ڕێکخەرێکی کرنۆلۆژی ڕووداو بگێڕێتەوە، ئەو کاتە ئێمەی خوێنەر لەبەردەم ڕۆماندا نین، بەڵکو لەبەردەم ڕووداوێکین کە سیستمی داخراو دەیگەیەنێت بە کۆتایی و بە هیچ چەشنێك دەرفەتی ئەوەمان پێنادات خوێنەرێکی بەشداربین لەناو پرۆسەی نووسین، بەشداریی نەکردنی خوێنەر لەناو دەق مانای وایە نووسەر بە هیچ چەشنێك نایەوێ دەق لەگریمانەی مانا بترازێت و مانایەکی تر جیاواز لەوەی نووسەر مەبەستیەتی بەرهەم بێت، ئەوەش دەکرێت وەك عەقڵێکی ئایدیۆلۆژی سەیر بکرێت،





بەوەی دەبێت ئایدیای نووسەر ببێت بە تارمایی بەسەر فەزای دەقەوە، ئەوەی جێگەی سەرسوڕمان وسەرنجی ئێمە بێت، ئەو ڕەخنەیە بە تەواوی دەسەپێتە سەر ڕۆمانی (تەمی سەرخەرەند) کە نووسەرەکەی دیارترین ناوی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووی چیرۆکی ئێمەیە، ئەو ناو بوونە وای کردووە کەمتر بوێری ئەوە هەبێت ڕەخنە ئاراستەی ئەو ڕۆمانە بکرێت، هەر لەبەر ئەوەی نوسەرەکەی "شێرزاد حەسەن"ە، دیارە ئێمە پێشتر لەسەر دەقەکانی "حەسار، کەڵە کوڕان و ئاسکە کچان، پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان" قسەی ترمان هەبووە، دەشێ ئیدی ئەو قسەکردنە پەیوەندیی بە دژایەتیکردن نەبێت لەگەڵ نووسەرێك، وەك ئەو دۆخەی ئەمڕۆ ڕەخنەی کوردیی تیایدا دەژی، بەڵکو قسەکردنە لە ڕۆڵی گێڕانەوەی ڕووداو بەپێی زەمەنی کرنۆلۆژیی بوونی زمانێکی داخراو لەناو گێڕانەوە، بۆ ئەوەش سەرەتا دەپرسین: ڕۆڵی گێڕانەوە لەو ڕۆمانەدا چیە؟ پەیوەندیی گێڕەرەوە بە زمانەوە چیە؟ ئایا زمان بەشداریی دەکات لە گێڕانەوە لەسەر بنەمای پێدانی مەعریفە بە خوێنەر؟

زمان دەیەوێ لەڕێگەی گێڕانەوە بگەڕێتەوە سەر یادەوەری پاڵەوان، ئێستابوون مانایەك بە پاڵەوانی ڕۆمانەکە نابەخشێت، بەڵکو ئەوە یادەوەریە مانایەك بە بوونی دەدات، گەڕانەوە بۆ شوێنی یەکەم کە لێی سەفەری کردووە.. گەڕانەوەیە بۆ یادەوەریی، بۆ زەمەنێك کە شوێنەواریی نەماوە و تەنها لەڕێگەی بینینەوەی شوێن توانای بیرکەوتنەوەی هەیە.

زمان لەناو گێڕانەوە ڕۆڵی نێرەرێك دەگەیەنێت کە زۆرترین وێنە بدات بەسرووشت، سرووشتێکی کوژراو، بەڵام ئەو وێنانە هەڵگریی دالێکی بێ دەلالەتن، ئەوەش پەیوەندیی بە زیادەڕۆیی وەسف و ئیش نەکردنەوەیە لەسەر ئەو ئاماژانەی کە زمان لەناو گێڕانەوەی دەنگ دەربازی دەکات، مردنی ئەسپ ئەو دالەیە کە تەنها وێنەیەکە بۆخستنە ڕوو دەنا نە ڕێگەی خوێنەر دەدات بەشداریی لە مەدلول بکات، نەخۆشی ڕەهەندێکی فراوان بەو دالە دەبەخشێت، ڕەنگە لێرەدا بووتریێ خوێنەر ئازادە لە دۆزینەوەی مەدلولی ئەو مردنە، بەڵام ئەوەیان تەنها وەهمێکە، چونکە نووسەر دەرگا لەو دۆزینەوەیە دادەخات، بەوەی تاکە





دەنگێك کە دەنگی تەواوکەریی کارەکتەرەکانە بەدەردێك ناوی دەبەن کە (غەزەبی خوایە).

ئەگەر ئەوە زانینێکی هەرە ساکارە بە هەموومان، کە دەڵێین ڕۆمان بەرهەمی شارە، بەڵام ئەو ڕۆمانە لە بیرکردنەوەدا خاڵیە لە عەقڵی شاربوون، عەقڵی نۆستالۆژی دەنگ و کارەکتەرەکان گوزارشت لەو دەقە دەکەن، بەوەی دەنگێك نیە ئاگایی ناو دەق بێت، تەنانەت پاڵەوانە سەرەکیەکەش لەڕێگەی یادەوەریەوە لەگەڵ گەڕانەوە بۆ شوێنی لەدایکبوونی ئاگایی تەسلیمی شوێنی دووەم دەکات، ئێستابوون نەك هەر هیچ مانایەکی نییە، بەڵکو لەگەڵ چوونە سەر خەرەند زەمەنی ئێستا کە زەمەنی نووسینە کۆتایی دێت، زەمەنی یادەوەریی شوێنی دەگرێتەوە، ئیدی تا دوا دێرەکانی کۆتایی ئەوە ڕابردووە وێنە بەدوا یەکەکانی منالیمان بۆ دەگێڕێتەوە، هەر لەناو ئەو زەمەنەش دەق کۆتایی دێت، بێئەوەی ئێستابوون بە هیچ شێوەیەك بەشداریی هەبێت.

بۆچی زمان ناتوانێت بەشداریی لەگێڕانەوە بکات؟ ئەوپرسیارە تائەو شوێنەی دەپرسین هەڵگریی گومانە، بەڵام بەدوای پرسیارکردن گومانکردن

لەخوێندنەوە دەچێتە گومانکردن لەزمان، هۆیەکەشی ئەوەیە زمان هەر لەسەرەتاوە هەڵگریی سیستمێکی عەقڵانییە، توانای نییە بەشداری لەنەستی کارەکتەر و پاڵەوان بکات، زمانێك نەتوانێت لەودیو مردنی ئەسپ و ماسی ئاماژە بەرهەم بێنێت، زمانێکە ناتوانی لۆژیکی عەقڵانی تێك بشکێنێت، هەر بۆیە ئەو عەشقەی لەنێوان فەرهاد و شیرینی مناڵدایە، عەشقێکە لەناوسیستمێکی عەقڵانی زماندا عەشقێکە شایەنی گومانکردنە، توانای یاخیبوونی نییە، چونکە زمان کاتی نەتوانێ دەستکاری واقیع بکات، گۆڕینی ئەو واقیعە دواتر پەیوەندی بەتێکشکاندنی ئەو وێنەیە هەیە، کە تەنها خەیاڵێکە و لەیادەوەریی نووسەردا دەژێیت نەك پاڵەوان، بەڵام ئەگەر بپرسین: ئایا شیرین و فەرهاد لەو دەقەدا دوو کارەکتەری جیاوازن کە دەق پێمان دەناسێنێت، یان بەرهەمی یادەوەری عەشقێکی ڕابردوون؟

دیارە ئێمە لەو دەقەدا شیرین و فەرهاد وەك بابەتی عەشقێکی نوی ناناسین، هێندەی گەڕانەوەیە بۆ هەمان زەمەنی ئەو عەشقە، ئەوەش





مانای وانییە کە نووسەر جارێکیتر چیرۆکی شیرین و فەرهادمان بۆ دەنووسێتەوە، بەڵکو لەئاستی مانادا ئێمە لەو عەشقەدا نابینە خاوەنی مانایەکی جیاواز، بەڵکو ماناکانی چیرۆکی عەشقەکە خۆیان گریمانەی ناو یادەوەریی پاڵەوان دەکەن، تەنانەت خەونی پاڵەوان دووبارە کردنەوەی ئەو مێژووەیە، بەوەی بێستون کون بکات و دواتر بە شیرین بگات، ئەوە لەکاتێکدا یادەوەریی نووسینی نووسەر بێلایەن نییە لەیادەوەریی پاڵەوان، چونکە هەریەکە لە"باوك" و "دار هەنجیر" یادەوەری نووسەرن لەچیرۆکی (عیزرائیل) هەر بەهەمان سیفات و دەلالەت وزمانی ئەو چیرۆکەوە دێنەوە ناو ئەو ڕۆمانە.

یاخی بوونی فەرهاد یاخی بوونێکی گوماناویە، چونکە یاخی بوونێکە چەندە کەوتۆتە نێوان "شیرین و بزنە شێت"، بەڵام ئەوە بزنە شێتە گرنگە، بەمانای ئەو یاخی دەبێت لەپێناو بزنەکەوە، ڕاستە شیرین شەیدای کردووە، بەڵام تەواوی ڕووداو بزنەکەیە، ئەوەی دوای دوور کەوتنەوە ژیانی ئەو بێمانا دەکات شیرین نییە، بەڵکو مردنی بزنە شێتە خولیای مردنی لەناو

درووست دەكات "دوای مەرگی بزنەكەم هەر دەبوو شەرەفمەندانە بمرم، ئیدی ڕسوایی و زەلیلی بابەس بیٚ" لاپەڕە ٩٤

تەنانەت عەشقی بۆشیرین بەرەنجامی عەشقیەتی بۆ بزنە شێت، ئەوە لەسەر ئاستی بێمانایی بەرامبەریشەوە دەردەكەوێتەوە "كەپێم دەووت تۆ لە بزنە شێت دەچی، بەمەكرەوە دەخەنییەوە" لاپەڕە٤٧

نەك هەرهێندە، بەڵكو جارێك نابینین لەبزنەكەوە ڕووخساری شیرین ببینێت، بەلاٚم هەمیشە كە شیرین دەبینێت بزنەكەی بیر دەكەوێتەوە، بۆیە لە بینینی شیرین "وێنەی بزنە شێتو شیرین_م لیٚ تێكەڵ دەبوو، دەمویست لەئامێزی بگرم‌وماچی بكەم.. وەك چۆن لەخۆشیانا تەوێڵی بزنەكە ماچ دەكەم" لاپەڕە٦١

هەر بۆیە عەشقی بۆ شیرین درێژكراوەی عەشقیەتی بۆ بزنە شێت "من كە سەیری شیرین_م دەكرد.. بەتەنها مەزەندەی ئەوەم دەكرد كە توخمی ئەو بگەڕێتەوە سەر بزنە كێوی"لاپەڕە٦٣، شیرینیش هەستی بەوە كردووە "تۆ..





تۆ..بزنەكەی خۆتت لەمن خۆشتر دەویٚ" لاپەڕە٧٠

لێرەدا دەگەینە وەلاٚمی پرسیاری سەرەتایی ئەو ووتارە لەبارەی پەیوەندیی گێڕەرەوە بە زمانەوە، بەوەی پەیوەندیەكە دەیەویٚ زۆرترین وێنەی دەنگیمان پیٚ بدات، بەلاٚم وێنەیەك لەسەر هاودژبوونو دووفاقیەتی گێڕانەوەو بێمانایی لەناو زمانەوە، تووشی گێڕەرەوە دەكات، ئەوەش وادەكات گێڕانەوە توانای ئەوەی نەبێت سیستمێكی ئاماژەكاریی لەناو زمان بەرهەم بێنێت، هێندەی خولٚقاندنی شورەیەكی داخراوە بەدەوری زماندا، شورەیەك گێڕانەوەی كرنۆلۆژی زمان بەڕێوە دەبات، نەك زمان بەشداریی بكات لەگێڕانەوە لەسەر بنەمای  پێدانی مەعریفە بەخوێنەر ودواتر نووسینەوەی مانا بێت لەناو ڕووبەری نووسین، ئەوەش پەیوەندیی بەزمانی داخراوی دەق‌و گێڕانەوەی كرنۆلۆژیە، كە ئایدیای سەپێنراوی نووسەرە بەسەر دەق، هەر بۆیە ئێمە لەناو ئەو دەقەدا لەگەڵ چوونەوە خەیاڵی پاڵەوان ئەو یەقینەمان پێدەدرێت كە ئەوە ئێمەنین لەناو دەقێكدا بەشداریی لە پرۆسەی

نووسین دەکەین، بەڵکو ئێمە لەناو دەقێکدا دەبێت بێدەنگ بین، چونکە سیستمی نووسین خاوەنی زمانێکی داخراوە، مانا هەر لەناونیشانەوە هەموو گومانەکانی ئێمە دەروخێنێت، چونکە هەر لەسەرەتاوە گریمانەی نووسەر کۆتایی بەهەموو کرانەوەیەك هێناوە، ئەوەش لەسەر ئاستی گێڕانەوەی کرنۆلۆژیی و زمانی داخراوە.





## منداڵباز: زەمەنی گێڕەرەوە وئاستی گێڕانەوە

کاتێك دەقێکی ئەدەبی دەیەوێت لە زەمینەی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییەوە بنیاتی گوتار بەرهەم بێنێت، ئەوساتە دەبێت ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییە لە ئاستی گێڕانەوە بگوازینەوە بۆ پرۆسەی نووسین، نووسین دەبێت توانای بەرهەمهێنانی زەمەنی هەنووکەیی خۆی هەبێت، نەك ببێتە بەرهەم هێنەرەوەی زەمەنی گێڕانەوە، چونکە گێڕانەوە زەمەنێکە خاوەنی مەعریفەو سیستمی تایبەتی نێو ژیانە.بۆیە نووسین بە پێچەوانەی ئەو زەمەنە هەوڵی خولقاندنی زەمەنی نادیار دەدات، ئەوەش دەبێت بە زەمەنی دەق، بەمانای زەمەنێك کە جیاواز بێت لە زەمەنی گێڕانەوە.

ئەو ساتەی دەق توانای زیندەگی نەبوو لەناو زەمەنی خۆیدا، بەڵکو زیندەگی ئەو لەناو زەمەنی گێڕانەوەدا بوو، ئەوا هەموو خوێندنەوەو

ڕاڤەکردنەکان دەچنەوە ناو ڕاڤەکردنەوەی گێڕانەوەکان، کاتێ ئەو تێڕوانینە دەسەپێتە سەر ڕۆمانی (مندالْبازْ) ی فەرهاد پیربال، بەوەی دەق بەهۆی نەبوونی ڕووی نادیاری ووشە، بەڵکو یەك ئاستی گێڕانەوە دەربازی بێت، ئەوەش پەیوەندیی بەو فۆڕمە سەپێنراوەی بەر لە نووسین هەیە، کە دەیەوێت ناو بنرێت بە تەکنیك.

لەکاتێکدا گەڕان بەدوای تەکنیکی نوێ بۆ دەق، سەپاندنی شێوەو فۆڕمێکی جوگرافی نییە بۆ دەق، بەڵکو پەیوەندیی دەلالی زمان ئەو تەکنیکە دەخولْقێنێت، چونکە گریمانەکردنی فۆڕمی بەر لەنووسین مانای دەستنیشانکردنی سەرجەمی ئەو ڕووداوە نووسراوانەیە لەناو یەکەیەکی نەگۆڕدا، ئەوەش هەر لە سەرەتاوە ڕێگەی ئەوە لە دەقەکە دەگرێت پەیوەندیەکانی خۆی قوولْ بکاتەوە ولەئاستی گێڕانەوەی ئاخاوتن دەربازی بکات.

ئەو کاتەی نووسەر لەناو دەقەکەدا نایەڵێت نووسین ئاستی گێڕانەوەی ئاخاوتن بکوژێت ولەشوێنیدا زمان سیستمی ئاماژەکاریی خۆی بێنێتە بوون، ئەو ساتە ووشە توانای ئەوە نابێت





لە ووتراوی ڕووکەش دەربازی ببێت، ئەو هۆکارە وای کردووە ووشە لای نووسەر خاوەنی چەمکێکی قوولْ نەبێت بۆ ڕووداو، بەڵکو وەزیفەی ووشە تەنیا گەیاندنی ڕووداوە سەر زارەکیەکانە، ئەوانەی بەر لە دەق بوونیان هەبووە، بە ڕووکەش مانـاوەی ووشەو نەبوونی توانا بۆ ئیدراك وپەیبردن بە نهێنی، پەیوەندیی بە زاڵبوونی گێڕانەوە لەلایەکەوە هەیە ولەلایەکیتریش بەهەند وەرنەگرتنی دەنگە لەناو بونیادی ووشەدا.

کاتێ سیستمی دەنگ لەناو نووسین نابێتەوە بە ئاماژەو گێڕانەوە دەبێت بە ئاستی زاڵ، ئەو ساتە گێڕانەوە بەسەر هێڵە جوگرافیەکاندا دابەش دەبێت، ئەو دابەشکردنە توانای ئەوەی نییە چیرۆکە کە بکاتە ڕۆمان، بەڵکو ئەوەیان گەمەیەکی نووسەرە، گەمەیەك توانای ڕازیکردنی خوێنەری نییە، بەتایبەت کاتێ دابەشکردنەکان لەخەیاڵی خۆی مۆنتاژ دەکاتەوە، تێدەگات حیکمەتێك لەو دابەشکردنە نییە، جگە لە درێژکردنەوە لەڕێگەی دووبارە کردنەوەی گێڕانەوەکان، ئەو دووبارە کردنەوەیە ناچارمان دەکات هێڵی ڕاست وچەپ بەسەر چوارگۆشە دووبارەکاندا بێنین، یان ئەو

**کاتانەی دەبینین چوار گۆشەکان بە نەنووسراوەیی ماونەتەوە، ئەوەش مانای وایە هێلە بەیانیەکانی دەق ناتوانن لەپاڵ یەکدا بڕۆن، چونکە لە بنەماوە زەمینەی نووسینی ڕۆمانێک لە ئارادا نییە، بەڵکو چیرۆکێکمان هەیە نووسینەوەی گێڕانەوە زارەکیەکانە، بەلاّم ئەو نووسینە لەتواناییدا نییە گێڕانەوە بگوازێتەوە بۆ سیستمی ئاماژەکاری نووسین، تەنانەت لە (خەونەکەی یاسین) دا ئاستی گێڕانەوە نایەڵێ زمان بەرەو پەیوەندیەکی جیاواز بڕوات.**

**لەدەقەکەدا زمانی خەون زمانێکی جیاواز نییە، بەڵکو وەزیفەی ئەو زمانە نواندنی گەمەیەکی منداڵانەیە، ئەویش وەرگرتنی ڕۆڵی گەورەکانە، نەبوونی زمانێکی جیاواز بۆ خەون، مانای نەبوونی زمانێکە بۆ جیابوونەوە لە واقیع، تەنانەت پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆ هەیە لەنێوان خەون وڕووداوە سەرەکیەکەدا، چونکە خەون لە ڕۆمانەکەدا خاوەنی زمانێکی نەستی جیاواز نییە، هێندەی تەواوکەری دەنگی یوسفە، بەوەی بڕوا بە هەتیوو بازەکان نەکات.**





**هەڵسان لەخەویش دوو دەلالەتی سادەی گرتۆتە خۆی، ئەویش ژیان ومردنە، دوو دەلالەت بێ ئەوەی هەڵگری مانایەکی قووڵ بن لەناو دەقدا بەوەی لەهەڵسانی یەکەمدا دەبینێ دایەو بابە تێکئالاّون و سەرگەرمی سێکس کردنن، لەجاری دووەمیشدا باوک خۆی کوشتووە، ئەو خۆکوشتنە چەندە بێدەسەلاّتی باوک دەخاتە ڕوو، هێندەش خستنە ڕووی کوشتنی خەونە، چونکە ئەو کوشتنە هاویەکسان کردنەوەی قەدەری یاسینە بە هەمان چارەنووسی یوسف.**

**بەئاگاهاتنەوەی منالّەکان لە خەون یەک دەلالەتی باومان پێ دەڵێت کە دەلالەتی گێڕانەوەی ناو واقیعە، کە لەگەڵ هەڵسانی منالّەکاندا گەورەکان یان خەریکی سێکس کردنن، یان لە بێدەسەلاّتی خۆیان وهەستکردن بە لاوازیی خۆیان دەکوژن.**

**ئەگەرچی موفارەقەیەکی سەیر هەیە لەنێوان ئەو دوو حالەتەدا کە دەقەکە نەیتوانیووە لەناو جیاوازیەکانی ئەو دوو ئاستە ڕەهەندێکی دەلالی بەهەریەک لەو دووانە ببەخشێت، بەڵکو تەنیا ڕاڤەکردنێکی کۆمەلاّیەتی بەو حالەتە داوە، بەوەی کاتێ لەخەو هەڵدەستین یان تاوانی بینینی**

جەستەی دایکمان دەبینین لەژێر باوکمان، یا ئەو باوکە دەبینین لەبێدەسەلاتیدا خۆی دەکوژێت، بەلام هەریەك لەو دوو ئاستە وەکو ڕووداوی تیژ تێپەڕ دەڕۆن بێئەوەی گەشە بەو پەیوەندیە بدرێت، تەنانەت ئەو تێپەڕینە خێرایە بە گۆڕانی کەسێتیش دەردەکەوێ، وەك ئەو نەخۆش کەوتنەی بەلقیسی دایکی یوسف.

ئەو نەخۆش کەوتنە ئەگەر پەیوەندیی بە وون بوونی کوڕەکەیەوە هەبێت ئەوا دەبینین ئەو هەموو توانای عەقڵی خۆی دەخاتە گەڕ، بەواتایەکیتر دایك سەرباری هەڵنەسان بەهیچ کارێك، بەلام ئیرادەی بۆ ژیان لە مردن گەورەترە "سێکس کردن لەگەڵ مێرد" ئەوەمان بۆ دەردەخات، یاخود کاتێ لەگەڵ جیرانی خوشکی دەیەوێ بچن بۆ لای سەیدە سوور بۆ ئەوەی نەسرین لە ئاوێنەدا سەیری چارەنووسی یوسف بکات، کەچی بەر لەوەی بەلقیس بۆ ئەو کارە پرس بە مێردەکەی بکات، کتوپڕ شێت دەبێ، چۆن شێت دەبێت؟ ئەوەیان پەیوەندیی بەو دەقەوە نیە، چونکە نووسین تەنیا لەسەر ئاستی گێڕانەوە دەرکەوتووە، گێڕانەوەش تەنیا وەزیفەی





گەیاندنی شتەکانی هەیە، هەواڵی ڕووداوەکانمان پێ دەدات.

لێرەدا چیرۆکەکە لەبارەی ڕووداوەکانەوە زیاتر لەسەر چیرۆکە هەواڵ کار دەکات نەوەك ڕۆمانێك بێت وەك ناونراوە، ئەو کاتەی شێوە هەواڵ زاڵ بوو لەسەر گەیاندنی زانیاریەکاندا وئەو ساتە ناچارین تێگەیشتن لە دەق بگوازینەوە بۆ ئەوشێوە ئاخاوتنەی نووسین بەکاری دێنێت، بۆیە ئەگەر نووسەر ویستبێتی هەندێك ووشەی کرمانجی ئاوێتەی نێو نوسین بکات، ئەو کارەش دەکرێ ببێتە فراوان کردنی ئاسۆی نووسین، بەلام ئاسۆیەك لەڕێگەی ئیستاتیکی زمانەوانیەوە فراوان دەبێت، نەوەك وەرگرتنی تووشی زیادەڕەویی و لادان لە سیستمی زمانمان بکات.

چونکە ئەگەر لە کرمانجیدا ووشەی (خۆی) پاشگر بێت بۆ ناوی کەسە نزیکەکان وەك: برای خۆی، بابی خۆی، پسمامی خۆی، ئەوا لەشێوەی نووسینی دەقەکەدا ئەو ووشەیە کە لە ئامادەبوونێکی بەردەوامدایە، بەلام ئامادەبوونێك بەهیچ شێوەیەك کەشفی نادیارمان بۆ ناکات، بۆیە (بۆ نموونە) کاتێك یاسین لەگەڵ باوکیدا بەتەنیا

**گفتوگۆ دەکەن، هیچ پێویست بەوە ناکات بنووسرێت "یاسین ئێوارە بە باوکی خۆی گوت" لا ٣٤، یان لە شوێنی تر بەهەمان شێوە "مام قادری قەیماغ فرۆش لەسەر خوانی بەیانیدا بە ژنەکەی خۆی گوت" لا ٣٥.**

**چونکە ووشەی (خۆی) زیادەو بەتایبەت کاتێ ئەو ووشەیە ناتوانێت هیچ ئیزافەیەك بخاتە سەر مەعریفەی ڕستە، نووسەر جوانترین ڕووی دەقەکە بەرەو کونجێکی تاریك دەبات، ئەویش کەسێتی یوسفە، چونکە ئەو بێئەوەی ئامادەبوونی هەبێت، کەچی لەهەمان کاتدا یوسف نائامادەیکی ئامادەیە، نائامادەیی ئەو کەسێتیە توانای هەڵگری پرسیاری هەیە، بەڵام نووسەر دەرفەت بەو پرسیارە نادات ولەسەر زمانی نەجیبەخانەوە پرسیار دەکوژێت کاتێك دەڵێت "یوسفی کوڕی تۆم بینی لەناو ئۆتۆمبێلێکی سپیدا بوو: سێ پیاویشی لەگەڵدا بوو" لا ٧٩**

**لەبەر ئەوەی بەو دێرە دەپەڕێتەوە سەر مەسەلەیەکیتر، ئەویش دوورکەوتنەوەیە لە جەوهەری دەقەکە، بەو کارەی نوسەر دەیەوێ هەتیوبازی لە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیەوە**



نووسەر و نووسینەوەی زمان ................................ نیهاد جامی

**بگوازێتەوە بۆ بەرهەمی عەقڵیەتی بەعس، کە ئەوە بەعسە ئەو دیاردەیە بەرهەم دێنێت.**

**دیارە بەعس سوودی لەهەموو ئەو بەد ئاکاریەو دیاردە ناسرووشتیانە وەرگرتووە، بەڵام هەڵەیەکی گەورە دەکەین ئەگەر ئەو دیاردەیە وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی سەیر نەکەین، چونکە بەو کارە توانای خۆپاککردنەوەمان نابێت لە مێژووەوە، بەڵکو ئەو کاتەی ئەو دیاردەیە دەخرێتە ئەستۆی بەعسەوە مانای وایە دەمانەوێ لە بەشێکی سەرەکی مێژووی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا خۆمان دەرباز بکەین، ئەگەرچی بیانوویەك هەبێت ئەویش قسەکانی دکتۆر زەکەریا بێت بەوەی "خەڵکی هەولێر کەس کچ وخوشك وژنی خۆی ناهێنێتە دەرەوە، ئیدی پیاو لەم شارەدا ناچار دەبێ عاشقی هاوجنسی خۆی بێت" لا ٢٠ بەڵام قسەکانی ئەو دکتۆرە بەهەند وەرناگیرێت، بەڵکو وەك بۆچوونێك سەیر دەکرێت، دواتر دیاردەکە کۆدەکرێتەوە لەسەر ئەوەی بەعسە بەرهەم هێنەری، بۆیە ئەگەر بەعس نەبوایە ئەوا چارەنووسی دەردەکەوت تەنانەت خۆکوشتنی جابیری باوکی یوسف دەگەڕێتەوە بۆ**

**ئەو خاڵە، کە ئەو دڵنیایە کوڕەکەی بەعس فڕاندوویەتی، بۆیە لەبەرامبەر بێدەسەڵاتی بەعسدا خۆی دەکوژێت، لەکاتێکدا دەتوانرا تەرکیز بکرێتە سەر قسەکانی دکتۆر زەکەریا نەوەك قسەکانی ئەو تەنها وەکو دەنگێکی پەراوێزکراو سەیر بکرێت.**

**ئەگەر ئەو دەنگە نوێنەری توێژێکی دەست نیشان کراوی کۆمەڵگا بێت، دەبێت دەق دەنگی ئەو توێژە لەناو نووسیندا بەهەند وەربگرێت، بەڵام چونکە دەق تەنها گێڕانەوەکانمان پێ دەگەیەنێت، توانای نیە کار لەسەر ئەو دەنگە بکات، بەڵکو دێت ئەو ڕقەی بەعس وێنە دەکێشێتەوە وەك لە لاپەڕە (٥٤-٥٥) دا دەبینین لەکاتێکدا دوو ئیستخبارات ڕێگا بە یوسف دەگرن وداوای هەویەی لێ دەکەن، نووسین نەیتوانیووە ئەو تووڕە بوونەی دەرەوەی نووسین بگوازێتەوە بۆ خوێندنەوەیەکی ئەو دیاردەیە، کە چۆن بەعس سوودی لێ دەبینێت بۆ ئەتکردنی کەسێتی کوردی، بەڵکو نووسەر ئاستی گێڕانەوەو زەمەنی گێڕەرەوەی یەکسان کردووە بە یەك ئەویش بۆتە مایەی ئەوەی دەقێکمان هەبێت کە بەر لە**





**نوسینیش خاوەنی بووین، چونکە ئەو دەقە توانای بەخشینی زەمەنی دەق وسیستمی ئاماژەکاریی وپەیوەندیی زمانەوانی نییە.**

**ئەو کتێب و بڵاوکراوانەی لقی کەرکووکی یەکێتی نووسەرانی کورد پاش کۆنفرانسی ئازادی بەچاپی گەیاندوون جگە لە گۆڤاری گزنگ کە بەردەوام مانگانە دەردەچێت**

| ز | ناوی کتێب | بابەت | نووسەر | وەرگێڕ | ساڵ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٠٨ | خوێندنەوەی چەند دەقێکی | خوێندنەوە | سامان محەمەد | | ٢٠١٠ |
| ١٠٩ | هەرمێیەکانی فیرعەون | شیعر | ئەحمەدی مەلا | | ٢٠١٠ |
| ١١٠ | تەونێك لە شیعر و وشە | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | مەحمود نەجمەدین | | ٢٠١١ |
| ١١١ | ١ ١ ١ نامەی سۆزداری | تێکستی دڵداری | کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: حەمە سەعید زەنگنە | | ٢٠١١ |
| ١١٢ | دانای کوێخا شەوکەت | ڕۆمان | موعتەسەم ساڵەیی | | ٢٠١١ |
| ١١٣ | سەمای روح | کورتە چیرۆك | نەوزاد یوسف کاکەیی | | ٢٠١١ |
| ١١٤ | سلێکوك هۆکلێر عاجباتیی هەشتەم | ڕۆمان | عەبدوڵڵا سەڕاج | | ٢٠١١ |
| ١١٥ | خەزان و شنەی بەیان | شیعر | غازی ڕەشید زەنگنە | | ٢٠١١ |
| ١١٦ | بزووتنەوەی ڕوانگە و شاعیرانی حەفتا و | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | د.هیمدادی حوسێن | | ٢٠١١ |
| ١١٧ | ئاوابوونی جەستە لە سەفەری دڵدا | شیعر | ستار ئەحمەد عەبدولڕەحمان | | ٢٠١١ |
| ١١٨ | دەرگاکان | کۆچیرۆك | خالید مەجید فەتحوڵڵا | | ٢٠١١ |
| ١١٩ | تەنیا لەبەر مەعاشەکەیە | کورتیلە چیرۆك | بەکر دەروێش | | ٢٠١١ |
| ١٢٠ | گەشەکردنی زمانی منداڵ | زمانی منداڵ | | و: د.ئازاد باخەوان و | |
| ١٢١ | لە لووتکەی ئەدەبی ئەڵمانەوە | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | عومەر عەلی شەریف | | ٢٠١١ |
| ١٢٢ | وازیەکانی ڕەشە گۆم | ڕۆمان | کاکە مەم بۆتانی | | ٢٠١١ |
| ١٢٣ | شاری لەغەم ئاوسبوو | ڕۆمان | سالار ئیسماعیل سەمین | | ٢٠١١ |
| ١٢٤ | ململانێ لەگەڵ پرسیاردا | کۆدیدار | دانا عەسکەر | | ٢٠١١ |





| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٢٥ | ئەو نامانەی بۆ پیرێتی خۆم دەیاننێرم | دەق | سوارە نەجمەدین | | ٢٠١١ |
| ١٢٦ | عامُ الصِّفْرْ | شعر | صباح رەنجدەر | ترجمة: المهندس محمد حسين رسول | ٢٠١١ |
| ١٢٧ | ڕاکشان لە تەنیشت تارمایی نیشتمانەوە | چەند دەقێکی شانۆیی | عەبدولا سلێمان (مەشخەڵ) | | ٢٠١١ |
| ١٢٨ | لقاءات تحت أشعة الحروف المشرقة | مجموعة حوارات | سردار زنكنه | | ٢٠١١ |
| ١٢٩ | دزەکان | کۆمەڵە چیرۆك | | ئازاد نەجم | ٢٠١١ |
| ١٣٠ | ڕووبەرێکی ڕەخنەیی | ڕەخنەی ئەدەبی | د. فوئاد ڕەشید | | ٢٠١١ |
| ١٣١ | کتێب | خوێندنەوەی بیست | جەلیل کاکەوەیس | | ٢٠١١ |
| ١٣٢ | لە سۆاخی عیشقدا | کۆمەڵە چیرۆك | سەلمان شێخ بزێنی | | ٢٠١١ |
| ١٣٣ | عومەر سەیفەدین | لێکۆڵینەوە | | و. لە تورکییەوە: | ٢٠١١ |
| ١٣٤ | مەحوی ناسی | لێکۆڵینەوە | هیمداد شاهین | | ٢٠١١ |
| ١٣٥ | بەیداخ | نۆڤلێت | حەمە کەریم عارف | | ٢٠١١ |
| ١٣٦ | زایەڵەی ئاوەسپی | کۆمەڵە بەرهەم | ئا: بەکر دەروێش | | ٢٠١١ |
| ١٣٧ | بازاڕی ناوخۆیی | ڕۆمان | | و: بورهان ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ١٣٨ | ڤلادیمێر سیمۆنەڤیچ ڤیسۆتسکی | وەرگێڕان | | و: لە رووسییەوە | ٢٠١١ |
| ١٣٩ | پەنجەرە بچووکەکان | چیرۆك | ئازاد عەبدولواحید | | ٢٠١١ |
| ١٤٠ | چەند بوارێکی زانستی زمانەوانی کوردی | زمانەوانی | حمید خالید کەریم | | ٢٠١١ |
| ١٤١ | گەڕانەوە | چیرۆك | چنوور نامیق | | ٢٠١١ |
| ١٤٢ | لە مەدرەسەی نالییدا | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | حەمە مەنتك | | ٢٠١١ |
| ١٤٣ | توخمەکانی بێ دەنگی | کۆمەڵە چیرۆك | | و: ستار شێخانی | ٢٠١١ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٤٤ | ئەو هەتیوەی نابێت بە پیاو | چیرۆك | عەزیز نەسین | و: عەبدولستار | ٢٠١١ |
| ١٤٥ | چۆن و چی بۆ منداڵ | لێکۆڵینەوە | لەتیف هەڵمەت | | ٢٠١١ |
| ١٤٦ | چۆن و چی بۆ منداڵ | لێکۆڵینەوە | لەتیف هەڵمەت | | ٢٠١١ |
| ١٤٧ | مصطبة وحيدة أمام القلعة | دراسة | فاروق مصطفى | | ٢٠١١ |
| ١٤٨ | في الشعر الكُردي المعاصر | دراسة | هشام القيسي | | ٢٠١١ |
| ١٤٩ | کتێبی بۆشاییەکان | شیعر | ئەدیب نادر | | ٢٠١١ |
| ١٥٠ | ئەو هەتیوەی نابێت بە پیاو | چیرۆك | | عەبدولستار جەباری | ٢٠١١ |
| ١٥١ | ڕاز و گەمەی ئیشق | شیعر | عەباس مەجیـــد داوودی | | ٢٠١١ |
| ١٥٢ | نووسەر و نووسینەوەی زمان | لێکۆڵینەوە | نیهاد جامی | | ٢٠١١ |